MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای
موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

# مێژووی کۆنی کەرکوك

## لە ڕۆشنایی دەقەکانی نوزی دا

**توێژینەوەیەکی مێژوویی، سیاسی، ئابوورییە**

**کامەران کوێخا جەلال**

هەولێر- 2008

**ناوی کتێب: مێژووی کۆنی کەرکوك لە ڕۆشنایی دەقەکانی نوزی**

- نووسینی: کامەران کوێخا جەلال
- نەخشەسازی ناوەوە: هەردی
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- ژمارەی سپاردن: ( 404 ) ساڵی 2007 ی دراوەتێ.
- تیراژ: ( 1500 ) دانە
- چاپی یەکەم 2008
- نرخ: ( 3000 ) دینار
- چاپخانە: چاپخانەی خانی

زنجیرەی کتێب ( 33 )

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**
**www.mukiryani.com**
**asokareem@ maktoob.com**
**Tel: 2260311**

## ڕوونکردنەوە

لەبنەڕەتدا ئەم کتێبە ماستەرنامەیەکە بەناونیشانی (نوزی لەهەزارەی دووەمی پێش زاییندا)، بەسەرپەرشتی (پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر حوسامەددین نەقشبەندی)، پێشکەش بە بەشی مێژووی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوەو لە (2004/8/10)دا گفتوگۆی لەسەر کراوە. کاتی خۆی، بەهۆی ئەوەی کە ناوی شاری کەرکوك لە سەردەمە کۆنەکاندا نەبینراوە، وا بەباش زانرا کە بەو ناونیشانە ئەنجام بدرێت.

## پێشکەش

ئەم بەرهەمە پێشکەشە بە:

- مامۆستا کۆزاد، کە سادەترین ئەمەکە بۆی.
- دایکم و باوکم... بۆ باوەشی پڕ لە سۆزیان.
- کاك سیروان کوێخا نەجم و رووناکی خوشکم.
- هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە کوردستانیبوونی کەرکوکە.



## سوپاسنامە

لە میانەی بە ئەنجامگەیاندنی ئەم بەرهەمەدا، کۆمەڵێك دۆستو برادەر هاوکارییانکردم، کە بەبێ یارمەتی ئەوان ئەم ئەرکە خاکەڕاییە نەدەکەوتە بەرچاوی خوێنەرانی. بۆیە بە پێویستی دەزانم، وەك کەمترین پادداشتێك لەبەرانبەر هاوکاریو یارمەتییاندا، سوپاسی خۆمیان ئاراستە بکەم. بە ئومێدی ئەوەی نموونەیان زۆر بێت.

- زۆر سوپاس بۆ مامۆستای بەڕێزم (د. حوسامەددین نەقشبەندی)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی باسەکەی گرتە ئەستۆ و بە سەرنج و تێبینییەکانی باسەکەی دەوڵەمەندترکرد.

- زۆر سوپاسی مامۆستایان (ئازاد ئەحمەد و حەیدەر لەشکری)، بە پێداچونەوەی زمانەوانی باسەکەیان دەوڵەندتر کرد.

- سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا (دڵشاد مەحموود)، کە لە بە چاپ گەیاندنی ئەم کتێبەدا هاوکارم بوو.

- هەروەها ئەوانەی، بە داوای لێبوردنەوە، کە دەرفەتی ناوهێنانیان نەبوو.

## کورتکراوەی سەرچاوەکان

| | |
|---|---|
| AASOR | Annual of the Americans Schools of Oriental Research. |
| AfO | Archive für Orientforschung |
| AnOr | Analatica Orientalia |
| ANET | Ancient Near Eastern Texts |
| AOS | American Oriental Series |
| ASOR | American Schools of Oriental Research. |
| CANE | Civilization Ancient Near Eastern |
| CEWAL | Cambridge Encyclopedia Word Languages |
| EA | Early Antiquity |
| EN | Excavation at Nuzi |
| HS | Hurrians and Subarians |
| Iraq | Journal of the British School of Archaeology in Iraq |
| JAOS | Journal of American Oriental Society |
| JCS | Journal of Cuneiform Studies |
| JEN | Joint Expedition with the Iraq Museum at Nuzi (American School of Orient Research), “Publication of the Baghdad School Texts” by Edward Chiera & Lachman. |
| JENu | Unpublished Nuzi Tablets Excavated by the Iraq Museum and American School of Oriental Research 1926 and at Present Housed in the Oriental Institute of the University of Chicago. |

| | |
|---|---|
| JNES | Journal of Near Eastern Studies |
| NPN | Nuzi Personal Names |
| Nuzi | Report on the Excavation at Yorghan Tepa Near Kirkuk, Iraq Conducted by Harvard University in Conjunction with the American Schools of Oriental Research and the university Museum of Philadelphia (1927-1931). |
| OIP | The University of Chicago Oriental Institute Publications |
| OrNS | Orientalia Nova Series |
| RANM | Rainfall and Agriculture in Northern Mesopotamia |
| RHA | Revue Hittite et Asianique |
| RIME | Royal Inscriptions of Mesopotamia- Early Periods |
| SCCNH | Studies on the Civilization and Culture of Nuzi and the Hurrians |
| SMN | Unpublished Nuzi Tablets Excavated by Harvar University, American School of Oriental Research and University Museum of Philadelphia in 1927-31 and at Present Housed in the Semites Museum at Harvard University. |
| SO | Studi Orientalistci |
| Sumer | Journal of Archaeology and History of the Arab World- Issued by the State Organization of Antiquities and Heritage of Iraq |



# ناوەڕۆك

ناوەڕۆك 10
پێشەکی 14
دەروازە: تیشکێك بۆ مێژووی دۆزینەوەی تابلۆکانی نوزی 24
**بەشی یەکەم: کەرکوك لە کۆنترین رۆژگارەکانیەوە تا کۆتایی هەزارەی سێیەمی پ.ز. 28**
باسی یەکەم: هەندێ تایبەتمەندێتی جوگرافی 29
پێگەو تۆبۆگرافیا 30
ئاو و هەوا: 34
نوزی: 35
ئەڕاپخا (Arrapĥa) 38
کوڕوخاننی (تل الفخار): 40
باسی دووەم: دانیشتووان 42
1. سوباری: 43
2. گوتی: 46
3. خوڕی (Ĥu-ur-ri) 48
ڕەگەز: 48
زمان: 50
دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی خوڕی لە مێژوودا 53
ئاین: 62
باسی سێیەم: کەرکوك لە کۆنترین رۆژگارەکانییەوە تا کۆتایی هەزارەی سێیەمی پ.ز 66
1. چاخەکانی پێش نوسین: 66

2. چاخی بنەماڵەکان: 70

3. چاخی ئەکەدی (2334- 2198؟ پ.ز) : 72

4. چاخی گوتی (2220- 2120؟) پ.ز: 77

5. چاخی بنەماڵەی سێیەمی ئور: (2112-2004 پ.ز): 80

**بەشی دووەم: بارودۆخی سیاسی 84**

باسی یەکەم: سەرەتای هەزارەی 2پ.ز تا 1750؟پ.ز 86

دەوڵەت و میرنشینەکان: 88

بارودۆخی سیاسی: 90

بوژانەوەی توڕوکو: (Turruku) 92

باسی دووەم: چاخی خوڕی- میتانی: (1750؟- 1330 پ.ز) 96

یەکەم: شانشینی ئەڕاپخا 97

دووەم: دەوڵەتی میتانی 1500؟ – 1262 پ.ز: 101

1. میتانی لە سەرچاوە مێخییەکاندا 101

2. ڕەگەزی میتانی 104

3. بارودۆخی سیاسی 107

4. لاوازبوونی میتانی و چارەنووسی ئەڕاپخا 117

**بەشی سێیەم: ژیانی ئابووری 126**

باسی یەکەم: کشتوکاڵ 128

یەکەم: خاوەندارێتی زەوی 129

دووەم: چالاکییە کشتوکاڵییەکان 132

1. چاندن: 133

أ. کشتوکاڵی دێمی 133

ب. کشتوکاڵی ئاودێری 134





گرنگترین بەرووبوومە کشتوکاڵییەکان 135

أ. دانەوێڵە: 136

ب. کونجی: 137

2. ئاژەڵداری: 138

أ. مەڕ و بزن: 138

ب. ڕەشە ووڵاخ: 139

باسی دووەم: پیشە و پیشەسازی دەستی 142

أ. ڕستن و چنین: 142

ب. کانزاکاری: 145

ج. پیشەسازی گڵێنە: (الفخار): 146

د. خۆراك: 147

ه. شوشە: 148

و. دارتاشی: 149

باسی سێیەم: بازرگانی 150

یەکەم: بازرگانی 151

أ. بازرگانیی ناوەکی: 151

زەوی‌و زار 152

کرێ: 154

قەرزی بازرگانیی بەسو (فائدە): 155

ب. بازرگانیی دەرەکی: 157

- کاڵا بازرگانییەکان: 158

- کۆیلە 158

- کانزاکان: 160

- کالاَ پیشەسازییەکان: 162
1.کۆیلە: 165
2. کانزاکان: 166
أ. زێڕ: 166
ب. زیو: 168
ج. تەنەکە (القصدیر): 168
د. مس: 169
هـ. ئاژەڵ: 170
و. کەرەستە و کالاَی پیشەسازی: 172
ز. دانەوێڵە: 172
ك. کالاَکانی تر: 173
دووەم: بازاڕەکان: 174
سێیەم: دراو یان ئامرازی مامەڵەکردن: 175
چوارەم: ڕێگا بازرگانییەکان: 176
پێنجەم: ئامرازەکانی گواستنەوە: 179
دەرئەنجام 180
سەرچاوەکان 182
پاشکۆکان 194
کورتەی توێژینەوەکە (بە عەرەبی) 205
کورتەتی توێژینەوەکە (بە ئینگلیزی) 209



# پێشەکی

## گرنگی توێژینەوە:

هەزارەی دووەمی پ.ز گۆڕانی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێنا، دەسەڵاتی ناوەندی لە وڵاتی سۆمەر و ئەکەددا نەمابوو، وڵاتەکە لە نێوان چەندین هێز و دەوڵەتدا دابەشبوو بوو، لە لایەکی ترەوە، لەناوچەکانی سەرووی دیالە- سیروان و خۆرهەڵاتی دیجلەدا، گەلانی ناوچەکە سەربەخۆ بوون، وەك: لولۆ لە شارەزووری ئێستا، گوتییەکان لە خوارووی ئەوانەوە و چەندین هێزی تر، کە خوریيەکان لە ناوچەکانی نێوان دیالە- سیروان تا باکووری دیجلە و بەرەو خۆرئاوا تا دەریای ناوەڕاست و لە خۆرهەڵاتەوە زنجیرەکانی زاگرۆس، دیارترینیان بوون.

خوریيەکان لە سەرەتای هەزارەی (2ی پ.ز)ەوە چەندین دەوڵەتیان بنیاتنا، لەوانە: شانشینی (توڕوکو) لە نێوان زاگرۆس و دەشتی هەولێر، هەروەها شانشینی ئەڕاپخا لە نێوان زێی بچووك لە باکوورەوە و سیروان-دیالە و بەرزاييەکانی حەمرین لە باشووردا. لە نێو ئەم دەوڵەتانەدا چەندین ناوەندی سیاسی و ئابووری گرنگ سەریانهەڵدا، گرنگترینیان شاری (نوزی) بوو، کە لەم قۆناغەی مێژوودا ناوەندێکی هەرە گرنگی شانشینی ئەڕاپخا بووە، وەك چۆن پێشتریش لە هەزارەی سێیەمدا بنکەیەکی گرنگی چالاکییە ئابوورييەکانی ناوچەکە بوو. لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەمدا، کاتێك کە دەوڵەتی بەهێزی میتانیی خوڕی سەریهەڵدا، ناوچەکانی ئەڕاپخاش بوونە بەشێك لە دەوڵەتەکە، لە سەردەمی میتانیدا نوزی و ئەڕاپخا بوو بوون بە گەورەترین ناوەندی کارگێڕی و ئابووری خوڕی بوون، تەنانەت هەندێ لە زاناکان بە پایتەختی خۆرهەڵاتی دەوڵەتە یەکگرتووەکانی خوڕی ناویان بردووە.

لە ئێستادا گرنگ مێژوویی ئەو ناوچەیە لەو دەقە نوسراوانەدا دەردەکەوێ کە بۆمان ماونەتەوە، ئەو دەقانەی بایەخێکی گرنگیان نەك تەنها بۆ توێژینەوەی مێژووی کۆنی کەرکوك و کوردستان، بەڵکو بۆ تێگەیشتنی باری کۆمەڵایەتی ناوچەکانی تری میزۆپۆتامیا و خۆرهەڵاتی نزیکی کۆنیش گرنگی زۆری هەیە، چونکە دەقەکان تیشك دەخەنە سەر سەردەمێك، کە سەرچاوەکانی تر لەو بارەیەوە زانیاری ورد نادەن بەدەستەوە.

## هەڵبژاردنی بابەت:

لەبەر چەند هۆیەك بابەتی توێژینەوەکەمان هەڵبژارد، لەوانە: تا ئێستا گەورەترین ئەرشیڤی نووسراوەیی لەم شارەدا دۆزراوەتەوە، کە لە شوێنێکی تری کوردستاندا نەدۆزراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە لایەن توێژەرانی کوردەوە بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە و توێژینەوەیەکی سەربەخۆی لەسەر ئەنجام نەدراوە. تەنها ئەوەندە نەبێت، کە لە پەراوێزی بابەتی ترەوە ئاماژەی بۆ کراوە. لە لایەکی تریشەوە، مێژووی کۆنی ناوچەکانی کەرکوك بایەخێکی تایبەتی بۆ تێگەیشتنی ئەو تایبەتمەندێتییەی، کە لە چاخە کۆنەکانەوە تا ئەمڕۆ هەیەتی، وەك بەشێکی نەپچڕاوەی کوردستانی دێرین هەیە، کە لەلایەن دانیشتوانی کۆنی ناوچەکەوە ئاوەدانکراوەتەوە و بەدرێژایی مێژوو بووەتە جێی چاوتێبڕینی دەوڵەتەکانی دەوروبەر. لێرەوە، دەکرا بابەتەکە بەناوی ئەراپخاوە بێت، بەڵام بەهۆی ئەنجام نەدانی هیچ پشکنینێکی شوێنەواری لەو شارەدا و مانەوەی ئەرشیڤی پاشایانی ئەو شانشینە بە نەدۆزراوەیی ئەستەمە ئەم کارە تەواو دەربچێت. لەلایەکی ترەوە، گەورەترین ئەرشیڤی ئەو شانشینە لە نوزیدا دۆزراوەتەوە. سەرەڕای ئەوەش، ئەو سەرچاوانەی کە دەربارەی ئەراپخا بوون، زۆر درەنگ بەدەستهاتوون. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی توێژینەوەکە تەنها لە چوارچێوەی شاری نوزی نەمێنێتەوە، لە میانەی باسەکەماندا بە پێی توانا تیشك دەخەینە سەر ناوچەکانی تری شانشینی ئەراپخا و میتانی و بە نوزی پەیوەستیان دەکەینەوە.



وەك ئاماژەی بۆ کرا، لە هەندێ توێژینەوەدا بە کورتی ئاماژە بۆ (نوزی) کراوە، (جەمال رشید) لە (لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی وڵاتی کوردەواری)، بە کوردی، وەك بەراوردی زمانە کۆنەکانی کوردستان ئاماژە بە دەقەکانی نوزی دەکات. لە نامەی دکتۆراکەیدا، (فاروق الراوی) بە ناونیشانی ( Studies in the Commercial Life of an Administrative Area of Eastern Assyria in the 15 Century BC, based on Published and Unpublished Cuneiform Texts)، لە زانکۆی کاردیف، تارادەیەك باسی لە دەقەکانی نوزی بەتایبەتی لەلایەنی بازرگانییەوە کردووە. هەروەها نامەی ماستەری (منذر المنذري) (نصوص ادارية و قضائية من تل الفخار/کوروخاننی)، لە زانکۆی بەغدا، لە پێشەکییەکەیدا دەربارەی خوڕییەکان بەرئووردی ژیانی ئابووری لە نوزی و کوڕوخاننی کردووە.

## ئاستەنگەکانی توێژینەوە:

بە جێگەیاندنی ئەم توێژینەوەیە هەروا بێ کێشە و گرفت نەبوو، هەر لە سەرەتای هەڵبژاردنی بابەتەکەوە، بەهۆی ئەوەی پسپۆڕی تایبەت بە مێژووی کۆن لە کوردستاندا نین و پسپۆڕێك لە بواری تایبەتدا نەبوو رێنیشاندەرمانبێت، دووچاری کۆمەڵێك کێشە بووین. لەلایەکی دیکەشەوە، کتێبخانەکانی کوردستان بە گشتی لە سەرچاوەی مێژووی کۆن زۆر هەژارن، یان بێبەشن، ئەوەی کە هەیە، بەهۆی ئەوەی کە ئەو توێژینەوانە لەلایەن ئەوروپی و ئەمەریکییەکانەوە ئەنجامدراوە، بەزمانی بێگانەن و لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا و رووسیادان، کە نەمانتوانی بەدەستیان بهێنین. سەبارەت بەکتێبخانەکان و زانکۆکانی عێراق، بەهۆی بارودۆخی عێراقەوە، زۆربەیان تاڵانکران، یان سووتان، بەتایبەتی کتێبخانەی مۆزەخانەی عێراقی، کە گەورەترین سەرچاوەی مێژووی کۆن و شوێنەوارناسییە، بەڵام مەخابن بەهۆی بارودۆخی عێراقەوە نەمانتوانی سوودیان لێ ببینین.

## چوارچێوەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەیەك و سێ بەش پێك هاتووە، هەر بەشێك بۆ سەر چەند باسێك دابەشكراوە. بەم شێوەیەی خوارەوە:

وەك دەروازەیەك بۆ چوونە ناو باسەكەوە، سەرەتا تیشكێك خراوەتە سەر دۆزینەوەی تابلۆكانی نوزی و قۆناغەكانی پشكنینی شارەكە.

**بەشی یەكەم:** ئەم بەشە زیاتر وەك پێشەكییەكی مێژوویی گشتییە و بۆ دەوڵەمەندكردن و تێگەیشتنی مێژووی ئاوەدان بوون و پەرەسەندنی شاری نوزییە، جگە لە چەند تایبەتمەندێتییەكی جوگرافیایی و دیموگرافی شارەكە.

باسی یەكەم: لەم باسەدا هەندێ تایبەتمەندێتی جوگرافیایی روونكراوەتەوە، وەك: پێگە، ئاووهەوا و تۆپۆگرافیای ناوچەكە. سەرەڕای كورتە باسێكی شوێنەوارناسی لەسەر نوزی و ئەڕاپخا و كوڕوخاننی.

باسی دووەم: لێرەدا كورتە باسێكی دانیشتوانی ناوچەی كەركوك كراوە، كە لە سەردەمەكانی پێشترەوە لە نوزی و ئەڕاپخاو دەوروبەریدا نیشتەجێبوو بوون، وەك: سوباری، گوتی و دواتر بە شێوەیەكی وردتر باس لە خورییییەكان لە رووی زمان و رەگەز و ئایینەوە كراوە، كە لە ماوەی توێژینەوەكەدا دانیشتوانی سەرەكی ناوچەكە بوون.

باسی سێیەم: ئاوڕێك لە مێژووی ئاوەدان بوونی شارەكە لە نزیكەی (5-4) هەزار ساڵ پێش زایین دراوەتەوە، تا چاخی بنەماڵەكان، كە ئەو سەردەم ناوچەكە بە سوبیر ناسرابوو، دواتر چاخی ئەكەدی، دوای ئەوەش سەردەمی گوتی و سەردەمی بنەماڵەی ئوری سێیەم لە كۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زاییندا.



**بەشی دووەم:** ئەم بەشە ماوەی تەواوی توێژینەوەكە لە هەزارەی دووەمی پێش زایین دەربارەی بارودۆخی سیاسی دەگرێتەوە، كە بۆ دوو سەردەمی جیاواز دابەشكراوە.

باسی یەكەم: ئەم باسە نزیكەی چارەكی یەكەمی نیوەی یەكەمی هەزارەی دووەمی پێش زایین دەگرێتەوە، كە سەبارەت بە نوزی و ئەڕاپخا سەردەمێكی ئاڵۆزە و روون نییە، چونكە ماوەیەكی نا ئارام بووە. لێرەشدا باس لە ململانێی نێوان هۆزەكانی توروكوی خوری لەگەڵ ئاشور و دواتر لەگەڵ بابلدا كراوە، هەروەها داگیركردنی ناوچەكانی ئەڕاپخا كە لەو سەردەمەدا دەوڵەتێكی بچووك بووە، لە لایەن ئیشنۆنا و ئاشورەوە.

باسی دووەم: تەواوكەری باسەكەی پێشووە، كە ماوەی نێوان نزیكەی 1750-1330پ.ز دەگرێتەوە. لەوماوەیەدا نوزی ببووە ناوەندێكی هەرەگرنگی شانشینی ئەڕاپخا. دوای فراوانبوونی دەوڵەتی میتانیی خوری بەرەو خۆرئاوا، بوو بە ناوەندێكی گرنگی ئەو دەوڵەتە. دواتر باسی پەیوەندی نێوان ئەڕاپخا لەگەڵ هەریەك لە كاشی و ئاشور و داگیركردنی لە لایەن ئەو دوو دەوڵەتەوە كراوە.

**بەشی سێیەم:** لەم بەشەدا ژیانی ئابووری دەخرێتەڕوو، كە سێ كۆڵەگەی سەرەكی دەگرێتە خۆ، كشتوكاڵ، پیشە و پیشەسازییە دەستییەكان و بازرگانی. هەر یەكەیان لە باسێكدا جیاكراونەتەوە.

باسی یەكەم: جۆرەكانی خاوەندارێتی زەوی و زار و چالاكییە كشتوكاڵییەكان بە چاندن و ئاژەڵدارییەوە دەگرێتەوە، وەك كشتوكاڵی دێمی و ئاودێری، پاشان هەندێ لە بەروبوومە كشتوكاڵییەكان، هەروەها سامانی ئاژەڵی و جۆرەكانی و گرنگییان لە ئابووری شارەكەدا باسكراوە.

باسی دووەم: باس لە گرنگترین پیشەو پیشەسازییە دەستییەکانی شارەکە کراوە، وەك: رستن و چنین کە گرنگترین پیشە بووە، پیشەسازی کـانزایی، گلێنـەو دواتـر پیشەسازییەکانی تر، وەك: شووشە و دارتاشی و. .تاد و گرنگی ئابوورییان.

باسـی سـێیەم: بازرگـانیش وەك بـوارێکی گـرنگ و تەواوکـەری چـالاکییە ئابووریـیـەکانیتر، باسـێکی بـۆ تـەرخانکراوە، کـە بازرگـانی نـاوخۆ و دەرەوە دەگرێتەوە، بازرگانی کالاّ جـۆراو جۆرەکـان بـەجیا بـەپێی هێـوورده و هـەنارده باسکراوە، تیایدا جۆری کەلوپەل و ئەو ولاّتانەی پەیوەنـدیی بازرگانییـان لەگـەلّ نوزی و ناوچەکەدا هەبووە باسکراوە.

**شیکردنەوەی سەرچاوەکان:**

لەم توێژینەوەیەدا، سوود لە ژمارەیەك سەرچاوە بینراوە، لێرەدا بە پێی گرنگییان هەندێکیان دەخەینەڕوو:

1. **هیلّگارد لیوی (**Helgard Lewy**):**

توێژەرێکی ئیتالّییە و ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی لە بواری مێژووی کۆندا هەیە، بەتایبەتی دەربارەی مێژووی نوزی لە هەموو بوارەکانیدا. لەو بابەتانەی لێرەدا سوودیان لێبینراوە، زنجیرە وتارێکە بەناوی (Nuzian Feudal System)، لە گۆڤاری (Orientalia)دا بلاّویکردونەتەوە، نووسەر لەو بەرهەمەیدا ئەو دەقانەی بلاّوکردۆتەوە، کە دەربارەی سیستەمی ئابووری و کارگێڕی و یاسایین یان شێوازی پەیوەندی نوزی بە میتانییەوە ڕووندەکەنەوە، کە بە بۆچوونی نووسەر پەیوەندییەکی دەرەبەگایەتی بووە. بۆ تێگەیشتن لە ڕووداو و بارودۆخە سیاسییەکاندا سوودمان لێبینیوە. بابەتێکی تری بە ناونیشانی ( Nuzi Miscellanea) لە هەمان گۆڤاردا بلاّوکردۆتەوە، ئەم بابەتەش هەمە جۆرە، بە هەمان شێوە زیاتر بۆ ڕوونکردنەوەی بارودۆخی سیاسی و پەیوەندی ناوچەی



ئەراپخا بە هەریەك لە میتانی و ئاشور و کاشی، بەتایبەتی لە کۆتاییەکانی چاخی نوزیدا سودمان لێبینیوە.جگە لە چەند بەرهەمێکی تری بە شێوەیەکی لاوەکی بەکارهاتوون.

2. **ئیگناس جەی گیلب (** I J. Gelb )

زانایەکی ئەمەریکییە لە بواری مێژووی کۆنی خۆرهەلاّتی کۆن، بەشێکی زۆری توێژینەوەکانی دەربارەی خوری و سوباری و نوزییە. لەو بابەتانەی کە لێرەدا سوودیان لێبینراوە، مۆنۆگرافێکە بەناونیشانی (Hurrians and Subarians)، لە سالّی 1944دا بلاّوکراوەتەوە، ئەم بابەتە بۆ سەلماندنی جیاوازی نێوان خوری و سوباری، وەك دوو گروپی ئیتنی-زمانەوانی، نووسەر بە جیا مێژووی هەردوو گروپی بەپێی دەقە مێخییەکان خستووەتەڕوو. لێرەشدا لە بوارەکانی مێژوویی، بەتایبەتی مێژووی خورییەکان، سوودی زۆری لێبینراوە. ئەم زانایە شارەزاییەکی زۆری لە بواری ناوە کەسییەکانی خوریدا، بەتایبەتی نوزی هەیە، لەگەلّ چەند زانایەکی تردا کتێبێکی بەناوی (Nuzi Personal Names) دەرکردووە، کە سوودێکی زۆری بۆ توێژینەوەکانی ئەو بوارە هەیە. سەرەڕای تێپەڕبوونی کات، بەرهەمەکانی گرنگی خۆیان لەدەست نەداوە.

3. **نینیل بی یانکۆفسکا (**Ninil B. Jankowska**):**

کۆنناسێکی ڕووسییە، لە بەرهەمەکانیدا بایەخێکی زۆری بە توێژینەوەی خوری و نوزی، لە ڕووی شارستانی و سیاسییەوە داوە. یەکێك لە بەرهەمەکانی کە لێرەدا سوودی لێبینراوە، (Ashur, Mitanni, Arrapkhe)یە، کە لە گۆڤاری ( Early Antiquity) دا بلاّوکراوەتەوە، هەروەها ( Communal Self-Government and the King of the state of Arrapĥa)، کە لە ڕووی مێژووییەوە سوودی باشی هەیە، جگە لە دوو بابەت دەربارەی باری ئابووری و کۆمەلاّیەتی نوزی لە

کتێبی (العراق القديم- مجموعة من علماء السوفيت)دا، کراوەتە عەرەبی، لێرەشدا زانیاری زۆر بەسوودیان تێدایە.

### 4. **کارلۆ زاکانینی (**Carlo Zaccagnini**):**

کۆنناسێکی ئیتاڵییە و لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی نوزی و ئەڕاپخادا پسپۆڕە، چەندین بابەتی تایبەت بە توێژینەوەی نوزی هەیە، بەڵام ئەوەی کە لێرەدا سوودی لێبینراوە، بابەتێکە بەناونیشانی، (Merchant at Nuzi) لە گۆڤاری (IRAQ)دا، ئەم بابەتە لەو بابەتە دەگمەنانەیە کە دەربارەی بازرگانان و بازرگانیی نوزییەوەن لە بەردەستدایە، بۆیە لەو بوارەدا سەرچاوەیەکی سەرەکییە و سوودێکی زۆری بەم توێژینەوەیە گەیاندووە.

### 5. **گێرنۆت ڤیلهێلم (**Gernot Wilhelm**):**

ئەم زانا ئەڵمانییە لە بواری توێژینەوەی خوری، بەتایبەتی لە نوزیدا پسپۆڕە، بەرهەمێکی زۆری لەو بوارەدا هەیە، بەڵام ئەوەی کە لێرەدا سوودی لێبینراوە، کتێبێکی بەناونیشانی (الحوريون، تاريخهم و حضارتهم)، لە ئەڵمانییەوە کراوە بە عەرەبی، نووسەر قۆناغەکانی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی توێژینەوەی خوری خستۆتەڕوو، دواتر مێژووی سیاسی و شارستانییەتی خوری باسکردووە. دەربارەی ژیانی ئابووری زیاتر لە گۆشەنیگای ئەڕاپخاوە باسیکردووە، جگە لە باسێکی بەپیت دەربارەی ئایینی خوری. لەم توێژینەوەیەدا لە هەموو باباتەکاندا سوودی لێبینراوە و وەك ڕێبەرێکی توێژینەوەکە بووە، بەتایبەتی لە بەشی یەکەم و دووەمدا. جگە لەوە، سێ بابەتی تر لێرەدا سوودیان لێبینراوە، بەڵام بە شێوەیەکی لاوەکی، وەك: (Mitanni Kingdom in Second Millennium)، کە مێژووی سیاسی دەوڵەتی میتانی باسکردووە، لێرەدا چەند زانیارییەکی لەو بارەیەوە لێوەرگیراوە. دوو بەرهەمی تری بەناونیشانی (Hurrian) دەربارەی



زمانی خوری و دەربارەی زمانی ئورارتی (Urartian)، لەو دوو باسەدا لە هەردوو زمانەکەی کۆڵیوەتەوە، سەرەڕای پەیوەندی لە نێوانیاندا و هەموو بیروڕاکانی لەو بارەیەوە، خستووەتەڕوو، لێرەدا بۆ بابەتی زمانی خوری و ئورارتی سوودیان لێبینراوەوە.

### 6. **طه باقر:**

یەکێك بووە لە شوێنەوارناس و مێژووناسانی عێراقی و ڕۆڵێکی بەرچاوی لەو بوارەدا هەبووە، بەتایبەت کتێبە ناوازەکەی (مقدمه فی تاريخ الحچارات القديمه)، کە لێرەدا سوود لە بەشی یەکەمی وەرگیراوە. نووسەر باسێکی ورد دەربارەی شوێنەوار و مێژووی کۆنی میزۆپۆتامیا و کوردستان نووسیوە، هەر لە بواری جوگرافیاوە تا سیاسی و ئابووری و... تاد. لێرەدا زانیاری هەمەجۆری لێوەرگیراوە، جوگرافی، مێژوویی و ئابووری. کتێبێکی تری بەناوی (تاريخ العراق القديم) هەیە، کە بە بەشداری چەند زانایەکی تری عیراقی نووسیویە، دەربارەی لایەنەکانی شارستانییەتی میزۆپۆتامیایە، لەمیاندا بەگشتی لە بوارە ئابوورییەکان سوودی لێبینراوە. هەروەها وتارێکی بەناونیشانی (العصور الحجرية القديمة في كردستان) لە گوڤاری (المجمع العلمی العراقی)دا (مج1-ع1)، (بغداد: 1973)، کە بۆ سەردەمەکانی پێش مێژوو سوودیان لێوەرگیراوە. سەرەڕای تێپەڕبوونی کات بەسەر نووسینەکانی تەها باقردا، هێشتا گرنگی خۆیان لەدەست نەداوە.

### 7. **کۆزاد محەمەد ئەحمەد:**

توێژەرێکی کوردە لە بواری شوێنەوار و مێژووی کۆندا، ئەوەی کە لەم توێژینەوەیەدا سوودی لێبینراوە، نامەی ماستەرەکەیەتی بەناونیشانی، (The Northern Transtigris -In the First Half of the Second Millennium B.c)،

لەباسی دانیشتوانی کۆنی کوردستاندا، توێژەر بە پشت بەستن بە نوێترین سەرچاوە، زانیاری زۆر بەنرخی دەربارەیان نووسیوە، جگە لە ئێووردانەوەیەکی چڕی لە مێژووی پێشتری ناوچەکانی کوردستان، دواتر لە باسێکی تایبەتدا دەربارەی سەردەمی نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پێش زایین دواوە، کە توێژینەوەکەمان سوودێکی زۆری لێبینی، سەرەڕای سوودوەرگرتن لە بارەی دانیشتوان، بەتایبەتی سوباری و گوتییەکان.

لە کۆتاییدا توێژەر هیواداره، کە توانیبێتی لانیکەم وەك پێویست، لایەنە گرنگەکانی مێژووی سیاسی و ئابووری کەرکوك و ناوچەکەی خستبێتە بەردەست خوێنەران، بێگومان هیچ توێژینەوەیەك بە بێ کەموکوڕی نابێت، جگە لەوەش بەهۆی، بەدەستهێنانی سەرچاوەی نوێ، یان پەرەسەندنی پشکنینەکان، کە ئەگەر لەداهاتوودا ئەنجام بدرێت، زۆر لە زانیاری و بۆچوونەکانی ئەم توێژینەوەیەش گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆیە ئەنجامەکانی کۆتایی نین. بە سوپاسەوە، هەر رەخنەو تێبینییەك لەسەر چاو دادەنێم.

**کامەران**

**خاکە لێوە** - 2007



**دەروازە:**

## تیشکێک بۆ مێژووی دۆزینەوەی تابلۆکانی نوزی

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا هەندێك تابلۆی لێرەو لەوێ، لە لایەن چەند توێژەرێکی ئەوروپییەوە بڵاوکرایەوە. پنچس (Pinches)، یەکەم کەس بوو لە ساڵی 1896زدا گرێبەستێکی بڵاوکردەوە، کە بە زمانێکی ئەکەدی ناباو نووسرابۆوە، ناوەکەسێتییەکانی بەڵگەنامەکە تایبەتمەندێتییەکی ئاسایی نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا نەبووە جێ سەرنجی زانایان.

لە ساڵی 1902زدا بەڵگەیەکی تری هاوشێوەی ئەوەی پێشوو لە لایەن مایسنەرەوە (Meissner) بڵاوکرایەوە[1]، ئەم زانایە لە رێگای بازرگانێکی شوێنەوارەوە بۆی دەرکەوتبوو، کە ئەو بەڵگەنامانە بۆ شاری وێرانشار (Vyran-Šehir)ی دەوروبەری کەرکوك دەگەڕێنەوە[2]، ئەو بازرگانە 300 تابلۆی تری لەگەڵ ئەو تابلۆیەدا رەوانەی ئەوروپاکردبوو[3].

سەرەڕای بڵاوکراوەکانی تر، گاد (Gadd)، یەکەم کەس بوو، کە چیرۆکی راستەقینەی دۆزینەوەی تابلۆکانی نوزی خستە بەردەست توێژەران و گرنگی مێژوویی بەڵگەنامەکانی دەرخست[4].

---

1 لە OLZ بڵاوی کردەوە.

2 ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان هیچ زانیارییەکی تر دەربارەی ئەم شارە ناخەنەڕوو.

3 Al-Rawi, F.N.H. “Studies in the Commercial Life of an Administrative Area of Eastern Assyria in the 15 Century BC”, based on published and Unpublished Cuneiform texts, Ph. D. Thesis (Unpublished), University of Wales (Cardiff), 1977, P. 28.

4 Al-Rawi, F.N.H.: Studies in the Commercial Life of, P.29.

لە ماوەی بوونی لە عێراقدا، ادوارد کییرا (Edward Cheira)، لەگەڵ خاتوو گێرتروود بێل (Gertrud Bell) بەڕێوەبەری ئەوکاتی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری عێراق دەربارەی هەندێك تابلۆ، کە کەوتووبوونە بازاڕەکانی عێراقەوە قسەی کردبوو، کە ناوەڕۆکی ئەو تابلۆیانە زانایانی سەرسام کردبوو[1]. دوای ماوەیەك بەهۆی پزیشکێکی خەڵکی ناوچەکە، توانرا شوێنی راستەقینەی تابلۆکان بدۆزرێتەوە. (بێل) داوای لە (کییرا) کردبوو لە کەرکوکدا پشکنین ئەنجام بدرێت، بەڵام لەسەر داوای ولیام کۆرنەر (William Corner) پشکنینەکان لە 13کم لە باشووری خۆرئاوای کەرکوکدا، لە یورغان تەپە (نوزی کۆن)، ئەنجام دران. پشکنینەکان بە دوو قۆناغ ئەنجام دران:

یەکەمیان: بەسەرپەرشتی (کییرا) و لەسەر ئەرکی مۆزەخانەی عێراقی، قوتابخانەی ئەمەریکی بۆ لێکۆڵینەوە خۆرهەڵاتییەکان (ASOR) لە بەغدا، لە ساڵی 1925زدا دەستی پێکرد. لەو قۆناغەدا لە کاتی پشکنینەکاندا بە رێککەوت لە نزیك شوێنی کارکردنەکەدا بەهۆی دارمانی ژوورێکەوە ئەرشیڤێك، کە نزیکەی (1000) تابلۆی تێدا بوو دۆزرایەوە، ئەو ئەرشیڤە بۆ خێزانی تێخیپ-تیللا دەگەڕایەوە[2].

لە قۆناغی دووەمدا: کە دوای وەستانێکی کاتی، لە ماوەی هاوینی 1926زدا، لە ساڵی 1927زدا پشکنینەکان دووبارە دەستیان پێکردەوە و تا ساڵی 1931ز درێژەیانکێشا، ئەمجارە بە سەرپەرشتی رۆبەرت فایفەر و رۆبیرت ستار ( Robert Pfeifer، R. Starr ،) و لەسەر ئەرکی مۆزەخانەی هارڤەردی سامی و پەیمانگای خۆرهەڵاتی زانکۆی شیکاگۆ بوو، جگە لە کۆشکی کارگێڕی شارەکە، چەند کۆشکێکی تر و چەند ئەرشیڤێکی تایبەتی و پەرستگای شارەکە (شەوشکا/عشتار) دۆزرانەوە، کە زیاتر لە (3000) تابلۆی لە خۆوە گرتبوو،

1 کییرا, ادوارد: کتبوا علی الطین, تر. د.محمود یاسین الامین, م. علی خلیل, بغداد, 1964, ص201.
2 کییرا: کتبوا علی الطین, ص202.



سەرەڕای بڕێکی زۆر لە پارچەی شکاو، لەگەڵ ئەو تابلۆیانەی تردا، کە بە شێوەی نارەسمی دۆزرانەوە، گەیشتە نزیکەی (5000) تابلۆ[1].

جگە لە ئەرشیڤی تۆمارەکان، بڕێکی زۆر لە پاشماوەی ماددی دۆزراوەتەوە، کە لە چینی دووەمی پاشماوەکاندا بوون، وەك: پاشماوەی تەلارە تایبەتی و حکومییەکان و پەرستگایەك، لە نزیکەی دووری (300) مەتر لە باکووری دیواری شارەکەوە دوو گروپ تەلار دۆزرانەوە کە سەر بە هەمان پاشماوە بوون[2]، ئەمە سەرباری کەلوپەل جۆراوجۆری گڵێنەو....تاد.

زۆربەی ئەم دۆزراوانە لە چینی دووەمدا، بۆ ناوەڕاستی هەزارەی 2ی پ.ز دەگەڕێتەوە، بەپێی دۆزینەوەی شوێن مۆری شەوشتەتاری پاشای میتانی، کە لە چارەکی کۆتایی سەدەی 15ی پ.زدا فەرمانڕەوایەتی کردووە، دەقەکانیش بۆ ئەو سەردەمانە دەگەڕێنەوە[3]. لە گرێبەستێکی (تێخیپ-تیللا)دا هاتووە، **"ئەو ساڵەی ئیتخیا بوو بە پاشا..."**، یان **"ئەو ساڵەی (کوشی-خارپا) بوو بە فەرمانڕەوای (خەززانو) شاری نوزی"**[4]، ئەمانەش دیاریکردنی مێژووە بە شێوەی ناوخۆیی، بەڵام لەو سەردەمە، یان کەمێك دواتربوون. زانایان پێیان وایە، ئەو ماوەیەی دەقەکانیان تێدا نوسراوەتەوە نزیکەی 85-150ساڵ بووە[5]، کە بۆ نێوان ساڵانی 1450-1340پ.ز دەگەڕێنەوە[6]. بەڵام هیچ کام لەم لێکدانەوانە بە کۆتایی نازانرێت، ئەوەش بۆ سروشتی دەقەکان دەگەڕێتەوە، بۆیە پێویستی بە توێژینەوەی زیاتر هەیە.

1Gelb, Purves and Macr: Nuzi Personal Names, in: OIP, Vol. LVII, (Chicago: 1963), P. 1.
2 Maidman, Nuzi, Portrait of an Ancient Mesopotamia Provincial Town, in: CANE, 2001, P.934
3 Gelb, Others, Nuzi Personal Names, P.1.
4 Lewy: "Nuzi Mescellanea", in: OrNS, Vol. 28, (Roma: 1959), P. 5.
5 Friedmann, Alec H.: "Toward a Relative Chronology at Nuzi" in: SCCNH, Vol. 2, (Eisenbrauns: 1987), P.116.
6 Scafa, P. Nigri, "The Scribes of Nuzi", in: SCCNH, Vol. 10, (Bethesda Maryland: 1999), Pp.66-67.

# بەشی یەکەم

## کەرکوك لە کۆنترین رۆژگارەکانیەوە تا کۆتایی

## هەزارەی سێیەمی پ.ز.

## باسی یەکەم: هەندێ تایبەتمەندێتی جوگرافی

### پێگەو تۆبۆگرافیا

بە پێی بەرزاییەکانی دەوروبەری، لە باکوورەوە زنجیرە بەرزاییەکانی (کانی دۆمەلان)[1] بەسەر شاری کەرکوك وناوچەکەدا دەڕوانێت[2]، بەوەش دەکەوێتە دەشتە فراوانەکانی خۆرئاوای زنجیرە چیاکانی زاگرۆس[3]، کە لە باشووری خۆرئاواوە بە زنجیرە بەرزاییەکانی حەمرین (ئیبیخ-Ebeĥ) کۆتایی دێت و وەك سنوورێکی سروشتیی[4] ناوچەکەیە[5]. بانی کەرکوك بە ناوچەی گواستنەوەی نێوان دەشتی لیتە لە باشووری خۆرئاواو ناوچەی زورگ و شاخاوی لە باکوورو باکووری خۆرهەلات ناسراوە[6]، تا بەرەو باشووری خۆرئاوا بڕۆین، رادەی بەرزی و نزمی کەم دەبێتەوە، کە لەسەر ئاستی دەریاوە لە نێوان 200-1000م دایە، بەوەش کرداری داڕوتان و نیشتن کەمتر دەبێتەوەو بارستایی خاك زیاد دەکات و

---

1 جێی سەرنجە کەوا ئەم زنجیرە چیایانەی دەوروبەری کەرکوك لـە نەخـشەیەکی کـۆنی نوزیـدا، کـە بـۆ هەزارەی 3ی پ.ز دەگەڕێتەوە کێشراوە، بڕوانە، قەرەداغی، فاچل، کۆنترین نەخـشەی جـوگرافی لـە نوزی، گ. کاروان، ژ. 63، (بەغداد: 1988)، ل44. هەروەها بڕوانە پاشکۆی ژ (6).

2 Postgat, J. Nicholas: Early Mesopotamia- Society and Economy at the Dawn of History, Published by Routledge, (London: 2003), P.11.

3 المنذری, مـنذر: نصوص ادارية و قضائية من تل فخار (مدينة کورروخاننی), رسـالة ماجـستير (غـير مـنشور), مقدمة الی کلية الآداب-جامعة بغداد، (بغداد: 1999), ص16.

4 لە چاخە کۆنەکانەوە ئەم سنوورە سروشتییە هەرێمی ئەڕاپخای لێ پێکهاتووە، کـە نزیکـەی هـەمان سنووری پارێزگای کەرکوك بـووە، بـەلام بـەهۆی سیاسـەتی حکومەتـەکانی عێـراق 1958-2003 گۆڕاوە.

5 Fincke, J.C., Transport of Agricultural Produce in Arrapĥe, in: M.A (jas) RANM, LXXXVIII, 2000, P.147؛ أحمد، جمال رشيد، دراسات کوردية فی بلاد سوبارتو، ص29.

6 عومەر، عەبدوڵلا عامر: بەرزی و نزمی رووی زەوی هەرێمی کوردستان، لە: کۆمـەڵێك مامۆسـتای زانکۆی سەلاحەدین، س.پ، (هەولێر: 1998)، ل55-56.

دەشتەکانی فراوانتر دەبێتەوە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەم ناوچەیە بۆ کشتوکاڵ و ئاودێری دەست بدات، وەك چاندنی گەنم و جۆ و بەتایبەت چاندنی کونجی کە نوزی زۆر پێی بە ناوبانگ بووە[1] و ئاژەڵداری[2].

شانشینی ئەڕاپخا لەگەڵ چەند وڵاتێکدا هاوسنوور بووە[3]، کە چەند شارستانەتییەکی جیاوازیان لە خۆ گرتبوو، گومان لەوەدا نییە کە لە هەردوولاوە کارتێکردن هەبووە، بە تایبەت لە رووی کەلتووریەوە. زانیاری تەواو نییە کە لە باکووری خۆرهەڵاتەوە چ دەوڵەتێ هەبووە، بەڵام بەپێی رووداوە مێژووییەکان، لە دەقەکانی نوزی (گاسووری کۆن)دا لە هەزارەی 3ی پ.ز، باس لە ناردنی دانەوێلە بۆ خەڵکی سیمورڕوم[4] کراوە، بەوپێیە دەبێ دراوسێی نوزی

1 Helga Schneider-Ludorff, Öle und Fette in Nuzi, in: SCCNH, Vol. 10, (Maryland: 1999), P.401.

2 قارەمان, لەیلا محەمەد: خاکی هەرێمی کوردستان, لە: ه.س, ل84, 85؛ الخالصي, محمود یاسین، تل الفخار (الموسم الاول), سومر, مج26 (بغداد: 1970), ص52.

3 بڕوانە پاشکۆی ژمارە (9).

4 هەروەها بە (شیموروم)ش تۆمارکراوە، بیروڕای جیاواز دەربارەی شوێن یان سنووری سیمورڕوم هەیە، ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ناوچەکانی پردێی ئێستا لە سەر زێی بچووك لە باکووری کەرکوك دەکەن، زۆرجار لەگەڵ (زابان)دا ناوی هاتووە، بڕوانە، Astour, Semites and Hurrians in Northern Transtigris, in: SCCNH, Vol. 2, (Eisenbrauns: 1987), P.8,40-41, رای تر هەیە شوێنی سیمورڕوم لەو سەردەمەدا بۆ ناوچەکانی رووباری سیروان دەگێڕێتەوە، فراین، پێی وایە کە دەکەوێتە قەڵای شێروانەی ئێستا، " The Zagros Campaigns of Šulgi and. Amar-Suena", in: SCCNH, Vol., 10, (Maryland: 1999), P.148, لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا دەقێکی پاشایەکی سیمورڕوم دۆزرایەوە، کە ناوی ئیدی-سین بووە، لەودەقەدا باس لە بەزاندنی چەندین هێزی ناوچەکەی کردووە، خۆی بە پاشای مەزن ناوزەدکردووە، بەپێی ئەو دەقە، کە لە ناوچەکانی دوکان و نەخشێکی کوڕێکی ئەم پاشایەش لە گوندی بێتواتەدا دۆزراوەتەوە، کە بۆ ماوەی دوای بنەماڵەی سێیەمی ئور دەگەڕێتەوە، بڕوانە، رافده عبدالله و کوزاد احمد، صخرة غریب هەلەدنی، هەزارمێرد، ژ.1، 1997، ص115-. بەوپێیە ناوچەیەکی زۆر فراوانتر دەگرێتەوە بە تایبەتی سنووری دەوڵەتەکە، لە نێوان زێی بچووك لە دەوروبەری پردێ تا ناوچەکانی سەرەوەی زێ تا لە باشوورەوە گەیشتووەتە رووباری سیروان.



بووبێت[1]. شاری ئاشور لە خۆرئاواوە بە دووری (80) کم بووە[2]، کە لە لێواری زێی بچووکدا ئاوایی (تورشا-Turša) لە نێوانیاندا بووە، لە باشوورەوە وڵاتی کاشی (کششو) بووە[3]، کە ناوی چەند ئاواییەك زانراوە، وەك: دور-ئوبلا (Dur-ūbla) و ئەپیل- سین (Apil-sîn)، هەرچەندە شوێنی ئەم ئاواییانە بەتەواوەتی نەزانراوە[4].

لە کۆنەوە ئەم ناوچەیە جێی شارستانی بووە، چونکە پاشماوەی زۆر لەو ئاوایی و گوند و شارانە تا ئێستاش هەر ماوەتەوە، کە بۆ چاخەکانی پێش مێژوو دەگەڕێنەوە، وەك، بەردە بەڵکە لە چاخی بەردینی کۆن (120000-12000پ.ز)، چەرمۆ لە چاخی بەردینی نوێ (9000-6000پ.ز)، کەریم شایەر، پاڵی گەورە، لەلای خۆرهەڵاتەوە، مەتارە لە لای باشوورەوە لە چاخی کانزاکاری (5-3) هەزار ساڵ پ.ز[5].

لە دەقەکانی نوزیدا ناوی هەندێ کەناڵی ئاوی و رێگا تۆمارکراوە، ئەوەش بایەخی تایبەتی، بۆ دیاریکردنی پێگەو کێشانی نەخشەی شانشینی ئەڕاپخا بەگشتی و بە تایبەتی نوزی و دەوروبەری هەیە[6]. یەکێك لەو رێگایانەی کە نوزی بە شارەکانی ترەوە دەبەستێتەوە، ئەو رێگایەیە کە بە ئاراستەی خۆرئاوا دەچێت

1 قەرەداغی، فاضل: مێژووی دێرینی کوردستان، کتێبی یەکەم، (سلێمانی: 2004)، ل159.

2 Steinkeller, Piotr, "The Historical Background of Urkesh and the Hurrian Beginnings in Northern Mesopotamia", in: BM, Vol. 26, (Malibu: 1998), P.84.

3 لێرەدا تەنها ئەو سەردەمە دەگرێتەوە، کە کاشییەکان لە باشووری میزۆپۆتامیادا فەرمانڕەوا بوون.

4 Fincke, Transport of Agricultural Produce in Arrapĥe, Ps.147, 151.

5 بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم پێگەو چاخانە، بڕوانە، باقر، طه: العصور الحجریة القدیمة في کوردستان, مجلة المجمع العلمی الکردي,(مج1:ع1)، 1973،ص345-368، پێدەچێت هەر دانیشتوانی ئەم ئاواییانە رێخۆشکەربووبن بۆ ئاوەدان بوونی نوزی و ئەڕاپخا، أحمد، جمال رشید، کرکوك فی العصور القدیمة، (اربیل: 2001)، ص25.

6 Scafa, Op. Cit. P.65.

و به چەند ئاوابییەکدا تێپەڕ دەبێت، تادەگاتە لێواری زێی بچووك[1] لە پاشماوەی شاری ئەپیناش (Apenaš)، لەوێشەوە دوو ڕێگای لێدەبێتەوە، یەکەمیان بەرەو باکوور تا دەگاتە شاری زیزا (Zizza)، کە دەکەوێتە سەر کەناڵێکی ئاوی، ڕێگای دووەم لە ئەپیناشەوە بەرەو خۆرئاوا و دوای ئەوەی کە بە شاری (ئوناپش/و)دا ((we⁄Unapše) تێپەڕدەبێت، لە لێواری باشووری زێی بچووکدا دەگاتە تورشا، کە بە (تل ماخوز) ناسراوە، ڕێگاکە بە درێژایی ئەم زێیەدا بەرەو باشووری خۆرئاوا دەچێت تا دەگاتە شاری ناتمانی (Natmani) کە بە (تل علی) ناسراوە[2]، دووری نێوان ئەم دوو شارە (12کم)ە و دووری نێوان تورشا لەگەڵ نوزیدا (42کم)و لەگەڵ کەرکوکدا نزیکەی (52کم)ە[3]. ڕێگای دووەم لە نوزییەوە بەئاراستەی باکووری خۆرئاوا دەڕوات و بە (زیزا)دا تێپەڕدەبێت تا دەگاتە خوراسینا-رابو (Ĥurasena-rabu)، لە لێواری باشووری زێدا، ئەم ڕێگایە دووبارە دەگاتەوە شاری تورشا[4].

لە لایەکی ترەوە کەناڵە ئاوییە سروشتی و دەستکردەکان هۆیەکی ترن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری جوگرافیایی ناوچەکە. وەك زانراوە شارەکانی ئوناپشو و زیزا کەناڵی ئاوییان هەبووە، کە دەچێتەوە سەر ئاوێك کە لە دەقەکانی نوزیدا بە شواخ (Šuaĥ) ناسراوە و هەردوو ناوچەکەی بەیەکەوە گرێداوە، ئەم ئاوە لە شێوەی دۆڵێکدایە[5]. لە باشووری نوزیدا گۆماوێکی تر هەبووە (Artiĥ) کە بە جارو ناسراوە، بەستێکی تر هەیە کە بە تازەخورماتودا تێپەڕ دەبێت، کە هەردوو

1 لەدەقەکانی نوزیدا، ئەم زێیە بە، (ebertan) لە ئەرشیڤی تێخیپ-تیللا و (eberta) لە ئەرشیڤی شیلوا- تیشوپ دا ناو براوە.
Fincke, Transport of Agricultural Produce,, P.152.

2 Müller, The Geographical of the Nuzi area, in: SCCNH, Vol. 10, (Maryland: 1999), P.83.

3 Fincke, Transport of Agricultural Produce, P.150.

4 Müller, The Geographical of the Nuzi area, P.83.

5 Fincke, Transport of Agricultural Produce, P.152.



ئاوابییەکانی (تارکولیو-Tarkuli/we) و ئولامم (Ulamme) لە لێواریدایە[1]، هەر لە باشوورەوە شارێکی تری گرنگ کە زۆر پەیوەندی بە نوزییەوە، هەبووە لوبدییە (Lubti، Lubdu،Lubdi )، کە دەشێت داقووقی ئێستا بێت[2].

## ئاو و هەوا:

بەپێی هێڵە پانەکانی باکووری گۆی زەوی، ئەم ناوچەیە دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی 34 پلە لە لای باشوور و 35ی باکوور، بەوپێیەش دەکەوێتە ناوچەی گەرمەسێر، کە زستانی ساردو باراناوییە، پلەی گەرمی لە نێوان 4.5-13.5پلەی سەدییە، لە هاویندا گەرم و وشك و ناوەندی پلەی گەرمی ساڵانەی لە نێوان 21.7-42.8پلەی سەدییە، لە کاتێکدا ڕادەی باران بارینی ساڵانەی دەگاتە 374ملم، بەوەش دەکەوێتە ناوچەی بارانی نامسۆگەر و ساڵی وا هەیە کە بەروبوومە دێمییەکان دەکەونە بەر مەترسی وشکە ساڵی[3]. هەر بۆیە بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو کەم بارانییە لەم ناوچەیەدا بایەخ بەئاودێری ڕووبار و کەناڵە ئاوییەکان دراوە[4]. بنیاتنانی شارەکانی ئەڕاپخاو نوزی لە سەر، یان نزیك لقەکانی ڕەدانو (العظیم)دا و هەڵکەندنی کەناڵی ئاوی، کە زۆربەی کێڵگە کشتوکاڵییەکانی بنەماڵەکانی نوزی لەوناوچانەدا بووە[5]، ئەم ڕاستییە دووپات دەکەنەوە.

هەر چەندە چەند ئاوایی و شارێکی زۆر لە ناوچەی کەرکوکدا هەبوون، بەڵام هیچیان وەك نوزیو ئەڕاپخاو کورخاننی نەبوون چ لە ڕووی نزیکی، یان پەیوەست بوونیان و لەیەك چوون لە هەموو ڕوویەکی شارستانی و مێژوویی. بۆیە لێرەدا بە پێویس دەزانرێت کە لێیان بکۆڵرێتەوە:

1 Müller, The Geographical of the Nuzi area P.83.

2 Finkelstein, J. Subartu and Subarians, in: JCS Vol. IX, No.1, (New Haven: 1955), Pp.1-7.

3 نەقشبەندی، ئازاد: کەش و هەوای هەرێمی کوردستانی عێراق، لە: جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق (کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین)، چ1، (هەلێر: 1998)، ل71، 74، 75.

4 Maidman, Nuzi, P.932.

5 Müller, The Geographical of the Nuzi area 83.

## نوزی:

بەپێی توێژینەوە جیاجیاکان روون بووەتەوە کە ناوی هەر شارێك بەپێی سەردەمە مێژووییەکان گۆڕانی بەسەرداهاتووە، چونکە لەهەر قۆناغێکی مێژووییدا گەلێك یان زمانێك زاڵ بووەو بەپێی ئەو زمانە ناوەکەش گۆڕاوە.

سەبارەت بە ناوی نوزی، لە کۆنەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی پاشماوەی تۆمارکراو، نەزانراوە کە لە چاخەکانی پێش سومەری چ ناوێکی تری هەبووە، ئەوەی تائێستا زانراوە کۆنترین ئاماژە بۆ ئەم شارە بۆ ئێبلا[1] دەگەڕێتەوە، واتە پێش چاخی ئەکەدی (2334- 2198پ.ز)، کە بە شێوەی ئێبلایی (Ga-su-lu$^{ki}$) و، رێنووسە ئەکەدییەکەی Ga-sur$_x^{ki}$ تۆمارکراوە[2]. زانایان ئاماژەیەکی روونیان بۆ واتاو بنەڕەتی وشەکە نەکردووە[3]، لە سەرەتای هەزارەی 2ی پ.زەوە ناوی (گاسوور)[4] کەمتر ناو براوە، چونکە لە

1 ناوە نوێیەکەی (تل ماردیخ)ە، دەکەوێتە باشووری حەلەب لە سوریا بەدووری 70 کم، لە ساڵی 1978دا لە لایەن ئیتالییەکانەوە بەسەرپەرشتی (پێتیناتۆ) پشکنینی تێدا ئەنجام دراوە، و 16 هەزار تابلۆی قوڕی تێدا دۆزرایەوە، کە تیشکێکی گەورە دەخەنە سەر مێژووی خۆرهەڵاتی کۆن و کوردستان، بڕوانە: رشید فوزی، مملکه خمازی، مجله کاروان، ع 21، (بغداد:1984)، ص144.
2 Astour, Michael C.: Semites and Hurrians in Northern Transtigris, P.7.
3 بۆیە لێرەدا بە پێی هەوڵدەدەین روونی بکەینەوە، بڕگەی یەکەم (Ga) یە، لە ئەکەدیدا هێما بووە بۆ شیر. ·Šizbu) Labat, R., Manual D'Epigrafie Akkaddienne, Paris, 1952, p.320 بەڵام بڕگەی دووەمی (sur$_X$) نیشانەی (X) نادیاری بۆ دانراوە، هەرچەندە رێنووسەکە ئەکەدییە، لە روانگەی ئەو راستیەی کە ناولێنانی شارەکان لە کۆنەوە لە دیاردەی سروشتی یان رووداوێکەوە و لە زمانی ناوچەییەوە وەردەگیرێت،أحمد، جمال رشید: دراسات کوردیه فی بلاد سوبارتو، (بغداد: 1984)، ص28، پێدەچێت بڕگەی یەکەم (Ga) لەگەڵ (گا)ی کوردیدا هاو واتا بێت، /sur/ لە کوردیدا واتە رەنگی سوور، واتە (گا)ی سوور، ئەمەش لەگەڵ سروشتی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری ناوچەکەدا دەگونجێت.
4 لە دەقەکانی کەپەدۆکیای ئەنادۆڵدا بە(Ga-su-ri-im)، هاتووە، کە im پاشگرێکی (جەڕی) ئەکەدییە، Gelb, Ignace, J.: "Hurrians and Subarians (HS)", (Chicago: 1954). P.8, لەدەقەکانی ئاشووری کۆندا (سەدەکانی23-22پ.ز) ناوەکە بە Ga-sura هاتووە، بڕوانە:
-Poebel, A., "The Assyrian King List from Khorsabad", JNES, Vol.1, 1942, (Chicago: 1942) P.256.



سەردەمی گوتی نزیکەی (2200-2120پ.ز؟) بەدواوە ناوی ئەڕاپخا زیاتر لە تۆمارەکاندا دەردەکەوێت. بە تایبەتی لە سەردەمی (بنەماڵەی سێیەمی ئور)ەوە (2112-2004پ.ز)[1].

لە نیوەی یەکەمی سەدەی 18یَ پ.زەوە خوڕییەکان، کە پێشتر لە ناوچەکەدا بڵاوبووبوونەوە ناوی شارەکەیان بۆ نوزی[2] گۆڕی، بەو پێیەی لە دەقەکانی نوزیدا ناوی نوزی ($^{URU}$Nu-zi) هاتووە[3]، زۆر پێدەچێت بنەڕەتی ناوەکە خوڕی بێت. سەبارەت بە هۆی گۆڕینی ناوەکە بۆ نوزی، بەڕای (جەمال رەشید)[4]، لە ناوی کەسایەتییەك لە دانیشتوانی شارەکە نزیك بووە، واتە لەناوی کەسایەتییەکەوە هاتووە[5]. سەرچاوەی تریش هەن کەوا گۆڕینی ناوەکە بۆ نۆژەنکردنەوەی پەرستگای عشتار دەگێڕنەوە، کە بۆ چاخی گاسوور دەگەڕایەوە، تا ببێت بە پەرستگایەك بەناوی خواوەند شاوشکا، هەروەها نۆژونکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی شارەکە[6]. بەلێکدانەوەی هەردوو بۆچوونەکە دەگەینە ئەوەی، کە لە ناوی کەسایەتییەکی پایەبەرزەوە هاتووە، چونکە نۆژەنکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی پەرستگا، یان هەر شارێك لە لایەن کەسانی خاوەن دەسەڵات و

1 Levy, S.J., Harmal Geographical List, in: Sumer, Vol. 3, No. 1,1947, P. 53, Column- 3, line 74.
2 لەدەقە مێخییەکاندا بەشێوەی جیاجیا هاتووە، (الامین) پێی وایە (Nu-zu) راسترە چونکە پاشگری (nu) پەیوەندی بە نیشانەی (رفع) نیە لەسەر بڕگەی (ni)، کییرا، کتبوا علی الطین، ص202، پەراوێزی(1). یانکوفسکا بە (Nu-za)، بڕوانە: المجتمع العائلي الموسع و الحکم الذاتي في ارابخا، تر: سلیم طه التکریتی، بغداد، 1976، ص359؛ سپایزەر بە (Nu-zi)ی خوێندۆتەوە، Nuzi Marginalia, OrNS, Vol. 28, (Roma: 1957), P.1, ئێستاش لە بڵاوکراوەکاندا زیاتر نوزی (Nuzi) بەکار دێت.
3 Smith, Scopio: Joint Expedition with the Iraq Museum at Nuzi (JEN), No. 82, in: www.infinitive.com.
4 لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، بەغداد، 1988، ل219.
5 لەو دەقانەی لەبەر دەستدان، پاشگری ناوی چەند کەسێك بە (...-nu-zu) هاتووە، بروانە:
Smith, JEN (2), Unpublished Nuzi Tablets (JENu) 691.
6 فلهلم, ج: الحوریون, تر. وت: فاروق إسماعیل, حلب, 2000, ص42.

پایەدار ئەنجامدراوە، بۆیە رەنگە گۆڕینی ناوی شارەکە پەیوەندی بە کەسایەتییەکی خوری و نۆژەندکردن و ئاوەدانکدنەوەی شارەکەوە هەبێت.

پاشماوەکانی شاری نوزی لەژێر گردێکی 200200xدا، کە نزیکەی 330م لەسەر ئاستی دەریا و 15م لەسەر دەوروبەرەکەیدا بەرزە، بنیات نراوە[1]، لە هەزارەی 3ی پ.زدا وەك پێشتر ئاماژەی پێکراوە بە گاسوور ناسرابوو و ئێستا بە یورغان تەپە (Yorghan Tepe) ناسراوە، دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای کەرکوکی ئێستا بە دووری 13کم، و 3کم لە گوندی ترکەلان دوورە[2].

پاشماوەکانی شاری نوزی دەکەوێتە لێواری خۆرئاوای خاسە، کە یەکێکە لەوسێ لقەی ئاوی رەادانو[3] (العظیم) پێك دەهێنن و دواتر لە شاری (بلد) دەڕژێتە ناو رووباری دیجلەوە، زێی بچووك بە باکوورو باکووری خۆرئاوایدا تێپەڕ دەبێت، کە لە دوورترین شوێندا نزیکەی (42کم)ە[4].

1 Maidman, Nuzi, P.931.

2 Starr, R.,: report on the Excavation at Yorghan Tepa Near Kirkuk, Iraq Conducted by Harvard University in Conjunction with the American Schools of Oriental Research and the university Museum of Philadelphia (1927-1931), Nuzi, Vol., 1 (Texts), (Chicago: 1939), P.XXIX.

3 روخانەشی پێ دەوترێت، لقەکانی بریتین لە، خاسە، تاووق چای و ئاوە سپی، ئازاد جلال شریف، دەرامەتی ئاو، لە: کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین، جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، ل35.

4 Fincke, J.C., Transport of Agricultural Produce in Arrapĥe, P150.



## ئەڕاپخا (Arrapĥa)

بەپێی بەڵگە شوێنەوارناسی و مێژوویەکان، پاشماوەکانی کۆنە شاری ئەڕاپخا[1]، لەباکووری خۆرهەڵاتی شارەکەدا، دەکەوێتە ژێر کەلاوەکانی قەڵای کەرکوکی ئێستا، لە ژێر گردێکی نیمچە بازنەیی، کە نزیکەی 120پێ لەسەر ئاستی دەوروبەریدا بەرزبووەتەوە و لە لێواری خۆرهەڵاتی رووباری خاسەدا بنیاتنراوە. بەشی خوارەوەی قەڵاکە بۆ چاخەکانی پێش مێژوو دەگەڕێتەوە، سەرەوەشی بۆ چاخە ئیسلامییەکان دگەڕێتەوە. لە سەردەمی عوسمانیدا چوار دەرگای سەرەکی هەبووە، هەر دەرگایەکیان بە ناوی ناوچەکەیەوە یان دیاردەیەکەوە ناونراوە، دەرگای سەرەکی، دەرگای (باب الطوب)، دەرگای حەوت کچ و حەلواچییەکان. جگە لە تەلاریماڵەکان، مزگەوت و تەکیەی تێدا هەبووە، هەروەها لە چاخە کۆنەکاندا پەرستگای پێغەمبەر دانیال لەم شارەدا بووە[2].

1 ناوی ئەڕاپخا لە کۆنەوە بە شێوازی جیاجیا هاتووە، لە شێوازە ئەکەدییەکەیدا بە Ar-ra-ap-ĥu-um، و بە جەڕ، (im)ش هاتووە، بەڵام لە بنەڕتدا خوڕییە، وەك، لە نوزیدا بە، ئالئیلانی (Āl-ilani) واتە شاری خواوەندان و ئەڕاپخی (Arrapĥi)، تۆمارکراوە کە (pĥi) پاشگرێکی خوڕییە، Astour, M.C., Semites and Hurians, P.41. لە چاخەکانی دواتردا ناوەکە بۆ (ئەرباخا) لەلایەن ئاشوورییەکانەوە گۆڕاوە. دواتر لە سەردەمی سەلوقیدا (312-146؟پ.ز) بە قەڵاکەی شاری کەرکوك وتراوە (کرخا بیت سلوخ) واتە (شاری سەللوقییەکان) ناوبراوە، بەو پێیە والیێکدراوەتەوە، کە ناوەکە لە ناوی پاشای سەلوقییەکانەوە ناونراوە، طه باقر و فؤاد سفر، المرشد الى مواطن الآثار و الحضارة، (بغداد: 1965)، الرحلة الرابعة، ص8، ئەمەش لە راستییەوە دوورە، چونکە ئەو ناوە زۆر لەوە کۆنترە و لە ناوی میرێکی نوزی (شیلوا-تیشوپ کوڕی پاشای ئەڕاپخا)وە هاتووە، لەبەر ئەوەی زۆرجار لەگەڵ خ/ ĥe یان خو/ĥweی پاشگری خوڕی و بووە بە شیلوخ. کیرخا لە زمانی ناوچەکەدا واتە قەڵا، أُپنهایم، بلاد مابین النهرین، تر. سعدي فیضی عبد الرزاق، (بغداد: 1981)، ل160، بەو پێیە دەبێتە قەلای شیلوا –تیشوپ. لە باشووری نوزیدا کۆشکێك بە ناوی (Dimtu Šelweĥe)وە هەبووە، بڕوانە: Jankowska, Communal self-government and the King of the state of Arrapĥa", JESHO, Vol., XII, Pa.II, (Leiden: 1969), P241... هەروەها بڕوانە: أحمد، دراسات كوردية، ص32. بۆیە ئەگەر ناوی کەرکوك پەیوەندی بە (کرخا بێت سلوخ)ەوە هەبێت، ئەوا دواتر وشەی (بێت)ی سریانی بۆ زیاد کراوە، ناوەکەش ناوێکی ناوخۆییە نەك بیانی.

2 احمد: كركوك فی العصور القدیمة, ص7-8.

تا ئێستا کنە و پشکنینی ڕێك و پێك لە پاشماوەکانی ئاڕپخادا ئەنجام نەدراوە، بۆیە ناتوانین بە دڵنیاییەوە مێژووی ئاوەدان بوون یان بنیاتنانی ئەم شارە دیاری بکەین و سەردەمەکانی جیابکەینەوە. بەڵام بە وردبوونەوە لە پاشماوەکانی دەوروبەریدا، وەك: چەرمۆ (7000-6500پ.ز)، مەتارە (هەزارەی 6پ.ز)و...تاد، بۆ ئەو سەردەمە یان دواتر بگەڕێتەوە. سەبارەت بە چاخە مێژووییەکان، (جمال رشید)[1] پێیوایە کە گوتییەکان شاری ئەڕاپخایان بنیات ناوە و دواتر خوری تێدا نیشتەجێ بوون، بەوپێیەی کە چەندین تابلۆی قوڕین دۆزراوەتەوە، کە بە خەتی مێخی و زمانی ئەکەدی-خوری نووسراون و بۆ بنەماڵەیەکی خوری بەناوی (Wullu) دەگەڕێتەوە، ئەم بنەماڵەیە لە ناوەڕاستی هەزارەی 2ی پ.زدا خاوەندارێکی گەورەی شانشینی ئەڕاپخا بوون[2].

مێژووی ناوبردنی ئەڕاپخا بۆ هەزارەی (3ی پ.ز) دەگەڕێتەوە[3]، لە هەزارەی 2ی پ.زدا ناوی ئەڕاپخا لە تۆمارەکانی تحوتمسی یەکەمی فیرعەونی میسردا (1528-1510پ.ز)، کاتێك، کە دەسەڵاتی گەیشتە سووریا، بە (A-ri-p-na-ĥa)، هەروەها ناوی چەند شارێکی تری دەوروبەری تۆمارکراوە[4].

1 كركوك فى العصور القديمة, ص7, 27.

2 احمد: كركوك فى العصور القديمة, ص36-39.

3 Levy, S.J., Op. Cit., P. 53.

4 Astour, M.C., Toponymic Parallels Between the Nuzi Area and Northern Syria, in: SCCNH, Vol. 2, 1987, P.23؛ لويد، سيتون: الرافدان-تاريخ بلاد الرافدين، تر. طه باقر و بشير فرنسيس، (بغداد: د.ت)، ص78.



## کوڕوخاننی (تل الفخار):

کوڕوخاننی[1] پاشماوەی شارێکی کۆنە، کە ئێستا بە (تل الفخار) ناسراوە، بە دووری نزیکەی 45کم دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای شاری کەرکوك و نوزی بە نزیکەی 35کم، لەسەر ڕێگای کۆمپانیای نەوت، کە بە دۆڵی نەوت ناسراوە. پاشماوەکانی ئەم شارە بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1967 دۆزرانەوە، ئەم شوێنە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوارناسیی عێراقەوە بە دوو قۆناغ پشکنینیان لێ ئەنجام داوە، یەکەم لە تشرینی یەکەمی 1967 تا کانوونی دووەمی 1968، دووەم لە تشرینی یەکەمی 1968 تا کانوونی دووەمی 1969 کە چەندین گردی پاشماوەیی بەدەوروبەریدا بەدی دەکرێن[2].

بەهۆی پشکنینەکان کۆمەڵێك کەل و پەلی شوێنەواریی پڕ بایەخ دۆزراوەتەوە، لە چینەکانی خوارەوەدا ژمارەیەك مۆر و گڵێنە جۆراو جۆری تێدا بووە، کە بۆ چاخەکانی پێش مێژوو دەگەڕێنەوە و تیشکێکی زۆر دەخەنە سەر مێژوویەکی بەردەوامی ئاوەدان بوونی شارەکە، بە تایبەت لە چاخەکانی پێش مێژوودا، کە لە شوێنەکانی تری کوردستاندا روون نەبووەتەوە. ئەم شارە لە چاخەکانی پێش مێژووەوە تا چاخەکانی ئاشوری نوێ 911-612پ.ز)، ئەشکانی (پەرثی/ فرثی) (126پ.ز-226ز) و ساسانی (227-638ز)، وچاخە ئیسلامییەکان ئاوەدان بووە[3].

لە نێوان چینە مێژووییەکاندا، گرنگترین پاشماوە لە چینی دووەمی سەرەوەدا دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەی بۆ سەدەکانی ناوەڕاستی هەزارەی 2ی پ.ز

1 راو بۆچوونی جیاواز لەسەر ناوەکە هەبووە، فوزی رشید پێی وابووە کە (URU Urwa)، ناوی راستەقینەی شارەکەیە، ئەوەش بەهۆی دۆزینەوەی ئەم ناوە کە لە چەند دەقێکی شارەکەدا بووە، بەڵام ئێستا روون بووەتەوە کە لە چەندین دەقدا ناوی URU G/Kur-ru-ĥa-an-ni ، هاتووە و شیاوترە، الخالصي، محمود ياسين، تل الفخار (الموسم الثاني)، فى: سومر، مج33، 1977، ص44-45.

2 الخالصي, تل الفخار (الموسم الاول), فى: سومر, مج26 , 1970, ص52.

3 الخالصي, تل الفخار (الموسم الثاني), ص43.

دەگەڕێتەوە، و هاوچاخی چینی دووەمە لە نوزی. گرنگترین پاشماوەی ئەم چینە کۆشکێکی گەورەیە کە بە کۆشکی سەوز ناسراوە، چونکە زۆربەی بەشەکانی ناوەوەی بە رەنگی سەوز رووپۆش کراوە و لە رووی هونەری تەلارسازییەوە، هاوشێوەی تەلارسازیەکانی نوزیە لە هەمان چیندا. بەلاّم لە نوزیدا ژمارەی تەلارەکان زۆرتر و مەزنترن[1]. بەپێی بەڵگە دۆزراوەکانی کوڕوخاننی پێدەچێت ئەم کۆشکە هی کەسایەتییەکی بالاّی کارگێری و کۆمەلاّیەتی بووبێت[2].

جگە لە پاشماوەکانی ئەو کۆشکە، ئەرشیڤێکی گەورە دۆزراوەتەوە کە بریتییە لە نزیکەی 600 تابلۆی قوڕین و بە خەتی مێخی و زمانی ئەکەدی نووسراون، ناوە کەسییەکانی دانیشتوی شارەکە خوری بوون، تابلۆکان تیشکێکی زۆر دەخەنە سەر کاروباری کارگێڕی و ئابووری و دادوەری و کۆمەلاّیەتی ناوچەکە[3]، ئەوەی جێی سەرنجە ژمارەیەکی زۆر شوێن مۆر لەسەر تۆمارەکاندا هەن، کە مۆری میتانین، بەوپێیەش ئەم شارە وەك بەشێکی دەوڵەتی ئەڕاپخا، سەر بە دەوڵەتی میتانی بووە.

1 هاوشێوەی هونەری ئەم هونەرە، کە بە هونەری نوزی ناسراوە لە چەند پاشماوەیەکی شارەزووردا دۆزراوەتەوە، وەك، گردەکانی بەکراوە، شاملو)، صالح، قحطان رشيد، الكشاف الاثري, (بغداد: 1987)، ص71-72.

2 الخالصي, تل الفخار (الموسم الثاني), ص47.

3 بۆ دەقە کارگێڕی و دادوەرییەکانی کوڕوخاننی، بڕوانە: المنذري، منذر: نصوص ادارية و قضائية من تل الفخار/ مدينة كورروخانني، ص38.



## باسی دووەم: دانیشتووان

کەم شار لە خۆرهەلاّتی کۆندا هەبووە، کە بە شێوەیەکی تەواو دانیشتوانەکەی لەیەك رەگەز پێکهاتبێت، بەتایبەت لەو ناوچەیەی کەرکوکی تێدا هەڵکەوتووە، کە دەکەوێتە نێوان دوو ناوچەی سروشتی و شارستانی جیاوازەوە، یەکەمیان لە باشوورو باشووری خۆرئاواوە، کە ناوچەیەکی گەرم و وشك و لەرووی کانزا سرشتییەکانەوە کەم دەرامەتە[1]، دووەم لە باکوورو باکووری خۆرهەلاّتەوە، کە شاخاوی و سارد و بە کانزاکان- کە بۆ پیشەسازی جەنگی و بیناسازیی گرنگ بوون- دەوڵەمەندە[2]، بەلاّم بۆ دامەزراندنی دەوڵەت پێویستی بە ناوچە دەشتاییەکان بووە، چونکە ناوچە شاخاوییەکان زۆر بواری فراوانبوونی شاری گەورەیان نەداوە[3]. بۆیە هەمیشە ئەم ناوچەیە بوو بووە تەوەرەی ململانێ لە نێوان دەوڵەتە گەورەکانی ناوچەی یەکەم و گەلانی ناوچەی دووەم[4]، بۆیە مرۆڤ لە چاخەکانی پێش مێژووەوە رووی تێکردووە، بە درێژایی چاخە مێژووییەکان، دیاردەی کۆچکردنی ئاشتیانە و سەبازیانە و نیشتەجێبوون لەو ناوچانەدا بەردەوام بووە، ئەوەش لە فرە رەگەزیی ناوچەکەدا رەنگیداوەتەوە.

لە کەرکوك و ناوچەکانی دەوروبەریدا بە درێژایی مێژوو چەندین رەگەزی جۆراو جۆر رووی تێکردووە، وەك، ئەکەدی و سۆمەری و ....تاد، لە هەزارەی 3ی پ.زدا، جگە لە گەلانی رەسەنی ناوچەکە، وەك، سوباری، گوتی ودواتر خوری.

1 اوتس، جون: بابل-تاريخ مصور، تر. سليم عبدالرحيم الجلبي، (بغداد: 1990)، ص15.

2 لويد: الرافدان, ص72.

3 رشيد، فوزي و جمال رشيد أحمد: تاريخ الكرد القديم, (أربيل: 1990)، ص43.

4 رو، جورج: العراق القديم, تر: حسين علوان، (بغداد: 1984)ص32.

## 1. سوباری:

له کۆنترین سەرچاوەکانی سۆمەری و بابلی و...تاد، به شێوازی جیاجیا وشەی سوباریان تۆمارکردووە، وەك: (Subir, Šubur, Subartu)...تاد[1].

دیاریکردنی سنووری جوگرافیی سوبارتوو کارێکی ئاسان نییە، چونکه ئەو زاراوەیە لەکۆنەوە بۆ ناوچەی جیاجیا هاتووە، (لوگال-ئانی-موندو--Lugal-Ani-Mundu) فەرمانڕوای شاری (ئادەب)[2] له نیوەی یەکەمی هەزارەی 3ی پ.زدا ناوی سوبیری له نێوان گوتیوم و (مارخاشی)[3] له باشووری خۆرهەڵات و (مارتو و سوتیوم)[4] له باکووری خۆرئاوادا بردووە[5]. ئی-ئەنناتم (2454-2425پ.ز)[1]، به بۆنەی سەرکەوتنی بەسەر سوبارییەکاندا نەخشێکی تۆمارکردووە) شتاینکێلەر Steinkeller) [6] پێیوایە، کە بەپێی ئەو نەخشە سوبیر، لەو سەردەمانەدا ناوچەکانی باکووری دیاله تا زێی گەورە بە ئاشوریشەوەی گرتبۆوە و ناوەندەکەی (خەمازی) بووە و بە سوبارتووی تەواو ناوی بردووە، دواتر له دەوروبەری 2200پ.زدا سوبیر ناوچەیەکی فراوانتری دەگرتەوە،

1 Gelb, HS, Pp.23ff.

2 له پاشماوەکانی تل بسمایەدایە له ئاوەڕێژی دیاله و 35کم له باشووری بەغداد، بڕوانە: رشید، قحطان، الكشاف الآثری، ص141.

3 به (باراخشی)ش ناوبراوە، وڵاتێکە دەکەوتە باکووری خۆرئاوای وڵاتی ئیلام له خۆرئاوای ئێستای ئێران، بڕوانە:
Steinkeller, Pioter, the Historical Background of Urkesh and the Hurrian, Pp. 90.

4 له زمانی سومەریدا، مارتو بەواتای خۆرئاوا دێت، که ئێستا له خۆرئاوای رووباری فورات، الاحمد، سامي سعيد، المدخل ال تاريخ العالم القديم، القسم الاول-العراق القديم, ج2 (من العصر الأكدی حتی نهاية سلالة بابل الأولی)، (بغداد: 1983)، ص49. سوتیومیش هەر له باکووری خۆرئاوا بووە، بەڵام زانیاری زیاتری لەسەر نییە.

5 Kur $^{\text{giš}}$erin-na, Elam$^{\text{ki}}$, Mar-ĥa-ši$^{\text{ki}}$, Gu-ti-um$^{\text{ki}}$, Su-bir$^{\text{ki}}$, Mart-tu, and Su-ti-um$^{\text{ki}}$), see: Gelb, HS, Pp.33-34.

6 The Historical Background of Urkesh and the Hurrian, Pp.78-83.



کە ناوەندەکەی له خابووردا بووە. به پێی دەقێکی سومەری، گەلانی (سو) و ئیلام هێرشیان کردۆتە سەر دەوڵەتی ئور و روخاندویانە[1]، بەوپێیە دەبێ ناوچەکانیان له لای باکوورەوە هاوسنوور بووبێت، چونکه ئیلام لەلای خۆرهەڵاتەوە بووە، هەر چۆنێك بێت، له چاخەکانی دواتر دا تەنها ناوچەیەکی بچووکی گەیاندووە و له هەندێ سەرچاوەدا به (وڵاتانی سوبارتوو) ناوبراوە[2].

یەکێك له کۆنترین دانیشتوانی ناوچەکە سوباری بوون، کە دوای هاتنی ئاشورییەکان[3] بۆ ناوچەکە و دوای داگیرکردنی، بەشێکی سووبارییەکانیان بەرەو چیاکانی خۆرهەڵات و باکووری خۆرهەڵاتی ناوچەی، کە دواتر به ئاشور ناسرا پاڵنا[4]، بەڵام بۆ ماوەیەکی درێژ سووبارییەکان دانیشتوانی بنەڕەتی ناوچەکە بوون، کاریگەریان لەسەر ئاشور بەتایبەتی لەرووی ئایینی و رۆشنبیرییەوە هەرمابوو[5]. لەو سەردەمەدا، کە ئاشور بە) بالتیل- (Baltil دەناسرا، وڵاتەکە به سوبیر ناوبراوە. به بۆچوونی هەندێ زانا، پاشماوەکانی (تل تایا) له باکووری

1 اوتس، بابل، ص78.

2 دواتر ئەم جۆرە نازناوە به (ولاتانی نائیری) بۆ وڵاتی نائیری بەکارهاتووە، بڕوانە:
Ahmed, Kozad M: The Northern Transtigris in the first half of second millennium, M.A Thesis (Unpublished), (Leiden: 2003), PP. 13-14.

3 بەشێك بوون له سامی (جزری) نەژادەکان، له سەرەتای هەزارەی دووەمەوە ناویان به ئاشوور ناسراوە، له بنەڕەتدا ناوی ئاشوور له خواوەندێکیانەوە هاتووە، دانیال، موسوعة علم الآثار، ج1، ص44.

4 بوتيرو, جين و آخرون: الشرق الادنی- الحضارات المبكرة, تر: عامر سليمان، (موصل: 1986) ص122؛ باقر، طه: مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة (الوجيز فی تاريخ بلاد وادی الرافدين)، (بغداد: 1973)، ج1، ص77.

5 تەنانەت ژمارەیەك له پاشایانی بەرایی شاری ئاشوور، وەك: ئوشپیا (Ušpia) و کیکیا (Kikia)، که سامی نەبوون، زانایان به سوباری ناویان بردوون، بڕوانە: Ahmed , The Northern Transtigri, P.15.؛ زانایان زۆر به هەستیارییەوە دەڕواننە زنجیرە ناوی پاشایانی ئەو سەردەمەی ئاشوور، بڕوانە، ساكز، هاری، قوة آشور، تر: عامر سليمان، (بغداد: 1999)، ص63.

ئاشور و (تل ليلان) لەسەر خابوور و (تل چویرا)[1] ناوەندی سەرەکی سووباری بوون و هاوتای شاری ئاشور بوون[2].

لە ناوەکانی نوزیدا نزیکەی 754 ناوی کەسێتی، کە تا تێستاش بەتەواوەتی لە هیچ گروپێکی ئیتنی ناسراودا ریزبەند نەکراون[3]، لە لایەن هەندێ زاناوە بە سووباری ناوبراون، دوو بڕگەی کۆتایی ناوەکان دووبارە دەبنەوە[4]، وەك: Ababa, Abubu, Akhakha, Akhukhu, Belili, Ititi))[5]، جێی سەرنجە فەرمانڕوایەکی کۆنی ئاشوری (ئیتیتی کوڕی ئیاکولابا)، لە نەخشێکیدا باسی لە بردنی دەسکەوت لە گاسوورەوە بۆ خواوەند ئینینی (Inini) لە ئاشور کردووە[6]. هەمان تێبینی لەسەر ناوەکانی خواوەندانی گاسوور دەوترێت، وەك: ( Dada, Dudu, Kuku, Nana, Mama, Mumu, Zuzu, Bubu)[7].ئەو جۆرە ناوانە لە ناوی پاشایانی خەمازیشدا هەن، (مییك-Meek) پێیوایە، کە ئەو جۆرە ناوانە لە ناوچە شاخاوییەکانی باکوور و باکووری خۆرهەلاتی دیجلەدا، پێش چاخی ئوری سێیەم باوبووە[3].

لە سەرچاوە سۆمەری و ئەکەدییەکاندا، زاراوەی سوبارتوو (Subartu)[8] زۆر دووبارە بۆتەوە، (فوزی رشید) پێی وایە، کە سو ناوی دانیشتوانەکەیەتی و (بار) لە سومەریدا واتای دەرەوە دەگەیەنێت، (تو) پاشگرێکی جوگرافی سومەرییە، واتە **(ئەو سویانەی لە دەرەوەی سنووردان)**[5]. زۆرجاریش ناوە کەسییە سوبارییەکان لەگەڵ پیشەکانیاندا دەهات، وەك: ئاسنگەر، نانەوا، ....تاد، یان بە بەروبوومەکانیانەوە، وەك: جۆ، هەنجیر، هەنار، خۆخ و خوریی سوباری[1]. لە دەقێکی چاخی بابلی کۆندا (1836پ.ز) لە پەیماننامەیەکی ئاشوریدا[2] سوێند بە خواوەندێکی سوبارتوو خوراوە[3].

## 2. **گوتی:**

لە سەرچاوە سۆمەری و ئەکەدییەکاندا بە رێنووسی جیاجیا ناوی گوتییەکان براوە، وەك: گوتی (Guti)، قوتی (Quti)، کوتی (kuti). بەو پێیەش زیاتر گۆڕانەکان لە بڕگەی یەکەمدا هاتووە، جارجارەش پاشگری (پ/ب)ی بۆ زیادکراوەو بۆتە گوتووبووم، کە پاشگرێکی کۆی ئیلامییە[4].

بە پێی سەرچاوە مێخییەکان، زۆرجار سنووری گوتی هەڵکشان و داکشانی بەخۆوە بینیوە، تا ئێستا کۆنترین ئاماژە بۆ گوتی، بۆ لوگال-ئانی-مندو لە نیوە یەکەمی هەزارەی 3ی پ.ز دەگەڕێتەوە، کە بە هۆی بوونی پاشگری ki//یەوە وەك زاراوەیەکی جوگرافی دەزانرێت، بەوپێیەش گوتیوم دەکەوتە نێوان رووباری دیالە-سیروان لە لای باشوور و زێی بچووك لە لای باکوورەوە[5]. لە دەقێکی جوگرافی سارگۆنی ئەکەدیدا، کە کۆپییەکی سەرەتای هەزارەی دووەمە، سنووری دەوڵەتەکەی لە باکوورەوە گەیشتۆتە دەوروبەری داقوقی ئێستا، بەوپێیەش سنووری دەوڵەتی ئەکەدی لە باکوورەوە لەگەڵ گوتیوم دراوسێ بووە، لە دەقێکی

1 بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (7).

2 Ahmed: The Northern Transtigris, P. 15.

3 Gelb, Others, Nuzi Personal Names, P.5.

4 ئەگەر بڕوانینە ناوی (باوە گڕگڕ)ی ئێستا، دەبینین ناوەکە بەهەمانشێوە بڕگەکانی کۆتایی دووبارە دەبنەوە، بەوپێیە دوور نییە کە بۆ ئەو جۆرەناوەی ئەو سەردەمە بگەڕێتەوە.

5 Ahmed , The Northern Transtigris, P.20.

6 Poebel, The Assyrian King list from Khorsabad, P.256.

7 Ahmed , The Northern Transtigris, P.21

8 هەندێ زانا پێیان وایە سوبارتو زاراوەیەکی جوگرافییە بە واتای وڵاتی بەرز یان باکوور، بۆیە مەبەست لە سوباری تەنها گروپێکی ئیتنی نەبووە، بەڵکو لە چاخی بابلی کۆندا، هەموو دانیشتوانی ناوچەکانی باکووری بابل یان وڵاتی بەرزی دەگرتەوە، بڕوانە:
Finklstien, Subartu and Subarians, PP. 1-7.

1 Gelb, HS, P.26.

2 لە یەك دەقی (فاڵ/ جادو)ی ئاشووریدا وشەی سوباری بۆ خۆیان بەکارهاتووە، **"ئێمەی سوباری"**، باقر، مقدمة، ج1، ص78.

3 Ahmed, the Northern Transtigris, P.17.

4 Ahmed, the Northern Transtigris, P.21.

5 بۆ ئەو دەقە، بڕوانە، ل46.

تری ئەکەدیدا وەك ناوچـەیەکی شـاخاوی وەسـفی شـوێنی گوتییـەکان کـراوە[1]. هەرچۆنێك بێت، ناوچە گوتی نشینەکان زیاتر لە ناوچەکانی نێوان دیالە-سـیروان تا زێی بچووکی گرتۆتەوە.

گوتییـەکان، دوای ئـەوەی مـاوەی نزیکـەی 100 سـاڵ فەرمانڕەوایـەتی وڵاتـی ئەکەدیان کرد، ناوەندیان بەرەو ناوچەکانی ئەڕاپخا گواستەوە[2]، لە ئەرشـیڤەکانی شاغر بازار لـە خـابوور، کـە بـۆ چـاخی بـابلی کـۆن دەگەڕێتەوە،چـەند ناوێـك دۆزراوەتەوە، وەك: تریکان، کە پاشایەکی گوتی هەمان ناوی هەبووە[3]. هەر لـەو سەردەمەدا لە دەقەکانی شـشارە و ماریـدا وەك هێزێکـی کاریگـەر نـاوبراون. حەمورابیش (1792-1750پ.ز)، ناوی گوتییەکانی لەگەڵ گەلانیتردا بـە زمـان ئالۆز و دوور نـاوبردووە[4]. دواتـر تگـلات-پلیـزری یەکـەم (1115-1077 پ.ز) پاشای ئاشوری لە میانەی لەشکرکێشییەکانیدا بۆسەر ناوچەکانی زێی بـچووك-دوکان، ناوی چەند شوێنێك دەهێنێت پێدەچێت گوتی بووبێتن[5].

ئەگەر بڕوانینە سەرچاوە دەرەکییەکان، کە ناوی گوتییان بردووە، وا دێتە بەرچاو هیچ بنەڕەتێك بۆ گوتییەکان نەبێت، لە دەقـەکانی ئەکەدیـدا، وەك هـەژدەها، یـان وەك ئامرازێکی سزای خواوەندان بە سەر پاشایان ناو دەبرێن[6]. بـەڵام لـە چـەند دەقێکـی پاشایانی گوتیداو وەك لائیراب و ئیریدوپیزیردا، خۆیان بە پاشای گوتیوم[7] ناو دەبەن.

1 Ahmed, the Northern Transtigris, P.22.

2 باقر: مقدمة, ج1, ص374.

3 Gelb, HS, P.64

4 HS, P.41.

5 قەرەداغی: میژووی شوێنەواری شمشارە(کورتە باسـێکی مێـژووی کـۆنی کوردسـتانە)، چ. ئوفێـستا (دهۆك: 1995)، ل32.

6 Ahmed, the Northern Transtigris, P.23.

7 Frayne, D. R., ‘‘Sargonic and Gutium Periods (2334-2113 b.c)’’, RIME, Vol. 2, University Toronto press, (Toronto: 1993), Pp.221-229.



ئەوەش دەیسەلمێنێت، کە بەلای کەمەوە گوتیوم، زاراوەیەکی جیـو-سیاسـی بـووە، بەڵام بەدرێژایی میژوو لە سەرچاوەکاندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

### 3. **خوری** (Ĥu-ur-ri)

**رەگەز:**

خوری[1] یەکێك بـوون لـە گـەلانی خۆرهـەڵاتی نزیکـی کـۆن، کـە لـە سەرچـاوە مێژووییەکاندا[2] ناوبراوە و رۆڵی سیاسی و شارستانی کاریگەریان لـە ناوچـەکەدا بینیوە، بە تایبەت لـە ناوەڕاسـتی هـەزارەی 2ی پ.زدا. لـەو چـاخەدا توانیـان زۆربەی ئەو وڵاتەی کە بە سوبارتوو، گوتیـوم و ....تـاد ناسـرابوو، بخەنـە ژێـر کارگەریی شارستانیی خۆیانەوە، کاتێك کە لە سـایەی دەوڵـەتی میتانیـدا، بـۆ یەکەم جار یەکێتییەکی سیاسیان پێکهێنـا- وەك لـە سەرچـاوەکاندا بـە روونـی باسـکراوە-. هـەرێمی ئـەڕاپخا، کـە نـوزی ناوەنـدێکی گرنگـی بـووە، بەشـی خۆرهەڵاتی ئەو دەوڵەتە بوو.

1 ناوی خوری لە زمانە جیاجیاکاندا پەپێی ڕێنووسی نووسەرەکان گۆڕانی بەسـەردا هـاتووەو لـە دەقـە ئەکەدییـەکانی بۆغازکۆیـدا بـە Ĥur-ri، و لـە لای خاتییەکانـدا بـە Ĥurlili واتـە خوڕییـەکان و Ĥurrla واتە وڵاتی خوری، لە نامەکەی توشراتای میتانیـدا بـۆ فیرعـەون بـە Ĥur-ru-u-ĥe، لـە نوزیدا بە Ĥur-ru، لە تەوراتدا بە حوریم، حوری لە زمانی عەرەبیدا هەر لە تەوراتـەوە وەرگـیراوە، لە ئینگلیزیدا بە Hurrian، لەئەڵمانیدا بە Hurritisch، لـە فەڕەنـسیدا بـە Hourrite هـاتووە، بڕوانە: Gelb،HS، P.50 ، فلهلم، الحوريون، ص17. لە لای هەندێ نووسەرانی کورد بە هوری ناوی دەبەن، کە لـە (Hurrian)ی ئینگلیزییـەوە وەرگـیراوە، بـەڵام بەگەڕانـەوە بـۆ دەقـە مێخییـەکانی ئەکەدی و خوری، ئەوە روون دەبێتەوە، کە لە هەموویانـدا دەنگـی (ر) بـە تونـدی دەخوێندرێتـەوە وەك،/ ڕ/ی کوردی و/H/ی ئینگلیزی بە /Ĥ/خ دەخوێندرێتەوە.

2 ناوی خوری بۆ یەکەم جـار لـە (تـل العمارنـة)دا، لـە میـسر دوای ئـەوەی کـە ئەرشـیڤی شـاهانەی بنەماڵەی 12ی فیرعەون لـە سـاڵی 1887زدا دۆزرایـەوە، لـە نـاو نامەیـەکی توشـراتای میتانیـدا تۆمارکراوە، بەڵام لە 1909دا لە بۆغازکۆی (خاتوشاشی پایتەختی خاتی) ناوی خوری وەك گەلێکی سەربەخۆی ناوچەکە ناسراو بوو بە مەیدانێکی توێژینەوەی کۆن ناسی:
Gibson, Some Important Ethnic in the Orient, in: JNES, Vol. XX, (1961), P. 227.

لە سەرچاوە مێخییەکانەوە زانراوە، خوری لە بنەڕەتدا لە ناوچەکانی باکووری خۆرهەڵاتی وڵاتی ئاشوردا بوون[1]، لە قەفقاس[2] یان لە ناوچەکانی دەریاچەی (وان)ەوە، کە دواتر بە ئەرمینیا ناسرا، هاتوون، تا زنجیرە چیاکانی تۆرۆس و کەرکەمیش[3] لە خۆرئاواوە، لە باشوورەوە زێی گەورە[4] و تەنانەت تا زێی بچووك[5] نیشتەجێبوون.

لە سەرەتای توێژینەوە لە خورییەکان بیرو ڕای جیاواز لە نێوان مێژوونووساندا سەری هەڵداوە. هەندێ لە مێژوونووسان لەگەڵ سوباریدا جیایان نەدەکردنەوە وبە کۆنترین دانیشتوانی ناوچەکانی سوبارتوویان دادەنا، بەتایبەتی (ئارثر ئەنگەناد-Arthur Unganad)[6]، هۆی ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی، کە زۆرجار ناوە کەسێتی و جوگرافییەکانی خوری و سوباری بەیەکەوە دەهات، بەتایبەت لە دەقە سومەری و ئەکەدییەکاندا[7]. بەڵام دواتر (گیلب-Gelb) [8] سەلماندی، کە سوباری و خوری دوو زاراوەی ئیتنی-زمانەوانی جیاوازن، تەنانەت سوباری یان سوبارتوو،

1 کونتینو، جورج, الحیاة الیومیة فی بلاد بابل و آشور, تر: سلیم طه التکریتی، ط2 (بغداد: 1983), ص15.

2 ساکز, هاری: عظمة بابل (موجز حضارة بلاد وادی الرافدین القدیمة), تر: و ت: د.عامر سلیمان, دار الکتب للطباعة والنشر, (موصل: 1979).ص93.

3 دەکەوێتە جرابلس لەنزیك سنووری نێودەوڵەتی سوریا-ترکیا، لە شوێنی بڕینی سنوورەکە بەهۆی رووباری فورات، لە ساڵی 1887دا دۆزراوەتەوە، بڕوانە: کلین دانیال، موسوعة علم الآثار، ج2،ص471.

4 رو: العراق القدیم, ص311, 317, باقر: مقدمة, ص78.

5 فلهلم, الحوریون, ص73.

6 Subartu, (Leipzeg: 1936)

لە: (Gelb, HS, P.9) وەرگیراوە.

7 بۆ مەسەلەی سوباری و خوری بڕوانە:

-Gelb, HS, Pp. 12-20, Roger O’Callaghan, Aram Naharaim, in: AnOr. Vol. 26, (Roma: 1961), Pp. 37-40.

8 “New Light on the Hurrians and the Subarians, in: SO, Vol. I –1956, P.391.



لە سەرچاوە مێخییەکاندا بەواتایەکی جوگرافی بۆ وڵاتی (بەرز)[1]، یان باکوور[2] بووە، نەك وەك رەگەزێکی دیاریکراو.

لەلایەکی ترەوە بەهۆی پەیوەستکردنی هەندێ لە چیرۆکەکانی نوزی دەربارەی ئافراندن بە چیرۆکەکانی تەورات و دۆزینەوەی جۆرێك لە گڵێنەلە (خربە کرك)[3]، بەتایبەت لە هەندێ توێژینەوەی ئەمەریکییەکاندا، بۆ دەرکەوتنی خورییان دەگێڕایەوە، کە لە رووی کرۆنۆلۆجیا و توێژینەوەی زانستییەوە هیچ بنەمایەکی نییە، هەروەها زێدەڕۆیی لە بوون و رۆڵی هیندو-ئارییەکان[4] لە ناوچەکەدا کراوە، کە بەڕای ڤیلهێلم (Wilhelm)[5]، ئەم بابەتە بۆ بەهێزبوونی بزووتنەوەی نازی لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا دەگەڕێتەوە.

**زمان:**

خوری وەك گەلێکی خاوەن زمان، و داب و نەریت، و خاوەن سیماو پێکهاتەی ئەنترۆپۆلۆجیای جیاکراوە[6]، کە توانیویەتی دوو هەزار ساڵ خۆی لە لەناوچوون

1 هەرچەندە ئەو ناوچانەی ئەم زاراوەیە دەیگرتەوە، بەپێی سەردەمە جیاجیاکان لە گۆڕاندا بووە، بەڵام دەتوانین ئەوە بڵێین کە ناوچەکانی کوردستان لە خۆرئاوای زنجیرە چیاکانی زاگرۆسی گرتۆتەوە.

2 Finkelstein: Subartu and Subarians, P.4.

3 ئەم شوێنەوارە دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای دەریاچەی (طبریة)وە، کە مێژووەکەی بۆ نزیکەی 2700پ.ز دەگەڕێتەوە، فلهلم، الحوریون، ص25. ئەمە لەکاتێکدا دەرکەوتنی خوری لە خۆرئاوای رووباری فورات دوای ئەو مێژووە بووە، بڕوانە لاپەڕەکانی داهاتوو.

4 کۆچی ئارییەکان بەشێك بوو لە کۆچێکی فراوانتر، کە بە کۆچی هیندو-ئۆروپی ناسراوە، بەپێی هەندێك زانا کاشییەکان، هیتییەکان و میتانییەکانیش بەشێك بوون لەو کۆچە، کە لە کۆتایی هەزارەی 3ی پ.ز، یان سەرەتای هەزارەی 2ی پ.ز هاتوونەتە ناوچەکە، بڕوانە: الاحمد و الهاشمي, تاریخ الشرق الادنی (ایران والأناضول)، (موصل، 1988)، ص78-79.ئەم تیۆرییە زیاتر لەلای خۆرئاواییەکانەوە بڵاو دەکرێتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە دەیانەوێت مێژوو بۆ ئاری رەگەز بگەڕێننەوە.

5 الحوریون, ص24-25.

6 ئەمە بەو واتایە نییە کە هیچ کاریگەری دەرەکی لە سەر خوری نەبووە، چونکە لە ناوەڕاستی هەزارەی (3ی پ.ز)ەوە، تێکەڵییان لەگەڵ ئەکەدی، سومەری ودواتر لەگەڵ ئاشووریدا هەبووە و تاڕادەیەك کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەو شارستانەتیانەوەو بەکارهێنانی خەتی مێخی لەلای خوری=

بپارێزێت و ڕەوتی مێژوویی خۆی هەبێت و کاریگەری بخاتەسەر گەلانی دەوروبەری[1].بۆیە لە بوارەکانی ڕەگەز و زمانەوانییەوە ناچێتەوە سەر هیچ زمانێکی پۆلێنکراو، وەك: سومەری، سامی و هیندۆ-ئەوروپی[2]، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە زانایان ناوی گەلانی ئاسیایی ڕەگەزیان لێبنێن[3].

بەپێی هەندێك توێژینەوە زمانەوانییەکان، تائێستا تەنها پەیوەندی نێوان زمانی خوری[4] لەگەڵ زمانی خالدیدا[5] بەتایبەتی لە رووی وشەسازییەوە سەلمێنراوە و تارادەیەك خزمایەتی نێوانیان هەبووە. بەڵام بەپێی چەند توێژینەوەیەك زانراوە، کە هەردوو زمانەکە لە سەردەمانێکی هەزارەی سێیەمەوە لەیەکتر دابڕاون، بۆیە زمانی خالدی[6] لە ئەنجامی گەشەسەندنی مێژوویی زمانی خوری دەرنەکەوتووە، چونکە هەردوو زمانەکە دوای ئەو دابڕانە، ڕێچکەی تایبەتی خۆیان گرتەبەر. هەوڵەکانی (دیاکۆنۆف) بۆ پەیوەست بوونی زمانی خوری و خالدی بە

=باشترین بەڵگەیە. هەروەها بەپێچەوانەشەوە، ئەوان ئەڵقەیەکی گواستنەوەی ئەو شارستانیانە بوون بۆ ئەنادۆڵ ، جرنی, الحيثيون: تر: محمد عبدالقادر محمد، مراجعة فيصل الوائلي، مطبوعات البلاغ (بغداد: 1963)، ص48، 241.

1 أُبنهايم, ليو: بلاد مابين النهرين, ص75-76؛ كونتينو، الحياة اليومية لبلاد بابل وآشور، ص15.

2 ساكز, الحياة اليومية لبلاد بابل واشور, تر. د.عامر سليمان، (موصل: 1984)، ص44.

3 كونتينو: م.س, ص15, باقر, مقدمة, ج1, ص78.

4 Speiser, E. A., Introduction to Hurrian, in: AASOR, Vol. XX-1940, P.9, Wilhelm, G., Hurrian, in: CEWAL, 2002, P. 95.

5 ناوی گەلێکە لە ناوی خواوەندێکی سەرەکییانەوە وەرگیراوە، کە ناوەندی پەرستنی لە موساسیر (ڕەواندز) بووە، لە تۆمارە ئاشوورییەکاندا (1300-612پ.ز) بە ئورارتو (ئورارتی) هاتووەو لە سەدەی 8ی پ.زەوە وەك دەوڵەتێکی هاوشانی ئاشوور سەری هەڵدا، لە لایەن سردوری یەکەم دامەزاوە، کە ناوەندەکەی توشبا، لە نزیك دەریاچەی وان بووە، بۆیە جاری واهەبووە بە شانشینی (وان) ناوزەند کراوە، دواتر کەوتە ژێر دەسەڵاتی مادد, محمود الأمين, مسلتا طوبزاوه وكيله شين، فی: سومر، مج8، (1952)، ص55-59.

6 بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەم زمانەوە، بڕوانە:
Wilhelm, G. "Urartian", in: CEWAL, 2002, P. 120-130.



دیالێکتەکانی قەفقاسەوە سەرەڕای بەکۆتایی نەگەیشتنی، جێی بایەخ بووە[1]، هەرچەندە شتێکی ئەوتۆ لە بارەی زمانەکانی گوتی و لوللوبی نەزانراوە، بەڵام بەهۆی نزیکی و تێکەڵی ناوچەکانیانەوە، بەتایبەتی لە نوزیدا پەیوەندی لە نێوانیاندا دروست بووە[2].

زمانی خوری لە هەزارەی (3)ەوە و بەتایبەتی لە سەرەتای هەزارەی 2ی پ. زدا لە بەشێکی بەرفراوانی (هلال الخصيب)دا قسەو نووسینی پێکراوە، کە ناوچەکانی باکوورو باکووری خۆرهەڵاتی عێراق، باکووری سووریاو باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا (کوردستان) دەگرێتەوە، کە لە کۆنەوە بە سوبارتوو و دواتر بە میتانی ناوبراوە. سەرەڕای دابەشبوونی خوری بەسەر چەندین هەرێمی جوگرافی جیاوازدا، توانیویەتی وەك زمانێکی سەربەخۆ خۆی بپارێزێت[3]، بەڵام دەتوانین بۆ دوو زاراوەی سەرەکی، کۆن و نوێ دابەشی بکەین[4]. ئەم زمانە تا کۆتاییەکانی تۆمارە ئاشورییەکان لە ناوچەکانی زێی بچووك تا دەریاچەی وان بەردەوام بووە و

1 Speiser, "Introduction to Hurrian", P. 9;

فلهلم, الحوريون, ص22.

2 فلهلم, الحوريون, ص31.

3 لە ناوەڕاستی هەزارەی سێیەمەوە ناوە کەسییەکانی خوری ئاراستەی خۆی پاراستبوو، بۆ نموونە، بڕگەی دووەمی ناوەکان (-ئەتەل، -شینی، -تیشوپ). لەلایەکی تریشەوە خورییەکان ناوی تایبەتی خۆیان بۆ رووبار و ناوچەکان هەبووە، وەك، ئیلامۆنیا (Elamonia) (زێی گەورە)، ئەرانسیخ (Aransiĥ)، یان ئەرانزو (Aranzu)، یان ئەراشیخ (Araššiĥ) (دیجلە)، پورانتی (فورات)، بڕوانە:Astour, Semites and Hurrian, P.81. هەروەها ناوی کەسێك لە دەقەکانی شمشارەدا (واننی/Wanni) بووە، بڕوانە: یورگن لیسسۆ، خشتەکانی شمشارە، ل80، بەوپێیەش ناوی دەریاچەی وان بۆ خورییەکان دەگەڕێتەوە. هەروەها زۆر لە ناوە کەسییەکان و جوگرافییەکان یەکن، وەك: ئەڕاپخاڕی و ناوار و نوزو، کە ئەمانە ناوی شار و ناوچەی خورینشین بوون، بڕوانە:
Smith, JEN 406, Text: JENu 744.

4 Wilhelm, CEWAL, 2002, Pp.96.

ناوەکەسییەتییە خورییەکان بەکارهاتوون[1]. ئەوەش بوّتە هوّی ئەوەی پاشماوەی ناو و هەندێ پاشگری خوری، لە ناو زمانی کوردیدا بمێنێتەوە[2].

## دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی خوری لە مێژوودا

زانراوە کە خوری لە سەردەمانێکی زۆر کۆنەوە[3]، لە ناوچەکانی دەریاچەی وان و بەرەو خۆرئاوا تا دەگاتە رووباری دیجلە بڵاوبوو بوونەوە، لە تۆمارەکانی (ئێ-ئەنناتم)ی پاشای بنەماڵەی یەکەمی لەگەشدا لەگەڵ سوباریدا[4] ناوبراون[5]، و دواتر لە ناوچەکانی باکووری زێی گەورە رووبەڕووی پاشایانی ئەکەدی بوونەتەوە[6]. راو بۆچوونی جیاواز دەربارەی بڵاوبوونەوەی خوری، بەتایبەت بەرەو خۆرئاوای رووباری فورات، دەربارەی بوون و نەبوونی خوری لەوناوچانەدا پێش چاخی بابلی کۆن هەیە، چونکە بەپێی هەندێك سەرچاوە پاشماوەکانیان لە، شاغربازارShagharbazar )[7]، و (تل براك)[8]و ئیبلادا،

1 Gelb, HS, Pp. 80-82;

فلهلم, الحوريون, ص80.

2 بۆ ئەم پەیوەندییە بڕوانە، أحمد: كركوك في العصور القديمة، ص64-65.

3 بە بۆچوونی هەندێك زانا، خورییەکان لە چاخەکانی پێش مێژووەوە لەو ناوچانەدا بوون، بەڵام بەهۆی کۆچی ئاشوورییەکانەوە بەرەو شاخەکانی باکوور پاڵنراون، ساكز، قوة آشور، ص63.

4 ڤیلهێلم پێیوایە کە سوباری دارِشتنێکی ئەدەبی کۆنە و لە هەزارەی سێیەمەوە بە خوری وتراوە، الحوريون، ص17.

5 المنذري: نصوص ادارية و قضائية من تل الفخار, ص19.

6 Steinkeller, The Historical Background of Urkesh and the Hurrian, Pp. 90;

ساكز, حياة اليومية لبلاد بابل واشور, ص39.

7 ناوە کۆنەکەی (ئەشکەنوم)ە، کە دەکەوێتە باشووری ماردین، لە نێوان دیجلە لە خۆرهەڵات و خابوور لە خۆرئاواوە، بڕوانە، فلهلم، الحوريون، ص34.

8 ئەم پێگەیە لەسەر خابووردایە، لەسەر سنوور عێراق-سووریادا، لە 1937و دواتر، ناردەیەکی بریتانی پشکنینی تێدا ئەنجامداوە، چەندین چینی تێدا دۆزراوەتەوە، لەوانە، پێش مێژوو، سەردەمی نرام-سن، شارستانییەتی نوزی، دانیال، کلین، موسوعة علم الآثار، تر: ليون يوسف، (بغداد: 1990)، ج1، ص205.



نەدۆزراوەتەوە[1]. بەڵام بە پێی پشکنینەکانی (پیتیناتۆ-Pettinatu) لە ئێبلادا ناوی چەند مانگێکیساڵنامەی خوری[2] دۆزراوەتەوە[3].

سەبارەت بە رووداوە مێژووییەکان، کە لە چاخی ئەکەدییەوە روونتر دەبێتەوە، بەتایبەتی لە دوای دەسەڵاتی سارگۆن[4]، چونکە پێش ئەوە زۆر ڕوون نییە. بەڵام لە سەردەمی (نرام-سن)ەوە (2254-2218پ.ز) خوری وەك خاوەن یەکەی سیاسی دەرکەوتووە، نرام-سن لە سەرەتای هاتنە سەر دەسەڵاتیدا بۆ خامۆشکردنی راپەڕینێکی سەرتاسەری لە سوبارتوودا، دەستی دایە لەشکرکێشییەکی فراوان، لە شوێنێکدا بەناوی ئەزوخینوم[5]، رووبەڕووی هێزێکی خوری بۆوە، ناوی سەرکردەکەیان تاخیش-ئەتال (Taĥiš-atal)، ناوی شوێن و کەسەکەش خورییە[6]. پاشایەکی سیموروم بەناوی پوتیم-ئەتەل (Putim-atal) لە

1 Malwan, M. E: “The Excavation at Tell Chagharbazar and an Arcaeological Survey of the Ĥabur Region, in: IRAQ, Vol., IV, (London: 1937), P. 94; Gelb, HS, Pp. 53-54.

2 دۆزینەوەی ئەو ساڵنامانە لەم پێگەیەدا نیشانەی بوونی خوری یان نزیکبوونی خوری بووە، چونکە ئەم شوێنە سەدان میل لە دیجلەوە دوورە، بۆ شوێنی ئێبلا بڕوانە، ل34 پەراوێزی (1) لە بەشی یەکەم.

3 الحلو، عبدالله: صراع الممالك فى التاريخ السوري القديم، (دمشق: 2000), ص211.

4 کۆمەڵێك ناوی زۆر لە شاری نیپوردا دۆزراونەتەوە کە زانایان دەیانگێڕنەوە بۆ ئەم چاخە، هەرچەندە وەك ئاواییەکی خوری نەبووە، بەڵام هێنانی ژمارەی زۆری کۆیلە دەیسەلمێنێت کە رووبەڕووبوونەوە لە نێوانیاندا زۆربووە، بڕوانە:

Gibson, John, Some Important Ethnic in the Orient, P.227; Wilhelm, Hurrian, CEWAL, P.95..

5 رای وا هەیە ئەم شوێنە لە خۆرهەڵاتی (کەرکوك) لە نزیك چەمچەماڵ دادەنێت. Finke, Transport of Agricultural Produce in Arrapĥe, P.15 2. ئەگەر ئەمە راست بێت، ئەوا خوری لەو چاخەوە لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی کەرکوکدا بڵاوبوونەتەوە، یان دوو شار بەو ناوەوە هەبوون، کە ئەمەیان زیاتر ڕێی تێدەچێت، کە ئێستاش ئەمە دووبارە دەبێتەوە. لە دەقەکانی گاسووردا ژمارەیەك ناوی کەسێتی خوری دۆزراوەتەوە:

Gelb, HS, Ps.8, 53.

6 Stienkeller, The Historical Background of Urkesh and the Hurrian, P.91.

ناوچەکانی نێوان دیالە-سیروان و زێی بچووکدا[1] یەکێك بووە لەو فەرمانڕوایانەی ناوچەکە، کە رووبەڕووی نرام-سن بۆتەوە، بە ناوەکەیەوە دیارە خوری بووە[2]. لە دوای ئەم پاشایەدا چەند پاشایەکی تر هاتنە سەر تەخت کە نەیانتوانی شکۆی دەوڵەتەکە بپارێزن و بووە هۆی بەهێزبوونی گەلانی ناوچەکە، وەك، خوری، ئەوە بوو دەوڵەتی ئورکیش(Urkeš) وەك دوڵەتێکی سەربەخۆ سەری هەڵدا، کە پاشایەکیان بە ناوی (ئەتەل-شین - Atal- Šin)[3] لەسەر تابلۆیەکدا دەقێکی بە بۆنەی بنیاتنانی پەرستگایەك بۆ خواوەند نرگال تۆمارکردووە کە تێیدا هاتووە: ((**ئەتەل-شین پاشای ئورکیش و ناوار**[4]))[5]. پاشایەکی تریش بەناوی (کیکلب-ئەتەل) نازناوی ((**پاشای توکریش**))ی[6] لە خۆی ناوە[7]. لەمەوە روون دەبێتەوە

1 بۆ سیمورم، بڕوانە، ل30، پەراوێزی (3) لە بەشی یەکەم.

2 Hallo, W, “Simurrum and the Hurrian Frontier”, in: RHA, Vol. XXXVI, (Paris: 1990), P.19;

أحمد, كركوك في العصور القديمة, ص29.

3 هەندێجار بە ئاری- شین خوێنراوەتەوە، Hallo, Simurrum and Hurian, P.18.

4 بە پێی هەندێ سەرچاوە ناوار هەر وڵاتی نامرییە لە نێوان دیالە و قەرەداغ ، کە لە سەرچاوە ئاشوورییەکاندا هاتووە، رای تریش پێیوایە ناوار دەکەوێتە سەر دیجلە لە نێوان رووباری سیروان و زێی بچووکدا، الاحمد، العراق القديم، ص91، بەو پێیەی کە ناوار لە خۆرهەڵاتی دیجلە لە نزیکی دیالەدا بێت، دەوڵەتی ئورکیش لەخابوور تا دیالە بووە، فلهلم, الحوريون، ص34-35. بەڵام بەپێی دواترین زانیاری ناوار لەگەڵ (نەگار)دا گونجاوترە کە لە سێگۆشەی خابووردا، ناوەندێکی پەرستنی خواوەند (نەگار)ی خوری بووە، کە نزیکتر و شیاوترە بۆ چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە:
Stienkeller, the Historical Background of Urkesh and the Hurrian, 95.
لەمەوە رێی تێدەچێت، دوو شار یان ناوچە بەو ناوەوە هەبووبێت، ئەوەش دیاردەیەکە لەو سەردەمانە و ئێستاش لە کوردستاندا باوە.

5 Steinkeller, Background of Urkesh and the Hurrian, P. 95, Gelb, HS, P. 56.

6 هەر چەندە زانایان شوێنی ئەم شارەیان بە باشووری خۆرهەڵاتی دەریاچەی ورمێ داناوە، فلهلم، الحوريون، ص35، بەڵام بەوپێیەی حەمورابی لە ریزی ئەو شارانەی کە بەزاندبوونی تۆماری کردووە. پێدەچێت لە ناوچەیەکی خۆرهەڵاتی دیجلەدا بوو بێت.

7 فلهلم, الحوريون, ص35.



کەوا خوری لەو سەردەمەدا سەربەخۆ بوون. هەرچەندە ناتوانرێت بە وردی مێژوو و شوێنی ئەو دەوڵەتانە دیاری بکرێن، چونکە سەردەمی دوای ئەکەدی زۆر روون نییە، بەڵام بەهۆی لەناوچوونی دەسەلاتی ئەکەدی، خورییەکان لەکۆتایی سەردەمی ئەکەدی، یان سەرەتای سەردەمی گوتی، لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی دجلەدا (لەناوچەکانی سەرووی دیجلە لە باکوورەوە تا دیالە لە باشوورەوە) لە رووی سیاسییەوە لە برەودابوون.

بە پێی بەڵگە شوێنەواری و مێژووییەکانی چاخی بنەماڵەی سێیەمی ئور (2112-2004پ.ز)، بەتایبەت لە دەقە ئابووری و کارگێڕییەکاندا[1]، زۆربەی دانیشتوانی ناوچەکانی باکوور و خۆرهەڵاتی دیجلە خوری بوون، چونکە زۆربەی ناوەکەسی و شوێنە جوگرافییەکان و نێردە و فەرمانڕەوا ناوخۆییەکانی ئەو ناوچانە، خوری بوون[2]، و هەر لە زیادبووندا بوون[3]، بە تایبەت لە شارە سومەرییەکاندا[4]، چونکە لەو چاخەدا زیاتر لەشکرکێشی پاشایانی ئەم بنەماڵەیە بۆ سەر ناوچەکانی ئەڕاپخا، ئورбیلوم[5] (هەولێری ئێستا) و شوشرا (شمشارە) بووە[6].

1 باقر: مقدمة, ص78؛ ساكز, عظمة بابل, ص72.

2 Astour, Semites and Hurrians, Ps.16, 20, 21.

3 رو: القرن القديم, ص311.

4 بەڵام زیاتر کۆیلە یان پیشەگەر بوون، بەدەگمەن پلەیەکی باڵایان هەبووە لە کۆمەڵدا وەك (ئوناپ-شین) کە بووە نووسەری دەوڵەت، فلهلم، الحوريون، ص37.

5 کۆنترین ئاماژە بۆ شاری (هەولێر)، بۆ چاخی ئێبلا دەگەڕێتەوە (پێش سەردەمی ئەکەدی 2334-2198 پ.ز)، کە لە دوو دەقدا بە (ئیربیلوم-Irbilum$^{ki}$) تۆمارکراوە، لە چاخی سێیەمی ئوردا بە ئوربیلوم (Urbilum$^{ki}$ و ئەربیلوم (Arbilum$^{ki}$)، بەڵام لە چاخی ئاشووری نوێدا بۆ ئەربائیلو (Arbailu) گۆڕاوە، Astour, Semites and Hurrians, P.11.

6 Gelb, HS, P.58.

به رووخانی دەوڵەتی بنەماڵەی سێیەمی ئور، تۆمارەکان وەستان، بەتایبەت لە میزۆپۆتامیادا، بۆیە بۆ بارودۆخی ئەو سەردەمە پشت بە تۆمارەکانی کول تەپە[1] دەبەسترێت. لەو دەقانەدا پاشماوەی خورِی دۆزراوەتەوە، بەتایبەت ناوە جوگرافی و کەسێتییەکان[2] و بەپێی بەڵگەکانی ئەو سەردەمانەی ئەنادۆل، دەردەکەوێت کە خورِی بە درێژایی ئەنادۆڵ، هاوتای بازرگانە ئاشورییەکان، بازرگانیان کردووە[3] و بە شێوەیەکی بەربڵاو نیشتەجێ بووبوون، بەڵام نەبووبووە هۆی کۆنترۆڵ کردنی ناوچەکان، چونکە گەلانی تریش هەبوون، وەك، هیتی، پالی، لوڤی[4] و ... تاد[5]. بەڵام بە گەڕانەوە بۆ رووداوەکانی دواتر ئەم راستییە زیاتر پشتڕاست دەبێتەوە، بە تایبەت رۆڵی خورِی لە کۆتایی هێنان بە کۆلۆنییە بازرگانییە ئاشورییەکاندا، پاشان فراوان بوونەوەیان بەرەو خۆرئاوا پەرەی دەسەند[6]. بەو پێیە خورِی لەو چاخەدا خاوەن هێزو دەسەڵاتی سیاسی بوون.

---

1 پاشماوەکانی کانیش دەکەوێتە نێوان کیسارییە (مازاکای کۆن) و رووباری قزل ئیرماق، کە شارێکی گرنگی ئەنادۆڵ بووە، لە سەدەکانی 19-18پ.زدا ناوەندێکی بازرگانی ئاشووری بووە، چەندەها دەقی ئاشووری تێدا دۆزراوەتەوە بارودۆخی ئەو سەردەمە رۆشنندەکەنەوە، لە سەرچاوە گریکییەکاندا بە کەپەدۆسیا ناسراوە، بڕوانە، الاحمد، سامی سعید, المستعمرة الاشورية في أسيا الصغرى, في: سومر, مج33-1977, ص70.

2 الاحمد, المستعمرة الاشورية في أسيا، هامش66, ساكز, عظمة بابل, ص94.

3 بصمجى, فرج: أقوام الشرق القديم و هجراتهم, في: سومر, مج4, ج1 (1947), ص93؛
Raof, Michael: Cultural Atlas of Mesopotamia and Ancient Near East, (New York: 2001).P.108.

4 پالی و لوڤی، لە دانیشتوانە کۆنەکانی ئەنادۆڵن، کە پاشماوەی زمانەکەیان لەو ناوچانەدا لە پاڵ زمانەکانی خورِی وهیتی بەکارهاتووە، الاحمد و الهاشمي, تاريخ الشرق الأدنى القديم (ايران و الاناضول)، ص241.

5 الاحمد: المستعمرة الاشورية، ص75، بصمجى، أقوام الشرق القديم، ص94، لە رووی سیاسییەوە، بە پێی دەقەکانی کول تەپە، دەوڵەتێکی خورِی لە باشووری خۆرهەڵاتی ئەم شارەدا هەبووە، بەڵام تەنها یەك سەرچاوە باسی کردووە، بڕوانە، فلهلم، الحوريون، ص40.

6 O’Callaghan, Aram Naharaim, P. 45;
الحلو, صراع الممالك في التاريخ السوري القديم, ص124.



لە چاخی بابلی کۆندا 1900-1595پ.ز[1]، بەتایبەت لە کۆتایی سەدەی 18ی پ.زدا، پاشماوەکان بە گشتی لە ناوچەکانی خۆرئاوای دیجلەدا روونتر دەبنەوە، وەك، لە پاشماوەکانی شاغربازار[2]، ماری[3] و(تل الرماح)[4]، لە خۆرئاواوە تا (ئالالاخ)[5]، توانراوە بە شێوەیەکی زۆر فراوان پاشماوەی جۆراو جۆری خورِی بدۆزرێتەوە[6]. لە خۆرهەڵاتەوە لە ناوچەکانی بتوێندا کۆمەڵگەی خورِی زۆر پێشکەوتبوو، بە تایبەت لە شمشارەدا، کە ناوەندێکی کارگێڕی خورِی بووە و فەرمانڕەوایەکی بەهێز بەناوی کوواری فەرمانڕەوایەتی کردووە[7]، لەو سەردەمانەدا چەندین هێزی سیایی سەری هەڵدا، کە بە هێزترینیان هۆزەکانی تورِوکوی خورِی بوو[8]. رێی تێدەچێت کە دوای ئەو سەردەمەوە ئاشوریش

---

1 لە دوای سەردەمی ئور، دەوڵەتی ئیشنۆنا سەری هەڵدا، کە ناوی چەند پاشایەکیان ئیلامی، (خوری)ش بوونە، الاحمد، العراق القديم، ص177.

2 لەم پاشماوەکۆنەدا نزیکەی 20٪ی ناوە کەسێتییەکان خورِی بوون، جگە لە پاشماوەی دروستکراو, فلهلم, الحوريون, ص41.

3 ناوە نوێیەکەی (تل الحريری)یە، لە فوراتی ناوەڕاست لەسەر رووبارەکەیە، لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پێش زاییندا وەك هێزێکی سیاسی ئابووری دەرکەوت، کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی ئاموری بوون، جگە لە ناوە کەسییەکانی خورِی، چەندین دەقی ئایینی و ئەدەبی خورِی تێدا دۆزراوەتەوە.
Speiser, Introduction to Hurrian, P. 7.

4 پاشماوەکەی دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای نەینەوا، نزیکەی 15٪ی ناوەکانی لەو چاخەدا خورِی بوون، جين پوتر و أخرون، م.س، ص200. پێشتر وازانرابوو، کە (کەڕانە)یە، بەڵام بە هۆی پشکنینەکانەوە، دەرکەوتووە ناوە کۆنەکەی (قەتارە)یە، فلهلم, الحوريون, ص42. بەپێی دەقەکانی نوزی کەڕانە سەر بەم ناوەندە بووە، بڕوانە:
Smith, JEN (284), Text, JENu (227) line (6).

5 پاشماوەکەی لە (تل عطشانة)یە و لەو چاخەدا بە وڵاتی موکیش ناسرابوو، لە دەشتی انتاکیا لە خۆرئاوای شوێنەکانی سەرەوە دەکەوێتە نزیك حەلەب، لە هەموویان زیاتر پاشماوەی خورِی تێدا دۆزراوەتەوە، بڕوانە: Malwan, The Excavation at Tell Chagharbazar, P. 94.

6 بوتيرو و أخرون: الشرق الادنى, ص201؛ الحلو, صراع الممالك في التاريخ السوري القديم, ص177.

7 Eidem, J. and J. LæssØe: “The Shemshara Archives-The Letters”, (Copenhagen: 2001), Vol. 1, P.14; Hallo, Simurrum and Hurian, P.26.

8 بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە، ل87، بەشی دووەم باسی یەکەم.

کەوتبێتە دەستی خوری، یان بەلای کەمەوە لەوێدا بڵاوبووبن، چونکە تۆمارەکانی ئاشور لە دوای (شمشی-ئەدەد و ئیشمی-داگان)ەوە وەستا و لە دوای سەدەیەکەوە بۆ ماوەی سەدان ساڵی تر، جگە لە ناوی پاشاکانیان، هیچ زانیارییەکی تر دەربارەی پاشایانی ئاشور نەزانراوە[1].

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە رووداوێکی گرنگ روویداو تا ئێستاش مایەی توێژینەوەی زانایانە، ئەویش مەسەلەی هێرشی (هیکسوس)ە[2] بۆ سەر باکووری میسر، بەپێی بەڵگە شوێنەوارییەکان خوری رۆڵی لەو رووداوەدا هەبووە، لە دوو چینی شوێنەواری پاشماوەی هیکسۆسەکان لە میسردا 1780-1570پ.ز، لە چینی دووەمدا مۆرکی خوری بەروونی جیادەکرێتەوە، چ لە رووی ناوە کەسێتییەکان، یان لە بواری ئاین و هونەر. دوای سەدەیەك فیرعەونەکان بە ناوچەکانی (سوریا و فەلەستین) یان وتووە (خارو) چونکە خورییەکان لەو ناوچانەدا نیشتەجێ بوو بوون، ئەوەش بۆ سەردەمی هیکسوس دەگەڕێتەوە[3].

سەرچاوەیەکی گرنگی تر سەبارەت بە خوری، لەشکرکێشی مورسیلی یەکەمی (1620-1590پ.ز) پاشای هیتییە، کە لە نزیکەی 1595پ.زدا[4] دوای

1 LæssØe, PAA, P.49.

2 لە تۆمارەکانی میسردا بە (هیکا-خاسوت) واتە بێگانەکان هاتووە، مانیسۆی کاهنی مصر بە (پاشایانی شوان و فینیقی) ناویانی بردووە، وشەی بڵاوی هیکسوس وشەیەکی گریکییە بە هیکسوسەکان وتراوە کە لە یەك رەگەزی دیاریکراو نەبوون، بەڵکو سامی و خوری و ...تاد، تێدا بووە، باقر، مقدمە، ص64. هیکسوس لە ماوەی دووسەد ساڵدا تەنها فەرمانڕەوایەتی ناوچەکانی سەرووی مصریان کرد، واتە لە دەلتای نیل، فەرمانڕەواکانی باشووری وڵات تەنها باجیان پێیان داوە، الاحمد، سامی و أحمد، جمال رشید، تاريخ الشرق القديم، (بغداد: 1988)، ص143.

3 Raof, M., “Cultural Atlas of Mesopotamia, P.136;

الاحمد و أحمد, تاريخ الشرق القديم, ص147.

4 پێش زیاتر لە سەدەیەك، خاتوشیلیشی یەکەم (1650-1620پ.ز) بەهۆی خوری لەوناوچەکەدا نەیتوانیبوو ئەو شارانە داگیر بکات، ئەوەش لە ئەدەبی هیتیدا رەنگی دابۆوە، بڕوانە: جرنی، الحيثيون، ص47.



داگیرکردنی شارەکانی حەلەب و ئالالاخ و چەندین شوێنی تر کە زۆر لە سەرکردەکانیان خوری بوون[1]، رووی کردە بابل و بە درێژایی فوراتدا شۆڕبۆوە، تا گەیشتە بابل و پاش لەناوبردنی دوا پاشای بابل، شارەکەی وێران کرد، بەڵام بەهۆی رووداوێکی کوتوپڕ مورسیلی بەرەو خاتوشای پایتەختی هیتی کشایەوە[2].

راستەوخۆ دوای ئەو روداوانە کاشییەکان[3] ئەمەیان بەهەل زانی و دەستیان بەسەر شاری بابلدا گرت. وەك زانراوە خوری لەو سەردەمەدا زۆر کاریگەر بوون، چونکە رۆڵێکی گەورەیان بینیوە لە پاڵپێوەنانی کاشی بەرەو باشوور و وەرگرتنی دەسەڵات لە بابل، وەك لە خۆرئاواوە لە هێرشی (هیکسوس)دا رۆڵیان بینیبوو[4].

خوری لە هەزارەی (2ی پ.ز)ەوە بە شێوەیەکی زۆر بڵاوبوونەوە، بەڵام لەناوەڕاستی هەزارەدا گەیشتە ئەوپەڕی فراوانبوونیان، چونکە لەو سەردەمەوە پاشماوەی ماددی و نوسراوەیی خوری لە زۆر ناوچەدا، کە پێشتر جێی گومان بوون، روون بووەوە، وەك: ناوچەکانی ئەڕاپخا، زنجیرە بەرزاییەکانی حەمرین لە باشوورەوە، (ئۆگاریت)[5] لە خۆرئاواوە و لە

1 Hallo, W.W., “The Road to Emar”, JCS, Vol., 18, (New Haven: 1964), Pp.57ff;

بۆ ناوی سەرکردە خورییەکان، بڕوانە، أحمد، دراسات كردية، ص49.

2 رو: العراق القديم, ص254.

3 کاشی یەکێکن لە گەلانی کۆنی زاگرۆس، لە دوای سەردەمی حەمورابییەوە ناوچەکانی باشووری ئەڕاپخا و خانەیان لە سەر فورات خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە و بۆ ماوەی نزیکەی چوار سەدە فەرمانڕەوایەتی بابلیان کرد (1595-1162پ.ز)، سەبارەت بە کاشییەکان، بڕوانە: البريفكاني، عماد عبدالقادر، الكاشيون، رسالة ماجستير (غير منشورة)، مقدمة الى كلية الآداب- جامعة صلاح الدين، (أربيل: 2003)، ص17.

4 ساکز: الحياة اليومية في بلاد بابل و أشور, ص39.

5 پاشماوەکانی لە (رأس الشمرا)دایە، لە باکووری شاری (لاذقية)ی سووریا لە رۆخی خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا، لەو سەردەمەدا تارادەیەکی زۆر رێژەی دانیشتوانی خوری گەشەی کردبوو، بڕوانە، کلین دانیال، م.س، ج1، ص91.

باکوورەوە تـا وڵاتـی (ئیـشووا)[1] و (کیززواتنـا)[2]، لـە بـاکووری خۆرهـەڵاتی دەریای ناوەڕاست[3].

بـە پێـی بەڵگـە ماددییـەکانی نـوزی و شـوێنەکانی تـری ئـەڕاپخا، زۆرینـەی دانیشتوانی هەرێمەکەو بەتایبەتی نوزی، خوری بوون، لەو سەردەمەدا شانشینێك سەری هەڵدابوو کە زۆرینەی ناوە کەسی و بنەماڵە فەرمانڕەواکانی خوری بـوون. لە دەوروبەری کۆتایی سەدەی 16ی پ.زدا، دەوڵەتی میتانی لەناوچەکانی نێـوان دیجلە لە خۆرهەڵات و فورات لـەخۆرئاواوە، سـەری هەڵـدا کـە ناوەندەکـەی لـە سێگۆشەی خابووردا بوو، دوای نیـوەی یەکـەمی سـەدەی 15ی پ.زدا، هـەموو ناوچە خوری نشینەکانی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە[4]. ئەوەش وایکـرد کۆمڵگـەی خوری لە هەموو روویەکی شارستانییەوە گەشە بکات و جێگیر ببێت.

بـەو شـێوەیە خـوری بەشـی هـەرەگرنگی دەوڵـەتی میتـانی بـوون، تـا گرتنـی ناوچەکانی میتانی لەلایەن هیتی و ئاشورەوە لە کۆتایی سەدەی 13ی پ.زدا، تا سەدەی 11ی پ.ز ناوی چەند فەرمانڕەوا و ناوچەی جوگرافیی خوری لـە تۆمـارە ئاشورییەکاندا بەردەوام بوو، خوری وەك کۆمەڵگە و زمان لەناوچـە جیاجیاکـانی سـەرووی زێـی بـچووك و باشـووری دەریاچـەی (وان)دا تـا کۆتـایی تۆمـارە ئاشورییەکان، لە سەدەی 7ی پ.زدا بەردەوام بوو[5].

---

1 دەکەوێتە باکووری زنجیرە چیاکانی تـۆرۆس، بـۆ ماوەیـەکی زۆر لـەژێر پەیوەسـتی دەوڵـەتی میتانیدا بوو، دانیشتوانەکانی خوری بوون، بڕوانە، الاحمد و الهاشمي، تاريخ شرق الادنـی (ایـران واناضول)، ص242.

2 ئێستا بەشی باشـووری ئـەم وڵاتـە بـە (چـوکوڕاوا/چـوکوڕاڤا) دەناسـرێت، لـە بـاکووری کەنـداوی ئەسکەندرونە، بڕوانە: فلهلم، الحوريون، ص87.

3 فلهلم: الحوريون، ص62.

4 Gibson: Some Important Ethnic in the Orient, P. 228.

5 Gelb, HS., P. 82, 90;

فلهلم, الحوريون، ص81-83.



**ئاین:**

خورییەکان، بەشێوەیەکی فراوان لە چەندین ناوچەی جیاوازی جوگرافی و شارستانیدا بلاو بووبوونەوە، ئەوەش بۆتە هۆی یەکانگیر نەبوون و هاوشێوە نەوبوونی بیرو باوەڕ و رێوشوێنی ئایینیی خوری. لەو چەندین خواوەندەی، کە خورییەکان دەیان پەرستن ژمارەیەکیان لەو ناوچە تازانەدا وەردەگرت کە لێی بلاو ببوونەوە، دواتر لەگەڵ کۆمەڵە خواوەندانی خۆیاندا دەیانگونجاند[1].

کۆمەڵەی خواوەندانی خوری چەندین خواوەندی لە خۆگرتبوو، خواوەند تیـشوپ پاشـای خواوەندان بوو، کە بە خواوەندی کەش[2] ناسراوە، ناوەندی سەرەکی پەرستنی لـە شـاری (کومی- Kumme/Kummija)[3] بووە، بۆیە نازناوی (پاشای کوومیا)ی لێنرابوو[4]، لە ئەڕاپخا و نوزیـدا گرنگـی زۆری هـەبووە، بڕگـەی دووەمـی نـاوی هـەموو پاشـایانی ئەڕاپخای پێکهێنا بوو، وەك: کیپی-تیشوپ، ئیتخی-تیـشوپ، خیـشمی-تیـشوپ و موش-تیشوپ (موشتیا)[5]، پایەی لە دەوڵەتی میتانیدا زۆر بەرز بـووە و توشـراتا وەك سەروەری وڵات و بە هاوتای ئـامونی خواوەنـدی میـسری نـاوبردووە[6]. هـەروەها، لـە چەندین شاری تردا پەرستاوەو وەك: شاغربازار، ماری، ئوگاریت، کەرکەمیش و ئالالاخ و بوغازکۆیدا وەك خواوەندی باوبۆران پەرستراوە[7].

---

1 فلهلم: الحوريون، ص98.

2 لە میزۆپۆتامیادا بەرامبەر بە خواوەند ادد و انليل، لە اشنونا بەرامبەر تیشباك دێت، لـە هـەزارەی یەکەمی پ.ز دا لە لای ئورارتییەکان بە تیشبا ناسراوە، بڕوانە، المنذری، نـصوص اداریـة و قـضائیة من تل الفخار، ص22،100.

3 بە پێی سەرچاوە مێخییەکان، دەکەوێتە ناوچەکانی باکووری زێی گەورە لە نزیـك سـنووری سیاسـی عێراق- تورکیا، بڕوانە: Astour, Semites and the Hurrians, Pp.5-6.

4 Diakonoff: “Evidence on the Ethnic Division of the Hurrians” SCCNH, Vol. I, Eisenbrauns, 1981, P.84.

5 جگە لە یەکەم و دووەم، زانیاری لە سەر ئەوانی تر نییە. بڕوانە: لاپەڕەکانی (97) بەشی دووەم، باسی دووەم.

6 فلهلم: الحوريون، ص99-100.

7 المنذری: نصوص اداریة و قضائیة من تل الفخار, ص22.

خواوەند (خیپات/Ĥepat)ی خێزانی تیشوپ، خواوەندێکی تری گرنگی خوری بووە[1]، ئەم خواوەندە زیاتر لە ناوچەکانی باکووری سوریادا پەرستراوە، چونکە پاشماوەی پەرستگاکانی لەو ناوچانەدان، کە لە خۆرئاوای دیجلەدان، لەگەڵ ئەوەشدا لە ناوە کەسییەکانی نوزیدا، هەیە، وەك: شوەر-خیپات و شەتور-خیپات، کە خزمی میرێکی نوزی بوون. ناوی دوو کچە شازادەی میتانی، کیلو-خیپات و تادو-خیپات بوون، کە لە لوتکەی کۆمەڵگای خوریدا بوون.[2]

خواوەند شەوشکا/عەشتاری خوری پلەیەکی باڵای لە کۆمەڵەی خواوەنداندا هەبووە، خوشکی تیشوپ بووە، لە چاخی سێیەمی ئوری ناوی براوە و زۆرجار بە عشتارەوە لکێنراوە، بەتایبەت لە نەینەوا و لە خۆرهەڵاتی دیجلەدا، لە دەوڵەتی میتانیدا پایەیەکی بەرزی هەبووە[3]، ئەم خواوەندە بەوە ناسرابوو، کە توانایەکی بەهێزی لە چاکبوونەوەی نەخۆشیدا هەبووە[4]، لە نوزیدا پەرستگایەکی گەورەی هەبووە، سالانەش بە بۆنەی نۆژەنکردنەوەی پەرستگەکە ئاهەنگیان گێڕاوە[5]، پێدەچێت خواوەند تیشوپیش لە هەمان پەرستگادا پەرسترابێت، هەروەها لە ئەزوخینا و کوروخانیدا پەرستراوە[6].

کوماربی، خواوەندێکی تری کۆمەڵە خواوەندانی خوری بووەو زۆربەی چیرۆکە ئەفسانەییەکانی خوری لە دەوری ئەم خواوەندەدا دەخولێتەوە. ئورکیش لە

1 Sasson, J, “Reliogion and Science-From Hittete Mythology Kumarbi Cycle”, in: CANE, Vol., 3, P.1976.

2 فلهلم: الحوريون، ص100.

3فلهلم الحوريون، ص101.

4 لە کاتی نەخۆشکەوتنی ئەمنۆفسی سێیەمی (ئەمنحوتبی3) 1405-1367پ.ز میسردا شوتارنای یەکەمی پاشای میتانی، پەیکەری شەوشکای نەینەوای بۆ نارد، بڕوانە، ل113.

5 یانکۆفسکا: شاتیواسای میتانی لە ئەڕاپخا ، وە: بختیار سابیر حمە، لە: هەزارمێرد، ژ.21، (سلێمانی: 2002)، ل199+.

6 Ahmed: The Northern Transtigris, P.31.



هەزارەی 3ی پ.زدا مەڵبەندی سەرەکی خواوەند کوماربی بوو، بۆیە نازناوی **"سەروەری ئورکیش"**ی لێنرا بوو[1].

خوڕییەکان بە درێژایی مێژوویان چەندین خواوەندیان وەرگرتووە، یەکێك لەوانە، (نیرگال)ە، کە پێدەچێت وەرگیراو بووبێت، بەڵام شوێنی بنەڕەتی ئەم خواوەندە نەزانراوە، ئەتەل-شینی پاشای ئورکیش، بە بۆنەی بنیاتنانی پەرستگایەك بۆ نیرگال[2] نەخشێکی تۆمارکردووە، ئەوەش نیشانەی بەرزڕاگرتنییەتی. لەگەڵ ئەوەشدا لە تۆمارە خۆرئاواییەکانی خوڕیدا نەهاتووە، بەڵام لە دەقە خوڕی-هیتییەکاندا بە شێوازە باوەکەی (iR.Gir-ri) یان (UNU-gal) نەهاتووە و نەزانراوە، ئایا مەبەست لە هێما سۆمەرییەکەیەتی (U.GUR)، یان هەر هێمای (Ugur)ی دەقەکانی ئەڕاپخایە؟[3]. یەکێك لە خواوەندانی تر (تیللا)یە، کە لە پێکهاتەی ژمارەیەکی زۆری ناوە کەسییەکانی ناوچەکانی نوزی و ئەڕاپخادا هەیە[4]. چەندین خواوەندی تر، کە لێرەدا بواری باسکردنیان نییە و بە پلەی لاوەکی، لە دوای خواوەندانی سەرەوە دێن، وەك: ئایا، نیکال، شیمیك، کوشوخو...تاد[5].

1 Sasson: Reliogion and Science-From Hittete Mythology Kumarbi Cycle P.1979.

2 لە ئەڕاپخادا گرنگی زۆری هەبووە، ناوی دوو مانگ لە ساڵنامەیەك و ناوی دەروازەیەکی شارەکە بەناوی ئەم خواوەندەوە بووە، بڕوانە: فلهلم، الحوريون، ص105.

3 فلهلم لحوريون، ص105.

4 Diakonoff: Evidence on the Ethnic Division of the Hurrians, Pp.83-84.

5 بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئایینی خوڕی، بڕوانە:

Sasson, Reliogion and Science-From Hittete Mythology Kumarbi Cycle, P.1970ff.

## باسی سێیەم:

## کەرکوک لە کۆنترین ڕۆژگارەکانییەوە تا کۆتایی هەزارەی سێیەمی پ.ز

### 1. چاخەکانی پێش نوسین:

ئاسان نییە سەرەتای بنیاتنان، یان ئاوەدان بوونی شارێکی وەك کەرکوك دیاری بکرێت، چونکە مێژووی ئاوەدان بوونی ئەم شارە بۆ چاخەکانی پێش مێژوو دەگەڕێتەوە، کە تێیدا هیچ تۆمارێك نەبووە، بۆیە پێویستە پاشماوەی شوێنەوارە ماددییەکان شیبکرێنەوە. ئەو شوێنەوارانەی کە چاخ لە دوای چاخ کەڵەك بوون و بەپێی هەر سەردەمێك تایبەتمەندێتی خۆیان هەبووە و پەرەیان سەندووە و لە چوارچێوەی ئەو شارستانییەوە دەتوانرێت بارودۆخی گشتی شارەکان ڕوون بکرێتەوە.

زانراوە کە مرۆڤ لە دێر زەمانەوە لە ئەشکەوتی چیاکانی کوردستاندا ژیاوە، ئەوەش بۆ لە باربوونی بارودۆخی ژینگەی سروشتی دەگەڕێتەوە، کە بۆ خۆپاراستن لەسەرمای زستان و گەرمای هاوین و دڕندە لەلایەك و لە لایەکی ترەوە سادەیی ژیانی مرۆڤ بەتایبەتی لەڕووی ئامێرە بەکارهێنراوەکان. چونکە ئەشکەوتەکان تاکە پەناگەی حەوانەوەو خۆپاراستن بوون. هەر بۆیە پشتیان بەکۆکردنەوەی خۆراك دەبەست، وەك لە ئەشکەوتەکانی شانەدەر، هەزارمێرد، زەرزی، و...تاد بەدی دەکرێن، ئەم چاخە بە چاخی بەردینی کۆن ناسراوە[1].

بەپێی شوێنەوارە ماددی و شیکارییە کیمیاوییەکانەوە سەلمێنراوە، کە ڕەوتی ژیانی مرۆڤ بەرەو پێش دەچوو، بەڵام زۆر لەسەرخۆ و بە هێمنی بووە، تا نزیکەی

---

1 میلارت، جیمس: اقدم الحضارات في الشرق الأدني، تر. محمد طلب، (دمشق: 1990)، ص22-23؛ هاري ساكز، عظمة بابل، ص26.

9-12 هەزار ساڵ پ.ز و دواتر مرۆڤ پێی ناوەتە قۆناغێکی تری ژیان، کە لەلای شوێنەوارناسان بە چاخی بەردینی نوێ ناسراوە (9000-5500پ.ز)، بەپێی پشکنینەکان، ئەم پەرەسەندنانە بەهۆی گۆڕانێکی گەورە لە ژینگە، بەتایبەت کشانەوەی بەستەڵەکی باکوور ڕوویانداوە[1]، مرۆڤ وردە وردە لە ئەشکەوتەکانەوە هاتووەتە دەرەوە و بەرەو دۆڵ و دەشتاییەکان شۆڕبۆتەوە و هەوڵێکی سەرەتایی بۆ پەروەردەکردنی ئاژەڵ و چاندنی دانەوێڵە داوە، وەك زاوی چەمی و پالْی گەورە[2]. بۆیە ئەم ئاواییە سەرەتاییانە بۆ چاخێکی ڕوونتر ڕێخۆشکەر بوون، کە بە شۆڕشی کشتوکاڵ ناسراوە و مرۆڤ لە گوندی جێگیر گیرساوەتەوەو چاندن و ئاژەڵداری ئەنجام داوە، وەك: کریم شایەر، پاڵی گەورە[3] و چەرمۆ لە خۆرهەڵاتی کەرکوك، و(مەتارە) لە باشوورییەوە، و شمشارە لە دەشتی رانیە و هەروەها حەسونە[4]. چونکە ئەو ناوچانە بارودۆخێکی گونجاوی بۆ کشتوکاڵ دەڕەخساند، چ لە ڕووی ڕێژەی باران بارین بۆ کشتوکاڵ بێت، یان لە ڕووی تۆبۆگرافیای ناوچەکە، کە بواری بنیاتنان و فراوانبوونی گوندەکانی زیاترەدەکرد[5].

---

1 پێدەچێت هۆکاری پەرەسەندنی هۆیەکانی بەرهەم هێنان ڕۆڵێکی کاریگەری بینیبێت، کەزیاتر بەسەر کۆسپە سروشتییەکاندا زاڵبن، وەك چەك، دەستهاڕی دانەوێڵە...تاد، چونکە خۆرهەڵاتی نزیك و کوردستان لەو سەردەمەدا کە ئەوروپا لە ژێر بەستەڵەك بووە، چاخێکی باراناوی بووە، بۆیە گواستنەوەی مرۆڤە بۆ دەشتاییەکان هاوکاتی ئەو پەرەسەندنەبووە.

2 الدباغ, تقى: البيئة الطبيعية و الأنسان، في: حضارة العراق، (نخبة من الباحثين العراقيين)، (بغداد: 1985)، ج 1، ص22 ؛ رو، العراق القديم, ص 72-73.

3 بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم پێگانە، بڕوانە، طه باقر: العصور الحجريه القديمة في كوردستان، مجلة المجمع العلمى الكردي،(مج1:ع1)، 1973،ص345-368.

4 حسونە دەکەوێتە باشووری موسل بە دووری 22کم و یەکەم جار ئەو پاشماوانەی ئەم چاخە لەم پێگەیەدا دۆزراوەتەوە بۆیە هەربەم ناوە ناسراوە، باقر، مقدمة، ج1، ص208.

5 Jawad, Abdul Jalil: “The Advent of the Era of Townships in Northern Mesopotamia”, (Leiden: 1965), Pp.11-12;

الدباغ، البيئة الطبيعية و الأنسان,ج1، ص23.



پەرەسەندنی ئامێرە بەکارهاتووەکان و کشانەوەی ئاوی ڕووبارەکان، کە بەهۆی وشکە ساڵییەکانەوە ڕوویداوە، پاڵی بە دانیشتوانەوە ناوە زیاتر لە لێواری ڕووبارەکاندا کۆببنەوە[1] و سوود لە ئاودێری ببینن، ئەمەش وایکرد کە کۆمەڵگاکان لە خاڵێکدا کۆببنەوە، لەلایەکی ترەوە بنیاتنانی پەرستگاکان پەرەسەندنی ئاواییەکان هۆیەکی تری بوون، تابوونە بەردی بناغەی شارە کۆنەکان[2]. ئەم دیاردانەش لە پاشماوەکانی نوزی، داقوق لە باشوورییەوە، نەینەوا و تەپە گەورە لەخۆرئاواوە[3]، بەڕوونی لە کنە وپشکنینەکاندا سەلمێنراوە، کە بۆ هەزارەی 6ی پ-ز دەگەڕێتەوە[4]، کە بە چاخی حسونە ناسراو. لە چینی12 -11 ی خوارەوەی نوزیدا کەلوپەلی چاخی حەلەف[5] دۆزراوەتەوە. لە چاخی (عبید)دا پاشماوەکانی گۆڕی منداڵ لە چینی(10)دا دۆزراتەوە[6] لە چینی (8)دا تەنورو ئاگردان دۆزراوەتەوەو بۆ چاخی (تەپە گەورە- نەینەوا) دەگەڕێتەوە، هەروەها لەدوای ئەم چاخەوە شوێنەواری مۆری تەخت لە خۆرهەڵاتی دیجلەدا

---

1 الدباغ: البيئة الطبيعية و الأنسان، ص 22-23؛ الخالصي، تل الفخار (الموسم الاول)، ص52.

2 اوبنهايم: بلاد مابين النهرين، ص 135.

3 بە لێکدانەوەی پێگەی هەولێر، کە دەکەوێتە نێوان هەموو ئەو پێگانەوە، ڕێی تێدەچێت پاشماوەکانی ژێر قەڵای هەولێریش بۆ ئەو سەردەمانە بگەڕێتەوە، بەڵام تا پشکنینی لێ ئەنجام نەدرێت ناتوانرێت بەتەواوەتی ئەمە بچەسپێت.

4 شوێنەوارەکانی پێش مێژوو لە خۆرهەڵاتی دیجلەدا زۆر ڕوون نییە، بۆیە زیاتر پشت بە شارەکانی تری وەك (مەتارە)و کوڕوخانی دەبەسترێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ تەواونەکردنی پڕۆسەی کنە و پشکنین لە نوزیدا. الخالصى، تل فخار (الموسم الاول)، ص52.

5 پێگەیەکی شوێنەوارییە لە سەر ڕووباری خابوور، لە ساڵی 1911ز بە دواوە ئەڵمانەکان پشکنینیان لێی ئەنجام داوە کە بۆ کۆتایی هەزارەی 6و سەرەتای هەزارەی 5ی پ.ز بە چاخی حەلەف ناسراوە، چونکە بۆ یەکەم جار ئەو جۆرە شارستانییە و کەلوپەلانە، بەتایبەتی گڵێنە رەنگاو رەنگەکانی، لەم پێگەیەدا دۆزرایەوە بڕوانە، دانیال، موسوعة علم الآثار، ج1، ص271.

6 Starr: A Report on the Excavation at Yorghan Tepa, Ps. 506, 510, 601.

دۆزراونەتەوە، کە وێنەی ئاژەڵ و نەخشی ئەندازەیی لەسەردایە[1]. جگە لە ملوانکەی بەردی بە نرخ، کە ئەمانە مۆرکێکی ئاینییان پێوە دیارە[2].

دۆزینەوەی گۆڕەکان، کە بە شێوازی جیاواز نێژراون، دەکرێت بە نیشانەی جیاوازی کۆمەڵایەتی لێك بدرێتەوە کە پلەی ئابووری و کۆمەڵایەتی پێوە دیارە، مۆرەکانیش ئەو بۆچوونە دووپات دەکەنەوە، چونکە لە سەرەتاوە مۆرەکان لەلایەن پەرستگاو خاوەن موڵك و پایەدارەکان بەکارهاتوون، لایەکی تریشەوە کنەو پشکنینەکان سەلماندوویانە کە جیاوازی لە شێواز و قەبارەی تەلار و خانووەکانی ناوچەکەدا بەدی کراوە، بەتایبەت لە پاشماوەکانی تەپەگەورە[1]، ئەوەش بەڵگەی بوونی فەرمانڕەواو جۆرێك لە کارگێڕی دێت لەلایەن کەسانێکەوە، بۆ پەیوەندی ئاڵوگۆڕی بازرگانی، وەك دیاردەیەکی ئابووری نێوان ئاواییەکان لە ناوچەکەدا هەبووە، وەك: نەینەوا، تەپە گەورە، نوزی، مەتارە و شاغربازار[3]. کە پێویستی بە سیستەمێکی بەڕێوەبردن هەبووە بۆ ڕێکخستنی ئەو دیاردە ئابووری و کۆمەڵایەتییانە، بەڵام چۆنییەتی ئەو بەڕێوەبردنە تا ئێستا نەزانراوە، چونکە لە سەردەمانەدا هیچ تۆمارێك نەبووە[4].

---

1 ئەم چاخەش بەپێی گۆڕانکاری لە کەلوپەل و شێوازی بیناسازی و ژیانی کۆمەڵگادا جیاکراوەتەوە بەپێی پاشماوەکانی (نینوی و تەپەگەورە) ناونراوە، بڕوانە:
Jawad, the Advent of the Era, Ps.66, 6.

2 Jawad: The Advent of the Era, P. 58, Starr, A report on the Excavation at Yorghan Tepa, P. 601.

3 Jawad: The Advent of the Era, P.24.

4 الاحمد: الإدارة و نظام الحکم، في: حضارة العراق، ج2، (بغداد، 1985)، ص7.



## 2. چاخی بنەماڵەکان[1]:

زانیارییەکی ورد لە بەر دەستدا دەربارەی ناوچەکانی (سوبارتو) لەم سەردەمەدا نییە و ئەوەی تا ئێستا زانراوە هەندێ زانیاری کەمن کە هەندێك لە پاشایانی سۆمەری کۆن تۆماریان کردوون.

یەکێك لەو تۆمارانە بۆ نیوەی یەکەمی هەزارەی سێیەم دەگەڕێتەوە، کە لەلایەن فەرمانڕەوای شاری ئادەب بەناوی (لوگال- ئانی- موندو)، وەك ناوچەیەکی جوگرافی ناوی بردووە[2]، چونکە پاشگری (ki) بۆ شار یان شوێن لە وڵاتی سومەردا بەکارهاتووە. بەوپێیە ناوچەی گوتیوم دەکەوتە باکووری خۆرئاوای باراخشی، ئەویش سنووری لەلای باکووری خۆرئاواوە لە رووباری دیالەدا کۆتایی دێت[3]، لە ناوچەکانی نێوان زێی بچووك و رووباری دیالە، بە گاسووریشەوە، دەگرتەوە.

لە لیستێکی پاشایانی سومەردا، کە بۆ ناوەڕاستی هەزارەی سێیەم دەگەڕێتەوە، ناوی (خەتانش) پاشای خەمازی تۆمارکراوە، کە پاشایەکی دوژمنی دەوڵەتە شاری کیش بووە، ئەو پاشایە ماوەیەکی زۆر فەرمانڕەوایەتی شاری کیشی کردووە و دواتر لەلایەن پاشایەك بەناوی (پوزوزو) وەدەر نراوە[4]، لە لایەکی ترەوە، لە ئەرشیڤی ئیبلادا، نامەیەك دۆزراوەتەوە، کە لە لایەن (ئەرکب-دامو)

---

1 مەبەست لە چاخی بەرەبەیان، یان چاخی بنەماڵەکان، نێوان 2900-2334پ.ز، دەگرێتەوە، کە لەو سەردەمەدا وڵاتی سومەر لە نێوان چەندین دەوڵە تەشاری بچووکدا دابەش بووبوو، وەك، کیش، ئور، وەرکا، ئوما، بە دامەزراندنی دەوڵەتی ئەکەدی لەلایەن سارگۆنی ئەکەدییەوە کۆتایی دێت، بۆیە زۆرجار بە چاخی پێش سارگۆن ناو دەبرێت، کلین دانیال، موسوعة علم الآثار، ج2، ص421-422.

2 بۆ ئەو دەقە بڕوانە، ل42.

3 أحمد: کرکوك في العصور القديمة، ص24, Gelb, H.S, P.34.

4 Steinkeller: Transport of Agricultural Produce in Arrapĥe, P. 80-83

پاشای (ئێبلا) بۆ(زیزی)[1] پاشای (خەمازی) نێررا بوو، لە نامەکەدا داوای سەرباز کراوە، (فوزی رشید) پێیوایە بەهۆی ترسی هەردوولا لە دەوڵەتی کیش، کە لەو سەردەمەدا دەیویست هێرش بکاتە سەریان، ئەو پەیوەندییە هێناوەتە ئاراوە[3]، بە هەر حاڵ، ئەوە نیشانەی هێز و توانای دەوڵەتی خەمازییە، کە دەسەڵاتی هەموو ناوچەکانی خۆرهەڵاتی دیجلەی گرتبۆوە، تا ئێستا نزیکترین ناو لە خەمازییەوە، گوندی ((خەمزە))یە لە باکووری ئەزمڕدا، بۆیە پێدەچێت ناوەندی شانشینی خەمازی لەو ناوچەیەدا بووبێت[2]، تا ئێستاش ئەم بۆچوونە لە هەموو بۆچوونەکانی تر نزیکترە لە راستییەوە، چونکە ناوەکە زۆر لە ناوی (خەمازی)یەوە نزیکە و بۆچوونەکانی تر بەڵگەی هاوشێوەیان نییە.

لە لایەکی ترەوە، (شتاینکیلەر) پێیوایە خەمازی پایتەختی دەوڵەتی سوبارتوو بووە و دەکەوێتە نێوان زێی گەورە و بچووك، بەڵگەشی بۆ ئەوە، نەخشێکی (ئی-ئەنناتم 2425-2454 -Eannatum پ.زدا)، کە باسی لە جەنگێك لە دژی هاوپەیمانێتی نێوان ئیلام، ئوروا و سوبارتوو کردووە، بەو پێیەی زۆرجار ناوی خەمازی و سوبارتوو بەیەکەوە هاتووە و لەو سەردەمەشدا خەمازی هێزێکی سیاسی و سەربازی بووە. لە نەخشەکەدا دەردەکەوێت، کە شەڕەکان لە سوبارتوودا لە باکووری رووباری دیالەدا روویانداوە، چونکە دەوڵەتی لەگەش تەنها دەوڵەتە شارێك بووەو فەرمانڕەواکە پلەی ئینسی[3] هەبووە، و باس

1 لە ئەرشیڤەکانی سەردەمی گاسووردا (سەدەکانی 23-22پ.ز) ژمارەیەکی زۆر لەو ناوانەی هاوشێوەن، کە دوو بڕگەی کۆتایی دوو بارە دەبنەوە، هەیە، ئەوەش جێی سەرەنجە، کە ئەو ناوانە تەنها لە ناوچەکانی حەمریندا هەبووە، گیلب ناوی ناوە زمانی مۆز (Banana)، چونکە بەهەمان شێوە دوو بڕگەی کۆتایی (nana) دووبارە دەبێتەوە، بڕوانە: فوزی رشید، مملكة خمازی، ص 147.

2 مملكة خمازي, ص145.

3 زاراوەی ئینسی سومەری بۆ فەرمانڕەوای دەوڵەتی شار، ولوگال لە سەردەمی یەکێتی دەوڵەتەکاندا بەکارهاتووە، بڕوانە: ساکز، عظمة بابل، ص57-58.



لەناوچەی ئاسوهور (Asuhur) لە باکووری رووبارەکە دەکات[1]. بەو شێوەیە لە هەموو سەرچاوەکانەوە رووندەبێتەوە، کە شانشینی خەمازی لە ناوەڕاستی هەزارەی سێیەمدا فەرمانڕەوایەتی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی دیجلەی کردووە، بە ناوچەی گاسووریشەوە.

### 3. چاخی ئەکەدی (2334- 2198؟ پ.ز) :

لەگەڵ پەرەسەندنی بارودۆخی سیاسی لە وڵاتی سومەردا، زانیاری دەربارەی ئەو سەردەمە زیاتر دەبوو تا لە ناوبردنی قەوارە سیاسییەکانی دەوڵەتە شارەکانی سومەر لەلایەن (سارگۆنی ئەکەدی) لە نزیکەی (2334-2279پ.ز) شاری (ئەکەد) بکاتە پایتەخت[2]وتوانی دەوڵەتێکی سەرتاسەری ناوەندی دابمەزرێنێت. دوای ئەوەش بە شێوەیەکی فراوان و یەك لەدوای یەك بەرەو ناوچەکانی دەوروبەر پەلی هاویشت، و توانی ناوچەکانی باکوور داگیر بکات[3]، لەوانەش وڵاتی سوبارتووو بوو، ودوای ئەوەش نازناوی پاشای (عالیاتم)[4]ی لە پاڵ پاشای ئەکەدا تۆمارکرد، بەوەش ناوچەی (گوتیوم کی)ی دەگرتەوە.

سارگۆن لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی خۆیدا، کە نزیکەی 40ساڵی خایاندووە، چەندین لەشکرکێشی کردووەتە سەر ناوچەکانی سوبارتووو، لە نێوان چیاکانی زاگرۆس لە خۆرهەڵات و خابوور و بالیخ تا دەریای ناوەڕاست لە باکووری خۆرئاوا. لە یەکێك لە تۆمارەکانیدا ناوی سیموروم و چەند ناوچەیەکی تۆمارکردووە، کە یەکێك بووە

1 Steinkeller: Transport of Agricultural Produce in Arraphe, P. 78-79;

هەروەها بڕوانە نەخشەی ژ(3).

2 الحلو، صراع الممالك فی التاریخ السومری القدیم، ص61.

3 لوید، الرافدان، ص53.

4 لە زمانی ئەکەدیدا عالیاتم بە واتای وڵاتی بەرز دێت، کە بەشێکی زۆری کوردستانی باشووری ئێستا دەگرێتەوە، أحمد، کرکوك في العصور القدیمة، ص23.

لە گرنگترین ناوچە هەڵگەڕاوەکان لە دژی سارگۆن[1]. بەوپێیە ئەم ناوچەیەشی داگیر کردووە و کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی ئەکەدی[2].

سەرەڕای درێژی ماوەی دەسەڵاتی سارگۆن، تا ئێستا تۆمارێکی ڕوونی لە بارەی ئەو ناوچانەوە نەدۆزراوەتەوە، کەچۆن فەرمانڕەوایەتی کردووەو پێ ناچێت دەسەڵاتێکی هەمیشەیی لەو ناوچانەدا دامەزراندبێت[3]. چونکە ئامانجی سارگۆن لەو ناوچانەدا زیاتر بۆ پاراستنی سەرچاوە کانزاییەکان و ڕێگا بازرگانییەکان بووە و تەنها قەڵاو خاڵی سەربازی جێهێشتووە و هەرکاتێك هەستی بە مەترسی لەسەر ئەو بەرژەوەندییە کردبێت، لە شکرکێشی ئامادە کردووە[4].

لە دوای سارگۆن، ریموش (2278-2270 پ.ز) و مانیشتوسو (2269-2255 پ.ز)، هاتنە سەر تەختی پاشایەتی، سەرەڕای کەمی زانیاری، زانراوە جێنشینانی سارگۆن هەوڵیان داوە بەهێز دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن و لەو ناوچانەدا پاشماوەیان جێهێشتووە، وەك بنیاتنانی شارێك لە باکووری نەینەوا بەناوی ریموش و لە نەخشێکدا کە لە (تل براك) دا دۆزراوەتەوە ناوی تێدا تۆمارکراوە[5] و مانیشتوسو پەرستگایەکی لە نەینەوا بنیاتناوە[6].

---

1 بوتیرو واخرون: الشرق الادنى، ص112-113.

2 لە دەقێکی جوگرافیدا، کە بە بۆچوونی زانایان بۆ سارگۆن دەگەڕێتەوە، ناوی ئەڕاپخای تێدایە، بەڵام دەقەکە کۆپییەکی سەردەمێکی دواترە و نەزانراوە بەپێی سەردەمی خۆی نووسراوە، یان لە کاتی کۆپیکردنەوەیدا ناوی شارەکانی بۆ زیادکراوە، بڕوانە:
Ahmed, the Northern Transtigris, P.52.

3 رو: العراق القديم، ص112.

4 رو: العراق القديم، ص214، الحلو، صراع الممالك فى التاريخ السورى القديم، ص61، بوتيرو واخرون، الشرق الادنى، ص114.

5 بوتيرو واخرون، الشرق الادنى، ص132؛ Astour , Semites and Hurrian, P.16.

6 Jawad: The Advent of the Era, P.78; اوتس، بابل، ص53



لە کۆتایی دەسەڵاتی ریموشدا، کە خۆیی بوو بەقوربانی کێشەیەکی ناوخۆیی، گەلانی ناوچەکانی سوبارتووو ڕاپەرین، بۆیە هەر لە سەرەتایی هاتنە سەر تەختی نرام-سن (2254-2218 پ.ز) دەستی کرد بە لەشکرکێشییەکی فراوان، نازناوی (پاشای علیاتم) ی لە خۆنا[1] و هێمایی خواوەندی لە پاڵ ناوی خۆیدا نەخشاند[2]، ئەم پاشایە زۆرترین لەشکرکێشی ئەنجام داوەو ماوەی دەسەڵاتی گەشەی زیاتری بەخۆوە بینیوە، چونکە دوای لەشکرکێشییەکانی بۆ سەر ناوچەکانی خۆرهەڵات و باکووری خۆرئاوای دیجلە، زۆربەی شارەکان لەم چاخەدا پەرەیان سەند و ئاوەدان کراونەتەوە، وەك، گاسوور (نوزی)، نەینەوا، شاغربازار و بەڕاك[3].

بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەو ناوچانەدا، نرام-سن هەوڵی داوە کە دانیشتوانی ناوچەکە وەك کۆیلە بەرەو وڵاتی ئەکەد بەرێت و لە بەرامبەردا ئەکەدی ڕەگەزی دەهێنا بۆ ئەو شارانە[4]، ئەوەش بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی بۆ بەڕێوەبردن، ئابووری و سەربازی تا دەسەڵاتی هەمیشەیی بەسەریاندا بسەپێنێت.

شاری گاسوور(نوزی) لەم سەردەمەدا گەشەی سەندووە و بووە بە ناوەندێکی گرنگی هەرێمەکە و ناوی لە دەقەکانی ئەو سەردەمەدا هاتووە و پێدەچێت پاشماوەکانی گاسوور بۆ سەردەمی نرام-سن بگەڕێتەوە، زۆرترین پاشماوەی ئەکەدی لەم ناوچانەدا لە گاسووردا دۆزراونەتەوە[5]. ئەوەش بۆ پێگەی جوگرافی و

---

1 أحمد: كركوك في العصور القديمة، ص25.

2 ئەوەش بۆ یەکەم جاربووە، کە پاشایەك نیشانەی خواوەند بەبۆنەی سەرکەوتنێکی گەورەوە بەسەر دوژمنانیدا لە خۆی بنێت.

3 Jawad: The Advent of the Era, P.79; Postgate, Early Mesopotamia, P. 40.

4 اوتس، بابل، ص58.

5 جگە لە دۆزینەوەی شوێنەواری ماددیی سەردەمی ئەکەدی لە گاسووردا، لە کۆتایی کنەوپشکنەکاندا توانراوە نزیکەی (222) تابلۆی قوڕ بدۆزرێتەوە، کە بەزمانی ئەکەدین و لە بواری جیاجیان، بڕوانە:
Jawad: The Advent of the Era, P.90.

ئابووری دەگەڕێتەوە، کە دەروازەیەك بوون بۆ وڵاتی لوللو و شیمورم لە خۆرهەڵات و باکوورییەوە.

زانراوە کە دەوڵەتی ئەکەدی لە ماوەی دەسەڵاتی نرام-سن دا گەیشتبووە لوتکە، نەك تەنها لەڕووی فراوانییەوە، کە لە خۆرهەڵاتەوە گەیشتە ئیلام[1] و (ئامەد) دیاربکر[2] لە باکوور و دەریای ناوەڕاست (سەروو) لە باکووری خۆرئاوا، تا لە باشوورەوە دەگەیشتە کەنداو (دەریای خواروو)، بەڵکو شارەکانی وەك شاغر بازار، براك، نەینەوا و ئاشور، گەشەیان سەندبوو، لەلایەن ئەکەدییەوە بەڕێوەبراون[3]. بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە پاشماوەی ماددی و تۆمارکراو لە هەموو ئەو ناوچانەدا دۆزراونەتەوە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە چۆنییەتی بەڕێوەبردنی ئەو شارانە نادوێن. لەگەڵ ئەوەشدا زانراوە کە دەوڵەتی ئەکەدی سیستەمێکی کارگێڕی ناوەندی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت و هەرێمەکانی ئیمپڕاتۆرییەت پەیڕەوکردووە، چونکە بەڕێوەبەر و فەرمانڕەواکان لەو شارانەدا، لەلایەن پاشاوە دیاری دەکران[4].

سەبارەت بە چۆنییەتی بەڕێوەبردنی گاسوور و پایەی کارگێڕی ئەم شارە لەو سەردەمەدا، وەك لە دەقەکاندا ڕوون دەبێتەوە بالاترین پلەی کارگێڕی ئینسی (Ensi) بووە، کە ڕاستەوخۆ لە بەرامبەر پاشادا لێپرسراو بووە، چونکە خۆی ئەم

1 ئێستا دەکەوێتە ناو باشووری خۆرئاوای ئێران لە سنووری عێراق و بە خوزستان دەناسرێت، ئەم ناوچەیە لە هەزارەی 8ی پ.زەوە شارستانییەتی هەبووە، لە هەزارەی 3-2ی پ.ز بە ئیلام دەناسرا و پایتەختەکەی سوسە بووە، لە هەزارەی 1ی پ.ز بەدواوە بووە ناوەندی هەخامەنشی، دانیال، موسوعة علم الآثار، ج2، ص410.

2) لە نزیك دیاربکر لە پیر حسین میلی سەرکەوتنی بەبۆنەی سەرکەوتن بەسەر (خوڕی)دا بنیاتناوە، رو، العراق القديم، ص215.

3 Jawad: The Advent of the Era, Ps.93, 109.

4 ساكز: عظمة بابل, ص70.



پلەیەی بە ئەکەدی ڕەگەزەکان بەخشیوە، یاریدەدەر بە پلەی دووەم لەدوای ئینسیدا دێت و بە (maškim) ناسرا بوو، کاروباری ناوخۆیش لەلایەن ئەنجوومەنێکی پیرانەوە بەڕێوە دەبرا، جگە لەوانەش وەزیفەی دادوەر لە بەڕێوەبردندا هەبووە. هەروەها چەند وەزیفەیەکی لاوەکی تریش هەبووە، وەك، دەرگاوانی شار، خزمەتکاران، ئاوگێر[1].

سەبارەت بە پایەو دەسەڵاتی و ئەرکەکانی ئینسی لە گاسوور، وەك زانراوە کەوا سەرەڕای دەسەڵاتی کارگێڕی و دادوەری، لەبەر ئەوەی کە ئینسی لە ژێر ڕکێفی پاشادا بووە، بەگشتی سنووردار بووە، لە لایەکی تریشەوە بە هۆی نەبوونی هیچ ئاماژەیەك بۆ ئەفسەری سەربازی دەبێ ئەم دەسەڵاتە، واتە دەسەڵاتی کاروباری سەربازی لە ڕێی ئینسییەوە لە ژێر سایەی پاشادا بووبێت[2].

لە لایەکی تریشەوە کاروباری ئابووریش کارمەندی تایبەتی هەبووە، ئەوەش بەبوونی وەزیفەی چاودێری ڕووپێو یاخود تۆمارکاری کێڵگەکان (Sag-Sug)، وەك ئەمینداری تۆماری پەیوەندیدار بە خاوەنداریێتی کاری کردووە، هەروەها سەربازی و هەندێ چالاکی ئابووری تر، وەك بازرگانی لەگەڵ شارەکانی تردا[3].

گەلانی ژێر دەستە لە ئیمپراتۆرییەتی ئەکەدیدا، لە هەلێك دەگەڕان کە بتوانن سەربەخۆیی بەدەست بهێنن، ئەو هەلەشیان لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی نرام-سن دا بۆ ڕەخسا، هەرێمەکانی ئیلام، گەلانی زاگرۆس (لولوبی، گوتی، خوڕی، ...تاد) جیابوونەوە. بەڵام گەورەترین مەترسی ڕاستەوخۆ لەلایەن (گوتی)ەوە بوو، کاتێك هەموو ئەو گەلانە (گوتی، لولوبی، خوڕی) هێرشیان کردە سەر

1 Jawad: The Advent of the Era, P.91.

2 Jawad: The Advent of the Era, P.93.

3 Jawad: The Advent of the Era, P.91

دەوڵەتی ئەكەدی[1] و پاشایەكی گوتی هاوچاخی نرام-سن بەناوی (ئیریدوپزێر) بەشی باكووری دەوڵەتی ئەكەدی تا نیپوری[2] خستە ژێردەسەلاّتی خۆیەوە[3]. و بەوپێیەش ناوچەكانی گاسوور و ئەراپخاش وەك هەرێمەكانی تری سوبارتووو، لە كۆتاییەكانی سەردەمی نرام-سندا سەربەخۆ بوون، سەرەڕای ئەوەی شار-كلی-شاری (2218-2198؟ پ.ز) جێنشینی نرام-سن هێرشی كردووەتە سەر ئەو ناوچانەو بووە هۆی بوژانەوەی ئەكەدی، بەلاّم سەنگی هێز بەلای پاشای گوتی دا شكایەوە و بۆ دواجار دەوڵەتی ئەكەد لە ناوچوو، و توانیان نزیكەی سەد ساڵ فەرمانڕەوایەتی ئەكەد بكەن[4].

## 4. چاخی گوتی (2220- 2120؟) پ.ز:

تا ئێستا بەپێی ئەو توێژینەوانەی كە ئەنجام دراون، نە توانراوە سەردەمی گوتی و چۆنییەتی فەرمانڕەوایەتی كردنیان بەتەواوەتی ڕوون بكرێتەوە[5]، ئەوەی كە زانراوە ناوی پاشاكانیانە كە لە لیستی پاشایەتی سۆمەریدا تۆماركراون و لە تۆماری سەربازی سومەری و ئەكەدیدا ناوی گوتیوم كی ($Gutium^{ki}$) هاتووە، بوونی پاشگری /Ki/ نیشانەی هەرێمێكی جوگرافی دەگەیەنێت[6].

1 اوتس: بابل، ص56.

2 لە كتێبە عەرەبییەكاندا بە نفر هاتووە، شارێكی ئایینیی سۆمەری پیرۆز بووە، پاشماوەكانی لە 35كم لە باكووری خۆرهەلاّتی شاری دیوانیەدایە، بڕوانە: قحطان, الكشاف الأثري, ص235.

3 دیاكۆنوف: میدیا، ل163.

4 أحمد: كركوك، ص30.

5 ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تا ئێستا جگە لە چەند دەقێك (ئەرشیف)ی گوتی لە هیچ شوێنێكدا نەدۆزراوەتەوە، تا ئێستاش شاری ئەكەد نەدۆزراوەتەوە و پایتەختی گوتی، ئاراپخا، تا ئێستا هیچ كنەوپشكنینی لێ ئەنجام نەدراوە.

6 Gelb, HS, p.34-36.



بۆ یەكەم جار لە كۆتاییەكانی سەردەمی نرام-سیندا ڕۆڵی سیاسی گوتی دەركەوت، كاتێك كە پاشایەكی ئیریدوپی/وەزیر (Erridu-Pi/Wazir)[1] سەركردایەتی هێرشێكی گەلانی سوبارتووی كرد و توانی شاری نیپور داگیربكات[2].

زۆربەی ئاماژەكان بۆ ئەوە دەچن كە گوتی تەنها بەشی باكووری ئەكەدی داگیر كردبێت، و باشوور (ولاّتی سومەر)ی نەگرتبێتەوە[3]. چونكە پاشاكانی تریش وەك (سارلگاب)، كە هاوچاخی شاركالی شاری (Šarkališarri) ئەكەدی بووە، ململانێی سەربازی بەردەوام بووە[4] و شاركلی-شاری ئەم پاشایەی بەدیل گرتووە[5]. هەروەها باكووری میزۆپۆتامیا (ولاّتی ئاشور) لە هەموو شوێن زیاتر كاولكاری بەركەوتووە[6]. ڕێی تێیدەچێت كە هێرش بۆ سەر ئاشور لەلایەن گەلانی هاوپەیمانی گوتی بوو بێت، بە تایبەت دەوڵەتی ئوركیشی خوری، كە لە و سەردەمەدا لە سەرووی دیجلەدا زۆر بەهێزبوو[7].

1 هەرچەندە ناوی ئەم پاشایە لە لیستەكەدا نەهاتووە، بەلاّم پێدەچێت یەكەم پاشای گوتی بووبێت چونكە لە جیاتی ناوی یەكەمین پاشای گوتی نوسراوە (پاشایەكی بێ ناو)، بڕوانە: قەرەداغی، مێژووی دێرینی كوردستان، ل186.

2 أحمد: كركوك، ص29-30.

3 بەڵگەش بۆ ئەم بۆچوونە بەردەوام بوونی تۆمارەكانی هەندێ دەوڵەتە شاری سۆمری وەك لەگەش، وەركاو، كەدوای ماوەیەك توانیان خۆیان ڕێك بخەنەوە. هاری ساكز، عظمة بابل، ص73، بەلاّم ئاماژە هەیە كە هەر لە ژێر سایەی گوتیدا بووبێتن، لوید، الرافدان، ص55.

4 لە سەردەمی شار-كالی-شاریدا، ولاّتی ئەكەد بەتەواوەتی ئالۆز بوو بوو، ئەوەش لە ژیانی ڕۆژانەی ئەكەدییەكاندا ڕەنگی دابۆوە، بڕوانە:
LæssØe, People of Ancient Assyria, Translated, from the Danish by (Leigh-Browne F. S.), London, 1963, P.21.

5 باقر: مقدمه، ج1: ص372، دیاكۆنۆف ، میدیا، ل163.

6 قەرەداغی، فاضل: مێژووی دێرینی كوردستان،ل180.

7 بڕوانە: ل54.

پاشایەکی تری گوتی: (ایلو– لومیش Elu-lumeš) بوو، کە توانی دەوڵەتی ئەکەدی هەاسان بکات[1]، گوتییەکان لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی خۆیاندا کە زیاتر بەشی باکوور و ناوەڕاستی میزۆپۆتامیای گرتبۆوە، ماوەی (90-125) ساڵ فەرمانڕەوا بوون و نزیکەی ((21)) پاشایان لە لیستی پاشایانی سومەریدا تۆمارکراوە[2]. پاشایەکی سومەری لە وەرکا بەناوی (ئوتوخیگال)[3] توانی پاشای گوتی (تیریگان) بەدیل بگرێت، بەو شێوەیە دەسەڵاتی گوتی لە وڵاتی ئەکەد کۆتایی هات. بە پێی نوسراوەکەی ئوتوحیگال، گوتییەکان بۆ ئەراپخا کشانەوە[4]. ئەمەش وامان لێدەکات کە ئەراپخا بە پایتەختی گوتی بزانین.

تا ئێستا زانیاری ورد لە چۆنیەتی دەسەڵاتی گوتی و ماوەی فرمانڕەوایەتییان ڕوون نەبۆتەوە، چونکە زۆربەی سەرچاوەکان بە شێوەیەکی ناڕێك و جیاواز باسیان دەکەن. بەپێی تۆمارە سۆمەرییەکان، کورتی ماوەی فەرمانڕەوایەتی پاشایانی گوتی بەلاوازی و بێ سەروبەری لە قەڵەم دەدەن و هەمان را دووبارە دەکەنەوە، کە سەردەمی گوتی تەنها پشێوی و کاولکاری بووە[5]، بەڵام بەڕای (دیاکۆنۆف)، لە ڕوانگەی کۆمەڵی گوتییەوە بڕوانینە دۆخەکە، بە شێوەیەکی تر، چونکە کۆمەڵگای گوتی لە چاو کۆمەڵی سۆمەری-ئەکەدییەوە خێڵەکی بوون و شێوازی فەرمانڕەوایەتی خێڵەکی بە شێوازی هەڵبژاردن پاشاکان دیاری دەکران، بۆیە زۆربەیان ماوەی ساڵانی دەسەڵاتیان وەك یەك بووە و زۆرجار هەمان پاشا جارێکی تر دووبارە هەڵبژێردراوەتەوە. لە بەرامبەردا سیستەمی دەسەڵاتی

1 أحمد و رشيد: تاريخ الكرد القديم، ص53.

2 قەرەداغی: مێژووی دێرینی کوردستان، ل179.

3 لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا بە ئۆتۆحیگال هاتووە، بەڵام لە نوێترین سەرچاوەدا بەو شێوەیە هاتووە:
Ahmed, the Northern Transtigris, P.55.

4 باقر: مقدمة, ج1، ص374، أحمد، دراسات كوردية في بلاد سوبارتو، ص30.

5 عبدالواحد, فاضل: أقدم حرب تحرير في التاريخ، سومر، مج3، (1947)، ص52.



سۆمەری-ئەکەدی پاشایەتی تامردن و لە باوك بۆ کوڕ بووە[5]. جگە لە وەش و (ئیریدوپزیر) پاشایانی گوتی نازناوی (پاشای هەر چوار لای جیهان) ناوزەند کردووە[1] و ئەمەی دوایی لە تۆمارێکی درێژدا نازناوی پاشای گوتیوم و هەرچوار لای جیهانی لە خۆی ناوە، ئەوەش نیشانەی هێز و دەسەڵاتە، لە بەشێکی تری نەخشەکەیدا باسی لە بەزاندنی (کانیشبا)ی پاشای سیمورم کردووە، کاتێك، کە (کانیشبا) بەهاوکاری لوللو لە دژی ئەم پاشایە هەڵگەرابۆوە[2]. لە لایەکی ترەوە، لائەراب زۆر بایەخی بە ئەدەب و ڕۆشنبیری ئەکەدی داوە، ئەوەش بەڵگەیە بۆ یەکێتی و ڕێکخستنی سیاسییان[3].

### 5. چاخی بنەماڵەی سێیەمی ئور: (2112-2004 پ.ز):

پاش کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی گوتی لە وڵاتی ئەکەد، دەوڵەتە سۆمەرییەکان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ناوەندی لە وەرکا (2120–2116پ.ز)، لە دوای ئەو ماوەیەدا فەرمانڕەوایەکی (شاری ئور) بە ناوی (ئورنەمو) سەربەخۆیی ڕاگەیاند، دواتر شارەکانی تری خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بەوەش ناوەندی دەسەڵات کەوتە دەست شاری ئور و دەوڵەتێکی بەهێزی بنیاتنا کە نزیکەی سەدەیەك درێژەی کێشا[4].

دوای ئورنەمو، کوڕێکی بەناوی شولگی (2095–2048 پ.ز) چووە سەرتەخت، ئەم پاشایە لە سەرەتاوە خەریکی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانی پەرستگا بووە، بەڵام دواتر ڕوویکردە ئامانجە سەربازییەکان و زیاتر بایەخی بە لەشکرکێشی بۆ سەر وڵاتانی دەرەوە دەدا، وەك، ئیلام لە خۆرهەڵات و ئاشور لە باکووردا[5]. سەبارەت بە

1 الاحمد: العراق القديم، ص50.

2 Frayne: Akkadian and Gutian Periods, Pp.221-229.

3 الاحمد: العراق القديم، ص50.

4 ساكز: عظمة بابل ، ص 74.

5 ساكز: عظمة بابل، ص75.

ناوچەکانی سوبارتووو بە گشتی و ئەڕاپخا بە تایبەتی. زانراوە کە (شولگی) لە ماوەی دەسەڵاتیدا چەندین لەشکرکێشی کردووەتە سەر گەلانی ناوچەکە[1].

لەشکرکێشی یەکەم و دووەم بۆ ناوچەکانی کەرخەر[2] و شیمورم لە باکووری خۆرهەڵاتی بەرزاییەکانی حەمرین بوو، سێیەمیش بریتی بووە لە شکرکێشییەکی گشتی بۆ سەر ناوچەکانی خۆرهەڵاتی دیجلە، تا شاشروم (شمشارە) و ئوربیلوم (هەولێر) و وڵاتی لوللوی (شارەزوور) گرتەوە[3].

لە دوای شولگی، کوڕێکی بەناوی ئەمار-سین (2047-2039پ.ز) دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەم پاشایە لە دوای چەندین لەشکرکێشیدا بۆ سەر ناوچەکانی ئوربیلوم و شاشروم لە خۆرهەڵاتی دیجلەدا، تا ڕادەیەك توانیویەتی دەسەڵات بەسەر ئەو ناوچانەدا بسەپێنێت[4]، ئەم ناوچانە لەو سەردەمەدا وەك سنووری پێشەوەی دەوڵەتی ئور بوون[5]. بەو پێیەی، کە ئەڕاپخا دەکەوێتە باشووری ئەم ناوچانە، دەبێ لەوکاتەدا لە ژێر دەسەڵاتی ئوردا بووبێت.

---

1 لە ناو لیستی وڵاتە داگیرکراوەکاندا، ناوی ئورکیش بەدی ناکرێت، ئاماژەی پەیوەندی دیبلۆماسی لە نێوان ئور و ئورکیشدا هەیە، Postgat, Early Mesopotamia, P. 258. لە نامەیەکدا بۆ شولگی، نوێنەرێکی شولگی بۆ وڵاتی (سوبیر) باسی لە فەرمانڕەوایەکی ناوچەکە بەناوی (ئەویلا- Awilla) کردووە، کە نازناوی پاشای لە خۆناوە و سامان و سوپایەکی بەهێزی لە خۆی کۆکردۆتەوە و سەربەخۆ بووە، بڕوانە، الاحمد، العراق القديم، ص113. لێرەدا ناوی سوبیر براوە، بەڵام پێدەچێت مەبەست لە ئورکیش بوو بێت.

2 ئەوەش لە 24مین ساڵی فەرمانڕەوایەتیدا بوو، کە بەناوی هێرش بۆ سەر کەرخەر ناوی نابوو، لە بیست و پێنجەمیندا هێرش بۆ سەر شیمورم بووە:
Hallo, “Simurrum and the Hurrian Frontier”, P.20.

3 رو: العراق القديم، ص232، بوتيرو وآخرون، الشرق الادنى، ص144.

4 لە هەشتەمین ساڵی فەرمانڕەوایەتیدا، (خاشیپ-ئەتەل Ĥašip-atal) فەرمانڕەوای مارخاشی بوو، کە ناوەکەی خوڕییە، کەسێك بە هەمان ناو فەرمانڕەوای ئەڕاپخاش بووە، بڕوانە:
Astour, Semites and Hurrian, P.40 (footnote: 282).

5 فلهلم: الحوريون، ص36 ؛ Hallo, “Simurrum and the Hurrian Frontier”, P.23f.



ئامانجی داگیرکردنی ئەو ناوچانە لەلایەن پاشایانی بنەماڵەی سێیەمی ئور، ئەوە بوو وەك سەرچاوەی کانزا و بەردی بەنرخ سوودیان لێ دەبینی، بەڵام لایەنێکی گرنگی تری هەبوو، ئەویش دەست بەسەرداگرتنی سامانی ئاژەڵی[1] بوو، کە ناوچەکە پێی دەوڵەمەند بوو، هەروەها ئەو ناوچانە سەرچاوەیەکی سەرەکی بەدەستکەوتنی کۆیلە بوون، بەتایبەت لە سەردەمی شولگی و ئەمار-سیندا بە شێوەیەکی فراوان خێزانە خوڕی و ئەوانی تری ناوچەکەیان بەرەو قوڵایی وڵاتی سۆمەر دەبرد، لەوێدا وەك هێزی کار، یان وەك پیشەگەر سودیان لێدەبینرا، بەڵام هەندێکیان لە کۆمەڵگای سۆمەریدا پلەی بەرزیان هەبووە، وەك نووسەر[2].

پاشایانی ئەم بنەماڵەیە بەهۆی ڕژێمێکی کارگێڕی بەهێزەوە توانیبوویان ڕوودانی هەڵگەڕانەوەی ناوخۆیی هەرێمەکان کەم بکەنەوە، بەتایبەت بەهۆی سەپاندنی دەسەڵاتی ورد بەسەر فەرمانڕەوا ناوخۆییەکان دا[3]، بەوەی کە دەسەڵاتی سەربازی لە دەست دەسەڵاتی ناوەندا بوو، واتە پاشای ئور، و فەرمانڕەوا ناوخۆییەکانیان لە شوێنی خۆیان دەگواستەوە و لە شارێکی تردا دایاندەنان، هەروەها دامەزراندنی سیستەمێکی توندی پۆستە، کە بە بەردەوامی هەواڵی بارودۆخی هەرێمەکانی دەگەیاندە دەرباری پاشا[4]. بەو پێیەش پاشا ئاگاداری هەموو جموجۆڵێکی ئەو ناوچانە دەبوو کە لە دژی دەوڵەت سەریان هەڵدەدا و زوو خامۆشی دەکردنەوە[5]. جگە لەوەش زۆرجار پاشاکان هەوڵیان داوە ژن وژن خوازی لەگەڵ هەرێمەکاندا، بەتایبەت لەگەڵ چیا نشینەکاندا ئەنجام بدەن.

---

1 Gelb, New light on the Hurrians and Subarians, P.382.

2 Gelb, HS, P.58; فلهلم، الحوريون، ص 36.

3 زۆر لە فەرمانڕەواکان و پەیامنێرەکان لەو سەردەمەدا ناوی (خوڕی)یان هەڵگرتبوو، بڕوانە:
Astour, Semites and Hurrian, P. 42.

4 الاحمد: الادارة و نظام الحكم، ص23؛ ساكز، عظمة بابل، ص75.

5 بۆیە پاشایانی ئور بەزۆریی ژمارەی لە شکرکێشی ناسراون. رو، العراق القديم، ص233.

# بەشی دووەم

## بارودۆخی سیاسی (1999-1330پ.ز)

فەرمانڕەوایەتی هەرێمەکان، لە ڕووی دەسەڵاتەوە جیاواز بوون، هەرێمی ئاشور و ئیلام دەسەڵاتێکی نیمچە سەربەخۆیان هەبوو بوون، بەڵام هەرێمەکانی تر دەسەڵاتی ناوەندییان لەسەر بەهێزدەکرا[1]. وەك زانراوە کە فەرمانڕەوای ناوچەی سوبیر و کارداکا (لە باشووری خۆرئاوای دەریاچەی وان) بە (سوکال-ماخ)[2] ناسراوە، کە دەسەڵاتی لە ئوربیلوم و کەرخەر و وڵاتی گوتییەکان و خەمازی دەگرتەوە[3].

دوای ئەمارسین چەند پاشایەك هاتنە سەرتەخت، کە سەرەڕای هەوڵی زۆر، نەیانتوانی هێزوشکۆی دەوڵەت بپارێزن، دەوڵەت تووشی مەترسی دەرەکی دەبۆوە، وەك: ئیلامییەکان لە خۆرهەڵات و ئامورییەکان لە خۆرئاواوە، گوتی و خوری لە باکوورو باکووری خۆرهەڵاتەوە. بەڵام هەرِەشەکان زیاتر لە سەردەمی ئەبی-سیندا دەرکەوتن و ناوچەکانی سوبارتوو و ئەڕاپخا لە ژێر دەستی ئوردا نەما بوون و ڕۆڵی بەرچاویان لە روخانی ئوردا هەبووە[4]، چونکە ئەم پاشایە دیوارێکی دوورودرێژی لە باکووری بەغدای ئێستا، بەرەو خۆرهەڵات تا نزیك دیالە[5]، کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشی گەلانی ناوچەکە بنیاتنا، بە تایبەت لەو سەردەمەدا خوری وەك هێزێکی سیاسی ئەتنیکی سەری هەڵدا بوو، بەرەو باشوور پەرەی دەسەند[6]، لە لایەکی تریشەوە گەلانی ناوچەکانی کە بە سوباری ناسرابوون، ڕۆڵی سەرەکییان لە روخاندنی ئوردا هەبوو، کە ڕێی تێدەچێت خورییەکان بووبێتن.

---

1 الاحمد: الادارة و نظام الحكم, ص23.

2 بە واتای (وەزیری یەکەم) دێت کە دەسەڵاتێکی فراوانی هەبووە و لە سەردەمی هەموو پاشایانی سێیەمی ئوردا، ناوی یەکێك لەوانە لە ناوچەکانی ئەڕاپخا فەرمانڕەوایەکی لە سەردەمی ئەمار-سندا هەبووە، بە ناوی تاخیش-ئەتەل، .Astour, Semites and Hurrian, P.40

3 بوتيرو وآخرون: الشرق الأدنی، ص 156.

4 Hallo: "Simurrum and the Hurrian Frontier", Pp.25-26.

5 فلهلم: الحوريون، ص 37؛ ساكز: عظمة بابل، ص 75.

6 بوتيرو واخرون: الشرق الادنی، ص 146.

## باسی یەکەم:

### سەرەتای هەزارەی 2 پ.ز تا 1750؟پ.ز

دوای لاوازبوونی دەوڵەتی بنەماڵەی سێیەمی ئـور، خورییـەکان لـە ناوچـەکانی باکووری خۆرهەڵاتی دیجلەدا دەسەڵاتیان لە زیادبووندا بـوو. هـەموو ئەوناوچـانە سەربەخۆ بوو بوون و چەندین هێزی سیاسییان پێکەوەنا. بەهۆی نەبوونی پشکنین لەو ناوچـانەدا، زیـاتر پـشت بـە ئەرشـیڤەکانی شـشارە و دوای وەسـتانی ئـەو تۆمارانـە، پـشت بـە ئەرشـیڤەکانی مـاری دەبەسـترێت، هـەردوو ئەرشـیڤەکە ژمارەیـەکی زۆر لـە نامـەی ئـاڵوگۆڕکراو دەگرنـە خـۆ، کـە لـە لایـەن پاشـاو فەرمانڕەوایانی ناوخۆ و ناوچەکەوە گۆڕراوەتەوە.

باڵا دەستی خوری لەو ناوچانەدا بەپێی دوو نەخش، کە لە ئیشنونای[1] نزیك دیالە دۆزراونەتەوە سەلمێنراوە، لـە سـەریەکێکیاندا نـاوی پاشـایەك تۆمـارکراوە، کـە نازناوی (**پیاوی نینووا**)[2]ی لە خۆی ناوە، ئەم شارە لەو سـەردەمەدا بـە ناوەنـدی پەرسـتنی خواوەنـد (شاوشـکا)ی خـوری ناسـرابوو[3]. لـە نـاو بەڵگەنامـەکانی

---

1 دەوڵەتێکی گرنگ بووە لە ناوچەکانی نێوان دیجلە و رووباری سیروان-دیالە و بەرەو باشـوور، کـە لـە دوای سەردەمی ئورەوە سەربەهەڵدا وتوانی رۆڵێکی سیاسی و ئابووری گەورە ببینێت، قحطان رشـید، الکشاف الأثري، ص123.

2 لە ناوە کەسێتییەکانی نوزیدا زۆرجار برگەی یەکەمی ناوی کەسـایەتییەکان بـە نینـوا (ninu-atal) هاتووە، بڕوانە:

Smith, Text: JENu (236), Publication: JEN (72).

- کۆنترین ئاماژە بۆ ناوی ئەم شارە بۆ چاخی بنەماڵـەی سـێیەمی ئـور دەگەڕێتـەوە، قحطـان رشـید، الکشاف الأثري، ص22.

3 أحمد و رشید: تاریخ الکرد القدیم، ص68.

ئیشنونادا، مۆرێکی شاهانە دۆزراوەتەوە، کە بەم شێوەیە تۆمارکراوە: **"تیش-ئەتەل پاشای کەرخەر"**، هێمایەك پێش ناوی پاشا تۆمارکراوە، کە نیشانەی خواوەندێتییە. ئەوەش نیشانەی هێزو دەسەڵاتە و لە ناوچەکەدا نموونەی تری هەبووە[1]. سەبارەت بە شوێنی کەرخەر، زۆربەی سەرچاوەکان پێیان وایە، کە دەکەوێتە ناوچەکانی نێوان رووباری دیالە-سیروان و کەرکوك[2]، دەیسەلمێنێت، کە ناوچەکانی باکووری دیالە-سیروان و خۆرهەڵاتی دیجلە لە کۆتایی چاخی بنەماڵەی سێیەمی ئورەوە لە لایەن پاشایانی خورییەوە فەرمانڕەوایەتی کراوە و لەو سەردەمەوە هیچ هێزو دەسەڵاتێکی ناوەندی سۆمەری یان بابلی لەو ناوچانەدا نەبووە[3]. جێی سەرنجە، لەو ماوەیە بەدواوە چارەنووسی دەوڵەتی کەرخەر نەزانراوە و لەوانەیە پشکنینی زیاتر لەو ناوچانەدا زانیاری لەمبارەیەوە بدات بە دەستەوە. ئەرشیڤەکانی شمشارە بۆ دوو قۆناغی سەرەکی دابەش دەکرێن: قۆناغی ئاڵوگۆڕی نامەکانی نێوان فەرمانڕەوایانی زاگرۆس و کوواری فەرمانڕەوای شارەکە، قۆناغی دووەم، لە سەردەمی دەسەڵاتی ئاشووریدا، کە هاوکاتی بیست و هەشتەمین ساڵی فەرمانڕەوایەتی شمشی-ئەدەدی یەکەم (1813-1781پ.ز) تا کۆتایی دەسەڵاتی ئاشووری لەلایەن توروکو و هاوپەیمانەکانییەوە لە ناوچەکەدا دەگرێتەوە، لەو ماوەیەدا کوواری سەر بە دەوڵەتی ئاشوری بوو[4] هەروەها دوای ئاشورییەکان.

1 پاشایەکی تری کەرخەر بەناوی زەردەمو و شیمورم بە ناوی ئەدی-سین هێمای خواوەندێتییان لە گەڵ ناوی خۆیاندا دانابوو، بڕوانە: فلهلم، الحوريون، ص38-39.

2 قەرەداغی: مێژووی دێرینی کوردستان، ل33.

3 سەبارەت بە وڵاتی بابل، لەو ماوەیەدا دەسەڵاتی ناوەندی نەما بوو، چەندین دەوڵەت سەریان هەڵدا بوو و کە لە ململانێدا بوون، تا حەمورابی (1792-1750پ.ز) پاش رێکخستنەوەی دەوڵەتەکەی هەموویانی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە، بڕوانە: الاعظمی, محمد، حمورابی, بغداد، 1990، ص72-76.

4 Ahmed: The Northern Transtigris, P.112.



## دەوڵەت و میرنشینەکان:

بەگشتی هێزەکانی ناوچەکە لە شێوەی دەوڵەت یان میرنشینی بچووك بچووکدا بوون، پاشاکانیان لە ناوەندی شارێکدا فەرمانڕەوایەتییان دەکرد. هۆزەکانی (توروکو)ی[1] خوری لە هەموو هێزەکانی تر زیاتر ناوبراون، کە لە یەکێتیی هۆزە خورییەکان پێکهاتبوون[2]. لەو سەردەمەدا، پاشایەکیان بەناوی تالپو-شاری (Talpu-Šarri) لە شاری کونوشوم (Kunušum)ەوە لە ناوچەی ئوتوم (Utūm) فەرمانڕەوایی شانشینەکەی دەکرد، کە لە خۆرهەڵاتەوە لە شاخەکانی دەوروبەری قەڵادزێی ئێستاوە تا قابرا[3] بووە. کوواری فەرمانڕەوای شمشارە پێش ئەوەی بچێتە پاڵ ئاشور، سەر بە پاشای توروکو بوو[4].

لوللوبییەکان، وەك لە دەقەکانی شمشارەدا دەردەکەوێ، بەتایبەت لە نامەیەکی شیپراتوو ناوێکدا بە کۆ ناوی پاشاکانیانی هێناوە، بەوپێیەش دەوڵەتێکی یەکگرتوویان نەبووە، لەو نامەیەدا داوای لە کوواری کردووە، کە پشتگیری لوللوبییەکان بۆخۆی مسۆگەربکات[5]. سەرەڕای ئەوەش توانیبوویان هێزێکی وەك ئیشنۆنا ببەزێنن، کاتێك ئەمەی دوایی هاوپەیمانی ئاشور بوو[6]. گوتییەکانیش لە

1 لە نامەکانی (ماری)دا بە توڕوکوو، شمشی-ادد بە تیڕوکوم، لە دەقێکی نرام-سیندا بە توڕوککوم و لە دەقەکانی (بوغازکۆی)دا بە توڕوکی ناوبراوە، قەرەداغی، فاضل، مێژووی شوێنەوای شمشارە، ل39-40.

2 Ahmed: The Northern Transtigris, P.108.

3 لەدەقەکانی نوزیدا بە (کابرا)ی گەورە و کابرای بچووك تۆمارکراوە، کە دەکەوێتە نێوان ئوڕبیللوم (هەولێر) و ئەڕاپخا (کەرکوك).

Ahmed, The Northern Transtigris, P. 109.

4 Eidem, and J. LæssØe: The Shemshara Archives -1- The Letters, (Copenhagen: 2001), P.111.

5 لیسۆ، یورگین: خشتەکانی شمشارە، و. عزیز گەردی، (هەولێر: 1998)، ل102.

6 Ahmed: The Northern Transtigris, P.112.

ناوچەکانی خوارووی لوللوییەکانەوە هێزێکی تری ناوچەکەبوون لەو سەردەمەدا و لە نێوان هاوپەیمانییەتەکانی ئەو سەردەمەدا رۆڵێکی کاریگەرییان هەبووە[1].

چەند هێزێکی تریش سەرەڕای ئەوەی لە سەرچاوەکانی ئەو سەردەمەدا کەمتر ناوبراون، رۆڵی کاریگەرییان بینیوە، یەکێك لەوانە، سیمورم بووە، کە لە ناوچەکانی نێوان رووباری دیالە-سیروان تا زێی بچووکدا بووە[2]، لەو سەردەمانەدا رۆڵێکی گرنگی بینیوە، بەتایبەتی لەڕووی دیبلۆماسییەوە، چونکە نوێنەریان بۆ ماری ناردبوو، پێدەچێت بۆ ماوەیەك هاوپەیمانییەتی لەگەڵ ئەخازومدا پێکهێنابێت[3]. قابرا، هێزێکی تری ئەو سەردەمە بووە، کە دەکەوتە نێوان ئەڕاپخا و ئوربیلوم لە لێواری باکووری زێی بچووکدا[4]. هەروەها کاکمییەکان، لە ناوچەکانی کۆیەی ئێستادا[5]، ئەڕاپخاش پێدەچێت لەو سەردەمەدا تا داگیرکردنی لەلایەن ئیشنۆنا و ئاشورەوە، دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووبێت[6].

هەروەها چەند هێزێکی تر، کە لەو سەردەمەدا رۆڵی گرنگیان دەبینی و بەگشتی پەیوەست بوون بە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی دیجلەوە، ئەوانیش دەوڵەتی ئاشوری لەسەردەمی شمشی-ئەدەدی یەکەم، کە سێ ناوەندی هەبوو: ئاشور لە لێواری خۆرئاوای دیجلە و ئیکاللاتوم لە لای باکوورییەوە، شوبات ئینللیل لە ناوچەکانی خابوور، هەروەها دەوڵەتی ئیشنۆنا لە ناوچەی دیالەی ئێستادا[7].

---

1 قەرەداغی: مێژووی شوێەواری شمشارە، ل30-33 ؛
Eidem, LæssØe, the Shemshara Archives –1- The Letters, Pp.31-32.
2 بۆ شوێنی سیموروم بڕوانە: ل 30 بەشی یەکەم.
3 قەرەداغی: مێژووی دێرینی کوردستان، ل270-271.
4 Ahmed: The Northern Transtigris, P.109.
5 Frayne: The Zagros Campaigns of Šulgi and Amar-Suena, P. 171.
6 قەرەداغی: مێژووی دێرینی کوردستان، ل221.
7 ساکز: عظمة بابل, ص87.



## بارودۆخی سیاسی:

شانشینی توڕوکو، وەك لەسەرەوەدا ئاماژی بۆ کراوە، هێزێکی سەرەکی ناوچەکە بووە، کە دەسەڵاتی لە خۆرهەڵاتی شاخەکانی رانیەوە تا قابرای سەر زێ درێژببۆوە. لە ماوەی پێش دەسەڵاتی ئاشوری لە ناوچەکەدا[1]، ململانێیەکی توندی لەگەڵ گوتییەکاندا هەبوو، پاشایەکی گوتی بەناوی ئیندۆش (Indošše) گەمارۆی توڕوکوی دابوو، بۆیە پاشایەکیان بەناوی تالپوشاری (Talpu-šarri)، هاوپەیمانێتییەکی لە هۆز و شارەکانی ناوچەکە پێکهێنا، دەوڵەتی ئیلامیش لەو هاوپەیمانێتییەدا بوو، چونکە ئەمان دژی گوتییەکان بوون، هەروەها بەشێك لە لوللو و سیمورم بەشداربوون[2]. لە لایەکی تریشەوە، سەرەڕای ئەوەی کە ئاشورییەکان رێکەوتنیان لەگەڵ توڕوکودا هەبوو، بەڵام پێناچێت جێی بڕوا بووبێتن، چونکە شمشی-ئەدەد بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ دادوشا پاشای ئیشنۆنا لەشکرکێشییەکیان کردەسەر ئەڕاپخا و قابرا و داگیریان کردن[3]. لە دەقێکی پاشایەکدا هاتووە، **"چوومە کیرخۆی ئەڕاپخا و پێکانی خواوەند (ئەدەد)م ماچکرد، و دواتر کاروباری وڵاتەکەم رێکخست"**[4]،پێدەچێت دادوشا ئەو شارەی داگیرکردبێت، چونکە، ئیشنۆنا لەلای باشوورەوە هاتووە و شمشی-ئەدەد لەلای خۆرئاواوە، دواتر هەردوو هێزەکە لە کاشتەپە[5] بەیەك گەیشتوون[6]. بەڵام دواتر ناوچەکانی ئەڕاپخا، بەهۆی لاوازبوونی ئیشنۆنا و مردنی دادوشاوە، کەوتە

---

1 مەبەست لەو ماوەیە، سەردەمی پێش شمشی-ئەدەد دەگرێتەوە، چونکە پێش ئەو ناوچەکە سەربەخۆ بوو.
2 Ahmed: The Northern Transtigris, P. 111-115.
3 Frayne: The Zagros Campaigns, P.165.
4 أبنهايم: بلاد مابين النهرين، ص160.
5 بەپێی دەقەکە ئەو شوێنە قوشتەپەی ئێستا دەگرێتەوە، قەرەداغی: مێژووی دێرینی کوردستان، ل260.
6 Eidim& LæssØe: The Shemshara Archives –1- The Letters, P.81.

دەستی (شمشی-ئەدەد)[1]. لێرەبەدواوە بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی مێخییەوە، پەیوەندی نێوان ئەڕاپخا و توڕوکو نەزانراوە.

بەو شێوەیە شانشینی (توڕوکو) بەشێك لە ناوچەکانی لەدەستدا، لەگەڵ ئەوەشدا کێشەی کەمی خۆراك و دانەوێڵە لەناوچەکەدا، هۆیەکی تری گرنگ بوو بۆ لاوازبوونی، لەوکاتەشدا کوواریی فەرمانڕەوای شمشارە پاڵێدایە (شمشی-ئەدەد)، بەوەش ناوچەکانی ئوتوم لە نزیکەی (1781پ.ز)دا کەوتە ژێر سایەی ئاشورییەکانەوە، لە بەرامبەردا، کوواری لە شوێنی خۆی مایەوە[2].

لەو ماوەیەی دەسەڵاتی (شمشی-ئەدەد)دا، ئەڕاپخا کەوتبووە دەست ئاشورییەکانەوە و کردبوویانە ناوەندێکی خۆیان، چەند نامەیەکی لە ئەڕاپخاوە بۆ سەرکردە و فەرمانڕەواکانی سەربەخۆی ناردووە، بەتایبەتی لە هەوڵی داگیرکردنی (شیکشابوم/Ši-ik-ša-ab-bu-um$^{ki}$)[3]دا، کە نامەیەکی بۆ کوواری ناردبوو، تا بەهاوکاری فەرمانڕەوای ئەڕاپخا (ئێتێللوم)، کە سەر بە شمشی-ئەدەد بوو، هێز بۆ داگیرکردنی ئەو شارە بنێرێت[4].

لەو کاتەی کە (ششمشی-ئەدەد) لە هەوڵی داگیرکردنی ئەو ناوچانەدا بوو، یاشوب-ئەدەدی پاشای ئەخازوم لە هاوپەیمانێك دەگەڕا، لە دوای داگیرکردنی

1 قەرەداغی: مێژووی دێرینی کوردستان، ل252.

2 Ahmed: The Northern Transtigris, P.117.

3 ناوی ئەم شارە بەچەند شێوەیەکی تریش هاتووە، وەك، شیکشامپی و شیکشابیم، بەپێی بوونی پاشگری /امپ/ ناوی شارەکە خوڕیيە و پێدەچێت لەوکاتەدا بنکەیەکی گوتییەکان بووبێت، بڕوانە، لیسۆ، خشتەکانی شمشارە، ل47، دێڕی (5). بەپێی سەرچاوەکان ئەم شارە دەکەوێتە سەر زێی بچووك، لە نزیك تیکتیخوم (Tiktiĥum) (تەق تەقی ئێستا) و پایتەختی وڵاتی ئەخازوم بوو. بڕوانە پاشکۆی ژمارە (9).
Eidem& LæssØe: The Shemshara Archives –1- The Letters, P.23.

4 لسیۆ: شیکشابوم، و. فاضل قەرەداغی، لە: هەزارمێرد، ژ. 19، (سلێمانی: 2002)، ل34.



(ئەڕاپخا) و (قابرا) بەشێکی زۆر لە گەورەکانی توڕوکو چووبوونە (شیکشابوم)، گوتییەکانیش لە خواروی زێی بچووکەوە هاوکارییان دەکردن، کوواریش هاوپەیمانێکی دڵسۆزی ئاشور نەبوو، بۆیە هەوڵەکانی سەرکەوتوو نەبوو[1].

## بوژانەوەی توڕوکو: (Turruku)

دوای داگیرکردنی ناوچەکە لەلایەن شمشی-ئەدەدی یەکەمەوە، کۆمەڵێك لە پیاوماقوڵانی[2] توڕوکو چووبوونە لای کوواری لە شوشارا، بەڵام سەرەڕای ئاگادارکردنەوەی شمشی-ئەدەد، سیاسەتی بەرامبەریان زۆر خراپ بوو، ئەوەش بووە هۆی هەڵچوونێکی گشتی توڕوکو لە ناوچەکانی ئوتوم و خەڵکی ناوچەکە لە دژی کوواری و ئاشور راپەڕین، بەڵام شمشی-ئەدەد توانی بەرەو شاخەکان پاشەکشەیان پێبکات، ئەو رووداوانە لە نامەگۆڕینەوەکانی نێوان میرەکانی ماری و ئاشوردا، کە سەر بە شمشی-ئەدەد بوون باسکراوە، ئەم راپەڕینە لەلایەن لیدایا (Lidāya) سەرکردایەتی کرابوو، پێشتر شمشی-ئەدەد داوای لێ کردبوو، کە بۆ شیکشابوم بچێت، بەڵام ئەو بۆ بوروللوم لە نزیك شوشارا چوو[3]. ئەو راپەڕینە بووە هۆی لەناوبردنی دەسەڵاتی کوواری و دەسەڵاتی ئاشوری لە ناوچەکەدا، کە هاوکاتی سییەمین ساڵی دەسەڵاتی شمشی-ئەدەد بووە[4].

دوای ئەو رووداوانە، ئاشورییەکان هەوڵێکی زۆریان بۆ زاڵبوونەوە بەسەر ناوچەکەدا دا، بە پێی نامەیەکی ئیشمی-داگان بۆ براکەی لە ماری، بەسەریاندا سەرکەوتوون، ئەوانیش بۆ شاخەکان کشاونەتەوە[5]، بەڵام سەرکردە نوێکانی

1 Ahmed: The Northern Transtigris, P.119.

2 وەك، خازیپ- تیشوپ و لیدایا و زازییا.... تاد.
The Northern Transtigris, P. 120.

3 The Northern Transtigris, P.121.

4 قەرەداغی: مێژووی شوێنەواری شمشارە، ل42-43.

5 LæssØe, PAA, P.44.

تورِوکو زۆر بەوردی دەجوڵانەوە و تاکتیکی نوێیان بەکاردەهێنا[1]، دەرئەنجام بە سەرکردایەتی زازییا (Zazia)ی سەرکرەی نوێی تورِوکییەکان، هەموو ناوچەکانی خۆرهەڵاتی دیجلە کەوتە دەستیان و ئیکاللاتوم لە خۆرئاوای دیجلەدا، کە یەکێك بوو لە ناوەندەکانی ئاشور، کەوتە دەست زازییاوە، ئەگەر هێرشی گوتییەکان نەبوایە زۆری نەمابوو شوبات-ئینلیلی ناوەندی ئیشمی-داگانی کورِی شمشی-ئەدەد بگرن[2]. لەو کاتەدا فەرمانڕەوایەکی نوزی بەناوی سومو-ئیپوخ (Sumu-Epuĥ) هەرِەشەی لە ئاشورییەکان کردبوو، کە هاوکاری زازییا دەکات، بەڵام دوای ماوەیەك مرد و نەزانراوە، کە ئایا پێش مردنی هەرِەشەکەی بەجێهێناوە، یان نا؟[3]، لە دوای ئەوماوەیەدا چەندین جار ناوچەکانی کەرِانە و ئاشور کەوتبوونە بەر هێرشی تورِوکییەکان و شارێکییان بەناوی ماردەمان لەسەر دیجلە خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە و (نەینەوا)یان کرد بە ناوەندێکی گرنگی خۆیان[4].

دەوڵەتی تورِوکو زۆر فراوان ببۆوە، بە شێوەیەك کە لە خۆرهەڵاتەوە تا زاگرۆس، لە خۆرئاواوە تا خۆرئاوای دیجلە درێژببۆوە، کە دواتر دەبێتە بەشێك لە دەوڵەتی میتانی، ئەوەش هەرِەشەبوو بۆ دەسەڵاتی دەوڵەتەکانی ئاشور، کەرِانە و بابل، بۆیە پەیوەندی دیبلۆماسی کەوتە نێوانیانەوە، تەنانەت نوێنەری زازییا لە بابلدا بەدیکراوە، پاشای ئاشوری (ئیشمی-داگان) چەند جارێك داوای پەیوەندیکردنی لەگەڵ (زازیا) کردبوو[5].

1 لە نامەیەکیدا بۆ سەرکردەیەکی خۆی، شمشی-ئەدەد باسی لەوەکردووە، کە نەیتوانیوە هیچ زانیارییەکی راستیان دەبارەی هەنگاوەکانی بۆ بنووسێت، چونکە یەکسەر تورِوکییەکان لە رێگای تایبەتەوە دەیزانن و زانیاری هەڵە دەخەنە بەردەست ئاشوورییەکان بۆ فریودانیان برِوانە:
Ahmed, the Northern Transtigris, P123.

2 The Northern Transtigris, P.125.

3 ئەوەش نیشانەی سەربەخۆیی (نوزی)یە لە دەسەڵاتی ئاشوورییەکان، لەوسەردەمەدا.

4 The Northern Transtigris, Pp.123f.

5 زازییا کچێکی خۆی بە کورێکی ئیشمی-داگان دا، لە بەرامبەردا زێرِ و زیوی وەرگرت، تا لەلای ئیشنونا و تورِوکو دڵنیابێت، لەوکاتەدا حەمورابی لە باشوورەوە لە گەشەسەندندا بوو، برِوانە:
LæssØe, PAA, P.43.



لەناوچەکەشدا زازییا رۆڵێکی زۆری دەبینی، لەوکاتەی ئالۆزی کەوتە نێوان زازومی پاشای گوتییەکان و پاشایەکی شیمورم، لە ئەنجامی هێرشەکانی گوتی بۆ سەر ناوچەکانیان، پەنای بردە بەر زازییا، ئەمیش دایەوەدەست زازومی پاشای گوتی. لەلایەکی ترەوە، (کاکمییەکان) هێرشیانکردبووە سەر قابرا و گرتیان. بەوشێوەیە ناوچەکە لەنێوان ئەو هێزانەدا دابەشبوو بوو[1].

لەو ماوەیە بە دواوە، حەمورابی لە بابلدا، دەسەڵاتی بەهێز بوو بوو، لە ساڵەکانی سی و حەوتەمینی فەرمانڕەوایەتیدا باسی لە بەزاندنی هاوپەیمانێتی ئیشنۆنا، مالیگیوم[2]، گوتی، ئاشور و ئەنداریق[3]و تورِوکوی کردووە[4]. بەڵام ئەمە مانای ئەوە ئەوەنیە حەمورابی بەسەریاندا زاڵ بووبێت، یان وڵاتەکانیانی داگیرکردبێت، چونکە ئەو سەرکەوتنە دوای ئەوە بووە، کە ئەو هاوپەیمانێتییە لە داگیرکردنی بابلەوە نزیك بوو بووەوە، هەروەها ناچاربووە، کە پەیوەندی لەگەڵ زازییادا ببەستێت، دواتریش، سامسو-ئیلۆنای (1749-1714پ.ز) کورِی حەمورابی ژمارەیەك لە دیلەکانی جەنگی بۆیان گێرِاوەتەوە[5].

بەوشێوەیە خورِییەکان چەندین دەوڵەتیان بنیاتنا، کە بوونە زەمینەی سەرهەڵدانی دەوڵەتی میتانی لە سەدەی 16ی پ.زدا.

1 Ahmed: The Northern Transtigris, P.128.

2 شانشینێك بوو لە باشووری ناوچەی بەیەکگەیشتنی دیالە بە دیجلەدا، کە تاپارێزگای ناصریەی ئێستای گرتبۆوە، الاعظمي، محمد طه محمد: حمورابی (1792-1750ق.ز)، شرکة عشتار للطباعة والنشر، (بغداد: 1990)، ص72.

3 ئەم دەوڵەتە لەسەر دیجلەدا، لە نێوان ئەرِاپخا و ئیکاللاتوم بووە، الاعظمي، حمورابی، ص76.

4 الاعظمي، حمورابی، ص76-77.

5 بەو پێیەش ناوچەکانی تورِوکو لەگەڵ بابلدا هاوسنوور بوون، کە نەزانراوە لە کوێوە بووە.

**باسی دووەم:**

## چاخی خوری- میتانی: (1750؟- 1330 پ.ز)

دوای شمشی-ئەدەدی یەکەم، کورەکانی لەسەر تەختی ئاشور جێیان گرتەوە، بەڵام نەیانتوانی دەسەڵات و شکۆی دەوڵەت بپارێزن، دوای ماوەیەکی کورت دەوڵەتی ئاشور پایەی جارانی لە دەستدا، لە بەرامبەردا گەلانی (گوتی، خوری، .... تاد) زیاتر لە ناوچە دەشتایی و بەپیتەکان دەردەکەوتن تەنانەت لە دوای جێنشینانی شمشی- ئەدەد، تۆمارەکانی ئاشور وەستان و لەو کاتەوە پاشماوە و ناوە کەسێتییە خورییەکان لە ئاشوردا لە زیاد بووندا بوون.[1]

لە وڵاتی (بابل) یشەوە بەهەمان شێوە دوای حەمورابی دەوڵەتی ناوەندی بەرەو لاوازی دەچوو، جێنشینانی حەمورابی نەیانتوانی پایەو دەسەڵاتی بابل بپارێزن، ئەوەش بۆ هۆی جیاجیای دەرەکی و ناوخۆیی دەگەڕێتەوە، شکۆ و پایەی دەوڵەتی بابل لەلایەك بە کەسایەتی حەمورابییەوە پەیوەست بوو، لەلایەکی ترەوە، دەرکەوتنی دەوڵەتی کاشی کە بەشی باکووری بابلی داگیرکرد، هەروەها خورییەکان لە خۆرهەڵات و باکووری دیجلەدا چەند دەوڵەتێکیان دامەزراند[2]. گرنگترین ئەو دەوڵەتانە، شانشینی ئەڕاپخا بوو، لە نێوان زێی بچووك لەلای باکوورەوە و حەمرین لەلای باشووری خۆرئاواوە و ڕووباری دیالە—سیروان لە باشووری خۆرهەڵاتەوە.

---

1 Gelb: HS, Pp.66-67; LæssØe, PAA, P.49.

2 بۆ ناوی ئەو دەوڵەتانە، بڕوانە، ل96.

## یەکەم: شانشینی ئەڕاپخا

کۆنترین ئاماژە بۆ ئەڕاپخا بۆ دەقێکی جوگرافی سارگۆنی ئەکەدی (2370-2284 پ.ز) دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەو دەقە بریتییە لە کۆپییەکی سەردەمی بابلی کۆن، نەزانراوە، ئایا وەك خۆی نووسراوەتەوە، یان بە پێی سەردەمەکە ناوی شارەکە تۆمار کراوە، چونکە سارگۆن ئەو ناوچەیەی داگیر کردبوو[1]. دواتر لە سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا ناوی ئەڕاپخا هاتووە[2]. وەك زانراوە بە پێی لەشکرکێشی پاشاکانیان لە خۆرهەڵاتی دیجلەدا بۆ سەر (ناوچەی ئەڕاپخا)، ئوربیلوم و شوشرا، زۆربەی فەرمانڕەوا و کەسایەتییەکان خوری بوون[3]، بەڵام ناوی ئەڕاپخا لە ساڵنامەکانیاندا نەهاتووە.

سەرەڕای نەبوونی بەڵگە بۆ پایەی سیاسی ئەڕاپخا، پێدەچێت تا سەدەی 18ی پ.ز پێش داگیرکردنی لەلایەن ئیشنونا و ئاشورەوە، دەوڵەتە شارێکی سەربەخۆ بووبێ، لەو مێژووە بە دواوە خورییەکان چەندین دەوڵەتە شاریان لە خۆرهەڵاتی دیجلە دامەزراند[4]، ئەڕاپخا یەکێك بووە لەو دەوڵەتەشارانە. خورییەکان لەو ناوچانەدا گەشەیان کردبوو و لەفراوانبووندا بوون، ئەوەش بووە هۆی پاڵ پێوەنانی کاشییەکان، کە لە باشووری ناوچەکانی ئەڕاپخادا تا خانە لەسەر فورات بڵاوبووبوونەوە، دواتر بەرەو باشوور چوون و بابلیان داگیرکرد بوو[5].چونکە لەو کاتەدا بابل لە لایەن مورسیلی یەکەم پادشای هیتی لە نزیکەی 1595 پ.ز داگیر کرابوو، ئەمەش هەلێکی باشی بۆیان ڕەخساند کە وڵاتی بابل بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و دەوڵەتی کاشی دابمەزرێنن[6].

1 Ahmed: The Northern Transtigris, P.52.

2 Levy: Harmal geographical List, P. 57.

3 Astour: Semites and Hurrian, P.15.

4 وەك: خابووراتوم، ازوخینوم (لە خۆرهەلاتی ئەڕاپخا) و مەردەمان، بڕوانە: فلهلم، الحوریون، ص44.

5 مورتکات, أنطوان: تأریخ الشرق الادنی القدیم، تر. توفیق سلیمان, (دمشق: 1967), ص203.

6 البریفکانی: الکاشیون، ص24.



لە لایەکی ترەوە وڵاتی ئاشور هێز و توانای نەبوو، بە لەبەرچاوگرتنی گەشەکردنی خوری لە ناوچەکەدا و بوونی شوێنەواری داگیرکاری لە ئاشوردا، پێدەچێت خورییەکان لەو مەسەلەیەدا ڕۆڵیان هەبووبێت[1]، چونکە لەسەردەمێکی دواتریشدا ئاشور دەکەوێتە ژێر سایەی دەوڵەتی میتانیی—خوری[2].

زانایان پێیان وایە کە خورییەکان لە سەدەی (18ی پ.ز) ەوە ناوی (گاسوور)یان بۆ نوزی گۆڕیوە[3]، بەو پێیەش خورییەکان تەنها بە شار و ناوەندە کۆنەکانەوە نەوەستاون، بەڵکو شاری کۆنیان ئاوەدانکردۆتەوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ فراوانبوونی خوری بەرەو باشوور لە سەردەمێکی پێش هێرشی مورسیلی یەکەم پاشای هیتی بۆ سەر بابل. بە پێی سەرچاوەکان ئەوە ڕوون بووەتەوە کە لەو سەردەمەدا کۆچێکی فراوانی تری خوری لە باکوور و باکووری خۆرهەڵاتەوە دەستی پێکردبوو، ببووە هۆی جێگیربوون و فراوانتربوونی دەسەڵاتیان، بە پێی هەندێ توێژینەوە دەردەکەوێت کە گۆڕانێك لە شێوەزاری خوری ڕوویداوە، وەك سەرەتایەك بۆ هاتنی ئەو شەپۆلە نوێیە، کە پێدەچێت کاریگەری ئارییەکان لەگەڵ ئەو شەپۆلەدا بووبێت[4].

بەڵگەکانی ناوخۆی ئەڕاپخا بە تایبەت پێش ساڵانی (1500 پ.ز) زانیاری ناخەنەڕوو، لە کاتێکدا ئەرشیڤی پاشایانی ئەڕاپخا نەدۆزراوەتەوە، کە پێدەچێت لە شاری ئەڕاپخا / ئالئیلانیدا بووبێت. بەڵام لە دەقەکانی نوزیدا دوو مۆری پاشایەکی ئەڕاپخا دۆزراونەتەوە، یەکێك لە مۆرەکان تایبەتە بە کاروباری زەوی

1 Gelb: HS, P. 66.

2 بۆ داگیرکردنی ئاشوور، بڕوانە: ل 108، بەشی دووەم، باسی دووەم.

3 بۆ ناوەکە بڕوانە: بەشی یەکەم.

4 Kühne: "Imperial Mittanni: An Attempt at Historical Reconstruction”, in: SCCNH, Vol., 10, (Bethesda Maryland: 1999), P.209.

و کێڵگەیی[1]، ئەویتر نەخشێکی[2] لەسەردایە، لە لایەن ئیتخی–تیشوپ (Itĥi–Teššup)ەوە تۆمار کراوە و خۆی بە پاشای ئەڕاپخا ناوزەند دەکات **"ئیتخی-تیشوپ پادشای وڵاتی ئەڕاپخی کوڕی کیپی – تیشوپ"**[3].

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی دەقەکانی نوزی، شێوازی داڕشتنی تۆمارەکان بووە بە بێ مێژوو، بۆیە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ نامەیەکی شەوشتەتاری پاشای میتانی لە نزیکەی (1430 – 1420 پ.ز)دا هاتۆتە سەر تەختی میتانی و پاش ئەوەی کە دەوڵەتی ئاشور و ئەڕاپخا دەخاتە سەر ئیمپراتۆرییەتی میتانی، نامەیەك بۆ (ئیتخی- تیشوب)ی پادشای ئەڕاپخی دەنێرێت[4].

بەو پێیەی سەرەتای فەرمانڕەوایەتی ئیتخی-تیشوپ بۆ پێش ئەو ماوەیە دەگەڕێتەوە، لە دەقێکی تری ئەرشیڤی نوزی کە گرێبەستێکی (Maruti) یە لە نێوان تێخیپ-تیللا و کەسێکی تردا، لە کۆتایی دەقەکەدا ئەم دەستەواژەیە تۆمار کراوە: **"لەو ساڵەی کە (ئیتخیا) بوو بە پاشا، ئەو گەیشتە پلەی پاشایەتی"**[5]، بەشێك لە دەقەکانی نوزی هاوچاخی سەردەمی ئیتخیا بوون، کە بۆ نیوەی دووەم سەدەی 15ی پ.ز دەگەڕێنەوە، وازانراوە دەقەکان بە گشتی لە نێوان (1450–1340 پ.ز) بووە[6]، تێخیب-تیللا هاوچاخی (ئیتخیا) بووە و

1 بە ڕێککەوت چەند تابلۆیەك لە ئەڕاپخا دۆزراونەتەوە کە بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێنەوە، هی بنەماڵەیەکن بە ناوی (ولو)، ئەم تابلۆیانە زیاتر ئابووری و سیاسین، بڕوانە:
Lewy, “Nuzian Feudal System”, or Ns, Vol. XI, (Roma: 1942), P.31.

2 ئەم پاشایە نەخشێکی تری هەیە، کە بەم شێوەیە تۆمارکراوە، **"ئیتخی-تیشوپ کوڕی کیپی-تیشوپ، پاشای وڵاتی ئەڕاپخا، ....ی ئاداد و ئیشتاری ئاغاژنم..هەچ کەسێك ناوم لاببات، با ئاداد و ئیشتاری لوبدی نەوەی لەناوبەرن"**، بڕوانە: قەرەداغی، مێژووی دێرینی کوردستان، ل217.

3 “It-ĥi–Te–eš–šu–up mar Ki–pi–Te–eš–šu–p Šarr $^{mat}$Ar-ra-ap-ĥi” sees: Lewy: “The Nuzian Feudal System”, Pp.318-319.

4 Lewy: “The Nuzian Feudal System”, P.33.

5 Lewy: “The Nuzian Feudal System”, P. 325.

6 Fridman, Toward a Relative Chronology at Nuzi, P.125



دایکی تێخیپ-تیللا وینریکی (Winriki/ge) هاوچاخی کیپی-تیشوپ بووە[1]، بەو پێیە ڕێی تێدەچێت ئەم لە نیوەی یەکەمی ئەو سەدەیەدا بووبێت[2].

تا ئێستا گەورەترین ئەرشیڤی کارگێڕی و ئابووری و یاسایی لە شانشینی (ئەڕاپخا)دا لە شاری نوزیدا دۆزراوەتەوە[3]، ئەو بەڵگەنامانە لە کۆشکی میریدا (ekallu) دۆزراونەتەوە، بۆ کوڕانی پاشای ئەڕاپخا یان شاژن و لێپرسراوانی کۆشکی شارەکە دەگەڕێتەوە[4]. گرێبەستەکانی تایبەت بە بازرگانی و زەوی و زار و تەنانەت کاروباری سەربازی و دادوەری ناوچەکانی ئەڕاپخا زۆربەی لە نوزیدا ئەرشیف کراوە[5]. نووسەرانی نوزی[6] لە دەقەکانی شارەکانی تری ناوچەکەدا دووبارە دەبنەوە، پێدەچێت لە نێوان شارەکاندا گەڕۆك بووبێتن[7]، ئەوانە هەمووی بەڵگەی ئەوەن کە نوزی ناوەندێکی گرنگی ئەڕاپخا، یان پایتەختی کارگێڕی شانشینی ئەڕاپخا بووبێت، چونکە وەك لە دەقەکاندا دەردەکەوێت پاشا پێگەیەکی هەمیشەیی نەبووە. ئەوە یەکێك لە جیاکارییەکانی پاشای ئەڕاپخا بووە[8].

1 Smith, Text: JENu (600), Publication: JEN (82).

2 Lewy, “The Nuzian Feudal System”, P. 318..

3 Nigri Scafa: The Scribes of Nuzi, P.63.

4 Maidman: Nuzi, P. 335.

5 Zaccagnini: “Merchant at Nuzi”, in: IRAQ, Vol., 39, 1977, P. 175.

6 نووسەرانی نوزی نازناوی (tup Šarru Ša Šarri)یان هەبووە، بە واتای نووسەری پاشا.
Lewy, “The Nuzian Feudal System”. P. 5.

7 Nigri Scafa: The Scribes of Nuzi P.67.

8 پاشا لە هەموو بۆنە ئایینی و بۆنەکانی تردا ئامادە دەبوو، فلهلم، الحوريون. ص 92.

## دووەم: دەوڵەتی میتانی 1500؟ — 1262 پ.ز:

### 1. میتانی لە سەرچاوە مێخییەکاندا

لە کۆتاییەکانی سەدەی 16ی پ.زدا ناوی میتانی لە سەرچاوە میسرییەکاندا دەرکەوت، بە تایبەت لە چوارچێوەی لەشکرکێشییەکانی تحوتمسی یەکەم (1528–1510پ.ز) بۆ سەر ناوچەکانی (فەلەستین و سووریا)، لەو تۆمارانەدا ناوەکە بە (Mati–te–ni)[1] بووە، لەو مێژووە بە دواوە میتانی ڕۆڵێکی گرنگ لە مێژووی ناوچەکەدا دەبینێت.

ناوی میتانی لەسەردەمە جیاجیاکانی ئەو چاخەدا بە شێوەی جیاواز هاتووە، وەك خانیگەڵبات، دەوڵەتی خوری، نهارینا و میتانی. سەبارەت بە خانیگەڵبات، زیاتر لە دەقەکانی دەوڵەتی هیتی و ئاشوریدا تۆمارکراوە، لە کۆتایی سەدەی 17ی پ.زدا خاتوو شیلی یەکەم (1650–1620پ.ز) پاشای هیتی بەردەوام هێرشی دەکردە سەر ناوچەکانی ئالالاخ، حەڵەب و زنجیرەکانی تۆرۆس، لەو هێرشانەدا زۆر جار ڕووبەڕووی خورییەکان دەبوەوە، دوای داگیرکردنی ئالالاخ، حەڵەبی کردە ئامانج، بەڵام بەهۆی ڕۆڵی خورییەکانەوە شکستی هێنا، تەنانەت لە چیرۆکێکی هیتیدا، خورییەکان **(کوڕی خواوەند تیشوپ)** بە ڕێگر لەبەردەم ئامانجەکانی دەزانێت[2]. لە ساڵنامەیەکی تری خاتوشیلیدا زاراوەی خانیگەڵبات وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو ناوچەیەی کە دەوڵەتی خوری لێبووە بەکاردەهێنێت: **"خوری دوژمن لە خانیگەڵباتەوە هاتە وڵاتەکەم، هەموو وڵاتی لێ سەندم، تەنها خاتووشا (پایتەخت)م بە دەستەوە مابوو..."**[3]. بەو پێیە دەبێت دەوڵەتی خوری لە سەرەتاکانی سەدەی (17ی پ.ز)ەوە لە خانیگەڵبەتدا دامەزرابێت، چونکە لە

1 فلهلم: الحوريون، ص58؛ بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: Celb, HS, P.70.

2 جرنی: الحيثيون، ص 242.

3 فلهلم: الحوريون. ص 53.



کۆتایی ئەو سەدەیەدا بەشی زۆری ئاسیای بچووکی داگیر کرد، خاتووشیلی زۆر بە گران لێی ڕزگار بوو[1]. هەروەها دواتر ئاشورییەکان لە نێوان 1360 — 1200 پ.ز دا ئەم زاراوەیان بۆ دەوڵەتی میتانی و ناوچەکانی باکووری خۆرئاوای ئاشور، بە تایبەت بۆ ناوچەکانی سێگۆشەی خابوور[2] بەکاردەهێنا[3]. جێی سەرنجە کە وا لە سەردەمی میتانیدا نووسەرانی نوزی زاراوەی (خانیگالبات) یان لە جیاتی میتانی بەکاردەهێنا[4].

(ڤیلهێلم)[5] پێیوایە کە زاراوەی خانیگەڵبات / خاڵیگەڵبات لە سەرچاوە ئەکەدییەکاندا لە چاخی بابلی کۆنەوە بەکار هاتووە، هیتیەکان هەر لەو تۆمارانەیان وەرگرتووە.

زاراوەیەکی تر کە لە سەردەمێکی جیاوازدا بەکار هاتووە، **"دەوڵەتی/دەوڵەتەکانی خوری"**یە. ئەم زاراوەیە هاوشانی خانیگەڵبات لە سەدەکانی 17 و 16 پ.ز و دواتردا لەلایەن خاتییەوە بەکار دەهات، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دانیشتووانی وڵاتی میتانی خوری بوون، یان بە زمانی خوری دەدوان[6]. ئەم زاراوەیە لە کۆتایی سەدەی شانزدە، یان سەرەتای سەدەی پانزدە لە لایەن (ئیدریمی) پاشای ئالالاخ و هاوپەیمانی پاراتارنای پاشای میتانی بە کارهاتووە. وەك ئاماژەیەك بۆ پاراتارنا، زاراوەی **"پاشای**

1 Jankowska, N: “Asshur, Mitanni, Arrapkhe (AMA)” in: EA, (Chicago: 1991), P.240.

2 ئەو ناوچەیە دەگرێتەوە کە لە نێوان دیجلە و خابووردایە کەلە شێوەی سێگۆشەیەکی پێچەوانەدایە و لە شاری حەسەکە دەگەنەوە بە یەکتر، فلهلم: الحوريون، ص30، هامش (2).

3 Kühne, Cord: “Imperial Mittanni, P.205.

4 Saarisalo, A. Apeli, “New Kirkuk Documents Relating to Slaves), SO, Vol., 5, part 3, (Helsinki: 1934), P. 93.

5 الحوريون، ص53.

6 Kühne: “Imperial Mittanni: P.206; ساكز، هاری، قوة ئاشوور، ص65

**خوڕی"** به کاردەهێنا[1]. دوای ئەو توشراتای پاشای میتانی، یەك جار (پاشای خوڕی) تۆمار کردووە[2].

زاراوەی میتانی لە تۆمارەکانی پاشایانی میتانی خۆیانەوە تۆمارکراوە، بەڵام بە ڕێنووسی جیاواز، وەك: مەیتینی، میتانی، مەتیانی[3]. فیرعەونەکانی میسر لە پاڵ مەیتانیدا زۆرجار (نهارینا)یان بەکاردەهێنا، سەرچاوە کەنعانییەکان ناوچەکانی میتانیان بە مات نهریم (Mat Nahrime) تۆمارکردووە، هەردوو زاراوە میسر و کەنعانییەکان کە زاراوەی جوگرافین، بە واتای وڵاتی نێوان دوو ڕووبار دێت[4].

بە پێداچوونەوەی هەموو ئەو زاراوانە، دەردەکەوێت کە زاراوەکانی خانیگەڵبات و نهارینا و مات نهریما، زاراوەی جوگرافین و مەبەست لە ناوچەی نێوان دیجلە و پێچی فورات بووە. بەڵام زاراوەی میتانی و خوڕی زاراوەیەکی ئیتنیکی-سیاسی بوون لە دوای سەدەی شانزدەوە بە دەوڵەتی گەورەی میتانیی خوڕی وتراوە.

سەبارەت بە بنەڕەتی ناوی میتانی، تا ئێستا ڕوون نەبۆتەوە کە لە چییەوە هاتووە، بەڵام تاکە ئاماژە بۆ ئەو مەسەلەیە ئەوەیە کە بەشی یەکەمی میتانی، واتە مەیتا (Maita) لە دەقەکانی نوزیدا ناوی کەسێك بووە[5]، کە لە ڕووی

1 Openheim: Babylonian and Assyrian Historical Texts (The Story of Idrimi-King of Alalakh)", in: ANET, P. 557.

2 O'Calghan: Aram Naharaim, P. 80.

3 Gelb: HS, P. 70.

4 Kühne: Imperial Mittanni, P.204.

5 لە سەردەمی سارگۆنی دووەمی ئاشووریدا (722-705پ.ز)دا، فەرمانڕەوایەکی ناوچەی موسکین لە ناوچەکانی خۆرئاوای ئورارتو، بەناوی (میتا) بووە، کە هاوپەیمانی لەگەڵ کەرکەمیشدا هەبووە، بڕوانە: ساکز، قوە أشور، ص140،350. بەڵام پەیوەندی زمانەوانی نێوان ئەو دووناوە نەزانراوە.



زمانەوانییەوە پێکهاتەکەی زۆر ڕوون نییە[1]، (نی/Ni)ش پاشگرێکی خوڕییە[2]..

بەڵام وەك لەسەرەوەدا باس کراوە یەکەم جار ناوی میتانی بە (مەیتانی) هاتووە، لەگەڵ ناوی کەسایەتییەکدا ڕێك دەکەوێت. (یانکۆفسکا[3]) پێیوایە کە میتانی ناوی هۆزێکی خوڕی و بنەماڵە فەرمانڕەواکەیەتی و خانیگەڵبات ناوی وڵاتەکەیە. بە لێکدانەوەی ئەم زانیارییە لەگەڵ ئەوڕایەی، کە دەڵێت ناوی میتانی لە ناوی هۆزێکی خوڕییەوە هاتووە، پێدەچێت ئەو هۆزە خوڕییە لە سەدەی (17ی پ.ز)ەوە لەناوچەکانی دەریاچەی (ورمێ/ماتینی)وە بەرەو ناوچەکانی خابوور چووبن و ناوی دەوڵەتەکەش میتانی لەوەوە هاتبێت.

## 2. ڕەگەزی میتانی

زانایان بە هەستیارییەوە دەڕواننە ڕەگەزی میتانی و دەوڵەتی میتانی، نەیانتوانیوە بە تەواوەتی مەسەلەی میتانی و ڕەگەزیان یەکلا بکەنەوە. ئەوەش بۆ ئاشکرانەبوونی پایتەختی دەوڵەتەکە دەگەڕێتەوە و بۆتە هۆی دروستبوونی لێڵی، چونکە زۆر بنەما هەن سەبارەت بە بوون و نەبوونی ئاری ڕەگەز لە ناو دەوڵەتی میتانیدا.

زۆر جار زانایان دەوڵەتی میتانی لە نێوان خوڕی و ئارییەکاندا[4] تێکەڵ دەکەن. بە لێکدانەوەی ناوی میتانی، دەردەکەوێت وشەکە سەرەڕای نەبوونی هیچ پەیوەستییەکی زمانەوانی بە ئارییەوە، بە بوونی پاشگری خوڕی (ni) وشەکە مۆرکێکی خوڕی بەسەردا زاڵدەبێت[5]. هەروەها زاراوەی ماریاننی (Maryanni)[6]

1 Wilhelm: "The Kingdom of Mitanni in the Second- Millennium B.C", in: CANE, Vol. I-II, (Ed. by J. M. Sasson), (New York: 2000, P.206

2 Lewy: "The Nuzian Feudal System", P. 26, Footnote 2.

3 Asshur, Mittani, Arrapkhe, P. 240.

4 بۆ هیندو- ئارییەکان، بڕوانە، ل49، پەراوێزی (4).

5 Kühne:  Imperial Mittanni, P.210.

6 لە ئەڕاپخادا ئەم چینەیان هێزە بە راکیبنەرکەبتی (rakib-narkabti) ناسرابوو، واتە (ئەسپ سوار)، لە ناوچەکانی شانشینی میتانی و سوریا بە (مەری یەنی نا) ناسرابوون، بڕوانە: فلهلم، الحوريون، ص50-51.

که له میتانیدا به چینی سوارەی سوپای میتانی وتراوە، که لەلای هەندێ زانا رەگەزێکی هیندی هەیە[1]. بەڵام ئەو چینە لەلای ئورارتی و خورِیدا هەبووە، واتە پێش ئەوەی له ناوچەکانی خۆیان لێك بترازێن، (پێش هاتنی ئارییەکان)[2]، له وڵاتانی میتانی و سووریا و فەلەستیندا هەبوون، بەبێ ئەوەی گالیسکە و ئەسپیان هەبووبێت، بەڵکو پاشا ئەو نازناوەی پێدەبەخشین[3].

له لایەکی تریشەوە یەکێك له نازناوەکانی پاشایانی میتانی وەك پاراتارنا، شەوشتەتار و تەنانەت له سەدەی (13ی پ.ز)دا، **(پاشای لەشکری خورِی)** بووە، ئەو نازناوەش بۆ سەدەی حەڤدەهەم دەگەرِێتەوە، کاتێك که خورِییەکان سەرکردایەتی هاوپەیمانییەتییەکیان له دژی خاتوو-شیلی یەکەم پاشای هیتی دەکرد[4].

سەبارەت به لێکدانەوەی زمانەوانی، تا ئێستا هیچ دەقێکی تەواوی هیندۆ-ئاری زمان لەناوچەکانی میتاندا لەبەردەستدا نییە، که بۆ ئەو سەردەمە بگەرِێتەوە، بەڵکو هەندێ زاراوەی هونەری و ژمارەیی له دەقێکی خورِیدا دەربارەی رِاهێنان و ئامادەکردنی ئەسپ بۆ بەکارهێنان له جەنگدا له لایەن کەسێکی خورِی به ناوی کیکولی نووسراوە، ئەو دەقه له نێو ئەرشیڤەگانی (خاتووشا)دا دۆزراوەتەوە[5]، هەروەها ناوی یەکەمی هەندێ پاشایانی دەوڵەتی میتانی له نیوەی دووەمی هەزارەی 2ی پ.زدا، وەك: شوتارنا، پارتارنا... تاد، بردنەوەیان بۆ بنەرِەتێکی ئاری جێی گومانە، چونکه تەنها لەبەر لێکنەچوونیان لەگەڵ ناوە

1 مورتکات: تاريخ الشرق الأدنى القديم، ص 203. LæssØe, PAA, P.50.

2 Jankowska: Asshur, Mitanni, Arrapkhe, P. 244.

3 Kuhrt, Amélie: Ancient near East (From 3000 to 1200 BC), Vol. 1, (Philadelphia: 2002), Pp. 297-298.

4 ئەوەش له دەقێکی ئەدەبی هیتیدا به دەستەواژەی (($^{lu}$erin$^{meš}$ Ĥurri) هاتووە، برِوانە:
Kühne: Imperial Mittanni, P. 208

5 مورتکات، تاريخ الشرق الأدنى القديم، ص203،
Michael, Raof: Cultural Atlas of Mesopotamia, P.137.



خورِییەکان و نەبوونی بنەرِەتێکی زمانەوانی، دەبرِێتەوە سەر ئاری[1]. ئەوەی جێی سەرنجە که زۆر جار پادشاکان بەر له وەرگرتنی تەخت، ناوی خورِییان هەبووە، دواتر پێویستیان به نازناوی شاهانە[2] هەبووە[3]. هەروەها هەردوو شازادە (تادو-خیپات و کیلو-خیپات)، که بۆ فیرعەون دەنێررِێن، ناوەکانیان خورِییە[4]. لەلایەکی ترەوە، ناوی چوار خواوەندی هیندی — ئاری وەك ڤیرونا، ناساتیاو... لەو وڵاتەدا بەکارهاتووە، بەڵام زیاتر له رِێککەوتننامە نێو دەوڵەتییەکاندا به تایبەتی له نێوان شاتیوازای پاشای میتانی و شوپیلیولیومای پاشای هیتیدا (1375-1335 پ.ز)، به شێوەیەکی لاوەکی بەرچاودەکەون[5]. له لایەکی تریشەوە توشراتا له نامەیەکدا بۆ فیرعەون، تیشوپ به سەروەر (سید)ی خۆی ناو دەبات و به ناوی تیشوپ داوای سەلامەتی فیرعەون دەکات و پەیکەری خواوەند شاوشکای خورِی بۆ چاکبوونەوەی ئەمنوفسی سێیەم دەنێرِێت[6]. له بەشێکی تری نامەکەیدا توشراتا دەڵێت **"..ئێمەی خورِی.."** بەو پێیە دانیشتوانی میتانی خورِی بوون[7]، نەك ئاری رِەگەز.

هەموو رِا و بەڵگەکانی سەرەوە دەریدەخەن، که رِەگەزێکی تەواو به ناوی ئاری یان میتانی نەبووە، بەڵام به بوونی ناوی کەسی و خواوەند و هەندێ وشەی نا

1 فلهلم: الحوريون، ص48.

2 شاتیوازا ناوی گیل- تیشوپ بووە، دواتر نازناوی شاتیوازای هەڵبژاردووە، فلهلم: الحوريون، ص 78.

3 Kühne: Imperial Mittanni, P. 210; Kuhrt, Ancient Near East, P.297.

4 خیپات ناوی خواوەندێکی پایەبەرزی خورِییە، برِوانە:
Diyakonoff, Evidence on the Ethnic Division of the Ĥurrian, P. 82.

5 Jankowska: Asshur, Mitanni, Arrapkhe, P. 241. Goetze, A. “Egyptian and Hittite Treaties-Hittite Treaties (God List, Blessings and Curses of of the Treaty between Suppiliuliumas and Mattiwazza”, ANET, P. 206.

-له نێوان نزیکەی (100) سەد خواوەندا تەنها چواریان بۆ (کۆمەڵە خواوەندانی ڤیدایی) دەگەرِێنەوە، برِوانە: Kuhrt, Ancient Near East, P. 297.

6 Gelb: HS, P. 70, 79

7 O’ Calaghan: Aram Naharaim, P. 80.

خوری که تەنها لە ئارییەوە نزیکن، وا دێنە بەرچاو بەلای هەندێ زاناوە، کە تەنها کاریگەریی ئاری لەسەر دوایین شەپۆلی خوری لە سەدەی 17 پ.زدا بووبێت[1]. بەڵام هەرچەندە دەبووایە ئەو کاریگەرییە لە خوری و ئورارتییەوە بۆ هیند بەدی بکرایە، وەك کارتێکردن و کارلێکردن، بەڵام تا ئێستا، بەهۆی ئەنجام نەدانی توێژینەوەی تایبەت، ئەو مەسەلەیە ئاشکرا نەکراوە[2]، ڕایەکی تر هەیە کە پێیوایە بەشێك لە هیندو-ئارییەکان لە سەردەمانێکی زۆر زووترەوە لە بەشێکی گەورەتریانەوە ترازاون و دواتر لە ناوچەکانی دەریای ورمێ لەگەڵ خورییەکاندا لە سەدەی 17 پ.زەوە بەرەو باشوور و خۆرئاوا کۆچیان کردووە، ئەو شوێنەی کە میتانی لێ دروست بووە، بەڵگەش بۆ ئەوە لە هەزارەی یەکەمدا مێژوونووسانی گریك ناوی ئەو دەریاچەیەیان بە (ماتینی) ناوبردووە، بەڵام ئەو گروپە ئارییە دەستبەرداری کاریگەری شارستانییەتی خۆیان بوون و بەتەواوی لە نێو خوریدا تواونەتەوە[3].

### 3. بارودۆخی سیاسی

تا ئێستا ناوی یەکەم پاشای میتانی لەسەر مۆرێك دۆزراوەتەوە، کە ناوی (شوتتارنا)یە دەشێت پێی بڵێین شوتتارنای یەکەم، وەك لە مۆرەکەدا تۆمارکراوە، "**شوتتارنا** (Šuttarna) کوڕی کیرتا (Kirta) پاشای مەیتینی (Maiteni)"[4]، جێی سەرەنجە شوێنی ئەم مۆرە لەسەر تابلۆیەکی ئالالاخدا دۆزراوەتەوە، کە لە

1 LæssØe, PAA, P.49; 73فلهلم: الحوريون، ص

2 فلهلم: الحوریـون، ص47، بۆیە تائێستاش ناتوانرێت بەتەواوەتی ئەم مەسەلەیە یەکلا بکرێتەوە و هەر بەکراوەیی دەمێنێتەوە.

3 Jankowska: Asshur, Mitanni, Arrapkhe, P.241.

4 بەو پێیە دەبووایە کیرتا یەکەم پاشای میتانی بوو بێت، بەڵام ناوی کیرتا لە ناوی پاشایانی تری میتانیدا دووبارە نەبۆتەوە.



لایەن پاشایانی دواتری میتانییەوە بەکاردەهات[1]، بۆیە زانایان بە مۆری بنەماڵەی پاشایەتی دەزانن. هەرچەندە ناوی باوکی شوتارنا، (کیرتا) نەناسراوە، بەلام هەندێك لە زانایان لەگەڵ ناوێکی تری هاوشێوە، کە لە چیرۆکێکی ئەفسانەیی ئۆگاریتیدا هاتووە بەرئوورد دەکەن. لەلایەکی ترەوە دەربارەی سەردەمی ئەم دوو پاشایە بیروڕای جیاواز هەیە، ئایا لە سەدەی 16، یان 15ی پ.زدا فەرمانڕوایەتییانکردووە؟[2].

پاشایەکی تری میتانی، کە تا ئێستا ناسراوبێت پاراتارنای یەکەمە (Paratarna)، کە لە نزیکەی پێش، یان دوای (1500 پ.زدا) دەسەڵاتی گرتبووە دەست، ئەم پاشایە توانی دەوڵەتی میتانی لە نێوان سێگۆشەی خابووردا فراوانتربکاتەوە، لە دەوروبەری (1470 پ.ز) دا شانشینی حەلەب (Alepo)، کە ماوەیەکی کەم بوو لە دەسەڵاتی هیتی لە دوای لە شکرکێشییەکەی مورسیلی یەکەم لە نزیکەی (1595 پ.ز)[3]دا سەربەخۆ بووبوو، دەوڵەتە شارەکانی نییا(Niya) و ئوما (Uma) و موکیش (ئالالاخ)[4] و کیززواتنا[5]، کە سنووریان دەگەیشتەوە سەر

1 Jankowska: Asshur, Mitanni, Arrapkhe, P.241; Raof: Cultural Atlas of Mesopotamia, P.335.

2 Wilhelm: The Kingdom of Mitanni, P. 1247.

3 بە رای هەندێ لە زانایان نزیکەی 1530پ.ز بووە، بەتایبەت (ڤیلهێلم)، کە ڕێبازێکی تایبەتی پەیڕەو کردووە و نزیکەی 30 ساڵ جیاوازی هەیە، الحوریون، ص56. لێرەدا، بەپێی ئەو ڕێبازە بەکارهاتووە، کە ڕووداوەکە بۆ 1595 دەگێڕێتەوە.

4 دوای دوورکەوتنەوەی کوڕانی پاشای شانشینی حەلەب، (پاراتارنا) یەکێك لە کوڕەکانی ئەو پاشایە کە (ادریمی) بوو کرد بە پاشای موکش (ئالالاخ)، بە پێی ڕێکەوتنەکە ئالالاخ لە ژێر سایەی میتانی بوو توانای بەستنی پەیمانی لەگەڵ دەوڵەتەکاندا هەبوو کە نەیاری پاشای میتانی نەبن ، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئیدریمی، بڕوانە:

Openhiem, “Babylonian and Assyrian Historical Texts-The Story of Idrimi (King of Alalakh), P.557.

5 Kühne: Imperial Mittanni, P. 214.

دەریای ناوەڕاست بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیـەوە[1]، بـەو شـێوەیە سـنووری دەوڵـەتی میتانی گەیشتە ئەوپەڕی لە خۆرئاوادا. هەرچەندە سنووری باکوور نەزانراوە، بـەڵام ناوچەکانی (تورعابدین) و دەشتەکانی ئامەدی ئێستای گرتبـووەوە و لـە بـاکووری دیجلەدا هاوسنووری وڵاتی ئیشووا و ئەلش[2] بوو، کە دانیشتوانەکەیان خوری بوون و پەیوەست بوون بـە دەوڵـەتی میتانییـەوە[3]. لـە باشـووری خۆرهەڵاتـەوە ئاشـور و ئەڕاپخا[4] و لە باشوورەوە شانشینی خانە لەسەر فوراتی ناوەڕاست، لەژێر دەسەڵاتی میتانیدا بوو[5].

ئەو فراوانبوونەی دەوڵـەتی میتـانیی خـوری و هاوپەیمانـەکانی بـووە هـۆی دەسـت بەسەرداگرتنی ڕێگا بازرگانییەکانی ناوچەکە، بەڵام لـە شکرکێـشییەکانی سـەر لـە نوێی میسر لە سەردەمی تحوتمسی سێیەمدا (1490-1436پ.ز) لە نزیکـەی 1457 پ.ز و دواتر لـە نزیکـەی (1447-1438 پ.ز) تاڕادەیـەك بـە شـێوەیەکی کـاتی کاریگەری هەبوو[6]، چونکە بەشێکی زۆری ئەو ناوچانەی خۆرئاوای فوراتی داگیرکرد و

1 فلهلم: الحوريون، ص59؛ ساكز، عظمة بابل، ص94.

2 ئەم دوو دەوڵەتە دەکەونە باکووری سەرچاوەکانی دیجلە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (5).

3 فلهلم: الحوريون، ص58.

4 لە نێوان دەقەکانی کۆشکێکی نوزیدا لیستێك دۆزراوەتەوە، کەباس لـە مردنـی پاشـایەك بـە نـاوی (پاڕاتارنا) دەکات، (ڤیلهێلم) کە ئەو نووسراوە لە هەمان سەردەمی نامەکەی (شەوشتەتار) بووە کە نزیکەی (40) ساڵ دوای پاراتارنای یەکەم بووە، بۆیە ئەمە باڕاتارنایەکی تـر بـووە، کـە ماوەیـەکی کـەم لـە پـێش یـان دوای شەوشـتەتار پاشـابووە. الحوريـون، ص 63-64. لێـرەدا ئەگـەر بـەپێی بۆچوونەکەی سەرەوە بێت، کەواتە لەو دەقەی نوزیـدا بـاس لـە مردنـی پاشـایەك دەکـات، کـە زۆر ماوەکەی کورت بووە، چۆن پاشایەکی وا تەمەن کورت و لـە هـیچ دەقێکـی تـردا نـاوی نـەهاتووە، لەنوزیدا باسی بکرێت؟، بۆیە ڕێی تێدەچێت کـە مەبەسـت لـەو پاشـایە، هـەر پاراتارنـای یەکـەم، سەرداری ئیدریمی بووبێت.

5 Kühne: Imperial Mittanni, P. 214.

6 جرنی: الحيثيون، ص 47.



هاوپەیمانەکانی میتانی بۆ ماوەیەك کەوتنە ژێر دەسەڵاتی میسرەوە[1]. ئـەوەش بـووە هۆی بەهێزبوونی دەوڵەتە شاری ئاشور[2]، کە توانیبـووی وەك دەوڵـەتێکی سـەربەخۆ پەیوەندی بە میسرەوە بکات. دەوڵەتی هیتی لە باکوورەوە پاش ئەو ڕووداوانە توانی حەلەب داگیر بکاتەوە و دیاری لەگەڵ فیرعەوندا بگۆڕێتەوە[3].
سەبارەت بە بارودۆخی شانشینی ئەڕاپخا و شاری نوزی لـەو سـەردەمەدا، هـیچ ئاماژەیەك لەبەر دەستدا نییە، چونکە دەقەکانی نوزی، کە تائێستا دۆزراونەتەوە لـە ڕووی کرۆنۆلۆجیـاوە زانیـاری زۆر بەدەسـتەوە نـادەن، (یانکۆفـسکا)[4] کـە دەقەکانی پێش نەوەی پێنجەم ون بوون، یان تائێستا پەیان پێنەبراوە.

دوای (پاراتارنا) ماوەیەکی پڕبوو لـە شەڕوشـۆڕ، وەك لـە سـەرەوە ڕوون بـۆوە کـە سنووری دەوڵەتی میتـانی کەوتـە بـەر هێرشـی دراوسـێکان و لـەو ماوەیـە لـەو زانیاریانە زیاتر کە دەربارەی دەوڵەتی هیتی و میسر بوون، هیچی تر لەبەر دەستدا نییە. سەبارەت بـەناوخۆی میتـانی، وەك لـە مـۆرێکی میتانیـدا کـە لـە نوزیـدا دۆزراوەتەوە، ناوی پاشـایەکی تـری تێدایـە، کـە نووسـراوە: "شەوشـتەتار کـوڕی پارساتەتار"[5]. بەوپێیەی کە دەقەکە لەلایـەن (شەوشـتەتار)ەوە تۆمـارکراوە، ئـەو پاشـایە، پارسـاتەتار (Parsatatar) لـە پـێش ئـەودا فـەرمانڕەوابووە، واتـە پارساتەتاری باوکی شەوشتەتار لە نێوان پاراتارناو شەوشتەتار نزیکەی (؟ - 1430 پ.ز) پاشای میتانی بووە، تاهاتنە سەر تەختی (شەوشتەتار)[6].

1 Wilson, John A, “Eygptian Historical Texts-The Asiatic Campaigns of Tutmose III”, in; ANET, P. 235.

2 تا ئەو کات ئاشوور تەنها ناوچەکانی دەوروبەری ئاشوور بوو بایەخێکی سیاسی نـەبوو، ئـەوەش بـۆ هێزی خوری لە ناوچەکە دەگەڕایەوە، زۆربەی کارمەندە گەورەکانی ئەو سەردەمەی ئاشـوور، خـوری بوون، بڕوانە: ساكز، قوة آشور، ص66.

3 جرنی: الحيثيون، ص 48.

4 شاتیواسای میتانی لە ئەڕاپخا ، وە. بختیار سـابیر حمـە، لـە: هـەزارمێرد، ژ.21، (سـلێمانی: 2002)، ل95.

5 فلهلم: الحوريون، ص63-64.

6 بۆ سنووری چیتانی، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (10).

پاشایەکی تری بەناوبانگی میتانی شەوشتەتار (Šauštatar) بووە، لە دوای لەشکرکێشییەکانی تحوتمسی سێیەم، لە دەوروبەری 1430پ.زدا، دەرکەوت کە دەوڵەتی میتانی بەرەو لاوازی دەچوو، لەو سەردەمەدا واششوکاننی/ واشوگاننی[1] پایتەختی میتانی بووە، دوای ڕێکخستنەوەی وڵات، دەستی دایە فراوانخوازییەکی زۆر، لە باشووری خۆرهەڵاتەوە دەسەڵاتی میتانی گەیشتە وڵاتی لوللو[2]، لە باشوورەوە توانی دووبارە شانشینی ئەڕاپخا بخاتەوە سەر دەوڵەتی میتانی، بەوەش سنووری گەیشتە حەمرین و دیالە، لە خۆرئاواوەوە توانی دووبارە شاری ئالالاخ بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی و نەوەیەکی ئیدریمی بەناوی نیقمیپا (Niqmepea) لەسەر فەرمانڕوایەتی دانا[3].

پاش ئەوەی کە هەندێك لەناوچەکانی سوریای گرتەوە، هەنگاوێکی تری ئەوەبوو کە پەیمانی ئاشتی لەگەڵ (فیرعەون)[4] دا بەست[5]، تا بەتەواوەتی دەوڵەتەکەی بەهێز بکاتەوە، لە هەنگاوێکی دیکەدا بەهۆی لەشکرکێشییەکەوە، ئاشوری[6]

1 بە بۆچوونی هەندێ زانا دەکەوێتە (تل فخاریة) لە سەرچاوەکانی خابوور لە سنووری سوریا-تورکیا، یان لەگەڵ شاری سێکانی (راس العین)دا لێکی دەدەنەوە، بەڵام بە هۆی تاقیکردنەوەی تیشکدانەوەی نیترۆنی لە سەر نامەکەی توشراتا، کە دەبێ لەوێوە بۆ فیرعەونی ناردبێت، ئەمەی نەسەلماند، بۆیە بوڕای بەڕای (فیلهلم) دەکەوێتە نزيك ماردين، الحوريون، ص62.

2 بە پێی نامەکەی شەوشتەتار بۆ پاشای ئەڕاپخا، پاشای میتانی ناردە خۆی (خالسوخلو)ی بۆ شاری ئەتیلو (A-ti-lu$^{ki}$) ناردووە، بۆ نامەکە بڕوانە: پاشکۆ، کە دەکەوێتە یەکێك لە پاشماوەکانی هەورامانەوە، بڕوانە، قەرەداغی، مێژووی گەلی لوللو(دانیشتوانی کۆنی ناوچەی پارێزگای سلێمانی)، راگەیاندنی بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی، (بێ شوێن: 1998)، ل50.

3 O’Callaghan, R: Aram Naharaim, P.82; Gelb, HS, Pp.76-77.

4 سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە میسر داوای پەیوەندی کردووە لەبەر مەترسی هیتی، بەڵام لە ڕاستیدا هیتی هێزی وای نەبووە، جگە لەوەش ئەگەر لە ترسی هیتی بوایە، خۆی دەبوایە میتانی داوای هاوکاری لە میسر بکات کە سنووری لەگەڵ هیتیدا بووە، نەك بە پێچەوانە.

5Kühne: Imperial Mittanni, P. 216f.

6 وەك لە پەیماننامەکەی نێوان شاتتیوازا و شوپیلیولیوما هاتووە، شاتتیوازا وتوویەتی باپیرەگەورەم (شەوشتەتار) لە دوای داگیر کردنی شارەکە، دەرگایەکی زێڕین و چەندین شتی بەنرخی لە ئاشوورەوە بۆ واششوکانی پایتەخت لە دەوروبەری سەرچاوەکانی ڕووباری خابوور بردبوو، ، بڕوانە: دیاکۆنۆف شاتیواسای میتانی. ل93. مورتگات دەڵێت"پاشایانی ئاشوور لەوماوەیەدا تەنها بەناو پاشا بوون، تاريخ الشرق الأدنى القديم، ص204.



داگیرکردو دەسەڵاتی بەسەردا سەپاند، دواتر (شەوشتەتار) توانی بەهۆی پەیماننامەیەك دەوڵەتی کیزواتنالە باکوری خۆرهەڵاتەوە، بە ئیمپراتۆرییەتی میتانییەوە ببەستێتەوە کە پێشتر کەوتبووە ژێر دەستی هیتییەوە، بەو شێوەیە دەسەڵاتی گەیشتە ئوگاریت، لە لێواری دەریای ناوەڕاست، کە بەدرێژایی چاخە کۆنەکان بەندەرێکی بازرگانی نێودەوڵەتی بوو. بەو پێیەش هەموو ناوچەکانی شارستانیی خوڕی کەوتە ژێر سایەی میتانی[1].

بەڵام چەند بەڵگەیەك هەیە دەیسەلمێنن، کە ئەڕاپخا بەشێکی سەرەکی دەوڵەتی میتانی بووە[2]. نامەکەی شەوشتوتار کە لە نزیکەی 1420پ.ز بۆ ئیتخی-تیشوپ پاشای ئەو سەردەمەی ناردووە[3]، یەکێکە لەوبەڵگانە. لە نامەکەدا شەوشتەتار داوا لە ئیتخیا دەکات کە زەوی و زار لە ناوچەیەکی ئەڕاپخادا بدات بە کەسێك بە ناوی ئوکی (Uki). (لیوی-Lewy)، کە پاشای میتانی دەسەڵاتێکی فیودالّی (نیمچە دەرەبەگایەتی) لەسەر ئەڕاپخادا هەبووە، چەند نوێنەرێکی خۆی لە شارەکانی ئەڕاپخادا داناوە، کە بە سوکالو (Sukalu)و خالسوخلو (khalsukhlu) ناسرابوون، یەکێك لە ناسراوترین ئەو کارمەندانە تێخیپ- تیللا یە، لەڕێگای ئەمانەوە کار و باری دابەشکردنی زەوی و زاری وڵاتەکە بەڕێوە دەچوو[4]. لە هەمانکاتدا، نوزی

1 فلهلم، الحوريون، ص62.

2 بوونی ژمارەیەك ناوی کارمەندی میتانی لە نوزی، کە زۆربەیان نوێنەر و تیپە تایبەتییەکانی میتانی بوون، کە بۆ پاراستنی ناوچەکە لەوێدا بوون، ساکز، قوه آشور، ص67.

3 بۆ دەقی نامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (1).

4 چونکە لە نامەیەکی (توشراتا)ی میتانیدا ناوی پەیامبەرەکەی بە سوکالو بردووە، بۆیە سوکالو ئەوانە بوون، کە نوێنەری پاشا بوون.

Lewy, The Nuzian Feudal System, P.2, footnote (4)

لە هەمان سەردەمدا لە ئاشوور هەمان ناونیشان بۆ نوێنەری شەوشتەتار هەبووە، بڕوانە:

Jankowska, Asshur, Mitanni, Arrapkhe, P. 242.

بەڵام تا ئێستا هیچ نامەیەکی ئاراستەکراو بۆ تێخیپ-تیللا لە نوزیدا نەدۆزراوەتەوە، بەڵام نامەی پاشای میتانی بۆ (ئیتخیا) لەبەردەستدایە.

فەرمانڕەوایەکی هەبووە، کە بە خەززانو (Ĥazzanu) ناسرابوو، کوشی-خارپای فەرمانڕەوای نوزی هاوچاخی تێخیپ-تیللا و ئیتخیا بووە[1]. بەڵام لە راستیدا تائێستا ئەرکەکانیان زۆر روون نەبۆتەوە[2].

بەڵگە هەیە کە بەردەوامی پاشای ئەڕاپخا لەسەرکار دەسەلمێنێت، لە دەقەکانی نوزیدا باس لە سەردانە بەردەوامەکانی پاشا بۆ کۆشك و شارەکان لە ناو شانشینەکەدا دەکرێت، کە لە بۆنە جیاوازەکاندا ئەنجامی دەدان[3]، لەکاتی جەنگەکانیشدا سەرپەرشتی لەشکری دەکرد[4].

چەند هۆکارێك یارمەتی دەوڵەتی میتانیدا بوو کە بتوانێت زوو هەڵسێتەوە و دەوروبەرەکەی بخاتەوە ژێر ڕکێفی خۆی و هیچ پاشایەکی تری میتانی وەك شەوشتەتار نەگەیشتە ئەو ئاستە، لە باکوورەوە دەوڵەتی هیتی کەوتبووە بەر هێرش و پەلامار لە هەموو لایەکەوە، بەتایبەت هۆزێك هەبوون کە بە (کاشکا)[5] ناسرابوون لەباکوورەوە وە لەخۆرهەڵاتەوە خوری، کە بە هاندان و یارمەتی دەوڵەتی میتانی هێرشیان دەبرد، ڕۆڵێکی زۆری بینی[6]، جگە لەوەی هێزی ماریانیی میتانی بە سوار چاکی و هونەری گەمارۆدان و تیر هاویشتن ناسرابوون[7].

1 Lewy: “The Nuzian Feudal System”, Ps. 319, 323.

2 فلهلم: الحوريون، ص93.

3 یانکوفسکا: شاتتیواسای میتانی، لا 93-96، فلهلم، الحوريون، ص92.

4 Lewy: “Miscellanea Nuziana”, OrNS, Vol. 28, (Roma: 1959)., P. 16.

5 یەکێکن لە هۆزە کۆنەکانی ئەنادۆڵ، کەلە هەزارەی (3ی پ.ز)ەوە لە ناوچەکانی سەرووی رووباری هالیس (ئێستا لە تورکیا بە قیزل ئیرمەق ناودەبرێت) و باکووری فوراتدا نیشتەجێ بووبوون، کە بە ئاژەڵداری و چاندنی کەتان و لێهاتویی جەنگاوەرییەوە ناودەبرێت ناسرابوون، بەردەوام هێرشیان دەکردە سەر دەوڵەتی هیتی، فلهلم، الحوريون، ص67.

6 جرنی: الحيثيون، ص48.

7 أحمد: دراسات كردية في بلاد سوبارتو. ص47.



دوای شەوشتەتار، ئارتاتاما لە نزیکەی 1400 پ.ز هاتە سەر تەخت، کە لەو کاتەدا ناوبەناوە تحوتمسی چوارەم (1400-1390پ.ز) هێرشی دەبردە سەر سوریا و میتانی، بەڵام دوای ئەوەی کە تحوتمسی چوارەم،چەند جارێك داوای کچە پاشای میتانی کرد و ئارتەتامای یەکەم ڕازی بوو کە کچەکەی خۆی بە فیرعەون بدات، پەیوەندی دبلۆماسی کەوتە نێوانیانەوە[1]. هۆی دامەزراندنی ئەم پەیوەندییەی نێوان میسر و میتانی بۆ بەرژەوەندی هەردوولا لەبەرامبەر دەسەڵاتی هیتی لەلایەك و بارودۆخی ناوخۆیی هەردوولا لەلایەکی ترەوە دەگەڕایەوە[2].

شوتتارنای دووەم لە نزیکەی (1380 پ.ز) دوای باوکی هاتە سەر تەخت، ئەوەی لە سەردەمی ئەم پاشایەدا زانراوە، ئەوەیە کە لە هەموو ڕوویەکی سیاسی و سەربازییەوە توانیبوی هێز و شکۆی دەوڵەتەکە بپارێزێت، هەرێمەکانی سەر بە میتانی لە گەشەیەکی بەر چاودا بوون، بەتایبەتی ناوچەی ئەڕاپخا بووبووە ناوەندێکی ئابووریی گەورە. لە ڕووی سیاسییەوە پەرەی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ میسردا دابوو و پەیوەندییەکەی باوکی بە ناردنی کچێکی بەناوی کیلو-خیپات (Kilu-Ĥepat) بۆ ئەمنوفسی سێیەم (یان ئەمنحوتب) (1405- 1367 پ.ز) دووپات کردەوە[3].

لە سەردەمی هەردوو پاشادا پەیوەندییەکانیان بەرەو پێش دەچوون، کاتێك کە فیرعەون نەخۆش کەوت و شوتتارنا بەمەی زانی، پەیکەری خواوەند شەوشکا (عشتار)ی نەینەوا بۆ نارد، کە بە توانایی چاکبوونی نەخۆشی ناسرابوو[4]. ئەوەش دەسەڵاتی میتانی بەسەر ئاشوردا دەسەلمێنێ، چونکە (نەینەوا) مەڵبەندێکی پەرستنی شاوشکا بوو.

1 LæssØe, PAA, P.51.

2 Jankowska: Asshur, Mitanni, Arrapkhe, P.242.

3 Raof:  Cultural Atlas of Mesopotamia, P.136.

4 O’Callaghan: Aram Naharaim, P.83; Gelb, HS. p.77

لە رووی سەربازییەوە شوتارنا لاوازی دەوڵەتی هیتی بەهەل زانی و لە باکوورەوە لەشکرکێشییەکی بردە سەر هەرێمی (ئیشووا) خستییەوە ژێر دەستی خۆیەوە[1].

دوای مردنی شوتارنای دووەم، ئەرتەشومرا (Artašumra) بوو بە جێنشینی، ئەم پاشایە ماوەیەکی کورت فەرمانڕەوایەتی کرد[2]، پاش ماوەیەك ناکۆکی کەوتە نێوان بنەماڵەی فەرمانڕەواوە، بەتایبەت دوای ئەوەی کە ئوتخی (Uthî)[3] ئەرتەشومرای کوشت و برایەکی بچووکتری بەناوی توشراتا (Tušrata) لە جێی دانا، تا بتوانێت دەسەلاتی خۆی بەسەردا بسەپێنێ، ئەوەش بووە هۆی پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ میسری هاوپەیمانی، ئەم ڕووداوە ئاڵۆزییەکی زۆری خستە نێو دەوڵەت و بەرەو لاوازی دەبرد، بۆیە پاش ماوەیەك توشراتا، بۆ سنوور دانان بۆ ئەم بارودۆخە، خۆی لە ئوتخی رزگارکرد، چونکە ئوتخی لە وڵاتەکەدا لایەنگری کەم بوو[(4)].

هەنگاوی دواتری توشراتا، هەوڵدان بوو بۆ گێڕانەوەی پەیوەندی لەگەڵ میسردا. پاش دەستپێکردنەوەی گفتوگۆ، نامەیەکی دوورو درێژی[(5)] بۆ ئەمنوفسی سێیەمی نارد، لەگەڵ کچێکی بە ناوی تادو-خیپات (Tadu-Ĥepat) کە درابوو

1 فلهلم: الحوريون، ص65.

2 نووسراوێکی ئەم پاشایە لە (تل براك)دا دۆزراوەتەوە، دەقەکە دەربارەی رێو شوێنی یاساییە، بڕوانە:
Kühne, Imperial Mittanni, P218.

- بەو پێیەش پاشا دەسەلاتی دادوەری هەبووە.

3 ئوتخی، خۆی لە بنەماڵەی فەرمانڕەوا نەبووە، فلهلم، الحوريون، ص65. بۆیە زۆر ڕێی تێدەچێت کە دەستی دەرەکی، بەتایبەت ئەو کردەوەیە لە بەرژەوەندی هیتی بووبێت، هەرچەندە هیچ بەڵگەیەکی تۆمارکراو لەم بارەیەوە لەبەردەستدا نیە.

4 فلهلم: الحوريون، ص 65.

5 بەرنامەکەی توشراتا ناسراوە، کە نزیکەی 500 دێڕە، بە زمانی خوری، زمانی ڕەسمی دەوڵەت و دانیشتوانی میتانی، ئەو نامەیە بابەتێکی بۆ توێژینەوەی زمانەوانی خوری و پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان زۆر گرنگە، Gelb, HS, P.78-79. تا ئێستا ئەم نامەیە بە درێژترین دەقی خوری دادەنرێت:
Jankowska, Asshur, Mitanni, Arrapkhe, P.243.



بە فیرعەون، لە بەرامبەر هاوپەیمانێتی کردنی لە دژی دوژمنانی هەردوو وڵات، یارمەتی ئابووری، بەتایبەتی زێڕ، چونکە میسر بە زێڕ دەوڵەمەند بوو[1]. دوای ماوەیەك دووبارە دەوڵەتی هیتی لەسەردەمی (تودخالیاش) لە باکووری خۆرئاواوە توانی کیزواتنای هاوپەیمانی میتانی بە پەیماننامەیەك ببەستێتەوە، بەوەش میتانی بەشێك لە هاوپەیمانەکانی لە دەستدا. کە لە نێوان شاوشتەتار و شنوشورای پاشای کیزواتنادا بەسترابوو[2]، توشراتا، تا ئەو کاتە توانیبووی دەسەلاتی دەوڵەتی میتانی بپارێزێت، وەك لە گەڵ چەند نامەیەکدا[3] دەستکەوتەکانی شەڕی لەگەڵ خاتیدا بۆ فیرعەون ناردووە[4]، توشراتا، بۆ جاری دووەم ئامادەیی بۆ ناردنی خواوەند شاوشکا بۆ چاك بوونەوەی فیرعەون دەربڕی، هەرچەندە ڕاوبۆچوونی واهەیە کە لەو کاتەدا ئاشور، لەلایەن پاشایەکییەوە ئاشور- ئوبلط (1365-1330پ.ز) خۆی لە دەسەلاتی میتانی رزگارکردبێت، چونکە لەنامەیەکدا بۆ ئەخناتوون (ئەمنوفسی چوارەم) 1353-1336 پ.ز وەك پاشایەکی هاوتای (فیرعەون) خۆی پێشانداوە، بۆیە مەرج نییە ناردنی شاوشکا ئەوە بگەیەنێت کە ئاشور لە ژێر دەسەلاتی میتانیدا بووبێت، بەوپێیەی شاوشکا لە پایتەختی (میتانی)شدا پەرستراوە[5].

هەرچۆنێك بێت، پێناچێت توشراتا سەرقاڵی ڕووداوی لەو جۆرە بوبێت وەك لەنامەکانیدا دەردەکەوێت کە بۆ (ئەخناتون)ی ناردبوو، چونکە تەنها باس لە هێرشەکانی هیتی کردووە و ڕێی تێدەچێت ئەو نامەیەی ئاشور ئوبلگ کە بۆ

1 O’Callaghan: Aram Naharaim, P.83.

2 فلهلم، الحوريون، ص69- 70.

3 چەند نامەیەکی تری توشراتا کە بۆ فیرعەونی ناردووە، ژمارەیەکیان بە زمانی ئەکەدی بوون، بڕوانە:
Gelb, HS, P.72.

4 جرنی: الحيثيون، ص49.

5 فلهلم: الحوريون، ص70.

ئەخناتوونی نارد، لە دوای وەرگرتنی دەسەڵاتی لە ئاشور، بەتایبەت لە پاش ڕێکخستنی دەوڵەتەکەی بوو بێت، ئەوەش پێویستی بە ماوەیەك هەبووە.

## 4. لاوازبوونی میتانی و چارەنووسی ئەڕاپخا

دوای ماوەیەك لە هاتنە سەرتەختی توشراتا، ناکۆکی لەسەر دەسەڵات کەوتە ناو بنەماڵەی پاشایانی میتانییەوە، ئەرتەتاما خۆی بە جێگری شەرعی تەختی میتانی دەزانی، شوپپیلیولیومای پاشای هیتی ئەوەی قۆستەوە و هاوکاری ئەرتەتامای دەکرد. لەلایەکی ترەوە ئەرتەتاما دوای ماوەیەك توانی پشتگیری (ئاشور- ئوبلط)ی مسۆگەر بکات و لەهەردوولاوە هێرشیان بۆ سەر میتانی برد[1]. سەرەتا دەوڵەتی ئاشوری لە باشوورەوە و دەوڵەتی ئەلش لەباکوورەوە[2]، هاوکات لەگەڵ ئەرتەتامادا هێرشیان برد، لەو هێرشەدا توانیان بەشێك لە باکووری خۆرهەڵاتی میتانی داگیر بکەن، بەوپێیە دەوڵەتێکی خوڕیی سەربەخۆ جیا لە میتانی دامەزرا[3]، کە پایتەختەکەی لە تەئید[4] بوو. (ئاشور- ئوبلط) بۆ ئەوەی شەرعییەت بە کارەکەی بدات، ئەرتەتامای بەهاوتای پاشای خانیگەڵبات لە قەڵەمدا[5].

1 فلهلم: الحوريون, ص74-75.

2 لە دەوروبەری ئامەدی ئێستا، بڕوانە:

Kuhrt, Amélie: Ancient near East, P. 296.

3 O'Calaghan: Aram Naharaim, Ps. 85, 89; ساكز، قوة آشور، ص68

4 تەئید لەو سەردەمەدا پایتەختی دووەمی میتانی بووە، زانایان وای بۆ دەچوون کە لە ژێر پاشماوەکانی (تل أحمدی)دا بێت، کە20کم لە باشووری شاری قامیشلۆدایەو لە ساڵانی 1984ەوە نارده سویسری کاری تێدا کردووە، بڕوانە: فلهلم، الحوريون، ص66. بەڵام دواتر بەهۆی دۆزینەوەی پاشماوەی زۆری خوڕی لە (تل براك) لە ناوچەکانی سەرووی خابوور، کە بۆ سەردەمی میتانی دەگەڕێتەوە، وەك: پەرستگای تیشوپ و خیپاتی ژنی، کۆشکی پاشا، جگە لە نامەیەکی خوڕی، بەوپێیە دەشێت تەئید لە ژێر پاشماوەکانی (تل براك) دابێت، بڕوانە:

Kuhrt, Ancient near East, P.299.

5 فلهلم: الحوريون, ص74.



لە هەمانکاتدا، شوپپیلیولیوما لە نزیکەی 1340 پ.زدا دەستی دایە لەشکرکێشییەکی فراوان بەرەو دەوڵەتی میتانی، ئەم هێرشە بووە هۆی لەناوبردنی هێزی میتانی وەك دەوڵەتێکی زلهێز و تەنها دەوڵەتێکی بچووکی لێمایەوە. سەرەتا شوپپیلیولیوما لە ناوچەکانی سەرووی سەرچاوەکانی فوراتەوە (ئیشووا)ی هاوپەیمانی داگیرکرد، دواتر تا (تورعابدین)ی داگیرکرد، پاشان بەرەو باشوور کشا، تا لەفورات پەڕییەوە و گەیشتە ناوجەرگەی میتانی[1]. لە بەرامبەردا توشراتا راستەوخۆ رووبەڕووی هێزەکانی هیتی نەبۆوە، بۆیە شوپپیلیولیوما بەرەو خۆرئاوا چوو، تا لە فورات پەڕییەوە و لەو لەشکرکێشییەدا توانی لەرێگای هێزەوە هەموو دەوڵەتەکانی سەر بە میتانی بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە[2]، کە لە نێوان پێچی فورات و دەریای ناوەڕاستدا بوون، لە نێوانیاندا دەوڵەتەشاری کەرکەمیشی خوڕی. دوای ئەوە بەردەوام بوو تا قادش[3] چوو، کە سەر بە میسر بوو[4]. لەوەبەدواوە ئەرکی داگیرکردنی ناوچەکانی تری سوریاو فەلەستینی بە کوڕەکەی (تلیبینو) و لوبەککی سەرکردە سپارد، لەو کاتەدا هێرشێکی خوڕی و میسری بووە هۆی شکستی لەشکری هیتی، بەڵام شوپپیلیولیوما هاتە مەیدانەوە و گەمارۆی کەرکەمیشیدا و ناوچەکانی داگیرکردەوە. لە ناوەندی میتانییەوە توشراتا ئەو رووداوانەی بەهەل زانی و هێرشێکی گەورەی کردەسەر هیتی لە ناوچەی ناخاش/ نوخش (لە باشووری حەلەب) و سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا، بەوەش سەلماندی هێشتا توانای بەدەستەوە ماوە، هەرچەندە دوای ماوەیەکی کەم دەوڵەتی میتانی بەهۆی باری ناوخۆوە نەیتوانی خۆی رابگرێت[5].

1 Kühne: Imperial Mittanni, P. 220.

2 Goetze, "Hittite Historical Texts, Suppiliuliumas Destroys the Kingdom of Mitanni", In; ANET, P.319.

3 بۆ شوێنی ئەم شارە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (10).

4 فلهلم: الحوريون, ص76.

5 فلهلم: الحوريون, ص76, الاحمد و الهاشمي, تاريخ الشرق الادنى (ايران والاناضول), ص254.

بارودۆخەکە لە هەموو روویەکەوە لە بەرژەوەندی توشراتا نەبوو، لەو ماوەیەدا چەند نامەیەکی ئاراستەی ئەخناتوون کرد، بەڵام بەهۆی سەرقاڵ بوونی بە شۆڕشی ئایینی[1]، مەسەلە دەرەکییەکان سەرنجی ئەختاتونیان ڕانەدەکێشا[2]، لەلایەکی تریشەوە دەوڵەتی میتانی ئەو زلهێزەی جاران نەبوو، کە میسر پشتی پێ ببەستێت، لە بەرامبەردا دانی بە واقیعدانا و دەوڵەتی ئاشوری و هیتی و کاشی بەشیاوتر زانی، کە پەیوەندیان پێوە کردبوو. بەوەش توشراتا هاوپەیمانێتی میسری لە دەستدا.

دەوڵەتی میتانی لە ناوەوە و دەرەوەدا بەڕادەیەك شێواو بوو، کە بووە هۆی کوشتنی توشراتا لەلایەن کوڕێکی[3] خۆیەوە، تا جێی باوکی بگرێتەوە، بەڵام لەو بارودۆخە ناسکەی میتانیدا لەتوانایدا نەبوو بەسەر بارودۆخەکەدا زاڵ ببێت. چونکە نەیارەکان لە هەموو لایەکەوە هێرشیان دەهێنا. شوتتارنای سێیەمی کوڕی ئەرتەتامای دووەم[4] بە پاڵپشتی دەوڵەتی ئاشور و ئەلش، هێرشیانکردە سەر واششوکاننی پایتەخت و داگیریانکرد، وەك لە دەقێکی دواتری شاتتیوازای کوڕی توشراتادا هاتووە، شوتتارنا زۆربەی پیاوماقوڵانی میتانی دابوو بە دەست

1 شۆڕشی ئایینی کە (ئەخناتوون) ئەمنوفسی چوارەم، هەوڵی سەپاندنی پەرستنی تەنها خواوەند ئاتون (خۆر) لەجێی ئامون و خواوەندانی تری دابوو، بڕوانە، احمد، لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، (بەغداد: 1988)، ل255-256.

2 هەندێك پێیان وایە هۆی ساردبوونەوەی پەیوەندی نێوان میسر و میتانی بۆ لەشکرکێشییەکانی توشراتا دەگەڕێتەوە، کە لە ترسی هێرشەکانی پاشای هیتیدا کردبوویە سەر ناوچەکانی ناوەڕاست و باکووری سوریا، ئەوەش لەگەڵ پەیمانەکەی لەگەڵ میسردا نەدەگونجا. بەر لەو رووداوانە، وابڕیاربووە، کە توشراتا کچێکی تری بە ئەخناتوون بدات، بەهۆی رووداوەکانەوە ئەو کارە ئەنجام نەدراوە، بڕوانە: Kühne, Imperial Mittanni, P.219، بەڵام هیچ سەرچاوەیەکی تر دەربارەی ئەم مەسەلەیە لە بەردەستدا نییە.

3 تا ئێستا ناوی نەزانراوە.

4 ئەرتەتاما لە ژیاندا مابوو، بەڵام بەساڵاچوو بوو و نەخۆشکەوتوو بوو بۆیە کوڕەکەی کاروبارەکانی هەڵدەسوڕاند، بڕوانە: Jankowska, Asshur, Mitanni, Arrapkhe, P.243



ئاشور، بەوەش چارەنووسێکی نادیار چاوەڕوانی دەکردن، هەرچی سامانی شارەکەش هەبوو، کە پێشتر شەوشتەتار لە ئاشور بردبوونی، بۆ ئاشوری بردەوە. شوتتارنا هەموو تیپەکانی سوارەی ماریاننی و گالیسکە و ئەسپەکانی سوپای میتانی بەرەو پایتەختە نوێیەکە برد[1].

پاش ئەو رووداوانە دەوڵەتی میتانی زۆر بچووك بۆوە و دەسەڵاتی بەسەر ناوچە دوورەکاندا نەما، پێشتر ئەڕاپخا لەژێر سایەیدا بوو، لەو کاتەدا کەوتبووە بەر چاوتێبڕینی دەوڵەتەکانی دەوروبەری، وەك ئاشور و کاشی. تا ئێستا زۆر روون نییە، کە کام لەو دوو دەوڵەتە پێشتر هێرشیان بردۆتە سەر ئەڕاپخا و نوزی و شارەکانی تر. بەپێی دەقەکانی نوزی، یەکێك لەنەوەکانی تێخیپ-تیللا بە ناوی تاکو(Taku) کوڕی ئیناماتی لە ئاگادارکردنەوەیەکی حکومەت لە نوزی، داوای ئەوەیکردووە هەوڵ بۆ ئازادکردنی ئەو دیلانەبدات، کە لە هێرشێکی ئاشوریدا گیرابوون بەرانبەر بە (فدیە)[2]، لەو راپۆرتەدا هەموو زیانەکان، کە لەو هێرشەدا لە خەڵکەکە کەوتوو بوو، دیاریکردبوو، وەك: کەل و پەلی سەربازی، زیانی گیانی لەناوچەکانی تورشا[3]، بەو پێیە هێرشێکی ئاشوری کە لە سەردەمی تاکوی فەرمانڕەوای ناوچەی تورشاو ئاشور-دایانی[4] فەرمانڕەوای ناوچەی قابرادا بووە، بۆتە هۆی داگیرکردنی چەند شارێکی تری وەك قابرا، چونکە پێشتر ئەو شارانە لە

1 Kühne, Imperial Mittanni, P. 221.

2 لەو سەردەمانەدا بەردانی دیلەکانی جەنگ بەرامبەر بە (فدیە) وەك (جل وبەرگ یان هەر کەل و پەلێکی تر) ئەنجام دەدرا، بڕوانە:
Lewy, Miscellanea Nuziana, P. 8.

3 بۆ ئەم شارە، بڕوانە، ل31، بەشی یەکەم.

4 لە پێش، یان سەرەتای سەردەمی ئاشوور-أوبلط.
Lewy, Miscellanea Nuziana, P.15.
بەو پێیەی لە سەرەتای هاتنەسەر تەختیدا ئەم پاشایە دەستی دابووە لەشکرکێشی و فراوانخوازی لە دەوروبەر و سەربەخۆیی راگەیاندبوو، پێدەچێت لەوکاتەدا بوو بێت.
Kühne, Imperial Mittanni, P.220.

لێواری لای راستی زێی بچووکدا، دانیشتوانیان خوڕی بوون و سەر بەهەرێمی ئەڕاپخا بوون[1]. بەو پێیەش هێرشی ئاشوری پێش هێرشی کاشی روویداوە.

پاشایەکی ئەڕاپخا توانیبووی پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ ئاشورییەکاندا ببەستێت، چونکە ناوی دیپلۆماتێکی ئاشوری لەگەڵ ناوی پاشاکەدا تۆمارکراوە، کە لەو کاتەدا لە سەردانێکدا بووە بۆ شاری (ئولامم)، نوێنەرە ئاشورییەکە فەرمانڕەوایەکی ناوچەی (قابرە)ی سەر بە ئاشور بووە[2]، لەلایەن ئاشورییەکانەوە دەستیان بەسەردا گیرابوو، بەو پێیە هێرشێکی ئاشوری کە لە سەرەتای سەردەمی (ئاشور-أوبلط)دا کراوەتە سەریان[3]. (لیوی) ئەو پەیوەندییەی نێوان ئاشور و ئەڕاپخا بۆ هاندانی شوتتارنای سێیەمی میتانی دەگەڕێتەوە، چونکە ئەڕاپخا سەربە میتانی بووە. لە لایەکی تریشەوە شوتتارنای سێیەم هاوپەیمانی ئاشور بووە، بە هێزی ئەوان توانی دەسەڵات لە توشراتا بسێنێت.

لەو کاتەی کە توشراتا کوژرا و شوتتارنا بەهاوکاری ئاشور و ئەلشییەکان هاتبووە سەر تەخت، کوڕێکی تری توشراتا، بەناوی شاتتیوازا (Šatti-Wazza)[4]، لەو رەشەکوژییەی کە شوتتارنا لە دژی بنەماڵەی توشراتا و پیاوماقوڵانی میتانی ئەنجامیدا بوو رزگاری بووبوو، لەگەڵ 200 گالیسکەی سەربازیدا، بەرەو ئەڕاپخا هەڵهات، لە دەقەکاندا ناوی شاتتیوازا و دارو دەستەکەی بەدی دەکرێن[5]. وادەردەکەوێت شاتتیوازا لە هەوڵی بەدەستهێنانی

1 Lewy: Miscellanea Nuziana, Ps. 8, 25.

2 ئەگەر نوێنەری ئاشووری هاوکاتی تاکو بووبێت دەشێ هەر پەیوەندی بە گۆڕینەوەی یان (پارە بەدیلە) دیلەکان بوو بێت.

3 Kühne, Imperial Mittanni, P.220.

4 لە پەیماننامەکەیدا لەگەڵ شوپیلیولیومای پاشای هیتیدا، بە کورتیوازا (Kurtiwazza) هاتووە، بڕوانە:
Goetze, Hittite Treaties, ANET, P. 206.

5 Jankowska: Asshur, Mitanni, Arrapkhe, P. 243.



هاوکاری کاشی بووبێت، بەڵام پاش ئەوەی کە هەموو ئەسپ و گالیسکەکانی لێسەندرا، لە پشتگیری کردنی بێ ئومێد بوو، بۆ ئەڕاپخا گەرایەوە، دواتر لەوێوە بەڕێگای ماریدا بەرەو وڵاتی هیتی لەلایەن ئەڕاپخییەکانەوە بەرێکرا[1] و لەسەر ڕووباری (هالیس)دا، بە شوبیلیوما گەیشت، کە ڕازی بوو بە گێڕانەوەی بۆ واشوکاننی، بەڵام دووبارە ئەرتەتامای دووەم بە پاشا و شاتتیوازا بە جێنشینی دانرا[2] و کچێکی لێ مارەکرد، بەرامبەر بەوەی، کە سنوورەکانی هیتی لە بەرامبەر ئاشور و هاوپەیمانەکانی بپارێزێت[3].

لە لایەکی ترەوە، خوت-تیشوپ (Ĥut-Teššup) کوڕی پاشا ((پاشای ئەڕاپخا))، کە دواتر لە شەڕەکانی (شیلو)دا سەرکردایەتی هێزێکی سوارەی گالیسکەکانی دەکات، بڕێکی زۆر لە شتی بە نرخی وەك: زێڕو خۆراکی لە نوزییەوە پێگەیشت و لەگەڵ چەند کەسێکی تری ئەڕاپخاییدا کە شتەکانیان هەڵگرتبوو، لەسەر شەرەفی نوێنەری کاشیدا بەکارهێنراون و بۆ وڵاتی بابل (کاردۆنیاش) برد، لە لایەکی ترەوە چوونی پاشا بۆ بابل و پێشکەشکردنی دیاری بەنرخ[4] بۆ کردنەوەی پەیوەندی بووە و بەوپێیە ئەڕاپخا چۆتە ژێر سایەی دەوڵەتی کاشییەوە. هەروەها پاشای ئەڕاپخا، لەگەڕانەوەیدا لە وڵاتی ئەکەدەوە بۆ

1 یانکۆفسکا: شاتیواسای میتانی لە ئەڕاپخا، ل109.

2 ڤیلهێلم، کە دانانەوەی ئەرتەتاما بۆ ئەوە بووە لەدوای ئەوەوە مافێکی شەرعی بەحوکمی خۆی بدات و شوپیلیولیوما نەیدەویست پەیمانییەتەکەی پێشتری لەگەڵ ئەرتەتامادا بشکێنێت و دژ بە بڕیاری خوایی بێت، الحوريون، ص78.

3 O’Callaghan: Aram Naharaim, P.89;

پێدەچێت، ئەم ڕووداوانە لە دەوروبەری ساڵی (1330پ.زدا) بووبێت، بۆ زانیاری، بڕوانە:
Kühne, Imperial Mittanni, P.221.

4 وەك لە دەقەکاندا زاراوەی (unutu) بەکارهێنراوە، پێدەچێت سی پارچە بەنرخەکە هەر ئەو شتانەبن وەك کوپی زێڕین و شتی تر، کە هەندێکی تریان لە لایەن پاشاوە بەکارهاتوون و لە نوزییەوە بەرەو ئەڕاپخا برابوون، بڕوانە: Imperial Mittanni, P. 218.

ئەڕاپخا[1]، کۆمەڵێك لە ئەندامانی بنەماڵەکەی لەگەڵدا بووە، لەوانە خوت-تیشوپ، کوڕەکانی تری و برایەکی، لە هەمووی گرنگتر شاژن بوو، کە بەڵگەیە بۆ ئەوەی لە ئەرکێکی دیبلۆماسییەوە گەڕابێتەوە[2]. بە پێیی دەرکەوتنی خوت-تیشوپ لە گەڵ نوێنەری کاشیدا ((ubâru of Akad))[3] و هێنانی سەربازی کاشی لەگەڵ خۆیدا، پێدەچێت ئەوکارە سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت[4]، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بوو بێت. ئەم کارەی پاشای ئەڕاپخا کتو پڕ بووە، چونکە پێشتر سەر بە میتانی بوو، بەو پێیەش پێدەچێت تووشی مەترسییەکی دەرەکی، وەك شاڵاوی ئاشورییەکان هاتبێت.

ئەڕاپخا لە ناوخۆیدا لە بارێکی نا ئاساییدا دەژیا، هەر لەو ماوەیەی، کە شاتتیواززا لە نوزیدا بوو، لە چەند لایەکی وڵاتەکەوە هێرشێکی دەرەکی لە ئارادا بوو. لە دەقەکانی نوزیدا، تائێستا هیچ ئاماژەیەك بۆ ناوی لایەنی هێرش بەر لە بەردەستدا نییە، بەلام بەپێی ئەو زانیارییانەی لە بەردەستدان، دەرکەوتووە، کە لەنوزییەوە کەل و پەلی هەمە جۆری وەك: قەڵغان و کومی سەربازان لە کۆگاکانی نوزییەوە دەرهێنراون و بەسەر سەربازانی لەشکری ئەڕاپخا و خانیگەڵباتدا دابەشکراون، ئەو هێزەش لە لایەن پاشی ئەڕاپخاوە بۆ ناوچەکانی نوزی نێررابوون[5]. هەروەها خۆراك بۆ سەربازەکان گوێزراوەتەوە و لە هەمانکاتدا

1 یانکۆفسکا، پێیوایە بوونی نوێنەری کاشی پەیوەندی بە پەناهەندە میتانییەکانەوە هەبووە، (مەبەست لە شاتتیواززا و ئاگیت –تیشوپ)ە، شاتیواسای میتانی لە ئەڕاپخا، ل107.
2 Kühne: Imperial Mittanni, P.219.
3 لە هەندێ دەقی نوزیدا ناوی ئەکەد لە جیاتی کاشی یان بابل هاتووە.
4 Lewy: Miscellanea Nuziana, P. 19.
5 هێزەکەی خانیگەڵبات لە ئەپێنا، بە سەرکردایەتی (ئورو) بوو، هێزەکەی ئەڕاپخا لە شیلیاویدا بە سەرکردایەتی کوڕێکی پاشا بە ناوی خوت-تیشوپ بوو، بڕوانە:
Lewy, Miscellanea Nuziana, P.17.



شەڕ لە لوبدیدا بەردەوام بووە[1]. لە ناوچەکانی باشوورەوە، لەشارەکانی (تلیبینیرا)[2]و دور-ئوبلاوە شەڕ لە نێوان لەشکری کاشی و ئەڕاپخا دەستیپێکرد، لە هەموو لایەکەوە هاوکاری بەرەو ئەو ناوچانە دەستیپێکرد، بەڵام لە نوزیدا کۆگا سەربازییەکان بۆ ناردنی چەك و پێداویستی واڵاکرابوون، لە دەقێکدا باس لە ناردنی هەزاران تیر و رم بۆ شاری دوڕ-ئوبلا لە باشوورەوە کراوە[3].

لە لایەکی ترەوە دوای ماوەیەك لە هێرشەکان، بەبۆنەی سەرکەوتنەکانەوە، ئاهەنگیان گێڕاوە، بەتایبەت بە بۆنەی رزگار بوونی تلیبینیرا و ئیرخاخی[4]، بەڵام نەتوانراوە دور-ئوبلا رزگار بکرێت، بە پێی دەقەکان بەو بۆنەیەوە تیش-ئورخی هاوکاری بۆ ئەو ناوچانە بردووە[5].

ڤیلهێلم، لە ساڵی 1340پ.زدا بوو کە کاشییەکان هێرشێکی وێرانکەریان کردۆتە سەر دەوڵەتی ئەڕاپخا و تا زێی بچووکیان داگیرکردووە. لە دەقێکیدا ئەدەد-نیراری یەکەم (1307-1275پ.ز) پاشای ئاشوری، لوبدی (داقوق) بە سنووری باکووری دەوڵەتی کاشی ناو بردووە[6]، بەوشێوەیە ئەڕاپخا لەنێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا دابەشکرا و ئەو چاخەی کە لەلای زانایان بە چاخی نوزی ناو دەبەن، کۆتایی هات.

1 یانکۆفسکا: شاتتیواسای میتانی، ل101.
2 جگە لەوەی کە زانراوە ئەم شوێنە لە باشووری ناوچەکانی ئەڕاپخادایە، هیچ زانیارییەکی تر لە بەر دەستدا نییە.
3 تا ئێستا هۆیەکەی روون نییە، بەڵام، لەو کاتەدا نوێنەرێکی ئاشووری لەگەڵ پاشای ئەڕاپخادا کۆبۆتەوە، بەوەش رقی پاشای کاشی لێ هەڵساو هێرشی کردە سەر ئەڕاپخا، چونکە لەگەڵ پەیمانەکەیدا بۆ پاشای کاشی نەدەگونجا.
Lewy; Miscellanea Nuziana, P. 20.
4 جگە لەوەی کە زانراوە ئەم شوێنە لە باشووری ناوچەکانی ئەڕاپخادایە، هیچ زانیارییەکی تر لە بەر دەستدا نییە.
5 یانکۆفسکا: شاتواسای میتانی، ل101.
6 Lewy: Miscellanea Nuziana, P. 22; Raof: Cultural Atlas of Mesopotamia, P.138.

بەپێی شوێنەوارە مادد‌ییەکانیش، شوێنەواری وێرانکاری لە نوزی[1] و کوروخاننیدا[2] بەدی کراوە، بەڵام پێدەچێت دوای ئەو وێرانکارییەش تۆمارەکانی نوزی تا ماوەیەك بەردەوام بووبێتن، بەڵام دواتر بەهۆی هێرشێکی ترەوە بەتەواوەتی ناوچەکە لەلایەن هێزێکی دەرەکییەوە داگیرکراوە. (کییرا)[3]، کە تا ماوەیەك دواتریش دانیشتوانی ناوچەکە لە هەوڵی سەربەخۆبووندا بوون. هەرچۆنێك بووبێت لەو کاتەوە ئەڕاپخا بوو بە بەشێك لە دەوڵەتی ئاشوری و یەکێك بووە لە هەرێمە گرنگەکانی، دەوڵەتی ئاشوری، تا سەرهەڵدانی دەوڵەتی ماد، ئیتر ئەڕاپخانە بووە بەشێك لەو دەوڵەتە.

1 کییرا: کتبوا علی الطین, ص201.

2 الخالصی: تل الفخار، الموسم الثانی, ص45.

3 کییرا: کتبوا علی الطین، ص212.



# بەشی سێیەم

## ژیانی ئابووری

## باسی یەکەم: کشتوکاڵ

کشتوکاڵ مێژوویەکی کۆنی هەیە و بۆ نزیکەی 9000 پ.ز دەگەڕێتەوە، کاتێك مرۆڤ بۆ یەکەم جار لە ئەشکەوتەکانی ناو شاخەکانەوە بەرەو دۆڵەکان شۆڕبوونەتەوە، بە پێی شوێنەوارناسی، کشتوکاڵ لە زاوی چەمی، کریم شایەر و پاڵی گەورەدا بەدی کراوە[1]، بەرای زانایان چاخی کشتوکاڵی ڕاستەقینە لە گوندی چەرمۆوە دەست پێ دەکات، چونکە لە شوێنەکانی سەرەوەدا مرۆڤ جێگیر نەبووە و پەیوەستی زەوی نەبووە، بەڵام لە چەرمۆدا نزیکەی هەشت نەوەی لە دوای یەکتری تێدا بەدی کراوە، کە نزیکەی (400) ساڵی خایاندووە[2].

مێژووی گوندی چەرمۆ بۆ نێوان (7-6) هەزار ساڵ پ.ز دەگەڕێتەوە، لەو سەردەمانەدا مرۆڤ چاندنی دانەوێڵەی زانیوە، بەتایبەت گەنم و جۆ، هەروەها ئاژەڵی بەخێوکردووە وەك سەگ و بزن، دواتریش ئاواییە کشتوکاڵییەکان لە پەرەسەندندا بوون و چەندین ناوچەی گرتۆتەوە، وەك (مەتارە) لە باشووری کەرکوك و شمشارە لە بتوێن، تەپەگەورە لە خۆرهەڵاتی نەینەوا، هەروەها چەندین ئاوایی دیکە لەخۆرهەڵاتی نزیکی کۆن، کە ئەو ناوچانە بەبنەڕەتی دانەوێڵە دادەنرێن[3].

کشتوکاڵ بەردەوام لە پەرەسەندندا بوو، بەڵام بەشێوەیەکی لەسەرخۆ و بەوردی، تا لە چەرمۆدا خەملی و دواتر بەهۆی بارودۆخی سروشتی، وەك وشکە ساڵی و پەرەسەندنی ئامێرە کشتوکاڵییەکان، بە تایبەت پاش گواستنەوەی کشتوکاڵ لە

1 Jawad: The Advent of the Era, P.90.

2 الدليمي، عبدالعزيز: الزراعه في العراق القديم (منذ عصر فجر السلالات الى نهاية العصر البابلي القديم)، رسالة دكتوراه- غيرة منشورة، مقدمة الى كلية الآداب-جامعة بغداد، (بغداد: 1998) ، ص13.

3 الاحمد، سامي سعيد: الزراعة و الري، في: حضارة العراق، ج2، (بغداد: 1985)، ص154. بەپێی ئەفسانەیەکی سومری سەرەتا خواوەند (ئانو) دانەوێڵەی لە ئاسمانەوە هێناوەتەخوارەوە و خواوەند (ئینلیل) خستیە ناو شاخەکانەوە دواتر خواوەند (نین-ئازو) ڕێگای بە وڵاتی سۆمەر دا بەدەستی بهێنێت، بڕوانە: بوتيرو و أخرون، الشرق الادنى، ص43.

بەرزاییەکانەوە بۆ لێواری ڕووبارەکان و کۆبوونەوەی دانیشتوان بەشێوەیەکی چڕتر لە جاران[1]، بووەتە هۆی پەیدابوونی شارەکانی ناوچەی زورگ و لیتە دەشت، چونکە لە شاخەکاندا بە هۆی شێوەی تۆبۆگرافی زەوی و ڕادەی باشی باران، بواری ئەو پەرەسەندنە کەمتر بووە[2].

لە چاخە مێژووییەکاندا، کشتوکاڵ زیاتر پەرەی دەسەند، بە تایبەت لە بواری ئاودێریدا تا کۆتایی هەزارەی 3 و نیوەی هەزارەی 2ی پ.ز، ئەوەش بووە هۆی گۆڕانی گەورە لە کۆمەڵگادا و یاسای کشتوکاڵی و ئاودێری و خاوەنداریێتی و ...تاد هاتە ئاراوە، وەك یاساکانی سومەر و دواتر بابلی کۆن بە تایبەتی یاساکەی حەمورابی[3]. ناوچەی گاسوور لە سەردەمی ئەکەدیدا ناوچەیەکی کشتوکاڵی پڕ بایەخ بووە، وەك لە ئەرشیڤەکانی ئەو سەردەمەدا دەردەکەوێت، تاڕادەیەکی زۆر بەروبوومی کشتوکاڵی لەو ناوچەیەدا پەرەی سەند بوو، بەتایبەت دانەوێڵە و پەروەردەکردنی ئاژەڵ[4].

## یەکەم: خاوەنداریێتی زەوی

خاوەنداریێتی زەوی کشتوکاڵی بۆ سەردەمانێکی زۆر کۆنتر دەگەڕێتەوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی تۆمارەکانەوە، ناتوانرێت بە ئاسانی مێژووی سەرەتاکەی ڕوون بکرێتەوە، چونکە داهێنانی نوسین لەوڵاتی سۆمەردا بۆ هەزارەی سێیەم پ.ز دەگەڕێتەوە. لە سەرەتادا زەوی و زارەکان زیاتر لە ژێر دەستی پەرەستگاکاندا بوون، بەڵام خاوەنداری تاك بەشێوەیەکی لاوەکی هەبووە[5]، بە سەرهەڵدانی

1 أوبنهايم: بلاد مابين النهرين، ص135، الدباغ، البيئة الطبيعة، ص22.

2 رو: العراق القديم, ص31.

3 الدليمي: الزراعة في العراق القديم، ص15-19.

4 Jawad: The Advent of the Era, Pp.90ff; Foster, Benjamin R., people, Land, and produce at Sargonic Gasur, in: SCCNH, Vol. 2, (Eisenbrauns: 1987) Pp.85ff.

5 الدليمي: الزراعة في العراق القديم, ص28.



سیستەمی پاشایەتی و ئیمپراتۆریەتی ئەکەدی سیستەمی خاوەنداریێتی پەرستگا بەرەو لاوازی دەچوو، چونکە پاشا بووە خاوەنداری سەرەکی، ئەویش زەویەکانی دەدایە دەستی کەسانێك بۆ بەڕێوەبردنی وەبەرهێنانی، وەك ئەندامانی بنەماڵەی پاشایەتی، سەرکردە سەربازییەکان، بەرامبەر بە داهاتێکی دیاریکراو، ئەم سیستەمە لە سەردەمی ئەکەدیدا لە گاسوور بەدی کراوە[1].

لە هەزارەی دووەمدا گۆڕانکاری بەسەر چالاکییە ئابوورییەکاندا بە گشتی هات، خاوەنداریێتی کەوتە ژێر کاریگەریی ئەو گۆڕانکاریانە، بەگشتی دەشێت بە ئابووری هەزارەی 2ی پ.ز بلێین (ئابووری کۆشکی پاشایەتی)، لە زۆر ئەو ناوەندانەی، کە خوڕی باڵادەست بوون، وەك نوزی، شاغر بازار، ئوگاریت[2]، چونکە لە زۆربەی ناوەندە ئابووری و سیاسییەکانی ئەو سەردەمانە، ئەم دیاردەیە باوبووە[3].

لە ناوچەکانی نوزی و ئاڕاپخا چەندین جۆری خاوەنداریێتی هەبووە، لە دەقە ئەرشیڤ کراوەکانی بنەماڵە و کۆشکەکانی نوزیدا کەبەپێی وەرگرتن و دابەشکردنی دانەوێڵە ڕیزکراون، بڕی وەرگرتنی دانەوێڵەی ساڵانە کە لە ئاواییەکانەوە[4] بۆ کۆشك چووە لە نوزی[5]. پێدەچێت کۆشك خاوەندارێکی گەورە بووبێت.

ئەو زەوییانە لەلایەن گوندنشینەکانەوە[6]، بەرامبەر بڕێك داهات دەکێڵران. لێرەدا کۆشك وەك دەزگایەکی کارگێڕی، یان لێپرساوێتی میری بۆ چاودێری کشتوکاڵی

1 Jawad: The Advent of the Era, Pp.100ff; Foster, Benjamin R., people, Land, and produce at Sargonic Gasur, P.92.

2 أبنهايم: بلاد مابين النهرين، ص56.

3 کۆشك وەك دەزگایەکی لێپرساوی حکومی وابووە ، بەتایبەت لە ئاڕاستە کردنی ئابووریدا ، فلهلم، الحوريون، ص90.

4 لە دەقەکاندا زاراوەی (âlu) بۆ گوند و شارەکان بە کارهاتووە، کە زۆر ڕوون نییە و بە تێکەڵی بۆ هەردوو مەبەست هاتووە، جاری واهەیە لە نێوان شارێك و گوندێکدا جیاوازی ناکرێت ، فلهلم ، الحوريون، ص90.

5 Fincke: Transport of Agricultural Produce in Arrapĥe, P.148.

6 لێرەدا تەنها ناوی گوند بەکارهاتووە، بۆیە زۆر جار نەزانراوە کە بە تەواوەتی کێ کاری کێڵانی کردووە.
Fincke: Transport of Agricultural Produce in Arrapĥe, P.148.

دەوڵەت دەردەکەوێت، چونکە بەشێکی زۆر لەو داهاتانە لەلایەن کۆشکەوە بەسەر دەست و پێوەندەکانی پاشادا دابەش دەکران، وەك سەرباز و سەرکردەکانیان پیشەگەران، نووسەران، کەنیزەکان، کۆیلەکانی کۆشك[1].

لەلایەکی تریشەوە پاشاکان خۆیان زەویی تایبەتییان هەبووە، وەك لە دەقەکاندا دەرکەوتووە کە بە دەستەواژەی (دێمەکانی فلانە پاشا/ملك) ناوبراون، کە جیاواز لە موڵکەکانی کۆشك وەبەردەهێنران[2]. هەروەها شاژنەکانیش موڵکی تایبەت بە خۆیان هەبووە، کە لەلایەن خەڵکی گوندەکانەوە دەکێڵران[3]. کوڕانی پاشاش موڵکی زۆریان هەبووە و یەکێك بوون لە خاوەندارە هەرە گەورەکان، بەهەمان شێوە خزم و کەسانی تری بنەماڵەی پاشایەتی زەوییان پێدەدرا کە بیکێڵن و بووبوون بە خاوەنداری گەورە لە ناوچەکەدا[4].

هەندێ خاوەندارێتی تریش هەبوون کە لە سەرەتای دەسەڵات گرتنە دەستی خوریدا لە ئەڕاپخا سەریان هەڵدا، بە تایبەت ئەو زەوییانەی کە دەدران بە سەرکردە سەربازییەکان، ئەمانە لە سەرەتاوە لە هەوڵی بە دەستهێنانی خاوەندارێتی بوون، تا دەستیان لە بەرهەم هێناندا هەبێت، کە جووتیارەکان شان بە شانی کۆیلەکان دەیانکێڵا. هەروەها چینی باڵای سوارەکان کە بە (مەری یەنی نا) ناسرابوون، لەلایەن پاشاوە زەوییان پێ بەخشرابوو، ئەمانە دواتر بوون بە خاوەنداری گەورە و دەوڵەمەند بوون[5].

1 فلهلم: الحوريون، ص90- 92.

2 الحوريون, ص91.

3 Fincke: Transport of Agricultural Produce in Arrapĥe, P.154.

4 ناوی شیلوا – تیشوپ و تێخیپ-تیللا لە پێشەوە دێت، کە گەورەترین خاوەندداربوون ، و چەندین زەویان بەناوی خۆیان هەبوو، وەك دیمتوی (dimtu) شیلوا-تیشوپ و دیمتوی تێخیپ- تیللا.
Fincke, Transport of Agricultural Produce in Arrapĥe P.154..

5 فلهلم: الحوريون، ص88.



جگە لەو زەوییانە، خاوەندارێتی تریش هەبووە، کە بۆ تاکەکان دەگەڕایەوە، ئەم زەوییانە زیاتر ناوچەی دێمییەکانی دەگرتەوە و (مشاع) بوون و کڕین و فرۆشتنی لەسەر نەبووە، بەرامبەر کێڵانی ئەو زەوییانە، کۆشك باجی لە جوتیاران دەسەند کە بە (ilku)[1] ئیلکو ناسراوە[2]. جۆرێکی تریش لە خاوەندارێتی زەوی هەبووە، کە بەو پێیەی یەکەم جار زەوییە بکەوتایەتە دەستی کەسێك، بە تایبەت دوای وشك کردنی گۆماو، یان چاککردنی زەویدا، خاوەندار بۆی هەبووە کڕین و فرۆشتنی پێوە بکات[3]. بە گشتی دەربارەی خاوەندارێتییە تایبەتییەکان زانیاری زۆرنییە، چونکە تەنها بنەماڵە گەورەکان توانای ئەرشیڤکردنی موڵکەکانیان لە تۆماری تایبەتدا هەبووە، بۆیە دەقە تۆمارکراوەکان وێنەیەکی ڕاستەقینە نادەن بەدەستەوە[4].

## دووەم: چالاکییە کشتوکاڵییەکان

جۆری کشتوکاڵ بەپێی ژینگە و هۆکارە سروشتییەکان دیاری دەکرێت، کە ڕۆڵێکی کاریگەریان بۆ ڕادەی سەرکەوتنی هەربوارێکی کشتوکاڵی هەیە، چونکە هەر جۆرە بەروبوومێکی کشتوکاڵی پێویستی بە جۆرێك خاکی دیاریکراو هەیە، لە هەمان کاتدا پێویستی بەڕادەیەکی ئاو (باران بارین، ئاودێری) دیاریکراو هەیە. بۆ نموونە بەروبوومی زستانە زیاتر پێویستی بە درێژبوونەوەی وەرزی سارد و خاکی لیتەیی هەیە، وەك گەنم. کە دەبێ نزیکەی شەش مانگ بارانی هەبێت و بەرگەی هەموو جۆرە خاکێك ناگرێت. لە کاتێکدا جۆ پێویستی بە ڕێژەیەکی کەمتر لە باران هەیە و بەرگەی گەرما و شۆرەکات دەگرێت. ئاژەڵداریش پێویستی بە لە وەرگای تایبەت هەیە. بەڵام بزن پێویستی بەو مەرجانە نییە.

1 Lewy: “The Nuzian Feudal System”, P.15f.

2 ئەم باجە لەسەردەمی حەمورابییەوە هەبووە, بەڵام لە نوزیدا زۆر ڕوون نەبوەتەوە، فلهلم: الحوريون, ص91.

3 الدليمى: الزراعة في العراق القديم، ص52.

4 أبنهايم: بلاد مابين النهرين, ص 104.

بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەی کەرکوکەوە، کە دەکەوێتە سەر هێڵی پانی فێنکی مام ناوەند، بۆ بەروبومی کشتوکاڵی شیاوە، چونکە لەگەڵ توندڕەویی بیابانەکان و ناوچەی شاخاویدا جیا دەکرێتەوە، چالاکییە کشتوکاڵییەکانی هەمەجۆرن، وەك لە خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە: چاندن، ئاژەڵداری.

### 1. چاندن:

#### أ. کشتوکاڵی دێمی

ئەو بەروبومانەش زیاتر بەروبوومی زستانەن، چونکە ئاو و هەوای کوردستان بە گشتی، دەکەوێتە ناوچەی هەرێمی ئاو و هەوای دەریای ناوەڕاست[1].

ناوچەکانی کەرکوك دەکەوێتە ناو دەشت و بانەکانی هەرێمی زورگ، لە نێوان هەرێمی شاخاوی لە باکوور و باکووری خۆرهەڵات و لیتە دەشت لە باشوورو بانی جەزیرە لە خۆرئاوادا. ئەم ناوچەیەش تاڕادەیەکی باش بۆ کشتوکاڵ شیاوە، بە تایبەتی تا بەرەو باکووری خۆرهەڵاتی بچین دابارین زیاتر دەبێت، لە نێوان 50 سم لە باکوور و 20 سم لەلای باشوورەوە ڕادەی باران بارینی ساڵانەیەتی[2].

بەو پێیەی کە باران بارین لە دەشتاییەکانی کەرکوك و حەمریندا بە شێوەیەکی ناجێگیر دەبارێت، کە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی کشتوکاڵی دێمی، بەتایبەت دانەوێڵەی وەك، گەنم و جۆ لە زستاندا[3]. بەڵام ناوچەی گرد و بەرزاییەکانی زیاتر بۆ لەوەڕگا شیاوە[4].

1 نەقشبەندی: کەش و هەوای هەرێمی کوردستان، ل69-72.

2 باقر: مقدمه، ج1، ص 26.

3 الدباغ: البيئة الطبيعية, ص 27.

4 Jawad: The Advent of the Era, P.13.



#### ب. کشتوکاڵی ئاودێری

زەوییە بەر ئاوەکان لە ئەراپخا و دەوروبەریدا ڕۆڵێکی گرنگیان لەبەرهەمهێنانی کشتوکاڵیدا هەبووە و ڕووبەرێکی فراوانی گرتبووەوە. بەڵگەش بۆ ئەمە هەڵکەوتەی شارەکانی نوزی و ئەراپخا و تورشا، و ...تاد، لەسەر ڕووبار بوون، یان کەناڵی ئاویان هەبووە[1]. ژمارەیەکی زۆر لە ڕووبار و کەناڵی ئاوی بەو ناوچانەدا تێپەڕ دەبوو. تەنها لە دەوروبەری نوزیدا (6) کەناڵی ئاوی لە دەقە مێخییەکاندا زانراوە، لە ئەراپخادا بەگشتی نزیکەی (28) کەناڵی ئاوی هەبووە[2].

زەوییە بەر ئاو و زەوی دێمییەکان لەدەقەکانی نوزیدا جیاکراونەتەوە، تەنانەت لە سنووری یەك گونددا ئەم دیاردەیە بەدی کراوە، وەك: کێڵگە بەرئاوەکان بە (AŠÀ. Šīqu)، ئەو کێڵگانەی کە هاوسنوور بوون لەگەڵ ڕووباردا بە (atappu، ĥirītu،ÌD ) و کێڵگە دێمییەکان بە (ul Ša Šiqi) لە یەکتر جیاکراونەتەوە[3]. ئەم کەناڵە ئاوییانە هەندێکیان سروشتی بوون، بەڵام هەندێکی تریان هەڵکەندراوبوون، لەو ناوچانەدا، کە لەتوانادا بوویێت ئاوی بۆ ڕابکێشرێت جێبەجێدەکرا، وەك لە دەقەکاندا هاتووە کارمەندی تایبەت بە چاودێری کەناڵە ئاوییەکان (gugalu) هەبووە، کە ئەرکی، گرنگی دان بووە بەو کەناڵە ئاوییانە و ڕێکخستنی نۆرە لە نێوان کێڵگەکاندا بۆ سودبینین لە ئاودێری، هەروەها کەناڵی ئاوی نوێ ئەگەر پێویستی کردار بێت[4].

دوو هۆکاری سەرەکی هەبوون لەپشت بوونی ژمارەیەکی زۆر لە کەناڵی ئاودێری و سود وەرگرتن لێیان، یەکەمیان، هەبوونی ئەو بەروبوومانەی کە لەبنەڕەتدا

1 Müller: The Geographical of the Nuzi Area, P.83.

2 Fincke, Transport of Agricultural Produce in Arraphe, P.152.

3 Fincke: Transport of Agricultural Produce in Arraphe, P.156.

4 Fincke: Transport of Agricultural Produce in Arraphe, P.158.

بەروبومی بەرئاوین، وەک سەوزە، دانەوێڵەی هاوینە (کونجی، دارمیوە و دارستانەکان). دووەمیان، بەروبوومی زستانە، بەتایبەت گەنم و جۆ، تەنها لەکاتی وشکە ساڵیدا، بۆ قەرەبووکردنی ئەو کەم بارانییە، جوتیار لە ڕێگەی ئاودێرییەوە کێڵگەکانی ئاو دەدا، لەم بارەیەوە لە دەقێکدا هاتووە "MU Ša in-né-er-Šu-ma ù la-a I-şi-dú-uŠ". واتە (ئەو ساڵەی کە زەوییەکان تۆمکران، بەڵام نەدوورانەوە). (زاکانینی-Zaccagnini)، تێبینی ئەوەی کردووە کە ئەو ناوچەیە لە شاری ئولامم (Ulamme) بووە، کە کەناڵی ئاوی و ڕووباری لێ نەبووە، ئەوەش بەهۆی وشکە ساڵییەوە بووە، ناوچەکانی تریش لە هەمان ساڵدا بەرهەمیان باش بووە، چونکە پشتیان بە ئاودێری بە ستبوو[1]. پێدەچێت ئەو دیاردەیەش زۆرجار دووبارە بووبێتەوە، چونکە دەکەوتە ناوچەیەکی بارانی نامسۆگەر[2]. هەرچەندە بەرەو باشوور بچین ئەم دیاردەیە زیاتر، بەڵام بەرەو باکوور کەم تر دەبێتەوە. سەبارەت بە بوونی پڕۆژەی بەنداو بۆ گلدانەوەی ئاو، تەنها (طه باقر)[3]، ناوی بەنداوێکی لەسەر ڕووباری (العظیم) نوسیوە کە (دمیرەقبو)یە.

## گرنگترین بەروبوومە کشتوکاڵییەکان

وەک لە سەرەوەدا ڕوون بووەوە، ناوچەکانی ئەراپخا تاڕادەیەکی باش بۆ کشتوکاڵ شیاو بووە، لە دەقەکانی نوزی و شارەکانی تریشدا ئەم ڕاستییە سەلمێنراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دەقانە بەوردی زانیاری لەسەر کشتوکاڵ کردن ناگرێتە خۆی، وەک دیاریکردنی وەرزە کشتوکاڵییەکان، ئامێرە کشتوکاڵییەکان، ئەوەی زانیاری

1 The Rural Landiscape of the Land of Arraphe, (Roma): 1979

وەرگیراوە لە:

Fincke, Transport of Agricultural Produce in Arrapĥe P.159.

2 Jawad: The Advent of the Era, P.12; الدباغ، البیئة الطبیعیة, ص24

3 مقدمة, ج1، ص27.



تێدایە دەربارەی وەرگرتن و دابەشکردنی دانەوێڵەیە لە کۆشکدا، کە زانیاری باش دەربارەی بڕو جۆری بەروبوومی کشتوکاڵی دەدەن بە دەستەوە، لە کێڵگە و گوندەکانەوە بۆ کۆشک گواستراوەتەوە، بێگومان ئەوەش لە وەرزی دروێنەدا بووە، بەشێک لەو داهاتانە لە گەنجینەدا بۆ وەرزی چاندنی داهاتوو هەڵدەگیران و بەشێکی تری بۆ مەبەستە خزمەتگوزارییەکانی کۆشک دابەش دەکران[1]، وەک زانراویشە ئەو ئەرشیڤانە بەپێی ڕیزبەندی کارگێڕی، یان دادوەری بوون[2]. گرنگترین بەروبومەکان ئەمانەن:

### أ. دانەوێڵە:

دانەوێڵە بە گرنگترین بەروبومی کشتوکاڵی دادەنرێت، کە تائێستاش وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی خۆراکی کۆمەڵگا دەزانرێت، لە کۆنەوە ناوچەکانی کەرکوکی ئێستا مەڵبەندێکی چاندنی دانەوێڵە بوون و یەکەم جار لەم ناوچەیەوە مرۆڤ پێی ئاشنا بووە[3]. گرنگترین بەروبومی دانەوێڵە جۆ و گەنم، و... تاد بوو. بەپێی دەقەکانی نوزی جۆ (Šeātu) زیاتر لەم ناوچانەدا چێنراوە[4]، ڕێی تێدەچێت هۆیەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە گەنم زیاتر پێویستی بە ئاو هەبووە، و زۆرتر بە هۆی دەردی کشتوکاڵییەوە بەرهەمهێنان کەم دەبووەوە، بەتایبەت شۆرەکات، کە بەهۆی ئاودێرییەوە زیاد دەکات[5]، هەروەها لە نوزیدا سەرچاوەی سەرەکی خۆراک بووە کە بەبێ (خومرە) نانی لێدروست دەکرا[6]. جۆ لە زۆر بواردا سوودی هەبووە، وەک خۆراکی ڕۆژانەی مرۆڤ و ئاژەڵ و بۆ تۆمکردنی لە ساڵی داهاتودا،

1 Müller: The Geographical of the Nuzi Area, P.42.

2 یانکۆفسکا: شاتیواسای میتانی، ل94.

3 الاحمد: الزراعة و الري, ص154؛ الدباغ, البیئة الطبیعیة, ص31.

4 Al Rawi: Studies in the Commercial Life of, P.82.

5 Fincke: Transport of Agricultural Produce in Arrapĥe, P.159.

6 Al-Rawi: Studies in the Commercial Life of, P.82.

یان وەك دراو بەکاردەهات، بەشێوەیەکی فراوان وەك کرێی خزمەتگوزاری بەکاردەهات، لە بواری پیشەسازیشدا بیرەی لێدروست دەکرا، هەروەها لە بۆنە ئایینییەکاندا لە پەرستگاکاندا پێشکەش دەکرا[1].

یەکێك لە دانەوێڵە گرنگەکانی تر، گەنمە (Kibtu)، کە بەشێوەیەکی فراوان چاندنی لەو ناوچانەدا لەپاش جۆوە دێت، بەپێی ئەرشیڤەکانی نوزی لە کۆشکدا وەردەگیرا و دابەشدەکرا و لە زۆربواردا سودی لێ وەرگیراوە، وەك مامەڵەی بازرگانی[2].

**ب. کونجی:**

وەك زانراوە کونجی ڕووەکێکی هاوینەیە، بەو پێیەش لە زەوییە بەرئاوییەکاندا چێنراوە، کە پشت بە ئاودێری دەبەستێت. جگە لە خۆراك، ڕۆنی کونجی یەکێك بووە لە ئامانجە سەرەکییەکانی چاندنی کونجی، ناوچەکانی نوزی ژینگەیەکی شیاوی چاندنی کونجی بووە[3]. بەڵام لە دەقەکانی نوزیدا باس لە تۆم و ڕۆنی کونجی کراوە، کە بە (ŠE-Ì-GIš-W) یان (ŠE-Ì-Giš) ناسراوە، چاندنی لە چەند ناوچەیەکدا زۆر گونجاو بووە، وەك: ئەپیناش (Apenaš)، تورشا (Turša) و تیمنتاش (Tementaš)، بەرهەمی باشی هەبووە[4]. هەروەها لە دەقەکاندا ناوی چەند کرێکارێك براوە کە لە کێڵگەکانی کونجیدا کاریان کردووە[5].

1 Starr: A Report on the Excavation at Yorghan Tepa, P.534.

2 المنذری: نصوص ادارية و قضائية من تل الفخار, ص25؛ لە دەقەکاندا زۆرجار باس لە سەپان کراوە, کە چۆن لە وەرزی دروێنەدا کارەکەی ئەنجام داوە, بەڵام وردەکای زیاتر زانیاری نادات بەدەستەوە.
Lewy, “Gleanings from a New Volume of Nuzi Texts” in: Or NS, Vol., X, (Roma: 1941), P.221.

3 Schneider: Öle und Fette in Nuzi, P.402.

4 Fincke: Transport of Agricultural Produce in Arrapĥe, 158.

5 Schneider: Öle und Fette in Nuzi, P.402-403.



**2. ئاژەڵداری:**

سامانی ئاژەڵ لایەنێکی گرنگی دیکەی بواری کشتوکاڵە، سەرەڕای ئەوەی کە بە پلە دوو لە دوای سامانی ڕووەکی دانراوە، بەڵام گرنگی تایبەتی خۆی هەبووە، ئێستاش بایەخی خۆی لە دەست نەداوە. مرۆڤ لە سەرەتای چاخی کشتوکاڵییەوە ئاژەڵی پەروەردەکردووە و سوودی لێ بینیوە، چ وەك خۆراك، یان بەکارهێنانی خورییەکەی بۆ جل و بەرگ. زانایان وای بۆ دەچن کە پێش هەموو ئاژەڵێك سەگ ماڵی کراوە، چونکە وەك پارێزەر، یان بۆ یاریکردن لەگەڵ منداڵدا بەکارهاتووە، چونکە ئاژەڵێکی جێگیرە. لە دوای سەگ بزن ڕاگیراوە، بۆ شیر و مووەکەی و پاشماوەکەی، لە چەرمۆدا وەك ئاژەڵێکی ماڵی لە ئاژەڵەکانی تر ڕوونترە[1]. لە چاخەکۆنەکانەوە مرۆڤ زەوییە بەپیت و بەرەکەتەکانیان بۆ دانەوێڵە و زەوییەکانی تر، بەتایبەت ناوچە دوور و گرد و بانەکان وەك لەوەڕگای ئاژەڵ بەکاردەهێنا[2].

**أ. مەڕ و بزن:**

بزن لە ناوچەکانی ئەراپخادا بە گشتی زۆر بایەخی هەبووە، هەرچەندە لە دەقەکانی نوزیدا مەڕ زیاتر دێتە بەرچاو، بەڵام بەپێی پاشماوە ماددییەکان بزن زیاتربووە[3]. هێمای سومەری(UDU) بەکارهاتووە کە واتای بەرخ دەگەیەنێت، جاری واش هەبووە زاراوەی (UDU.MÍ) بۆ مەڕ و بزن هاتووە[4].

ئەم دوو ئاژەڵە بۆ مرۆڤ بایەخی زۆریان هەبووە، بۆیە لە کۆمەڵگا کۆنەکاندا گرنگی پێدراوە، چونکە بەرهەمێکی جۆرا وجۆر و زۆریان هەیە، وەك، شیر،

1 الدباغ, تقي: التدجين و الانتاج ونظم الزراعة والارواء, في: العراق في موكب الحضارة, نخبة من الباحثين, (بغداد: 1988), ج1 ,ص32, 35.

2 رو: العراق القديم, ص20.

3 Al-Rawi: Studies in the Commercial Life of, P.78.

4 المنذری: نصوص ادارية و قضائية من تل الفخار، ص28.

خوری و موو، هەروەها لە مامەڵە بازرگانییەکاندا وەك بایی (پێوەری کاڵا) بەکارهاتوون[1]، لە پەرستگا کانیشدا لە کۆنەوە وەك قوربانی، بەتایبەت لە جەژن و بۆنەکاندا پێشکەش بە خواوەندان کراوە[2].

تۆمارە ئەرشیڤکراوەکانی نوزی بەوردی لە بارەی قەبارە و تەمەن و جۆر بەپێی باش و خراپی و بڕینەوەی خوری و موو، زانیاری بەدەستەوە دەدەن، کە بەزاراوەی (G/qazu) یان (ša baqnu) بڕینەوەی ئاژەڵ تۆمارکراوە[3].

بەخێو کردنی بزن و مەڕ بەشێوەی مێگەل بووە، کەلەلایەن شوانەکانەوە ئەنجام دەدرا، ئەوەش بەهۆی گرێدانی پەیمانی تایبەت بەو کارە[4]، یان جاری وا هەبووە ئەم کارە دەخرایە ئەستۆی کۆیلەکان. ئەمانە بەرامبەر بە کۆشك، یان ئەگەر موڵکی تایبەت بوایە بەرامبەر خاوەنەکەی لێپرسراو بوون[5].

## ب. ڕەشە ووڵاخ:

لە دەقەکانی نوزیدا زاراوەی تایبەت بەم جۆر ئاژەڵانە زیاتر بەواتای (گا و گامێش) هاتووە، وەك، (GUa) یان (GUD.NITAMEŠ)، و (GU.MÍ) یان (GU.ÁB) بۆ مێینەکانیان بەکارهاتووە[6]. بەشێوەیەکی کەمتر زاراوەی (GUD.sal ālpu) بۆ مانگا بەکارهاتووە[7].

1 المنذری: نصوص ادارية و قضائية من تل الفخار، ص27.
2 ساكز: عظمة بابل, ص200.
3 Al-Rawi: Studies in the Commercial Life of, P.79.
4 Morrison, Martha A: “Evidence for Herdsmen and Animal Husbandry in the Nuzi Documents”, in: SCCNH, Vol., 1, (1981), P.258.
5 أبنهايم: بلاد مابين النهرين, ص56.
6 المنذري: نصوص ادارية و قضائية من تل الفخار, ص56.
7 Al-Rawi: Studies in the Commercial Life of, P.74.



ڕەشە ووڵاخ بە گشتی لە چاخە کۆنەکاندا بایەخیان زۆر بووە، بەتایبەت (گا)، چ لە ئاستی خێزاندا، بۆ دابینکردنی پێداویستی ماڵەوە لە شیر و گۆشت، چ لە بواری بازرگانیدا، بۆ کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵەکان، یان گۆشتەکەی و کەوڵەکەی. بەڵام گا لە کۆنەوە بۆ کرداری کێڵان، یان بۆ ڕاکێشانی بار و گواستنەوەی کاڵای بازرگانی بەکاردەهات[1].

بایەخ پێدان بە (گا) لەم ناوچانەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە جگە لە سوودی ئابووری ئەم ئاژەڵە بۆ ئەو سەردەمە، ناوچەکەش زۆر لە بار بووە بۆ بەخێو کردنی، بوونی کەناڵی ئاوی و رووبار لە ناوچەکەدا یارمەتی دەری باش بوون، چونکە (گا) پێویستی بە ئاوی زۆر هەیە بە تایبەت لە وەرزی هاویندا، بۆ فێنککردنەوەی پلەی گەرمی لەشی[2].

لە بوارە ئایینییەکانیشدا هێمایەکی بەرچاوی شوێنەوارەکانە، چونکە (گا) ڕەمزی خواوەند تیشوپ و مانگاش ڕەمزی خواوەند خیپاتی، ژنی تیشوپ بووە، کە دوو پەرستراوی گرنگی خوری بە گشتی و نوزی بە تایبەت بوون[3].

1 Al-Rawi: Studies in the Commercial Life of, P.74 .
2 كونتينو: , الحياة اليومية فى بلاد بابل و آشور, ص107.
3 فلهلم: الحوريون, ص99.

## باسی دووەم: پیشە و پیشەسازی دەستی

پیشەسازیی لە چاخە کۆنەکاندا بایەخێکی گەورەی لە ژیانی ئابووریدا هەبووە، چونکە زۆر لە پێداویستییەکانی ڕۆژانەی کۆمەڵی کۆنی دابین کردووە، کەل و پەلی ناومالٚ، یان ئامێرە کشتوکاڵییەکان یان پێداویستی سەربازی دەوڵەت بوویێت. لە ناوچەکانی ئەڕاپخادا و بە تایبەت لە نوزی بڕێکی زۆر لە کەل و پەلی دروستکراو دۆزراونەتەوە و لەدەقەکانیشدا زۆر جار ئاماژە بەو کەلوپەل و پیشەگەرانە کراوە، وەك گەڕەك یان کۆشکی تایبەت بە پیشەگەران، وەك: ئاسنگەران، دارتاشەکان، سواڵەتکەران، تەونکەران و... تاد. بەڵگەیەکە بۆ ڕۆڵی ئەو پیشانە لە پێکهاتەی ئابووری نوزیدا، تا ئەو ڕادەیەی چووەتە بواری بازرگانییەوە.

مێژووی زانینی پیشەسازیی لە ناوچەکەدا زۆر کۆنە و بۆ چاخە بەردینییەکان دەگەڕێتەوە و بەردەوام لە پێشکەوتندا بووە، بەڵگەش بۆ ئەوە دۆزینەوەی بڕێکی زۆری تەشی و ئامێری بەردی و، کانزایی و...تاد، لە چەرمۆ، (مەتارە)، شمشارە و تەپە گەورە، بەڵام پیشەسازیی لەو سەردەمانەدا زۆر سادە و سەرەتایی بووە و زیاتر کەل و پەلەکان بە دەست دروستکراون.

بەپێی بەڵگە شوێنەواری و نووسراوەییەکان لە هەزارەی 2ی پ.زدا، نوزی تا ڕادەیەکی زۆر لەم ڕووەوە پێشکەوتوو بوو، لە خوارەوەدا یەك یەك باسیان لێوە دەکرێت:

### أ. ڕستن و چنین:

ڕستن و چنین لە نوزیدا رۆڵێکی گرنگی لە ژیانی ئابووریدا دەبینی، بۆیە دەوڵەت زیاتر لە پیشەکانی تر گرنگی پێداوە. هەرچەندە لە ئەرشیڤی کۆشکەکاندا بە شێوەیەکی ورد و سەربەخۆ باس لەم پیشەسازییە نەکراوە، بەڵام لە چوارچێوەی

دابەشکردنی خۆراك و کرێ بەسەر پیشەگەراندا دەردەکەوێت کە زۆرینەی کەسەکان لە تەونکەران بوون[1]. تەنانەت لەو دەقانەدا ئاماژە بە کۆمەڵگا (کۆشکی) تەونکەران کراوە[2]، هەروەها زۆر لە دەقەکانی لە خۆگرتن دەربارەی پیشەی تەونکەران بووە[3].

دەسەڵاتدارانی کۆشك لە نوزیدا -وەك پێشتر ئاماژەمان بۆی کرد بایەخێکی زۆریان بە پەروەردەکردنی مەڕ و بزن داوە، ئەوەش بۆ بەدەستهێنانی خوری و موو، هەروەها بۆ زۆربوون بووە، وەك لە ئەرشیڤەکاندا دەردەکەوێت، کە چۆن ساڵانە لە وەرزی دیاریکراودا، برینەوەی مەڕ (baqūnu) ئەنجام دراوە[4]. هیچ ئاماژەیەك لە گرێبەستە بازرگانییەکاندا نییە کە مەڕ بازرگانی پێکرابێت، بەڵکو بۆ بەدەستهێنانی خوری و مووەکەی بووە بۆ دروستکردنی جل و بەرگ.

بە ڕای (الجادر)، ئەو ناوچانە بۆ پەروەردەکردنی ئاژەڵ، بە تایبەت بۆ خورییەکەی زۆر شیاوبوون، چونکە خوری مەڕ لە رووی شێ و گەرمی و ساردییەوە پێویستی بە ناوچەی مام ناوەند هەیە، بۆ ئەوەی تووشی نەخۆشی مشەخۆرییەکان (طفيلي) نەبێت، کە دەبێتە هۆی تێکدانی خورییەکەی. لە دەقەکانی نوزیدا بۆ ئاماژەکردن بە قوماش و جل و بەرگ زاراوەی (TUG) بەکارهاتووە، کە مەبەستی لە خورییە[5]. بەڵام زۆر جار بۆ دروستکردنی جل و بەرگی ڕەنگا و ڕەنگ، بۆیاخ و خوری ڕەنگا و ڕەنگیان لە ناوچەکانی فینیقیا و ئوگاریتەوە دەهێنا[6].

1 فلهلم: الحوريون، ص92.

2 Jakowska: Commoual Sel-Government, P. 241.

3 Lewy: "Gleanings from a New Volume of Nuzi Texts", P.206.

4 Morrison: Evidence for Herdsmen, P.268.

5 Zaccagnini: "A Note on Nuzi Textiles", SCCNH, Vol. 2, (Eisenbrauns: 1987), P. 349.

6 يانكوفسكا: بعض القضايا الأقتصادية في امبراطورية اشور، في: العراق القديم (جماعة من علماء السوفيت)، تر: سليم طه التكريتى، دار الحرية للطباعة، (بغداد: 1976) ص405.



بەو پێیەی کە زۆربەی گرێبەستەکانی تەونکەران لەگەل کۆشك، یان لەگەڵ بەرپرسانی کۆشکدا ئەنجام دراوە[1]، زۆر جار وا دێتە بەرچاو، کە ئەم پیشەیە تەنها لە لایەن کۆشکەوە قورخ کرابێت، تەونکەرانیش کۆیلەی کۆشك بووبێتن[2]. بەڵام لەگەل ئەوەشدا کەسانێکی ئازاد لە ژن و پیاو لەو بوارەدا کاریانکردووە، تەنانەت (الجادر) پێیوایە کە لە نێوان تەونکەرانی نوزیدا کۆیلە نەبووە، بەڵکو ئازادبوون. لە لایەکی تریشەوە ژمارەیەك لەوانە لە ماڵی خۆیاندا تەونیان دامەزراندووە و قوماشیان دروست دەکرد و دواتر لەگەڵ بازرگانێکدا بۆ فرۆشتنی کاڵاکان و هێنانی کەرەستەی خاو ڕێك دەکەوتن. بەو پێیەش کەرتی تایبەتیش لەو بوارەدا ڕۆڵی هەبووە[3].

دروستکردنی قوماش بە دوو قۆناغدا تێدەپەڕێت: یەکەمیان، رستنی خورییەکە، بەهۆی تەشییەکی لەبەرد، یان لە دار دروستکراو[4]، دووەم: چنین، ئەویش بەهۆی (تەون) دەبێت کە بریتییە لە دووستوون، لە سەرەوە بە دوو رایەڵ بە شێوەی ئاسۆیی بە یەکترەوە بەستراونەتەوە، کە تا ئێستاش لە کوردستاندا لە نێو هەندێك لە ماڵەکاندا ماوە[5].

1 بەپێی ئەو گرێبەستانە کۆشك بڕێك کەلوپەل یان دانەوێڵەی بە قەرز بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەدایە وەستایەك، لە بەرامبەردا وەستاکە کاری بۆ خاوەن کارگە دەکرد، تا قەرزەکەی دەدایەوە، بڕوانە:
Lewy, "The Titennûtu Texts from Nuzi" OrNS, Vol., X, (Roma: 1941) P.207
لە هەندێ گرێبەستی تردا خێزانەکان کوڕەکانی خۆیان دەنارده لای وەستایەك لە بەرامبەر فێرکردنی پیشەکەیدا، منداڵەکە بە خۆڕایی کاری بۆ دەکرد، بڕوانە:
Lwey, the Titennûtu Texts, P. 319.

2 ابنهايم: بلاد مابين النهرين، ص 106، فلهلم: الحوريون، ص 93.

3 Al–Rawi: Studies in the Commercial Life of, P. 91.

4 توشراتای پادشای میتانی هاوکات لەگەل نامەکەیدا بۆ فیرعەونی میسر، چەند دیارییەکی ناردبوو، لە نێوانیاندا چەندین تەشی تێدابووە کە لە زێڕ و زیوو و بەردی لازورد دروستکرابوو، ڕێی تێدەچێت لە (نوزی)یشدا لە هەمان کەرەستە درووستکرابێت. الجادر: الصناعات اليدوية، ص78.

5 الجادر: الصناعات اليدوية، ص115.

خوری سەرچاوەیەکی سەرەکی بووە بۆ دروستکردنی جل و بەرگ لە نوزیدا، چونکە هیچ ئاماژەیەك بۆ بەکارهێنانی لۆکە نییە و لەو سەردەمەدا چاندنی نەزانرابوو. بەڵام پێدەچێت لە سنوورێکی دیاریکراودا قوماشی کەتان بەرهەم هاتبێت، ئەم جۆرە قوماشە زیاتر بەرگی ڕایەخ (Ša maiapli)ی لێ دروستکراوە، کە تایبەت بووە بە ڕایەخی پاشایان و کۆشکەکان[1]. ڕەنگی قوماشەکان جۆراوجۆر بووە و بە مورووی زیوین ڕووپۆش دەکران و بایەخی زۆریان بە ڕازاندنەوەدا دەدا، جل و بەرگەکانی نوزی بە (Nuzutu) واتە قوماش و جل و بەرگی نوزی ناسرابوون[2].

ئەو بایەخە زۆرە کە بە قوماش دەدرا بە مەبەستی ناردنە دەرەوە بوو، بۆیە قوماش لە پێشەوەی هەناردەی نوزی بووە[3]، لە ناوخۆشدا لە مامەڵەکانی زەوی و زار (Maruti)[4] و قەرز و کرێ (Titennutu)[5] دا بەکارهاتووە.

**ب. کانزاکاری:**

کەل و پەلی کانزایی لە پاشماوەکانی نوزیدا دۆزراوەتەوە، کە ڕێی تێدەچێت لە ناوخۆدا دروست کرابێت[6]، بە تایبەت ناوی چەند کەسێك لە ناو لیستی دابەشکردنی خۆراکی کۆشکدا هاتووە کە ئاسنگەربوون (awil nappãĥu)[7].

---

1 الجادر: الصناعات اليدوية، ص 304، 305.

2 الجادر: الصناعات اليدوية، ص 71، 180.

3 فلهلم: الحوريون, ص93.

4 الجادر: الصناعات اليدويه، ص 42.

5 Zaccagnini: "A Note on Nuzi Textile", 360; Lewy, "The Titennûtu Texts from Nuzi" OrNS, Vol., X, (Roma: 1941), P.227.

6 Starr: A Rreport on the Excavation at Yorghan Tepa, P. 538.

7 Zaccagnini, C.: "Merchant at Nuzi", in: IRAQ, Vol. 39, Part 2, (London: 1977), P.178; Al-Rawi, Studies in the Commercial Life of, P. 102.



یەکێك لە پیشەسازییە گرنگە کانزاییەکان کە لە نوزیدا هەبووە، پیشەسازیی برۆنزییە، برۆنز خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە پیشەسازیی، چونکە لە بنەڕەتتدا خۆی لە کەرەستەی تەرەوە دروستدەکرێت، ئەویش مس و تەنەکەیە (القصدير)[1]، دواتریش هەر شتێك پێویست بێ لێی دروست دەکرێت. کەل و پەلە برۆنزییەکان زۆرن، وەك: کەل و پەلی ناوماڵ لە قاپ و تاس و شتی تر، کە لە نوزیدا بڕێکی زۆری لێ دۆزراوەتەوە[2]، هەروەها کەل و پەلی سەربازی وەك خەنجەر و شمشێر و ڕم و تیر[3]. بەڵام گرنگترین کەل و پەلی سەربازی کە لە دەقەکاندا باس کرابێت کومە و قەڵغانی سەربازانە لە نوزیدا، کە بە زاراوەی گورپیسو (gurpisu) بۆ ئەو جۆرە کومەیان دەربڕیوە، کە نەخشراو و شەپۆلاوین، پێدەچێت بۆ سەربازان دروستکرابێت، زاراوەی (kursimetu) بۆ ئەو کومانە بەکارهاتووە، کە بەسەر سەرکردە سەربازییەکانی خانیگالبات (میتانی) دابەشکراوە[4].

لە دەقێکدا ناوی ئاسنگەرێك، خوتیپ-تیللا (Ĥutip–tilla) هاتووە، کە بڕێك برۆنزی، بۆ دروستکردنی (6) سەرکڵاو (خودە) وەرگرتووە[5].

**ج. پیشەسازی گڵێنە: (الفخار):**

گڵێنەزۆرترین پاشماوەکان پێك دەهێنێت کە لە پشکنینەکاندا دۆزراونەتەوە، بەو پێیەی کە لە هەموو بوارێکدا بەکارهاتووە، چونکە نرخی هەرزان بووە و دروستکردنیشی ئاسانترە و زووتر ئەشکێت[6]، بوو بووە پیشەیەکی سەرەکی و لە دەقەکانی نوزیدا ئاماژە

---

1 المنذري: نصوص ادارية و قضائية من تل الفخار، ص 36.

2 Starr: A Rreport on the Excavation at Yorghan Tepa, P. 538-540.

3 المنذري، نصوص ادارية و قضائية من تل الفخار، ص 36.

4 Kendall, Timothy: The Helmets of the Warrior at Nuzi, in: SCCNH, Vol., 1, (Eisenbrauns: 1981), P.210.

5 Kendall: The Helmets of the Warrior at Nuzi, P. 211.

6 باقر وأخرون: العراق القديم، ج2، ص153.

به گڵێنەسازان[1] کراوە، (یانکۆفسکا) پێیوایە شوێن یان کۆشکی تایبەتییان هەبووە، کە بە دیمتو-پەخاراشو (dimtu Paĥĥarašwe) ناسراوە.

گڵێنەلە بنەڕەتدا لە قوڕ دروستدەکرێت، کە پێشتر بە پاککردنەوەی قوڕەکە ئامادە دەکرێت، پاشان لەسەر ئامێرێکدا دادەنرێت، کە بە چەرخەی گلتار(دولاب) ناسراوە، دواتر بە هۆی سوڕاندنی چەرخەکەوە، وەستاکە بە ئارەزووی خۆی بە دەست شێوازەکەی دەردەکات. کەل و پەلەکانیش بریتین لە تاس و گۆزە (بۆ هەڵگرتنی شلەمەنی وەك ڕۆن)[2]. هەروەها لە کەل و پەلە دۆزراوەکانی تر وەك: تەشی، قاپ، پەیکەری مرۆڤ، تەنانەت خشتی دیوار و تابلۆکانی نووسین جۆرێکن لە گڵێنە، کە لە دوای سوورکردنەوەیان لە تەنووردا ڕەق دەکرێن و دەبنە ئەو کەل و پەلانەی سەرەوە[3].

## د. خۆراك:

سەرەڕای ئەوەی کەرەستە خۆراکییەکان لەو بابەتانەن کە بە تێپەڕبوونی کات لە ناو دەچن و پاشماوەکانیان بەدی ناکرێت بەڵام بە پێی دەقەکان ئاماژە بە هەندێکیان دەکرێت کە لە بنەڕەتدا کەرەستەی سروشتی نەبوون، بۆیە دەبێ لە ڕێگای دەست تێوەردانی مرۆڤەوە ئامادەکرابێت. وەك: ڕۆن و بیرە.

### ڕۆن:

سەرچاوەکانی ڕۆن جۆراوجۆرن، دەشێت ئاژەڵی یان ڕووەکی بن، (کرۆس-Cross)، پێیوایە کە لە نوزیدا کونجی سەرچاوەی سەرەکی ڕۆن بووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەقەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە بەزی بەراز سەرچاوەیەکی سەرەکی ڕۆن

1 Zaccagnini: Merchabt at Nuzi, P. 173.

2 بصمجی: بحث في الفخار، صناعته وانواعه في العراق القديم، في: سومر، مج4، ع1 (بغداد: 1970)، ص33.

3 Starr: A Rreport on the Excavation at Yorghan Tepa, P.362.



بووە، واتە توانەوەی بەزەکە. بەڵام بەو پێیەی کە لە سەرچاوەکاندا ئاماژە بە بەروبوومی ئاژەڵی وەك: مانگا، مەڕ و بزن کراوە، ئەوانەش سەرچاوەیەکی تری ڕۆن بوون. هەرچۆنێك بێت لە دەقەکاندا باس لە دەرهێنانی ڕۆن لەو جۆیە کراوە کە ڕۆنی لێ دەردەچێت واتە کونجی (ŠE.GIŠ.Ì)، یان (ŠE.Ì.GIŠ)، پێوەری تایبەت بە شلەمەنی هەبووە، کە ڕۆنی شلی پێ پێوراوە، وەك (tallu،qūm )[1].

دەرهێنانی ڕۆن لە دانەوێڵەدا، بە تایبەتی لە کونجی، بەهۆی هاڕین و گوشینی دانەوێڵەکە دەبێت، بەڵام بۆ بەدەستهێنانی ڕۆنێکی ڕوون بۆ پالاوتنی، پێویست بە موو یان قوماشێك بووە. بەو شێوەیە 20٪ی دانەوێڵەکە دەبێتە ڕۆن. لەسەرچاوەکانیشدا زۆر جار ئەو ڕۆنە لە بۆنە ئایینییەکان لە پەرستگاکاندا دابەش کراوە[2].

## ه. شوشە:

پیشەسازیی شوشە لە کۆنەوە هەبووە، بەڵام لە هەزارەی 2ی پ.زدا زیاتر پەرەی سەندووە، هەرچەندە زانیاری تەواو دەربارەی سەرچاوەکانی شوشە نییە، بەڵام لە ناوچەکانی بانی خۆرئاوای عێراقی ئێستادا، جۆرێك لە لم هەیە کە بە لمی شوشە ناسراوە و ئێستا سودی لێ دەبینرێت، لە لایەکی تریشەوە لە عەگەرگوفی پایتەختی کاشییەکاندا پاشماوەی هەمان جۆری شوشەی نوزی دۆزراوەتەوە[3]، بۆیە ڕێی تێدەچێت لەو ناوچانەوە هێنرابێت.

لە پاشماوەکانی نوزیدا چەند جۆرێك شوشە دۆزراونەتەوە، وەك موورو و پارچەی تر، کە بۆ جوانکاری و نەخش و نیگاری دیوارەکان[4] و کەل و پەلەکانی تریش

1 المنذري: نصوص ادارية و قضائية من تل الفخار، ص: 29-30.

2 Schneider: Öle und Fette in Nuzi, P. 402 – 405.

3 عبدالخالق، هناء: الزجاج العراقي، سومر، 30 – 1974، ص 139.

4 Starr: An Rreport on the Excavation at Yorghan Tepa, P. 59.

وەك كەل و پەلی ناوماڵ وەك، جەرە[1] و بوتڵی شوشە كە پێدەچێت بۆ دەرمانسازی بەكارهاتبێت[2]. شوشەكانی نوزی بە گشتی لە جۆری (فسافسائی)ن و تەنها لە (تل الرماح)دا دۆزراوەتەوە، كە بۆ 1400 پ.ز دەگەڕێتەوە، بە تایبەت لە ڕووی نەخش و نیگارەوە[3].

**و. دارتاشی:**

دار یەكێكە لە مادده ئەندامییەكان و بۆ ماوەیەكی درێژ نامێنێتەوە، بۆیە تا ئێستا هیچ پاشماوەیەكی كەل و پەلی دار نەماوەتەوە، بەڵام لە وێنەی مۆرەكاندا، لە كەل و پەلی ناوماڵ و تەختی پاشایان دەردەكەوێت[4]. جگە لەوەی، كە لە چوارچێوەی گرێبەستەكانی نوزیدا، پیشەی دارتاشی بەدی دەكرێت، كە بەهۆی گرێبەستەوە لە كۆشك كاریان كردووە و زاراوەی (namgru) بەكارهاتووە[5]، دیارە دارتاشەكان شتی تریان دروست كردووە وەك (پێپلیكان)، دەرگا و (كانتۆر)ی كۆكردنەوەی كەل و پەلی ناوماڵ[6].

1 عبدالخالق: الزجاج العراقي، ص 138.

2 ساكز: عظمة بابل، ص 542.

3 عبدالخالق: الزجاج العراقي، ص 139.

4 Al-Rawi: Studies in the Commercial Life of, P. 131.

5 Lewy: “Gleanings from a New Volume of Nuzi Texts”, P.204.

6 باقر وآخرون: العراق القديم، (حضارة وادى الرافدين)، جامعة بغداد (بغداد: 1980) ج،2، ص156.



## باسی سێیەم: بازرگانی

مێژووی سەرهەڵدانی چالاكی بازرگانی كۆنەو بۆ چاخەكانی پێش مێژوو دەگەڕێتەوە، لەڕێگای پشكنینە شوێنەوارییەكانەوە توانراوە بازرگانی لە چاخی بەردینی نوێدا روونبكرێتەوە، بەپێی ئەو دۆزینەوانە لەچەند ناوچەیەكی وەك چەرمۆ، تەپە گەورە، بڕێكی زۆر لە كەرەستە و ئامێری بەردین و كانزایی دۆزراونەتەوە، كە لەپاش لێكۆڵینەوە دەركەوتووە لە بنەڕەتدا ئەو كەرەستانە لەو ناوچانەدا نین، بەڵكو لە ڕێگای بازرگانی نێوان ئەم پێگانە لەگەڵ چەندین ناوچەی وەك (تەپە سیالیك)[1] لەباكووری خۆرئاوای ئێران و ئەرمینیا بە دەستهاتوون[2]. لە چەندین ئاوایی لە سوریا و فەڵەستین بەهەمان شێوە بەپێی دۆزینەوەكان دەركەوتووە بەڕێگای پەیوەندی بازرگانییەوە لەگەڵ ناوچەكانی چەرمۆ و تەپەگەورەو حسونە بەدەستیان هێناوە[3]. لە چاخەكانی دواتریشدا ئەم پەیوەندییە بازرگانییە بەردەوام بووە و لەڕووی چۆنیەتی و چەندایەتییەوە زیاتر پەرەی سەندووە، ئەوەش بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی شارستانییەكان، وەك گلێنەی حەلەف و دواتر (عُبێد)[4] لەناوچە جۆراوجۆرەكانی خۆرهەڵاتی نزیكدا[5].

ناوچەی كەركوك بەپێی هەڵكەوتە جوگرافییەكەی لە نێوان چەندین مەڵبەندی شارستانیی (پیشەسازی، بازرگانی) جیاجیای، وەك وڵاتی بابل لە باشوورەوە،

1 دەكەوێتە باكووری كرماشان، كە فەڕەنسییەكان پشكنینیان تێدا ئەنجامداوە، مێژووی ئاوەدان بوونی ئەم شوێنە بۆ هەزارەی 5ی پ. ز دەگەڕێتەوە و تا هەزارەی 1ی پ.ز بەردەوام بووە. دانیال، موسوعة علم الآثار, ج1، ص152.

2 النجفي, حسن: التجارة والقانون بدءا في سومر, مركز البحوث والمعلومات، (بغداد: 1982)، ص23.

3 ساكز: عظمة بابل, ص31، 33.

4 گردێكە لە باشووری شاری (ناسریە)، بە هۆی ئەوەی كە بۆ یەكەمجار جۆرێكی كەلوپەلی شارستانی لەم شوێنەدا دۆزرایەوە، ناوی ئەو سەردەمەی، كە ئەو جۆرە كەلوپەلەی تێدا بڵاو بوو، بە ناوی ئەم گردەوە ناونرا، سەردەمی (عبید) لە 4000 ساڵ پ.ز لە باشووری میزۆپۆتامیادا باوبوو، دواتر باكووریشی (كوردستان) گرتەوە، یەكەم كەس لیونادۆ ولی لە ساڵی 1919ز پشكنینی تێدا ئەنجامداوە، رشید، قحطان, الكشاف الأثري, ص269.

5 الحلو: صراع الممالك في التاريخ السوري القديم, ص57؛ ساكز، عظمة بابل, ص309.

ولاّتـی ئاشـور و سـوریا لـه بـاکووری خۆرئـاواوه بەتایبـەت ئیـبلاو ئـەنادۆڵ، کەپەدۆکیا لەباکوورەوە، لەلایەکی تریشەوە مەڵبەندەکانی کەرەستەی خـاو، وەك کانزاو دار لە خۆرهەلاّتی زاگرۆسو ئەرمینیادا لەدەقەکانی هـەزارەی 3ی پ.زدا دەرکەوتووە کە پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ ناوچەی ئەنادۆڵـدا هـەبووە. هـەروەها لەگەڵ ناوچەکانی ئیبلا لە سوریا[1] و لەگەڵ ئاشوردا[2].

لە پاشماوەکانی نوزیدا، کە زۆربەی هەرەزۆری بـۆ ناوەڕاسـتی هـەزارەی 2ی پ.ز دەگەڕێتـەوە، تـا ئێـستا بایـەخێکی زۆر بەدەقـە بازرگانییـەکانی نـەدراوە و ژمارەیەکی کەم توێژینەوەی لەسەر کـراوە، بۆیـە زیـاتر پـشت بـە لێکدانـەوەی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی و نرخی کالاّ لە نـوزی لەلایـەكو ناوچـەکانی تـری هەمان سەردەم لەلایەکی ترەوە دەبەستین.

## یەکەم: بازرگانی

### أ. بازرگانیی ناوەکی:

نوزی ناوەندی شانشینی ئەڕاپخا بووە، شارەکانی تری شانشینەکە تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەست بوون بەم ناوەندەوە، کە کۆشكو بالاّترین دەسەلاّتی کارگێڕی و ئابووری بووە و کاروباری شارەکانی تری هەڵسوڕاندووە، بازرگانانی شارەکانی تریش لە ژێر دەسەلاّتی نوزیدا بوون. وەك لە دەقەکاندا هاتووە، بەروبوومی گوندەکان لەکۆشك لە نوزی بەدەست دەگەیەنران[3] و لەدەقەکاندا چەندین بازرگانی شارەکانی تر، وەك بازرگانی شاری زێزا، کینکیوی، سەر بەکۆشك بوون[4]. بۆیە ئەوەی کە سەبارەت بە نوزی بوترێت هەموو

1 Astour: Semites and Hurrians in Northern Transtigris, P.13.

2 Owen, D. I: “An Old Assyrian Letter from Nuzi”, in: SCCNH, Vol. 2, ((Eisenbrauns: 1987), P.23.

3 Fincke: Transport of Agricultural Produce in Arrapĥe, P.154.

4 Zaccagnini: “Merchant at Nuzi”, P.175.



ئەڕاپخا دەگرێتەوە، چونکە جگە لەوەی کە ئەو ناوچانە هاوچاخی یەکتر بوون، سەربەیەك دەوڵەتی خوڕی بوون، کە ئاڕاپخا بووە.

بازرگانیی ناوخۆ زیاتر پەیوەستە بەدانیشتوان، ئەمـەش بە گشتی کەلوپـەلی ڕۆژانـە دەگرتەوە، ئەوەش پێویستی بەتۆمارکردن نەبووە و هـەر بەشـێوازی زارەکـی ئـەنجام دراوە، بۆیە دەقەکان شتیان لەو بارەیەوە نەخستووەتەڕوو[1]. ئاساییە کە ئەو کەلوپـەل و پێداویستییە ڕۆژانەییانە بریتی بووبێت لە خۆراك وەك، دانەوێڵە، گۆشـت، میـوە، هەروەها فرۆشتنی کۆیلە، پاش هێنانی لەدەرەوە[2]، کەلوپەلی تری وەك جل و بەرگ، کەلەلایەن کارگە تایبەتییەکانەوە دەفرۆشران، چونکە هەندێك پیشەگەر هەبوون، وەك کەرتی تایبەت، کاری رستنو چنینیان لە مالاّندا ئەنجام دەدا و مەبەستیش فرۆشتنی بووە[3]. ئەوەی کە زیاتر لەناوخۆدا بایەخی پێدراوە (زەویو زار)ە، کـە لەچوارچـێوەی ئالّوگۆرکردنی زەوی لەگەڵ کالاّکانی تردا باسکراوە.

### زەویو زار

سەرەڕای ئەوەی کە لە نوزیدا زەویو زار، بەتایبەت کێڵگەکان، بایەخێکی زۆری لەلایەن چینە بالاّکان و دەوڵەتەوە پێدراوە، لە کۆی دەقەکانی نوزیدا هیچ گرێبەستێکی کڕین و فرۆشتنی زەوی و زار نەدۆزراوەتەوە، چونکە زەویو زار لە نوزیدا کڕینو فرۆشتنی لەسەر نەبووە[4]. بۆیە دانیشتوانی شارەکە، یان فەرمانڕەوایانی نوزی و ئاڕاپخا ڕێگایەکیان دۆزییەوە کەبەهۆیەوە دەیانتوانی خاوەندارێتی زەوی بگوێزنەوە، ئەو جۆرە ئاڵ و گۆڕە لە دەقەکانی نوزیدا بە

1 باقر واخرون: العراق القديم, ج2, ص147.

2 بۆ هاوردە بڕوانە، ل163.

3 الجارد: الحرف والصناعات اليدوية, ص59.

4 Al-Rawi: Studies in the Commercial Life of, PP. 126-127.

(maruti)[1] ناسراوە، بەپێی ئەم جۆرە گرێبەستانە، کڕیار هەڵدەستێت بە (تبنی)[(2)] کەسێك، کە خاوەنی زەوی، یان کێڵگەیە، وەك کوڕی خۆی، بەوپێیە دەبێتە میراتگری (Zittu)[3]، لەبەرامبەر وەرگرتنی زەویی کەسی (تبنی کراو)دا، بڕێك دیاری (gištu)[4]، کە زۆرجار لە شێوەی کانزا، دانەوێڵە، یان ئاژەڵ دەبێت، بەپێی ڕێکەوتن. تێخیپ-تیللا (Tiĥep-Tilla) گەورە لێپرسراوی کارگێڕی لە نوزی نموونەیەکی دیاری ئەم جۆرە لەخۆگرتنە و داهێنەری ئەم شێوازە بووە، سەدان لەلایەن کەسی لە خۆگیراوە، تا لە ڕێگای (میراتگری)یەوە زەوییەکانیان وەبەربهێنێت، چونکە دەبێتە بەشێك لەو خێزانە[5]. تێخیپ- تیللا سەدان دەقی لەو بارەیەوە تۆمار کردووە، کە بۆ نەوەی[6] دووەمی نوزی دەگەڕێتەوە[7].

1 ژمارەیەك زانا ئەم جۆرە مامەڵەیەیان بە لەخۆ گرتنی ساختە (تبنی الزائف) ناوبردووە. بڕوانە: Lewy, “The Nuzian Feudal System”, P.14. ئەو دەقانە بەپێی شایەت و دەقی یاسایی نوسراونەتە و زۆرجار ئەندامانی تری خێزانی (لە خۆگیراو) لە دادگادا شکاتیان کردووە و لە دادگادا مەسەلەکە لە بەرژەوەندی کڕیار، یان فرۆشیار (لە خۆگر) تەواو بووە. یانکوفسکا: المجتمع العائلی الموسع، ص367.

2 (لە خۆگرتن) بەو ڕێکەوتنە دەوترێت، کە لە نێوان دوو کەسدا ئەنجام دەدرێت، کە لە بنەڕەتدا لەوەوە هاتووە، کە ئەگەر ژن و پیاوێك منداڵیان نەبێت و زەوی و زاریان هەبێت لەگەڵ کوڕێکدا لە سەر ئەوە پێك دێن، کە بەرامبەر ئەوەی تا مردن بەخێویان بکات و کێڵگەکانیان بەرهەم بهێنێت، لە دوای مردنیاندا کوڕەکە بە ڕەسمی دەبێتە میراتگریان (کوڕیان)، النجفی، التجارة والقانون بدءا في سومر، 29.

3 (لیوی) پێیوایە دانانی ئەو یاسایەی کە تەنها بە (میرات) زەوی دەبێتە موڵکی کەسێك، تا ئەو زەویانە بۆ پاشا بگەڕێنەوە، چونکە ئەراپخا ناوچەیەکی (فیودالی) سەر بە میتانی بووە.
Lewy, “The Nuzian Feudal System”, P.31.

4 بۆیە ناوی لێنراوە دیاری تا دژ بەیاسای خاوەنداری نەبێت، یانکوفسکا، المجتمع العائلي الموسع: ص374.
Purves, Pierre M: “Additional Remarks on Nuzi Real Property, in: JNES, Vol., IV, (Chicago: 1945), p.69.

5 النجفی: التجارة والقانون بدءا في سومر، ص30.

6 مەبەست لە نەوەکان بنەماڵەی نووسەرانی نوزییە، کە نەوە لە دوای نەوە کوڕ لە دوای باوك لە نوزی کاری نووسەرییان ئەنجام داوە، وەك (ئەپیل-سین و نەوەکانی)، بەوپێیە بۆ هەر نەوەیەك 10 ساڵ دانراوە بۆ دیاریکردنی مێژووی دەقەکان و سەردەمی نوزی،
Fridman, Toward a Relative Chronology at Nuzi P.102ff.

7 Fridman: Toward a Relative Chronology at Nuzi, P.115.



بەهەمان شێوازی (maruti) جۆرێك لە گرێبەستی لەخۆگرتن هەن، کە بە (Aĥĥutu) ناسراون، تیایدا لە جیاتی لەخۆگرتن وەك کوڕ، لێرەدا وەك (برا)ی یەکتر لەخۆدەگرن دەکەن[1].

لە حاڵەتی تردا بەپێی گرێبەستێکی ئاڵوگۆڕکردن، دوولایەن بەئاڵوگۆڕکردنی پارچەیەك زەوی هەڵدەستن، واتە هەرلایەنێك پارچەیەك زەوی دەدات بەوی ترو مەرج بۆ حاڵەتی پەشیمانبوونەوە دیاری دەکەن، وەك سزایەك پێویستە سەرپێچیکەر سزاکەی بدات[2]. تەنانەت مامەڵەی لەو جۆرە لە نێوان تێخیپ-تیللا لە نوزی لەگەڵ خاوەنی زەوییەکی شاری کەڕانە[3] ئەنجام دراوە. (الراوی Al-Rawi) ئەم جۆرە ئاڵوگۆڕکردنە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو هەوڵانەی، کە لە چوارچێوەی بەهێزکردنی خاوەندارێتی زەوی و زاردا ئەنجام دراوە[4].

## کرێ:

لە دەقەکانی نوزیدا جۆرێکی تر لە (گرێبەست) هەیە کە ناونیشانی (-Tupi titnntu)ە، بەپێی ئەم جۆرە (گرێبەستە). کە لە نێوان دوو کەسدا دەبەسترێت، لایەنی یەکەم بڕێك لە خشڵ لە لایەنی دووەم وەردەگرێت لەبەرامبەر پارچەیەك زەوی کە دەیخاتە بەردەستی لایەنی دووەم[5]. یان لە جیاتی زەوی، مرۆڤ بەکارهاتووە، بەتایبەت ئەوانەی خاوەن بەهرەن. (گاد-Gadd) ئەم جۆرە مامەڵەیە بەجۆرێك لە قەرز دادەنێت، کە هەرلایەك شتەکەی خۆی وەك قەرز

1 AL-Rawi: Studies in the Commercial Life of, P.129;
یانکوفسکا: المجتمع العائلی الموسع، ص373.

2 Purves: Additional Remarks on Nuzi Real Property, P.69.

3 بۆ ئەم شارە بڕوانە، ل57، بەشی یەکەم.

4 JEN, 284 Texts: JENu, 227.

5Lewy: The Titennûtu Texts, P.313.

دەدات بەوی تر. بەڵام رای تر هەیە، وەرگرتنی بڕە خشڵ یان هەر کەلوپەلێکی تری وەك قەرز لە قەڵەم دەدەن، لەبەرامبەردا پارچەیەك زەوی وەك گرەنتی (چمانە) بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکە وەردەگرێت. جاری وا هەبووە کە دانەوەی قەرزەکە گۆڕاوە بۆ بارێکی تر، کاتێك کە کەسێك (3) (ئیمەرimer)[1] جۆ لە میرێکی نوزی قەرز کردووە، دواتر بە هۆی دواخستنی قەرزەکەوە، یان نەیتوانیووە بیداتەوە، (گرێبەست)ەکەی گۆڕیوە، بەوپێیە لەبەرامبەردا کوڕێکی خۆی دەنێرێت لەلای خاوەن قەرزەکە کاربکات. لە جیاتی ئەو سو (فائدە)یەی کەدێتە سەر قەرزەکە[2]. لەلایەکی ترەوە (الراوی) پێیوایە زۆر جار مامەڵەکانی (Titennutu) بۆ بەکرێدانی زەوی، یان کەلوپەل بەڵگەن[3].

بە گشتی کرێ لە نوزیدا بە شێوازی جۆراو جۆر دەدرا، بەڵام زیاتر دانەوێڵە (جۆ یان گەنم) بە کرێکار، وەك کرێی رۆژانە دەدرا، جاری واش هەبووە، بەپێی گرێبەستێك ئەنجام دەدرا، کە مانگانە، یان ساڵانە دەبوو[4].

### قەرزی بازرگانیی بەسو (فائدە):

گرنگترین ئامانجی بازرگانی بریتییە لە قازانج، بۆیە زۆرجار کۆشك، یان (بازرگان)ی سەربەخۆ لەجیاتی بازرگانی کردن قەرزیان دەدایە کەسانێك بەمەبەستی قازانج و بازرگان بەلایەوە گرنگ نەبوو کە ئەو بڕە پارەیە بۆ چی بەکاردێت، بەڵکو گرنگ ئەوە بووە، کە ڕێژەی ئەو (سو)ەی دەدەستنیشانکرد، کە دەبوایە بدرێت. دەقی (SMN: 1435) نموونەیەکی ئەم جۆرەیە: "کوش-

1 جۆرێکە لە کێش، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (3).

2 Lewy: The Titennûtu Texts, P.321-322.

3 Studies in the Commercial Life of, P.130.

4 الجادر، الحرف والصناعات، ص37.



کیپا (kuš-kipa) کوڕی کوشی (5) (kūšše) تالنت[1] (مس)ی لە (بیراش-شورا (Biryaš-šura) کوری} {تیللا وەرگرت بۆ سەرکێشی بازرگانی (a-na-KASKAL{ni}). لە مانگی (Šabuta)ی داهاتوودا کوش-کیپا (2) تالنتو (30) مین مس دەدات بە بیراش- شورا وەك (si-ib-ti) قازانج/ سو. بڕی (5) تالنت مس قەرزارە. ئەگەر بیراش- شورا داوای بکاتەوە، کوش-کیپا دەیداتەوە. (...شایەتەکان). وەك تێبینی دەکرێت کە ڕێژەی زیادەکەی (50٪)یە، ئەم ڕێژەیە لە نوزیدا باو بووە. لە دەقی (SMN: 3496)دا لە کۆتایی گرێبەستەکەدا هاتووە: "ئەگەر ماوەیەکی زیاتری خایاند، (مس)ەکە (قازانج/سو)ی زیاتری دێتە سەر"[2].

جۆرێکی تر لە سو هەبووە، لەو دەقانەدا بەدیدەکرێت کە زاراوەی (Tamkarašši) لە جیاتی (si-ib-ti) کەپێشتر ڕوویدا، بەکاردەهێنن: "تیخیا کوڕی کوسیبا، کچە کۆیلەیەکی لوللویی لە شاری زیزا برد کە هی (ئەر-تورا کوڕی کیزیری بوو، دوای مانگێك ئەگەر (تیهیا) نرخەکەی نەدات، پێویستە (5) بەرخ و ئاژەڵێك -گا، یان (گوێدرێژ) بژاردەی (4) ساڵی و پارچەیەك زیو بدات بە (ئەر- تورا) کەنرخی هەمووی (20) شیکلە زیوە، ئەگەر دواکەوت، قازانج یان سو لەسەری کەڵەکە دەبێت". ئەمەش جیاوازە لەگەڵ (Nemelu)، کە ئەو قازانجەی لە ئەنجامی کڕین و فرۆشتندا پەیدا بووە، ئەژمار دەکرێت، بۆیە زیاتر لە (Sibti)یەوە نزیکە، چونکە بەپێی بڕی سەرمایە (سو) دەخاتە سەر پارەکە.[3]

1 بڕوانە: (کێش)ەکان، پاشکۆی ژمارە (3).

2 Zaccagnini: Merchant at Nuzi, P.185.

3 Zaccagnini: Merchant at Nuzi, P.187 .

## ب. بازرگانیی دەرەکی:

### - کاڵا بازرگانییەکان:

### أ. هەناردە:

### - کۆیلە

ئەڕاپخا هەڵکەوتەیەکی گرنگی لە نێوان بازاڕەکان و کانگای کەرەستەی خاوەکاندا هەبووە، لەبەر ئەوە توانیویەتی ڕۆڵێکی گرنگ لە بواری بازرگانیدا ببینێت. لە دەقەکاندا بەتایبەت بایەخ بە بازرگانیی کۆیلە[1] دراوە، چونکە کۆیلە گرنگییەکی زۆری بۆ ناوخۆی نوزی هەبووە، هەروەها بۆ ناردنی بۆ وڵاتانی وەك ئاشور و بابل کە داوای زۆری لەسەر بووە[2].

بازرگانی کۆیلە بۆ سەردەمێکی کۆنتر دەگەڕێتەوە، لە وڵاتانی بابلدا سەرچاوەی جەنگیو ناوخۆییەکان پێداویستی پیشەسازی و کێڵگەکانی پڕنەدەکردەوە، بۆیە پشتی بە سەرچاوەی دەرەکی دەبەست، ئەوەتا لە یاساکەی حەمورابیدا، بەندی تایبەت بەو مەسەلەیە دانراوە[3]. جگە لەوەش جوانی پێست و بەهێزی لەشی کۆیلەی ناوچەی سوبارتوو،[4] هۆیەکی دیکە بووە، کە ئەو داوایە زیاتر بکات،

---

1 سەبارەت بەپایەی کۆمەڵایەتی ئەم چینە بڕوانە:
Saarisalo, New Kirkuk Documents, Pp.58f.

2 AL-Rawi: Studies in the Commercial Life of, P.111.

3 الرويح، صالح: العبيد في العراق القديم، (بغداد:1976)، ص44.

4 لە سەرچاوە مێخییەکانی میزۆپۆتامیا، بەگشتی لەو سەردەمانەدا، وشەی (سوبارتوو)یان بۆ تەنها ڕەگەزێکی دیاریکراو نەهێناوە، بەڵکو زیاتر دەستەواژەیەکی جوگرافیایی بووە، چونکە هەر زۆرجار نووسەرەکان بۆ گوتی، لوللویی و خوری، (سوبارتوو)یان بەکارهێناوە، بڕوانە:
Finkelstein, Subartu and Subarians, p.5-6.

هەر لە کۆنەوە وشەی کۆیلە لەگەڵ وشەی (شاخ)دا بەیەکەوە دەهات، چونکە وڵاتە شاخاوییەکان بۆ هێنانی کۆیلە سەرچاوەی سەرەکی بوون. وشەی لوللو زۆرجار واتای بەهێزی و لەش ساغی گەیاندووە، وەك: "کۆیلە لەش ساغەکانی لوللو"[1]، بەهۆی جوانی بەژن و باڵای ژنە (لوللو)یەکانەوە، زۆرجار بە مەبەستی ڕابواردن، یان وەك خێزان خواستی لەسەر بووە[2].

بازرگانانی نوزی کۆیلەکانیان بۆ بازاڕەکانی نوزی دەهێنا و بازرگانانی وڵاتانی بابل و ئاشور لە نوزی و ئەڕاپخا و دەوروبەری دەیانکڕییەوە. لەم بوارەدا گرێبەستێکی بازرگانی لە شاری سیپاردا[3] جێگەی سەرنجە، کە بەپێی ئەو گرێبەستە بازرگانێك بریکارێك رادەسپێرێت لەناوچەی ئەڕاپخا، بەپێی (خەسڵەت)ی تایبەت کۆیلەی بۆ بکڕێت. بریکارە بازرگانییەکەش لەنامەیەکدا بۆ بازرگانەکەی خۆی نووسیوە، کە لە ڕێگا تووشی گیروگرفت هاتووە و نەخۆش کەوتووە، ژنە کۆیلەیەکی کڕیووە و مردووە، بەڵام دانەیەکی تری جوان هەیە[4].

وڵاتی (ئیشنونا) لە باشووری خۆرهەڵاتی ئەڕاپخاوە، ناوەندێکی بازرگانی دیکەی کۆیلە بووە، بەهەمان شێوە کۆیلەی (سوباری)یان دەکڕیو هەندێ جار بۆ (بابل)یان دەنارد، یان بازرگانانی وڵاتی بابل لە ئیشنونا کۆیلەیان دەکڕی. بازرگانان لە ئیشنوناوە دەچوون لە بازاڕەکانی ناوچەی ئەڕاپخا دەیان کڕی[5]. دەقێکی بازرگانی باس لەگەشتێکی بازرگانی بۆ سوبارتووو بۆ کڕینی کۆیلە

1 (iR$^{MEŠ}$ ša kuq Nu-ul-lu-a-i-ú-tum SIG$_5$-tum), see, Saarisalo, New Kirkuk Documents, P.38. No. 22, Line, 16; Al-Rawi, Studies in the Commercial Life of, P117.

2 Saarisalo: New Kirkuk Documents, P. 68.

3 شاری سپیار دەکەوێتە نزیك بابل، ئێستا بە (ابو حبة) ناسراوە لە ناحیەی (الیوسفیة). الجادر، صناعه التعدین فی العراق القدیم، فی: حضارة العراق، (بغداد: 1988)، ج2، ص242.

4 الرویح: العبید فی العراق القدیم، ص43.

5 Postgat: Early Mesopotamia, P.219.



دەکات[1]. (ڤیلهێلم)، کە بازرگانانی ئیشنونا و بابل لە شارەکانی دەوروبەری ئەڕاپخادا کۆیلەیان دەکڕی، چونکە شارەکانی لوبدی (Lubdi)، ئاشوخ (Āšuĥ) لە باشووری ئەڕاپخادا دوو ناوەندی تری بازرگانی کۆیلە بوون، جگە لە نوزی. هەروەها بازرگانانی لارسا[2]، بۆ کڕینی کۆیلە، گەشتی بازرگانییان بۆ شارەکانی زابان و شیمورم و ئەڕاپخا ئەنجامداوە[3].

- **کانزاکان:**

کانزاکان بە گشتی کاڵایەکی بازرگانی گرنگی کۆن بوون، چونکە لەهەموو بوارێکدا پێویست بووە، هەر لە دروستکردنی کەلوپەلی ناوماڵ و ئامێری کشتوکاڵی و پێچکەی گالیسکە، تا کاروباری سەربازی بۆ دروستکردنی شمشێر، خەنجەر، رم و کومە و قەڵغانی سەربازان بەکاردەهات. لەلایەکی تریشەوە جیاوازی لە دابەشبوونی (کان/منجم)ەکانی کانزا لە نێوان ناوچە شارستانییەکاندا فاکتەرێکی گرنگ بووە، وڵاتی بابل هیچ جۆرە کانزایەکی وەك زیو، مس، تەنەکە، بەردی بەنرخی نەبووە، لە کاتێکدا ئەم کەرەستانە لە ناوچەکانی باکووری خۆرئاوای ئێران و ئەرمینیا و ئەنادۆڵ زۆر هەبوون، بۆیە لە ڕێگای بازرگانییەوە بۆ پیشەسازی ناوخۆ دەیانهێنا. بەتایبەت بۆ ئەو ناوچانەی کە هێزی سەربازی پێیان نەدەگەیشت[4].

1 الرویح: العبید فی العراق القدیم، ص52.

2 ئێستا بە (تل السنکره) ناسراوە، بەدووری 70کم دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای شاری ناسریەوە، بڕوانە، قحطان رشید، الکشاف الأثري، ص270.

3 Postgat: Early Mesopotamia, P.219.

4 بوتیرو واخرون: الشرق الادنی، ص28-29.

زۆربەی کانزاکان، ئەگەر هەمووی نەبێت، لە ناوچەی نوزیدا نەبووە، بەڵکو لە وڵاتانی ترەوە دەهێنران، وەك تەنەکە و مس لە خۆرهەڵاتی زاگرۆس، لە ڕێگای وڵاتی لوللو و شمشارە و بتوینەوە دەگەیشتە نوزی، کە وەك ناوەندێکی بازرگانیو بازاڕێك بۆ ئاشور و بابل وا بووە[1]. نوزی وەك ناوچەیەکی ترانزێت بووە ئەو کانزایانەی پێدا تێدەپەڕی، ڕێی تێدەچێت ئەوەش هۆی ئەوە بوو بێت کەتا ئێستا دەقی بازرگانی لەو جۆرە لەبەردەستدا نییە، بەڵام سەبارەت بە (مس) (یانکوفسکا) [2] کەلەهەزارەی یەکەمدا ئەڕاپخا (کان)ی مسی خۆی هەبووە و ئاشورییەکان سوودیان لێوەرگرتووە. لە هەزارەی سێیەمی پ.زدا ئەکەدییەکان و دواتر گودیا میری لەگەش، (مس)یان لە کیماش لە باشووری کەرکوك دەرهێناوە[3]. ئەمە ڕێی تێدەچێت، چونکە هاوکات لەگەڵ هەڵکەوتەی نوزی لەسەر ڕێگای بازرگانی (تەنەکەو مس) لە خۆرهەڵاتەوە، هەرزانی نرخی ئەم کانزایانە لە نوزی بەرامبەر شارەکانی دیکەی، وەك: بابل، ئاشور...هتد[4]، بوونەتە هۆی ئەوەی کە ئەو وڵاتانە لە نوزییەوە ئەم کانزایانەیان دەست کەوتبێت، بەڵام (الحلو) دەوڵەتی میتانی لە هەموو ناوچەکانی ژێرسایەی خۆیدا تەنها گومرگی خستۆتە سەر کاڵاکان و ڕێگای لە بازرگانی نەگرتووە[5]. ئەوەش لە ناوچەکانی میتانیدا، بووەتە هۆی گەشەکردنی ئەو جۆرە بازرگانییە[6].

1 AL-Rawi: Studies in the Commercial Life of, Ps.98, 100.

2 بعض القضايا الاقتصادية في امبراطورية اشور، ص405.

3 النجفي: التجارة والقانون بدءا في سومر، ص24؛ الجادر: صناعه التعدين، ص244.

4 Heltzer, M: The Metal Trade of Ugarit and the Problem of Transportation of Commercial Goods, in: IRAQ, 32, 1977, p.207.

5 صراع المالك، ص94

6 دەوڵەتی ئەڕاپخاش بەشێك بووە لە دەوڵەتی میتانی، بۆیە ڕێی تێدەچێت یەك سیاسەتی ئابوورییان هەبووبێت.



- **کاڵا پیشەسازییەکان:**

پیشەگەری بەگشتی لە (نوزی)دا فراوان و پێشکەوتوو بووە، لەئەرشیڤی کارگێڕی و دابەشکردنی خۆراك و کرێدا، ئاماژە بەگەڕەکی[1] ئاسنگەران، نووسەران، تەونکەران، کراوە[2]. کاڵا دروستکراوەکان بەمەبەستی بازرگانی دروست دەکران، بەتایبەت بەرهەمەکانی رستن و چنین، دەقەکانی نوزی لەو ڕوانگەیەوە تیشك دەخەنە سەر کارگەکان کەسەر بەکۆشك، یان کەسی تایبەتی لەماڵاندا بوون[3].

لە بواری بازرگانیدا کاڵای قوماش و جل و بەرگ نێردراوەتە دەرەوە، لەبەرامبەردا کەرەستەی خاویان پێ دەکڕی، وەك بۆیاغ. بازرگانێکی نوزی گرێبەستێکی بەوەرگرتنی جلوبەرگ و قوماش تۆمارکردووە و بۆ فینیقیا (لوبنان) بردوویەتی تا لەبەرامبەردا بۆیاخی سوور و خوری پێ بهێنێت[4].

لە دەقێکیتردا، بازرگانێك بەناوی (خاشیپ-تیللا) پارچەیەك قوماش لە (ور-تشوپ) وەردەگرێتو پاش گەڕانەوەی لە گەشتی بازرگانی لەگەڵ کاروانەکەیدا، پارەکەی دەدات[5]. هەرچەندە ناوی وڵاتو شوێنی فرۆشتنی قوماشەکە نەبراوە، بەڵام لە دەستەواژەی "...کاروانی بازرگانی..، . بە مەبەستی قازانجی بازرگانی.."، دەردەکەوێت، کە مەبەست لەو مامەڵەیە بازرگانی دەرەکی بووە.

لە دەقێکی دیکەدا بازرگانێك بەناوی (کازی) (9) پارچە جل و بەرگ لەتارمی-تیللا بەکەفالەتی (نانیا) وەردەگرێت، تائەسپێکی بۆ بهێنێت، وەك ئەسپەکەی

1 لە ڕاستیدا وشەی (alu)و (dimtu) جار هەیە بۆ گەڕەك، کۆشك، گوند، شار بەکارهاتووە، بۆیە زۆر ڕوون نییە و زۆر شیکردنەوە هەڵدەگرێت، چونکە هەموویان ئاماژە بە کۆبوونەوە، کۆمەڵگا دەدەن و واپێدەچێت بۆ کارگە یان شتی تریش هاتبێت.
Jankowska, Asshur, Mitanni, Arrapkhe, P.244.

2 Zaccagnini: Merchant at Nuzi, p.174.

3 الجادر: الحرف والصناعات اليدوية، ص37.

4 يانكوفسكا: بعض قضايا الاقتصاديه، ص395-396.

5 Zaccagnini: Merchant at Nuzi, P.183.

پاشا راهێنراوبێت، بەو مەرجەی لەمانگی (Seĥalu)دا کارەکەی ئەنجام بدات[1]. دیاری کردنی بڕێکی زۆر جل و بەرگو هێنانی ئەسپێکی ڕاهێنراو، بەڵگەیە بۆ هێنان لە دەرەوەی نوزی، چونکە ئەسپ لەو ناوچەیەدا کەم بووەو نرخی گران بووە، کەواتە ئەمەش بەمەبەستی بازرگانی دەرەکی بووە.

کاڵایەکی تری بازرگانی گرنگ ئەویش گڵێنە (الفخار)، لەچاخە کۆنەکاندا بایەخێکی زۆری بۆ کەلوپەلی ناوماڵ هەبووە، وەك قاپ و گۆزە و جوانکاری، جگە لە دروستکردنی بەرهەمە هونەرییەکان، وەك پەیکەر و خشتی نووسین، کە لەقوڕێکی نەرم دروست دەکرا و لەناو کورەی تایبەت سوور دەکرایەوە. هەر سەردەمێك جۆرێك گڵێنەی تایبەتی خۆی هەبووە، لە هەزارەی دووەمی پێش زاییندا جۆرێك لە سواڵەتی هونەری لە ئەڕاپخاو خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ و ئالاخ و ئوگاریت لە سوریاو هەروەها لە (دوڕگوریگالیزو) پایتەختی کاشی بڵاوببوونەوە، کە بەهۆی پشکنینەکانەوە ئاشکرا بووە لە یەك چاخدا بووە لە نێوان (1700-1400پ.ز)دا، لەلای زانایان بە گڵێنە نوزی ناسراوە، چونکە یەکەم جار لەم شوێنەدا دۆزرایەوە[2]. سەرەڕای ئەوەی کە نەزانراوە، لە چ ناوچەیەك لەو ناوچانەی سەرەوەدا سەری هەڵداوە و بڵاوبووەتەوە، یان نێردراوەتە دەرەوە، بەڵام بڵاوبوونەوەی جۆرێك لە گڵێنە لە ناوچەی جۆراوجۆر لەیەك کاتدا هەر بەهۆی بازرگانییەوە بووە. (ساگز) ئەو جۆرە بڵاوبونەوەیە لە نێوان ئەو شارانە بۆ پەیوەندی بازرگانی دەگێڕێتەوە، بۆ نموونە بازرگانیی نێوان نوزی و ئالاخ لە سەدەکانی 15-14پ.زدا[3].

لەچەندین شوێنەواری ئاوایی لە وڵاتی شارەزوور (لوللو)دا هەمان گڵێنە بە هەموو جۆرەکانی (قاپ، گۆزە، تاس) دۆزراونەتەوە، کە هاوشێوەکەیان تەنها لە نوزیدا هەبووە، وەك نزیکترین شوێن لێیانەوە[3]. لە کاتێکدا پەیوەندی بازرگانی

---

1 Zaccagnini: Merchant at Nuzi, p.181.

2 بصمجی: الفخار صناعته و انواعه في العراق القديم, ص33.

3 صبری، ناجی: تل شاملو، سومر، مج17، (1961)، ص175+.



نێوان نوزیو وڵاتی لوللو ناسراوە[1]. بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی شانشینی ئەڕاپخا، وەك ناوەندێکی خوری و بوونی کارگەی تایبەت بە دروستکردنی سواڵەت[2] تەنانەت گەڕەکێك، یان شوێنێك لە نوزیدا بە ناوی (alu paĥĥarašwe) واتە گەڕەکی دروستکەرانی گڵێنەسازان[3]، پێدەچێت لە نوزییەوە بۆ ئەو ناوچانە نێردرابێت، بەتایبەت ئەوانی دەوروبەر.

بەرهەمێکی تری ناوخۆی نوزی بریتییە لە ڕۆن، کە خۆراکێکی ڕۆژانە بووە، سەرچاوەکانی جۆراوجۆرن، لە چاخە کۆنەکاندا بەروبوومی ئاژەڵی بەکارهاتووە کە پێدەچێت سەرچاوەیەکی سەرەکی ڕۆن بووبێت، هەروەها لە دەقەکانی (نوزی)دا کونجی سەرچاوەیەکی تری ڕۆن بووە[4]. سەرەڕای ئەوەی کە دەقێکی بازرگانی دەربارەی ڕۆن بۆ ناردنە دەرەوە لەبەردەستدا نییە، بەڵام لە بۆنە ئایینییەکان و بۆ دروستکردنی دەرمان ڕۆنی کونجی بەکارهێنراوەو بەهۆی گرانی نرخەکەی زیاتر بنەماڵەی خانەدانو پاشایان لە ئەڕاپخادا بەکاریان هێناوە[5]. پێوانەی تایبەت بەشلەمەنی بۆ پێوانی ڕۆنی شل بەکارهاتووە وەك (qūm talu) و لە وڵاتی بابل بەگشتی چووەتە بواری بازرگانییەوە[6]. بەڵام لە نوزیدا ئاماژەی بارکردنی ڕۆن و بەزی بەراز لە گاسوور (نوزی)یەوە بۆ شارەکانی لێواری دیجلە و ئەکەد لە کۆتایەکانی هەزارەی 3ی پ.زدا هەیە[7].

---

1 بڕوانە: لاپەڕەکانی داهاتوو.

2 بصمجی: الفخار صناعته و انواعه في العراق القديم، ص33.

3 Jannkowska: Communal Self-Government and Kigs of state of Arrapĥa, P. 241.

4 المنذري: نصوص ادارية و قضائية من تل الفخار، ص39.

5 Schneider: Öle und fette in Nuzi, Pp.408-409.

6 AL-Rawi: Studies in the Commercial Life of, P.87.

7 Jawad: The Advent of the Era, P. 93

### ب. هاوردە:

دابەشبوونی نارێکی کەرەستە خاوەکان بووەتە هۆی ئەوەی کە وڵاتان لەکۆنەوە پەنا بۆ بەرهەمهێنانی کەرەستەو کەلوپەلی پێویست بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی پیشەسازی و کاروباری ڕۆژانە ببەن، بۆیە چەندین کەرەستە هەبووە، کە لە نوزی و دەوروبەریدا نەبوون وەك کانزاو کەرەستەی خاوی تر وەك بۆیاخ، تەنانەت کۆیلە کەوەك ئامێرێك لەکارگە و کێڵگە کشتوکاڵییەکاندا بەکارهێنراوە.

#### 1.کۆیلە:

ناوچەکانی ئەڕاپخا بەگشتی و نوزی بەتایبەتی پشتی بە ئابووری کشتوکاڵی و پیشەگەری دەبەست، ئەوەش پێویستی بەدەستی کار هەبووە، تەنها بەدەستی کاری ناوخۆیی پڕنەبۆتەوە، بۆیە پەنایان بۆ بەکارهێنانی کۆیلە بردووە، کە بەتایبەتی لە وڵاتی لوللو/ نوللو لە خۆرهەڵاتدا دەیانهێنان[1].

ئەرشیڤەکانی نوزی بەو جۆرە گرێبەستانە دەوڵەمەندن، کە بەهۆیەوە ئەم بازرگانییە ئەنجام دراوە. وەك لە گرێبەستێکدا هاتووە، کە: (ئەرشاوا کوڕی ئەبیل اموری) بەڵێن بە ئیخلی-تیشوپ (Iĥli-Teššup) دەدات: "(60) شیکل زیوم لە (ئیخلی- تیشوپ کوڕی تایا) وەرگرت، کەنرخی کڕینی کچە کۆیلەیەکی نوللوییە، ئەرشاوا (Ar-šawa) بەپێی سیفەتی دیاریکراو کچە کۆیلەیەکی نوللو لە مانگی (Hutalše) بە (ئیخلی- تیشوپ) دەدات، ئەگەر لە ڕۆژی دیاریکراودا نەیهێنا، پێویستە بۆ هەر ڕۆژێك دواکەوتن (1) مین مس بە ئیخلی- تیشوپ بدات. (ئیشا- خالو) کەفیلی (ئەرشاوا)یە"[2].

لە هەندێ حاڵەتدا جێبەجێکردنی مامەڵەکەش تۆمار کراوە، بەمەبەستی لەئەستۆ لابردنی پەیمان نامەکە لەسەر بریکار (تامکارو)، چونکە ئەو بڕە پارە

1 Al-Rawi: Studies in the Commercial Life of, P.118.

2 Zaccgnini: Merchant at Nuzi, P.182.



(نرخ)ەی کەوەری گرتووە تا هێنانی کاڵاکە لە ئەستۆی دابووە. هەمان بازرگان لەگەشتەکەیدا سەرکەوتوو بووە و دوای گەڕانەوەی بەمجۆرە کۆتایی بەمامەڵەکە هێناوە: "من کچە کۆیلەیەك قەرزاری (ئیخلی- تیشوپ) بووم، ئێستا کچە کۆیلەیەکی نوللوییم بە (ئیخلی تیشوپ) دا.. شایەتەکان". بەپێی یاسا دوای تەواوبوونی مامەڵەکەش، هەرکات داواکارێك سەرهەڵبدات بەخاوەنداریێتی کۆیلەکە، پێویستە لەسەر بازرگان (وکیل) قەرەبووی بکاتەوە[1]. هەروەها بەهۆی بوونی کەفیل، یان مسۆگەرکردنی بەهۆی لایەنی سێیەمەوە، ئەم جۆرە بازرگانییە لەلایەن کەسێکی (بازرگان) سەربەخۆ (تمویل) کراوە، چونکە لەمامەڵەی بازرگانی (کۆشك)دا، پێویست بە کەسی سێیەم، یان کەفیل نەبووە، چونکە وکیل (تامکارو) لەبنەڕەتدا کارمەندێکی تایبەتمەندی کۆشك بووە، لە بەرامبەردا کرێ لەشێوەی کەلوپەل، یان دانەوێڵە وەردەگرێت[2]. سەبارەت بە وڵاتانی تر، کە بازرگانانی نوزی، کۆیلەیان لێوە دەهێنا، وڵاتی خانیگەڵبات[3] (میتانی) بە پلە دوو دێت، تا ئێستاش ئەوەی، کە لە بەردەستدا بێت، یەك ئاماژە بۆ هێنانی کۆیلە لە وڵاتی کاشییەوە هەیە، کە ئەویش هێنانی کچە کۆیلەیەکە لە بنەڕەتدا خەڵکی ئەڕاپخا بووە[4].

#### 2. کانزاکان:

##### أ. زێڕ:

سەرەڕای ئەوەی زێڕ لەچاخە کۆنەکاندا، بەتایبەت لەچاخی (بنەماڵەی سێیەمی ئور و بابلی کۆندا وەك کەلوپەلێکی گرانبەها ناوبراوە، بەڵام وەك کانزاکانی تر، تا هەزارەی یەکەم بەکارنەهاتووە. ئەویش بەهۆی دووری، یان نەدۆزینەوەی (کان)ی زێڕ.

1 الرویح: العبید فی العراق القدیم، ص49.

2 فلهلم: الحوریون، ص92.

3 Sarissalo: New Kirkuk Documents Relating to Slaves, P.28.

4 Speiser: Nuzi Marginalia, P.14.

سەبارەت بە زێڕ لە نوزیدا[1] لە سەرەتاوە ئاماژە بۆ بوونی نەدەکراوە، بەڵام (لاخمان-Lachman) سەلماندی، کە لە مامەڵەی قەرز (titenntu)دا بەکارهاتووە[2]و بۆ سزادانی وەکیلی بازرگان لە دواکەوتنی هێنانی کەلوپەلدا بەکارهاتووە[3]. هەروەها زۆر جار لەمامەڵەی (Maruti)دا بەکارهاتووە، وەك سزایەك بۆ پەشیمان بوونەوەو شکاندنی ئەو پەیمانە لە بارەی فرۆشتنی (لەخۆگرتن)یەوە، واتە مامەڵەی زەوی‌و زاردا دەسەپێنرا[4].

سەرەڕای نەبوونی گرێبەست لە بارەی هێنانی زێڕ لەلایەن بازرگانی نوزی، نرخی زێڕ لە ناوچەکانی ئوگاریت و میسردا زۆر نزمتر بووە لە هەموو ناوچەکانی تری خۆرهەڵاتی نزیکی کۆن وەك، وڵاتی هیتی، نوزی و بابل[5]. ڕێی تێدەچێت لە میسرەوە بۆ بەندەری ئوگاریت و دواتر بۆ ناوچەکانی تر، بەتایبەت نوزی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ شارەکانی سوریادا هەبووە، بەتایبەت ئالالاخ[6]. توشراتا پاشای میتانی، کچێکی خۆی و چەندین دیاری تری بۆ فیرعەونی میسر نارد، لەبەرامبەردا بەقەد باڵای کچەکەی داوای زێڕی لێکردووە. بەو پێیەی لە ڕێگای دیبلۆماسییەوە شێوەیەك لە ئاڵوگۆڕ ئەنجام دراوە، ئەم داب و نەریتە لەو چاخانەدا باو بووە[7]. ئەڕاپخاش ناوەندێکی گرنگی دەوڵەتی میتانی بووە، ڕێی تێدەچێت لە ڕێگای میتانییەوە بەدەستیان هێنابێت.

1 لەکوڕوخانەنیدا لەشێوەی خشل دۆزراوەتەوە، بڕوانە: الخالصي: تل الفخار (الموسم الثاني)، ص44.

2 Starr: A Rreport on the Excavation at Yorghan Tepa, P.533.

3 Zaccagnin: “Merchant at Nuzi”, p.181.

4 JEN 988, JENu 551; EN 9/1 43, Text: SMN 2650

5 Heltzer: The Metal Trade of , P.205.

6 ساكز: عظمة بابل, ص320.

7 Zaccagnini: “Mechant at Nuzi”, Pp.171-172.



## ب. زیو:

زیو کانزایەکی زۆر گرنگ و بەنرخ بووە، جگە لە دروستکردنی کەلوپەل، بایەخەکەی لەوەدا بوو کەوەك دراوێك بۆ دیاریکردنی بایی کاڵاکان بەکاردەهات‌و نرخەکەی دیاریدەکرا[1].

نەزانراوە سەرچاوەکانی هێنانی زیو بۆ نوزی لەکوێوە بووە، چونکە دەقەکان لەو بارەیەوە بەڵگە ناخەنە ڕوو، (لیمانس-Leamans) ئیلام بەسەرچاوەی سەرەکی زیوو بۆ وڵاتی بابل دادەنێت، ئاشورییەکان لە سەرەتای هەزارەی 2ی پ.زدا ئەم کانزایەیان لەناوەندەکانی ئەنادۆڵەوە بۆ ئاشور دەبرد[1]، بەو پێیە لەو سەرچاوانەوە بەڕێگای وڵاتی ئاشور و بابل زیو گەیشتووەتە نوزی و دەوروبەری.

## ج. تەنەکە (القصدير):

بۆ دروستکردنی برۆنز کە لە هەزارەی 2ی پ.زدا بایەخێکی زۆری هەبووە، پێویست بوو (تەنەکە) لەگەڵ (مس)دا تێکەڵ بکرێت، بۆیە بایەخی ئەم کانزایە لەزیادبووندا بوو، چەندین کەلو پەلی وەك کەلوپەلی ناوماڵ و پەیکەر و ئامێری کشتوکاڵی لێ دروستدەکرا[2]، جگە لەوەی وەك بایی کاڵا بازرگانییەکان بەکارهاتووە[3].

لە هەزارەی 2ی پ.زدا بازرگانە ئاشوری و خورییەکان لە ئەنادۆڵدا مامەڵەیان لەسەر دەکرد، لە ئاشورەوە بۆ ئەنادۆڵ دەگواسترایەوە[4]. بەڵام زۆر سەرچاوە

1 Purves: Additional Remarks on Nuzi Real Property, P.69;

ابنهايم: بلاد مابين النهرين، ص106.

2 Studies in the Commercial Life of, p.101.

3 المنذري: نصوص ادارية و قضائية من تل الفخار, ص34؛ ابنهايم: بلاد مابين النهرين, ص106.

4 الجادر: العجلة وصناعة المعادن, في: العراق في موكب الحضارة, (بغداد: 1988)، ج1 ص93-95.

هەبووە کەتەنەکەی لێوە دەهێنرا. باکووری خۆرئاوای ئێران بۆ نوزی سەرچاوەی سەرەکی تەنەکە بووە، (لیسۆ LæssØe)، کوردستانی باشووری دیاریکردووە[4]، (چەند توێژەرێکی عێراقی)ش تەنها ئاماژەیان بۆ ناوچەکانی باکووری خۆرهەڵات کردووە[5]. بۆیە پێدەچێت خۆرهەڵاتی زاگرۆس (خۆرئاوای ئێران) سەرچاوەیەکی سەرەکی بووبێت، چونکە بڕێکی زۆر تەنەکە لە پاشماوەکانی شمشارەدا دۆزراوەتەوە و بەپێی تۆمارەکانی شمشارە دەوڵەتی ئاشوری لەو ڕێگایەوە بۆ نوزی و دواتر بۆ ئاشور بردوویەتی، بەو پێیە ئەو شوێنانە بازاڕێکی سەرەکی ئەم کانزایە بوون بۆ وڵاتی ئاشور و بابل[1]، بۆیە نرخی تەنەکە لە نوزیدا لەو وڵاتانە هەرزانتر بووە[2].

ڕێگایەکی تریش[3] هەبووە، کە لە ڕێگایەوە، یان لەکانەکانییەوە تەنەکە گەیشتووەتە نوزی، ئەویش ڕێگای وڵاتی (لوللو)ە لە شارەزووری ئێستا[4]. پەیوەندی بازرگانی لە نێوان نوزیو وڵاتی لولوو زۆر بەهێز بووە، بۆیە ڕێی تێدەچێت کە ئەم بازرگانییەش هەبووبێت.

**د. مس:**

مس لە دروستکردنی بڕۆنزدا کەرەستەیەکی سەرەکییە، جگە لە کەلوپەلی ناوماڵ[5]، بۆ دروستکردنی چەك، سەرکڵاو و قەڵغانی سەربازان بەکارهاتووە[6]، بۆیە پێویست بووە و لە دەرەوە بەدەستیان هێناوە.

1 Al-Rawi: Studies in the Commercial Life of, P.100.

2 Heltzer: The Metal Trade of, P.205; Oates, Studies in the Ancient History of Northern Iraq, London, 1968, P.33.

3 ئەم كانزايە لە چیای قەندیلدا هەبووە، الجادر العجلە وصناعە المعادن، ص94.

4 Oates: Studies in the Ancient History of, P34.

5 Al-Rawi: Studies in the Commercial Life of, P.99.

6 Kendall: The Helmets of the Warrior at Nuzi, 204.



سەرچاوەکانی مس لە نوزی دوور بوون، بۆیە لە ڕێگای وڵاتانی ترەوە ئەم کانزایە گەیشتووەتە نوزی، وڵاتی بابل لە ناوچەکانی دەلمون (بحرین)ی ئێستا و ئاشورییەکان لە ئەنادۆڵەوە بردویانە[1]. بەوپێیە وڵاتانی ئاشور و بابل بۆ هێنانی مس سەرچاوەی سەرەکی بوون[2]. جگە لەوەش بەهەمان شێوازی هێنانی تەنەکە، لە ڕێگای وڵاتی لوللو (زاموا)وە مس گەیشتووەتە نوزی، بۆیە بەهۆی نرخی مس لە نوزی لەزۆر بواری ئاڵوگۆڕکردن و سزادان بەتایبەتی لەکاتێکدا کە قەرزار، یان بازرگان بەهۆی دواکەوتنیان لەگێڕانەوەی پارە، سزای زیاتر بەپێی مس دەخرایە سەریان[3].

**هـ. ئاژەڵ:**

ناوچەکانی ئەڕاپخا لەڕووی ئاژەڵدارییەوە دەوڵەمەندبوو، بۆیە پێویستی بە هێنانی ئاژەڵی وەك مەڕ و بزن و گا نەبووە، بەڵام پێدەچێت ئەسپ لەناوچەکەدا کەم بووبێت، یان نەبووبێت، چونکە پێشتر ئەم سەردەمە بایەخێکی زۆری نەبوو، زیاتر گوێدرێژ بۆ بارو کاروانی بازرگانی بەکاردەهات، لە بواری سەربازیشدا بەهۆی نەبوونی پێچکەی کانزایی بەکارنەدەهات، بەڵکو لەدار دروست کرابوونو بەرگەی هێزی ئەسپی نەدەگرت، بەدۆزینەوەی ئەو پیشەسازییە بایەخی ئەسپ زیاتر بوو[4]. بۆیە لە ناوەڕاستی هەزاری 2ی پ.زدا بەهۆی بەرزی نرخی (ئەسپ)ەوە، لەتوانای هەموو کەس دانەبوو بەدەستی بهێنێت کەدەگەیشتە (30) شیکل زیو[5].

بەپێی چەندین گرێبەستی بازرگانی، ئەسپ پلەیەکی باڵای هەبووە لە هێووردەکاندا، لەدەقێکی (HSS: 9-la9)دا (بین-ناسر) نرخی کڕینی ئەسپێکی

1 Starr: A Rreport on the Excavation at Yorghan Tepa, P.479; Kendall: The Helmets of the Warrior at Nuzi, P.208.

2 Oates: Studies in the Ancient History of, P.7.

3 Zaccagnini: “Merchant at Nuzi”, P.182.

4 احمد و رشید: تاریخ الکرد القدیم، ص72.

5 Al-Rawi: Studies in the Commercial Life of,, P.77.

بژاردەی لە شیلوا-تیشوپ (Šelwa-Teššup) وەرگرت، کە تەمەنی لە نێوان 4-5 ساڵ دەبێت، کەدوای مانگێك بۆ کۆشك لە شاری نوزی بیهێنێت[1]. لە گرێبەستێکیتردا، بازرگانێك بەناوی (ئومانی کوڕی کاوینی/بازرگان،، نرخی کڕینی (6) ئەسپی لە (شیلوا- تیشوپ) وەرگرت و بە دوو کاروان هەرجارەی (3) ئەسپ) دەهێنێت، لە دەقێکی تردا باس لەهێنانو بەدەستگەیاندنی (20) ئەسپ کراوە، کە لە کۆشکدا دابەشکراوە[2].

لەو گرێبەستانەدا تێبینی ئەوە دەکرێت، ناوی ئەو وڵاتە نەبراوە، کە پێویستە ئەسپەکانی لێوە بهێنن، وەك دەربارەی کۆیلەکان دەکران، بەڵام بەهۆی گرانی نرخی ئەسپ، پێدەچێت لە دەرەوەی ناوچەکەوە هاتبێت. (یانکوفسکا) ناوچەکانی زاموا (شارەزوور)و گلزان و مات-منای(ماننا)[3] بەناوچەی سەرەکی بەخێوکردنی ئەسپ دیاری کردووە، چونکە سەرانەی ئەو ناوچانە بۆ دەوڵەتی ئاشور، ئەسپ بووە[3]، لەدەقەکانی (نوزی و کوڕخاننی)دا باس لە کۆکردنەوەی ئالف دەکات، کە بۆ ئەو ئەسپانەی بۆ چاکردنی (تهجین) ئەسپەکانیان هێنرابوون[4]. هەروەها ناوچەکانی میتانی (خانیگاڵبات) بە بەخێوکردن و راهێنانی ئەسپ بەناوبانگ بوون[5]، جگە لەوەش هەموو گرێبەستەکان لە نێوان فەرمانڕەوایانی شاردا بووەو وەك (شیلوا-تیشوپ) کوڕی پاشا و پارەکەش لەلایەن کۆشك دابین کراوە،و کەسانی تایبەتی (تامکارو)ی بۆ تەرخانکراوە، بۆیە ئەمانە دەریدەخەن کە لە دەرەوەی وڵات هێنراون.

1 Zaccagnini: Merchant at Nuzi, P.180.

2 Zaccagnini: Merchant at Nuzi, Pp.180-184.

3 گلزان دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای دەریای قەزوین و مات-منای دەکەوێتە خۆرهەڵاتی ئەو دەریایەوە، بڕوانە: یانکوفسکا: بعض القضايا الاقتصادية في امبراطورية أشور، ص390.

4 Al-Rawi: Studies in the Commercial Life of, P.76.

5 دیاکۆنۆف: میدیا، ل189.



## و. کەرەستە و کاڵای پیشەسازی:

جلوبەرگ و قوماش کاڵای بازرگانی کۆنن، سەرەڕای ئەوەی پاشماوە شوێنەوارییەکان بەڵگەی ماددی لەوبارەیەوە نادەن بەدەستەوە، بەڵام ئەوە بەڵگەی کۆتایی نییە بۆ نەبوونی بازرگانی جلوبەرگ و خوری و شتی لەوبابەتانەی، کە بەهۆی تێپەڕبوونی کات لەژێر گۆڕانکاری کەشو هەوادا لەناو دەچن. بەڵام دەقەکان بەئاماژەکردن بە زاراوەی خوری (TUG)، قوماش..تاد بەپێی کێشو پێوانەی دیاریکراو کەلەو سەردەمەدا لە شوێنەکانی تردا کاری پێکراوە[1]، نیشانەی بازرگانی پێکردنە.

سەبارەت بەگرێبەستو هێنانی ئەو بابەتانە، هەندێ دەق هەن کەتیشکی باش دەخەنە سەر ئەو جۆرە بازرگانییە، لە دەقێکدا باس لە بازرگانێکی نوزی دەکات، کە جلوبەرگی لە نوزییەوە بۆ فینیقیا لە لێوارەکانی دەریای ناوەڕاست[2] بردووە، بەرامبەر هێنانی خوری ڕەنگا و ڕەنگی سوور مۆرباو (تاکلتو)[3] هەروەها لە مۆر و شوێن مۆرەکانی نوزی و کوڕوخاننیدا جل و بەرگی شێوازی سووری تێدایە، کە بەهۆی بازرگانییەوە هێنراوە[4].

## ز. دانەوێڵە:

ناوچەکانی نوزی بە گشتی بەچاندن و بەرهەمی دانەوێڵە دەوڵەمەند بوون، ساڵانە بڕێکی زۆر لە دانەوێڵە لە هەموو کێڵگەکانەوە بۆ کۆشك لە نوزی دەبرا. دوای

1 Zaccagnini: A Note on the Textile of Nuzi, P.351; A-Rawi, Studies in the Commercial Life of, P.77.

2 ناوچەکانی فینیقیا لە لێوارەکانی دەریای ناوەڕاست و ئورگایت بەرەنگەکانی سوور مۆرباو (ارجوانی) زۆر بەناوبانگ بوون، کە لە جۆرە بەرهەمێك لە چیاکانی میتانیدا، یان لەڕووەك دەریان دەهێنا، الجادر، الحرف والصناعات اليدويه، ص203-206.

3 یانکوفسکا: بعض القضايا الاقتصادية في امبراطورية أشور، ص395-396.

4 Al-Rawi: Studies in the Commercial Life of, P.93.

دابەشکردنی وەك کرێ بەسەر کرێکارانو..تاد، بەشێك لە زیادەکەی لە بواری بازرگانیدا بەکاردەهات[1]، بەڵام لە دەقەکانی کۆتایی چاخی نوزی، بەتایبەت لە سەردەمی نەوەی پێنجەمدا باس لەهێنانی جۆ لە وڵاتی لوللو لەخۆرهەڵاتەوە کراوە[1]، لەو سەردەمەدا بڕێکی زۆر لە دانەوێڵە بەکاروان لە نوزییەوە بۆ ناوچە سنوورییەکان دەگوێزرانەوە، پێدەچێت ئەم رووداوە پەیوەست بووبێت بەو بارودۆخە نائاساییەی، کە بە هۆی هێرشەکانی کاشییەوە روویدابێت، کاتێك کەهەندێ لە گوندەکان و کێڵگەکانیان کەوتبوونە دەستی دوژمن، بۆیە پێویستیان بەهێنانی دانەوێڵە بووە لەدەرەوەدا[2].

## ك. کاڵاکانی تر:

بەپێی ئەو دەقانەی کەتێیدا کۆشك بەمەبەستی ئاڵوگۆڕپێکردن، کاڵای دەدایە بازرگانەکان، پێویست بوو لە بەرامبەردا ئەو کاڵایانە بهێنن، کە لە ناوخۆدا نەبووە، جگە لەوانەی سەرەوە، لەو دەقانەدا شتی تری وەك بۆن، (عەرعەر)، رۆنی داری ئورز و سەرو[3] کە سەرچاوەی هێنانیان نەزانراوە، بەڵام وەك زانراوە ناوچەکانی باکووری زێی بچووك و زێی گەورە تا ئێستاش هەندێك لەو جۆر دارانەی لێیە[4]، پێدەچێت لەو ناوچانەوە هێنرابێت. لە دەقەکانی نوزیدا باس لەگواستنەوەی داری جۆراوجۆر کراوە، وەك عەرەبانە دارەکان "GIŠ-MAR-GID.DA"، کە بە ڕێگای زێی بچووکدا (Ša-ebertan) بەگوێدرێژ و گا بۆ نوزی گوێزراوەتەوە[5].

1 یانکوفسکا: شاتیواسای میتانی، ل95.

2 Fincke: Transport of Agricultural Produce in Arrapĥe, P.149.

3 Zaccgnini: Merchant at Nuzi, Pp. 178-179.

4 Michael: Semites and the Harrian, P.6.

5 Fincke: Transport of Agricultural Produce in Arrapĥe, P.152.



## دووەم: بازاڕەکان:

بازاڕ لە بواری لەبازرگانیدا بایەخێکی زۆری هەیە و ئامرازێکی سەرەکی مامەڵە بازرگانییەکانە. بە پەرەسەندنی بازاڕ بازرگانیش زیاتر پێش دەکەوێت. بەتێڕوانینی رووکەش وادێتە بەرچاو کە لەچاخە کۆنەکاندا بازاڕ نەبووبێت، چونکە لە دەقەکاندا بە شێوەیەکی روون ناوی بازاڕەکان نەهاتووە، بۆیە بە ڕای لە هەندێ لەزانایان لەو سەردەمانەدا بازاڕ نەبووە[1]. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە پاشماوەی شارەکاندا بەگشتی گۆڕەپان لە نێوان گەڕەك و کۆشکەکاندا بەدی دەکرێت، کە وەك بازاڕی وەرزی بەکارهاتوون[2]، هەروەك چۆن ئێستا بەپێی وەرزەکان و دەرکەوتنی هەر بەروبوومێکی وەرزی، کڕیار و فرۆشیارەکان بۆ ئاڵوگۆڕ و فرۆشتنو کڕینی بەرووبوومەکانیان کۆدەبنەوە.

لەگرێبەستە بازرگانییەکاندا زۆرجار شوێنی نووسینی رێکەوتنامەکە نووسراوە، بەتایبەت لە کۆتایی گرێبەستەکەدا دەستەواژەی **"ئەم تابلۆیە لە دەروازەی سەرەکی شاری نوزی نووسراوەتەوە"**[3]. بەو پێیەی کە مامەڵەی بازرگانی لە بازاڕەکاندا ئەنجام دەدرێت، رەنگە مەبەست لەدەروازەی شاری نوزی، هەر ئەو بازاڕەبێت، کە لە لەدەورووبەری شارەکەدا هەبووە[4].

1 باقر وأخرون: العراق القديم، ج2، ص140-141.

2 سليمان، عامر: النظم المالية والاقتصادية، في: العراق في موكب الحضارة، (بغداد: 1988)، ج1، ص389.

3 Zaccgnini: “Merchant at Nuzi”, P.180.

4 لەشاری (نەینەوا)دا بەهەمان شێوە دەروازەی سەرەکی شار لەدەقەکاندا وەك بازاڕی ئاڵوگۆڕکردنی کاڵا بەکارهاتووە، بڕوانە: سليمان: النظم المالية والاقتصادية، ص389-390.

## سێیەم: دراو یان ئامرازی مامەڵەکردن:

سەرەڕای پەرەسەندنی مامەڵە بازرگانییەکان لە چاخە کۆنەکاندا، تا نزیکەی ساڵی (700پ.ز) دراوێکی دیاریکراو نەهاتۆتە ئاراوە، کە بۆ یەکەم جار لە وڵاتی (لیدیا)[1] دراو بۆ کڕین و فرۆشتنی کاڵاو پێداویستییەکان بەکارهێنراوە و لەلایەن دەوڵەتەوە بە ڕەسمی لەوڵاتدا کاری پێدەکرا[2].

لەو سەردەمانەدا لەجیاتی دراو، کاڵا بازرگانییەکان بە شێوازی ئاڵوگۆڕ بەدەست دەهاتن، دواتر بەهۆی دانەوێڵەوە کاڵاکانیان دەنرخاند، بەتایبەت جۆ، بە هەمان شێوە بۆ دیاریکردنی کرێی کرێکاران[3]. لەگەڵ پەرەسەندنو فراوانبوونی بازرگانیدا ئامرازەکانی مامەڵە بازرگانییەکانیش پەرەیان دەسەند، دانەوێڵەش بەهۆی قورسو زۆری بڕەکەیو هەروەها تێکچونی دوای ماوەیەك، کانزا وەك پێوەرێکی نرخ پەیدا بوو، بەتایبەت زیو، بۆ نموونە بۆ کڕینی کۆیلەیەك، کەنرخی (20) شیکل بوو، دەبوایە بایی (20) شیکل مس کاڵای تر بەپێی ویستی فرۆشیار بدات، وەك گا، مەڕ..تاد[4]. جاربەجار (مس) لەپاڵ زیودا بەکاردەهات. لە گرێبەستێکدا بازرگانێك کچە کۆیلەیەك لەکۆشك لە نوزی دەکڕێت، باییەکەی (5) تالنت[5] (مس)بوو، بەڵام پێویستە لەسەر بازرگانەکە بچێت لەگەشتێکی بازرگانیدا بەپێی بایی (5) تالنت (مس)ەکە

1 دەوڵەتێك (شانشینێك) بوو لە سەدەی 8ی پ.ز لە خۆرئاوای ڕووباری هالیس لە ئەنادۆڵ دامەزرا بوو، بڕوانە، کونتینو: الحياة اليومية فی بلاد بابل و آشور، ص165.

2 کونتينو: الحياة اليومية لبلاد بابل و اشور، ص90؛ باقر وأخرون: العراق القديم، ج1، ص141.

3 النجفي: التجارة والقانون بدءا في سومر، ص165.

4 Zaccagnini: “Merchant at Nuzi”, p.188.

5 بۆ کێشەکان، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (3).



(دار، بۆن، بۆیاخ..) بکڕێت و لەبەرامبەر کڕینی کۆیلەکە بدات بە کۆشك[1]. بەوشێوەیە بایی و نرخی کاڵاکان بەپێی کانزایەك دیاریدەکران، پێدەچێ هەر ئەم سیستەمە بووبێتە هۆی داهێنانی دراوێکی ڕەسمی[2].

## چوارەم: ڕێگا بازرگانییەکان:

ڕێگا بازرگانیەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بازرگانی دەبینن، بەتایبەت بازرگانیی دەرەکی، چونکە بەبێ بوونی ئەو ڕێگایانە گواستنەوەی کاڵا لە نێوان ناوەندە بازرگانییەکاندا زۆر قورس دەبێت. سەبارەت بەڕێگا بازرگانییەکان لە چاخە کۆنەکاندا، توێژەر بۆ دیاریکردنیان بەشێوەیەکی ورد دووچاری گیروگرفتی زۆر دەبێتەوە، سەرەڕای ئەوەی بازرگانان گرێبەستیان تۆمار کردووە، بەڵام زانیاری لە بارەی ئاراستەی ڕێگاکانەوە ناخەنە روو. پاشماوەی ڕێگا باریكو خوڵییەکان تەنها شوێنی هاتووچۆی گوێدرێژ و عەرەبانەیەکی بچووك بوون، کە بەهۆی کارتێکردنی سروشتو لەناوچوونی شارەکانەوە شوێنەواریان نەماوە[3].

توێژەران بۆ دۆزینەوەی ڕێگاکان[4] پەنا دەبەنە بەر دیاریکردنی ئاواییو شارە کۆنەکان. بەو شێوەیە دەتوانرێت ئاراستەی ڕێگاکان بدۆزێتەوە، یان دیاردە

1 Zaccagnini: Merchant at Nuzi, p.178.

لە دەقی تردا لە بەرامبەر (30) شیکل زیو، (1)گا و (1)گوێدرێژ و (10) مەڕ بووە، کە بڕێکی دیاریکراو بووە لە نرخاندن، هەروەها بۆ قەرەبووکردنەوەی هەر کەسێك لە دادگاکاندا ئاژەڵ بەکاردەهات، بڕوانە:

Speiser, Nuzi Marginalia, P.9.

2 باقر وآخرون: العراق القديم، ج2، ص142.

3 الحلو: صراع الممالك في التاريخ السوري القديم، ص115.

4 بۆ ڕێگا بازرگانییەکان بڕوانە پاشکۆی ژمارە (11).

سروشتییەکان، وەك ئەو ڕێگایانەی کە لە ئەنادۆڵو دەربەندەکانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس لەو زنجیرانە ئاوا دەبوو، چونکە چیاکان ڕێگر بوون لەبەرامبەر ئاوابوونی کاروانە بازرگانییەکان[1].

هەروەها بەلێکدانەوەی هەڵکەوتەی ناوەندە پیشەسازی و بازرگانییەکان لەلایەكو سەرچاوەی کەرەستە خاوەکان لەلایەکی ترەوە، وەك ڕێگاکانی نێوان سەرچاوەکانی بەردی بەنرخی لازوەرد لە خۆرهەڵاتی زاگرۆس و وڵاتانی بابل و ئاشور[2]و شارە کۆنەکانی کوردستان، کە پێویستیان بەو کەرەستە خاوانە هەبووە، وەك ڕێگاکانی دەربەندی رایات لەنزیك رواندوزو ڕێگای شارەزوور کە لە هەڵەبجەوە بەرەو ناوچەکانی دەریاچەی ورمێ و ئازەربایجان دەچوو[3]ئەمە لەلایەك، لە لایەکیترەوە بۆ وڵاتی لوللو/ شارەزوو لەوێشەوە بۆ ئاراپخا دەچوو[4]. ڕێگایەکی دیکەش هەمان ناوچەکانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس بە ئەڕاپخاو ئاشور دەبەستەوە. ئەوەش ئەو ڕێگایەیە، کە لە دەربەندی بیتوێنەوە لەناوەندی شمشارەوە تێدەپەڕێت[5]. ئەم ڕێگایانە دوای تێپەڕبوونیان بە ئاراپخاو ئاشوردا، بەلێوارەکانی ڕووباری دیجلەدا دەچنەوە کەڕانە (تل الرماح)[6]و لەوێشەوە بە شاغر بازاڕ لەدۆڵی خاپوور، بەرەو خۆرئاوا بە (ئورکیش)دا[7] تێدەپەڕی، تا دەگەیشتە دەربەندی ئۆگاریت (رأس الشمرا) لە کەناری دەریای ناوەڕاست لە سوریادا[8].

1 بوتيرو وأخرون: الشرق الادنى، ص26.

2 الاحمد: الزراعة والرى، ص211.

3 رو: العراق القديم، ص36.

4 يانكوفسكا: بعض القضايا الاقتصادية في امبراطورية أشور, ص405؛

Oates, Studies in the Ancient History of, P.34.

5 الاحمد: المستعمرة الاشورية في اسيا، ص74؛

Oates, Studies in the Ancient History of, P. 33.

6 الاحمد: المستعمرة الاشورية في اسيا, ص81.

7 فلهم: الحوريون، ص34.

8 الحلو: صراع الممالك في التاريخ السوري القديم، ص94.



بەپێی گەشتی هەندێ بازرگانان کەلەنامەو تۆمارەکانیاندا نووسراوەتەوە، ئەو بازرگانانە زۆرجار لایانداوەتە ناوەندە بازرگانییەکان بەو شێوەیە زیاتر ڕوون دەبنەوە، وەك ئەو ڕێگایەی، کە لە ئورکیشەوە بەرەو دەریای ناوەڕاست دەڕۆشت[1].

لەباشووری خۆرهەڵاتی ناوچەکانی ئاراپخاوە ڕێگایەکی دیکە هەبووە، کە لە خانەقینی ئێستاوە ناوچەی دیالەی دەگەیاندە بانەکانی ئێران و هەمەدان[2]. لە هەرێمی دیالەدا دەوڵەتی ئیشنونا، کە لە سەرەتای (هەزارەی دووەمی پ.ز)ەوە دامەزرابوو، هەمیشە دەیویست لە ڕێگەی جەنگەوە دەست بەسەر ئەو ڕێگایانەدا بگرێت، کە لە خۆرهەڵاتی دیجلە و خوارووی ئەڕاپخادا بەرەو ئاشور دەچوون، چونکە دەروازەیەك بوو بۆ ماری و دەریای ناوەڕاست، تا خۆیان بەسەر ئەو بازرگانییەدا زاڵ بن[3]، ئەم ڕێگایە بە لوبدی و ئارامودا (Aramu)[4] تێپەڕ دەبوو، لە باشووری خۆرهەڵاتی نوزی[5]. لە باشوورەوە ڕێگایەکی دیکە هەبوو لە دەقەکانی نوزیدا باسکراوە، کە بە چەند ئاواییەکدا بەرەو وڵاتی کاشی تێپەڕ دەبوو، وەك: ئەپیل-سین و دور- ئوبلا[6]. لە باکووری خۆرئاوای نوزییەوە، لە تورشا لەسەر زێی بچووك، کە نزیکەی 42 کم لە نوزی دوور بوو. ڕێگایەکی تر هەبووە بەرەو ئاشور، هەروەها (قابرا) لەلای باکووری خۆرئاواوە بەرەو ئاشور و ئەربیلوم دەچوو، کە گرنگترین بازرگانی بەرەو ئاشور وەك ناوچەیەکی ترانزێت وابووە.

1 فلهم: الحوريون، ص33.

2 رو: العراق القديم, ص36؛ الاحمد، الزراعة والرى, ص211.

3 الحلو: صراع الممالك فى التاريخ السورى القديم، ص178.

4 هیچ زانیارییەك دەربارەی ئەم شوێنانە نییە، جگە لەوەی، کە دەکەونە ناوچەکانی باشووری ئەڕاپخاوە.

5 Finkelstein: Subartu and Subarians, P.3.

6 Fincke: Transport of Agricultural Produce in Arrapĥe, P.151.

## پێنجەم: ئامرازەکانی گواستنەوە:

ئامرازەکانی گواستنەوە رەگەزێکی گرنگی بازرگانین و ڕۆڵێکی گرنگ لەپەرەسەندنیدا دەبینن، قەبارەی بازرگانی دەرەکی پەیوەستە بەم ئامرازانەوە، بۆ هەناردە و هێنوورده ڕێخۆشکەرن.

لە نوزیدا زیاتر ڕێگا وشکانییەکان بەکارهاتوون، وەك زانراوە لەو چاخانەدا زیاتر گوێدرێژ بۆ گواستنەوە بەکارهاتوون، چونکە نرخی ئەم ئاژەڵانە لە نوزی لە ئەسپ هەرزرانتر بوون و لەدەقەکاندا ئاماژە بەو گواستنەوەیە کراوە: "Gud ālpu" واتە باری گا، (ANŠE Imeru) واتە باری گوێدرێژ، بەتایبەت لە گواستنەوەی دارو دانەوێڵەدا[1].

سەبارەت بەگواستنەوەی ئاویی زانیاری زۆر لەبەردەستدا نییە، بەڵام تەنها ڕووباری زێی بچووك[2] ڕێی تێدەچێت بەهۆی بەلەمەوە بۆ گواستنەوەی دار بەکارهاتبێت، بەڵام لەبەر سووکی، دارەکە لەسەر ئاودا دەوەستێت و زۆرجار دەکرانە ناو ئاوی ڕووبارەکان، بەتایبەت ئەگەر لە باکوور بەرەو باشوور بووبێت، بەوەش کارەکە ئاسانتر دەبێت و کەمتری تێدەچێت.

1 Fincke: Transport of Agricultural Produce in Arrapĥe, P.152.

2 Fincke: Transport of Agricultural Produce in Arrapĥe, P.152, footnote (30).



## دەرئەنجام

بە ئەنجامدان و کۆتاییهاتنی توێژینەوەکە گەیشتینە چەند دەرئەنجامێك، وا لەخوارەوەدا گرنگترینیان دەخەینەروو:

1- هەڵکەوتەی جوگرافیایی شارەکە لە ناوچەیەکی گرنگدا، بەدرێژایی مێژوو کاریگەری لەسەر پەرەسەندن و رووداوە مێژووییەکان و ژیانی ئابوری و پێکهاتەی دیموگرافیی شارەکەدا هەبووە.

2- پێش کۆچی ئەکەدی و ئاشوری بۆ ناوچەکە و داگیرکردنی لە هەزارەی 3ی پ.زدا، ئەو ناوچەیە لەلایەن دانیشتوانێکەوە ئاوەدان بوو، کە بە سوباری ناودەبرێن، پاشانیش گوتییەکان. لە کۆتاییەکانی هەزارەی سێیەمەوە، بەتایبەتی لە سەرەتای هەزارەی دووەمدا، گۆڕانێك لە پێکهاتەی دانیشتواندا روویدا، ئەویش زاڵبوونی دانیشتوانی خوری زمان بوو بەدرێژایی هەزارەی 2ی پ.ز.

3- زێدەڕۆیی لە بوونی گروپە هیندۆ-ئارییەکان لەو سەردەمەدا کراوە، کەتا ئێستا بەهۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو، نەتوانراوە بەتەواوەتی یەکلابکرێتەوە.

4- نوزی کەوتووبووە نێوان چەندین شارستانییەتی جیاجیا، لە باشوورەوە شارستانییەتی سۆمەری و ئەکەدی، لە خۆرئاواوە ئاشور، لە باکووری خۆرهەڵاتەوە شارستانییەتی گەلانی زاگرۆس. لە هەزارەی دووەمیشدا کەوتە ژێر کاریگەری شارستانییەتی خوری. ئەوەش بووبووە هۆی سەرهەڵدانی شارستانییەتێکی تێکەڵ، بۆیە وەك خاوەن شارستانییەتێکی تایبەتمەند دەردەکەوێت.

5- ئەم شارە لە نزیکەی هەزارەی 5ی پ.ز ەوە ئاوەدان بووە و لە هەموو چاخە مێژووییەکاندا، جگە لە هەندێ ماوەی کورت، ژیان تێیدا بەردەوامبووە، تا چاخە مێژووییەکان. لە چاخی بنەماڵەکان و ئەکەدیدا ناوەندێکی گرنگی ئابووری و کارگێڕی ناوچەکە بووە. لە چاخی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا گرنگییەکی زۆری هەبووە، وەك دەروازەیەك بۆ ناوچەکانی خۆرهەڵات و باکووری ناوچەکە بووە.

6- دوای دەرکەوتنی شانشینی ئەڕاپخا لە نیوەی یەکەمی هەزارەی 2ی پ.زدا، نوزی ئاوەدانکراوەتەوە و بوو بووە ناوەندێکی گرنگی. سنووری ئەو کاتی ئەڕاپخا نزیکەی هەموو ناوچەکانی پارێزگای کەرکوکی ئێستای گرتبۆوە.

7- لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پێش زاییندا، نوزی بووبووە گەورەترین ناوەندی ئابووری و کارگێڕی دەوڵەتی میتانی. لە ناوخۆیدا توانیبووی پێداویستییەکانی ناوخۆ لە هەموو جۆرە بەروبوومێکی کشتوکاڵی دابینبکات، پیشەسازییە دەستییەکان بەڕادەیەکی زۆر گەشەیان سەندبوو، کە بووە هۆی سەرهەڵدانی بازرگانی دەرەکی، چ لە رووی هێنانی کەرەستەی خاو، یان ناردنە دەرەوەی بەرهەمە پیشەسازییەکان.

8- زۆربەی چالاکییە ئابورییەکانی نوزی لەلایەن کۆشکەوە ئەنجام دەدران، دەسەڵاتدارانی شارەکە کۆمەڵێك یاسایان بە شێوەیەك دانابوو، کە بوو بووە هۆی ئەوەی زۆربەی زەوی و زارەکانی ناوچەکە بۆ خاوەنداریێتی کۆشك بگەڕێتەوە. پیشەسازەکانیش هەر بەشێك بوون لە دەزگایەکی ئابووری سەربە کۆشك. زۆربەی چالاکییە بازرگانییەکانی دەرەوەش لەلایەن چەند کەسێکەوە بەڕێوەدەچوون، کە بەرامبەر بەو کارە کرێیان وەردەگرت، ئەمانە بە (تامکارو) ناسرابوون. بەڵام کەرتی تایبەتیش بەپلەیەکی لاوەکی لە هەموو ئەو بوارانەدا هەبووە.



## سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:

1. احمد، جمال رشید: لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، (بەغداد: 1988).
2. دیاکۆنۆف: میدیا، و.برهان قانع، (بەغدا: 1978).
3. عومەر، عەبدوڵڵا عامر: بەرزی و نزمی رووی زەوی هەرێمی کوردستان، لە: جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق (کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین)، چ1، (هەولێر: 1998).
4. شریف، ئازاد جلال: دەرامەتی ئاو، لە: جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق (کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین) چ1، (هەولێر: 1998).
5. قارەمان، لەیلا محەمەد: خاکی هەرێمی کوردستان، لە: جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق (کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین)،چ1، (هەولێر: 1998).
6. قەرەداغی، فاضل: کۆنترین نەخشەی جوگرافی لە نوزی، گ: کاروان، ژ. 63، (بەغداد: 1988).
7. ---------: مێژووی گولی لوللو (دانیشتوانی کۆنی ناوچەی پارێزگای سلێمانی)، راگەیاندنی بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی، (بێ شوێن: 1998).
8. ---------: مێژووی دێرینی کوردستان، کتێبی یەکەم، (سلێمانی: 2004).
9. ---------: مێژووی شوێنەواری شمشارە (کورتە باسێکی مێژووی کۆنی کوردستانە)، چ1، چاپخانا ئۆڤسێتا، دهۆك، 1995.
10. لیسۆ، یورگین: خشتەکانی شمشارە، عەزیز گەردی، چاپخانەی گۆڤاری شانەدەر، (هەولێر: 1999).

11. ----------: شیکشابوم، فاچل قەرەداخی، لـە: هـەزارمێرد، ژ. 19، (سـلێمانی: 2002).

12. نەقشبەندی، ئازاد: کەش و هەوای هەرێمی کوردستانی عێراق، لە: جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق (کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین)، چ1، (هەلێر: 1998).

13. یانکۆفسکا: شاتیواسای میتانی لە ئەڕاپخا، وە. بەختیار سابیر حمە، لـە: هـەزارمێرد، ژ.21، (سلێمانی: 2002).

## دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:

1. الأحمد، سامي سعيد: الزراعة والري، في: حضارة العراق، ج2, دار الحرية للطباعة والنشر، (بغداد: 1985).

2. --------: المستعمرة الاشورية في أسيا الصغرى، في: سومر، 33، (بغداد: 1977).

3. ----------: الإدارة و نظام الحكم، في : حضارة العراق، دار الحرية للطباعة والنشر ج2، (بغداد: 1985).

4. ---------: المدخل الى تاريخ العالم القديم، العراق القديم, ج2 (من العصر الأكدى حتى نهاية سلالة بابل الأولى)، (بغداد: 1983)، القسم الاول-

5. ألأحمد، سامي سعيد و أحمد، جمال رشيد: تاريخ الشرق القديم، (بغداد: 1988).

6. ألأحمد، سامي سعيد والهاشمي، عبد الرضا جواد: تاريخ الشرق الادنى (ايران والأناضول)، (موصل، 1988).

7. احمد، جمال رشيد و رشيد، فوزي: تاريخ الكرد القديم، (اربيل: 1990).

8. احمد، جمال رشيد: دراسات كردية في بلاد سوبارتوو، (بغداد: 1984).

9. ---------: كركوك في العصور القديمة، دار ئاراس للنشر (أربيل: 2000).



10. الأعظمي, محمد طه محمد: حمورابى (1792-1750ق.ز), شركة عشتار للطباعة والنشر، (بغداد: 1990).

11. الأمين، محمود: مسلتا طوبزاوة وكيله شين، في: سومر, مج8، (بغداد: 1952).

12. أپنهايم، ليو: بلاد مابين النهرين, ت. سعدي فيضى عبد الرزاق, دار الحرية للطباعة, (بغداد: 1981).

13. اوتس، جون: بابل (تاريخ مصور)، تر. سمير عبدالحليم الجليي، دائرة الآثار و التراث، (بغداد: 1990).

14. باقر، طه: مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة (الوجيز فى تاريخ بلاد وادى الرافدين), دار البيان (بغداد: 1973)، ج1.

15. --------: العصور الحجرية القديمة في كوردستان، مجلة المجمع العلمى الكردى, (مج1-ع1), (بغداد:1973).

16. باقر، طه وسفر, فؤاد: المرشد الى مواطن الآثار و الحضارة، (بغداد: 1965)، الرحلة الرابعة.

17. باقر، طه و عبد الواحد، فاضل و سليمان، عامر: تاريخ العراق القديم (حضارة وادى الرافدين), ج2,مطبعة جامعة (بغداد: 1980).

18. البريفكاني، عمادد عبدالقادر، الكاشيون-دورهم السياسي والحضاري، رسالة ماجستير (غير منشورة)، مقدمة الى كلية الآداب-جامعة صلاح الدين، (أربيل: 2002).

19. بصمهجى، فرج: أقوام الشرق القديم و هجراتهم, في: سومر, مج4, ج1، (بغداد:1947).

20. ----------: الفخار صناعته و انواعه في العراق القديم، في: سومر، مج26، (بغداد:1970).

21. بـوتيرو, جـين و أدزارد و فلكنـشتاين وفيركوتـو: الـشرق الادنـى-الحـضارات المبكرة, تر: عامر سليمان، دار الحرية للطباعة والنشر، (موصل: 1986).
22. الجادر، وليد: الحرف و الصناعات اليدوية في العصر الاشوري المتأخر (النسيج والنساجون)، ت. وليد الحادر، (بغداد: 1976).
23. ---------: العجلـة و صـناعة المعـادن، في: العـراق في موكـب الحـضارة (التأثير و التأثر)، ج1, (بغداد: 1988).
24. ----------: صـناعة التعـدين، في: حـضارة العـراق، ج2، (بغـداد: 1988).
25. جرنـى, الحيثيـون: تـر: محمـد عبـدالقادر محمـد، مراجعـة فيـصل الـوائلي، مطبوعات البلاغ (بغداد:1963).
26. الحلو، عبدالله: صراع الممالك فى التاريخ السورى القديم، (دمشق:2000).
27. الخالصي، محمـود ياسـين: تـل الفخـار (الموسـم الاول), فـى: سـومر, مـج26، (بغداد:1970).
28. --------: تل الفخار (الموسم الثانى)، في: سومر، مج33، (بغداد:1977).
29. دانيال، كلين: موسوعة علم الآثار، تـر: ليـون يوسـف، دار المـأمون، (بغـداد: 1990), ج1، ج2.
30. الـدباغ، تقـي: البيئـة الطبيعيـة و الإنـسان، في: حـضارة العـراق، دار الحريـة للطباعة و النشر, ج1 (بغداد: 1985).
31. ---------: التـدجين و الانتـاج ونظـم الزراعــة والارواء, في : العـراق في موكب الحضارة, ج1, (بغداد: 1988).
32. الدليمي، عبدالعزيز: الزراعة في العراق القديم (منـذ عـصر فجـر الـسلالات الى نهاية العصر البابلي القديم), رسـالة دكتـوراه (غـيرة منـشورة) جامعـة بغداد، (بغداد: 1998).



33. رافدة عبـدالله و كـوزاد احمـد, صـخرة غريـب هتلـتدنى, هـتزارمـيَرد, ذ.1, (سليَمانى: 1997).
34. رشيد، فوزى: مملكة خمازى, مجلة كاروان, ع 21، (بغداد: 1984).
35. رشيد، قحطان: الكشاف الاثري, (بغداد: 1987).
36. رو، جورج: العراق القديم, تر. حسين علوان، بغداد, 1984.
37. الرويح، صالح: العبيد في العـراق القـديم، مطبعـة اوفـسيت المينـاء، (بغـداد: 1976).
38. ساكز, هارى: عظمة بابل (موجز حضارة بلاد وادى الرافدين القديمـة), تـر: و ت: د.عامر سليمان, دار الكتب للطباعة والنشر, (موصل: 1979).
39. ---------: الحياة اليوميـة لـبلاد بابـل واشـور, تـر. د.عـامر سـليمان، (موصل: 1984).
40. -------: قوة أشور، تر: عامر سليمان، مطبعـة المجمـع العلمـي، (بغـداد: 1999).
41. سـليمان، عـامر: الـنظم الماليــة والاقتـصادية، العـراق في موكـب الحـضارة (الأصالة والتأثير)، نخبة من اساتذة التاريخ، ج1 (بغداد: 1988).
42. صبري، ناجى: تل شاملو, سومر, مج17, (بغداد: 1961).
43. عبدالواحد، فاضل: أقدم حرب تحرير في التأريخ، في: سومر، مج3-1947.
44. فلهلم، ج.: الحوريون، تروت: فاروق إسماعيل، دار جدل، (حلب: 2000).
45. كونتينو، جورج: الحياة اليومية لبهد بابل و اشور، تر: سليم طـه التكـريتي، ط2، (بغداد: 1983).
46. كييرا، أدوارد: كتبوا على الطين، تـر: محمـود الامـين، مراجعـة علـى خليـل، مكتبة دار المتنبي، (بغداد: 1964).
47. لويد، سيتون: الرافدان (تاريخ بلاد الرافدين)، تر. طه باقر و بشير فرنـسيس، (بغداد: د.ت).

48.المنذري, منذر: نصوص ادارية و قضائية من تل الفخار/مدينة كورروخانني، رسالة ماجستير (غير منشورة)، مقدمة الى كلية الآداب-جامعة بغداد، (بغداد: 1999).
49.مورتكات، أنطوان: تاريخ الشرق الأدنى القديم، تر. توفيق سليمان, (دمشق: 1967).
50.ميلارت، جيمس: اقدم الحضارات في الشرق الأردني، تر. محمد طلب، (دمشق: 1990).
51.النجفي, حسن: التجارة والقانون بدءا في سومر, مركز البحوث والمعلومات، (بغداد: 1982).
52.يانكوفسكا، نينيل: المجتمع العائلى الموسع و الحكم الذاتى في ارابخا, تر: سليم طه التكريتى، في: مجموعة من علماء السوفيت، العراق القديم، دار الحرية للطباعة، (بغداد: 1976).
53.--------: بعض القضايا الاقتصادية في امبراطورية اشور، تر: سليم طه التكريتي في: مجموعة من علماء السوفيت، العراق القديم، دار الحرية للطباعة، (بغداد: 1976).

## سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

1.Ahmed, Kozad M.: The Northern Transtigris in the first half of second millennium, M.A Thesis (Unpublished), (Leiden: 2003).
2.Al-Rawi, F N: “Studies in the Commercial Life of an Administrative Area of Eastern Assyria in the 15 Century BC”, based on Published and Unpublished Cuneiform Texts, Ph. D. Thesis (Unpublished), University of Wales, (Cardiff: 1977).
3.Astour, Michael C: “Semites and Hurrians in Northern Transtigris”, in: SCCNH, Vol. 2, (Eisenbrauns: 1987).



4.-------------: Toponymic Parallels Between the Nuzi Area and Northern Syria. Appendix: Nuzi place Names in Egyptain Topographphic lists, in: SCCNH, Vol., 1, (Eisenbrauns: 1981).
5.Basmachi, F: Matarah and Charmo, in: Sumer, Vol. 4, (Baghdad; 1948).
6.Buccellati, Giorgio and Marilyn K. Buccellati: “The Royal Storehouse of Urkesh: The Glyptic Evidence from the Southwestern Wing, in: AFO, Vol. XLII-XLIII, (Barlin: 1995-1996).
7.Diakonoff,I.M: “Evidence on the Ethnic Division of the Ĥurrian”, in: SCCNH, Vol., 1, (Eisenbrauns: 1981).
8.Eidem, J. and J. LæssØe: The Shemshara Archives –1- The Letters, (Copenhagen: 2001).
9.Fincke, Jeanette: “Transport of Agricultural Produce in Arrapĥe”, in: R.M. Jas (ed.), RANM, Proceedings of the Third MOS Symposium (Leiden 1999), PIHANS LXXXVIII, (Leiden: 2000).
10. Finkelstein, J: “Subartu and Subarians in Old Babylon Sources, in: JCS Vol. IX, No.1, (New Haven: 1955).
11. Foster, Benjamin R., people, Land, and produce at Sargonic Gasur, in: SCCNH, Vol. 2, (Eisenbrauns: 1987)
12. Frayne, D. R: “Sargonic and Gutium Period (2334-2113 b.c)”, RIME, Vol. 2, (Toronto: 1993)
13. Frayne, Doglas: “The Zagros Campaigns of Šulgi and Amar-Suena”, in: SCCNH, Vol., 10, (Bethesda Maryland: 1999).
14. Friedmann, Alec H: “Toward a Relative Chronology at Nuzi”, in: SCCNH, Vol., 2, (Eisenbrauns: 1987).
15. Gelb, Ignace, J: “Hurrians and Subarians”, in: OIP, Vol. 22, (Chicago: 1954).

16. -----------: “New Light on Hurrians and the Subarians, in: SO, Vol. I, (in Onore di Giorgio Levi Della Vida), (Roma: 1956).
17. Gelb, I.J., Pierre M. Purves, Allan A. Macr: “Nuzi Personal Names”, in: OIP, (Chicago: 1963).
18. Gibson, John L.: “Some Important Ethnic in the Orient”, in: JNES, Vol. XX-(Chicago: 1961).
19. Goetze, Alretch: “Hittite Historical Texts (Suppiluliumas Destroys the Kingdom of Mitanni)”, In; ANET, (Relating to the Old Testament), Ed. By James B. Pritchard, 3rd Edition, (New Jersey: 1969).
20. -----------: “Hittite Treaties (God List, Blessings and Curses of of the Treaty between Suppiluliumas and Mattiwazza)”, ANET, (Relating to the Old Testament), Ed. By James B. Pritchard, 3rd Edition, (New Jersey: 1969).
21. Hallo, W.W., “The Road to Emar”, JCS, Vol., 18, (New Haven: 1964).
22. Hallo, W, “Simurrum and the Hurrian Frontier”, in: RHA, Vol. XXXVI, (Paris: 1990)
23. Heltzer, M. “The Metal Trade of Ugarit and the Problem of Transportation of Commercial Goods” In: IRAQ, Vol., 39, Pa. 2, (1977).
24. Jankowska, N: “Asshur, Mitanni, Arrapkhe, in: EA, (Edi. By Diakonoff, I. M), (Chicago: 1991).
25. Jankowska, N: “Communal self-government and the King of the state of Arrapĥa” JESHO, Vol., 12, Ed. By E. J. Brill, (Leiden: 1969).
26. Jawad, Abdul Jalil: “The Advent of the Era of Townships in Northern Mesopotamia”, (Leiden: 1965).



27. Kendall, Timothy: The Helmets of the Warrior at Nuzi, in: SCCNH, Vol., 1, (Eisenbrauns :1981).
28. Kuhrt, Amélie: Ancient Near East (from 3000 to 1200 bc), Vol. 1, (Philadelphia: 2002).
29. Kühne, Cord: Imperial Mittanni: An Attempt at Historical Reconstruction, in: SCCNH, Vol., 10, (Bethesda Maryland: 1999).
30. Labat, R: “Manual D’Epigrafie Akkaddienne, (Paris: 1952).
31. Levy, S. J: “Harmal geographical List, in: Sumer, Vol. 3, No. 1, (Baghdad: 1947).
32. Lewy, H: “Gleanings from a New Volume of Nuzi Texts” Or NS, Cincinnati,Vol., X, (Ohio: 1941).
33. ------------: “The Nuzian Feudal System” OrNS, Vol., XI, (Roma: 1942).
34. ------------: “Miscellanea Nuziana”, OrNS, Vol. 28, (Roma: 1959).
35. ------------: “The Titennûtu Texts from Nuzi” OrNS, Vol., X, (Roma: 1941).
36. Maidman, P. Maynard: “Nuzi: Portrait of an Ancient Mesopotamia Provincial Town”, in: CANE, Vol.I-II, (Ed. by J. M. Sasson), (New York: 2001).
37. Malwan, M. E: “The Excavation at Tell Chagharbazarand an Arcaeological Survey of the Ĥabur Region, in: IRAQ, Vol., IV, (London: 1937).
38. Morrison, Martha A: “Evidence for Herdsmen and Animal Husbandry in the Nuzi Documents”, in: SCCNH, Vol., 1-1981.
39. Müller, G: “The Geographical of the Nuzi Area”, in: SCCNH, Vol. 10, (Bethesda Maryland: 1999).

40. Oates, David: “Studies in the Ancient History of Northern Iraq”, Oxford University Press, (London: 1968).
41. O’Callaghan, Roger: “Aram Naharaim, A Contribution to the History of Upper Mesopotamia in the Second Millennium B. C” in: An Or, Vol. 26, (Roma: 1948).
42. Openheim, lio: “Babylonia and Assyrian Historical Texts (The Story of Idrimi King of Alalakh)”, in: ANET (Relating to the Old Testament), Ed. By James B. Pritchard, 3rd Edition, (New Jersey: 1969).
43. Owen, D. I: “An Old Assyrian Letter from Nuzi”, in: SCCNH, Vol. 2, ((Eisenbrauns: 1987).
44. Poebel, A: “The Assyrian King list from Khorsabad, in: JNES, Vol. 1, (Chicago: 1942).
45. Postgat, J. Nicholas: Early Mesopotamia- Society and Economy at the Dawn of History, Published by Routledge, (London: 2003).
46. Purves, Pierre M: “Additional Remarks on Nuzi Real Property, in: JNES, Vol., VI, (Chicago: 1947).
47. Raof, Michael: “Cultural Atlas of Mesopotamia and The Ancient Near East”, (London: 2000)
48. Saarisalo, AApeli: “New Kirkuk Documents Relating to Slaves), SO, Vol. 3, (Helsinki: 1934).
49. Sasson, J: “Reliogion and Science, From Hittete Mythology Kumarbi Cycle”, in: CANE, Vols. 3-4, (Ed. by J. M. Sasson), (New York: 2001).
50. JEN (2), Text: JENu 691 In: www.infinitive.com. (by Scopio Smith).



51. JEN (72), Text: JENu (236), In: www.infinitive.com. (by Scopio Smith).
52. JEN (75), Text: JENu 202, In: www.infinitive.com. (Published by Scopio Smith).
53. JEN, (82), Text: JENu 600 In: www.infinitive.com. (Published by Scopio Smith).
54. JEN, (284), Text: JENu 227 In: www.infinitive.com. (Published by Scopio Smith).
55. EN 9/143, Text: SMN 2650, In: www.infinitive.com. (Published by Scopio Smith).
56. Scafa, P. Negri: “Scribes of Nuzi”, SCCNH, Vol. 10, (Bethesda Maryland: 1999).
57. Speiser, E. A: “Introduction to Hurrian”, in: AASOR Vol, 20, (New Haven: 1941).
58. -----------: “Nuzi Marginalia” In: OrNS, Vol., 25, (Roma: 1956).
59. Starr, R., report on the Excavation at Yorghan Tepa Near Kirkuk, Iraq Conducted by Harvard University in Conjunction with the American Schools of Oriental Research and the university Museum of Philadelphia (1927-1931). Nuzi, Vol. 1 (texts), Chicago, 1939.
60. Steinkeller, P., “The Historical Background of Urkesh and the Hurrian Beginnings in Northern Mesopotamia,” Urkesh and the Hurrians (Studies in Honor of L. Cotsen), in: BM, Vol. 26, Malibu, 1998.
61. Wilhelm, G: “Hurrian”, in: CEWAL, 2002.
62. -----------: “Urartian”, in: CEWAL, 2002.

63. -----------: “The Kingdom of Mitanni in the Second-Millennium B.C”, in: CANE, Vol.I-II, (Ed. by J. M. Sasson), (New York: 2000).

64. Wilson, John A: “Eygptian Historical Texts-The Asiatic Campaigns of Tut-mose III”, in: ANET, (Relating to the Old Testament), Ed. By James B. Pritchard, 3rd Edition, (New Jersey: 1969).

65. Zaccagnini, C: “The Merchant at Nuzi”, in: IRAQ, Vol., 39, Part 2 (London: 1977).

66. -----------: “A Note on Nuzi Textiles”, in: SCCNH, Vol., 1, 1981.


### چوارەم: سەرچاوە ئەڵمانیەکان:


1. Müller, Manfred: Getreideertragsabgaben an den “palast” im Hurritischen Staat Arrapĥe”, in: SCCNH, Vol., 1-1981.

2. Schneider-Ludorff, Helga: “Öle und Fette in Nuzi”, in: SCCNH, Vol., 10-1999.




## پاشکۆکان

### پاشکۆی (1)

دەقی نامەکەی شەوشتەتار پاشای میتانی بۆ ئیتخی تیشوپ پاشای ئەڕاپخا

بڕوانە: Lewy, NFS, in: OrNS, Pp.33-34

H IX 1.

1 a-na mIt-ĥi-ia qí-bí-ma
2 um-ma šarru-ma
3 âlPa̓--ĥa-ar-ra-šeki
4 ša a-na f Am-mi-na-i-e ad –di-nu [ù[
5 I-na-an-na iš-tu li-e-ti-šu
6 âlaki a-na mÙkí at-ta-din-[mi [
7 a-nu-um-ma mSa-uš-sa-at-ti
8 awîlĥal-şu-uĥ-lu ša âlA-ti-luki
9 a-na Pâ-ţêmeš –šu-nu a-na šu-ú-li-i aš-pur-š[u [
10 ki-na-an a-na mŠa-uš-sa-at-ti
11 aq-ta-bi pâta-šu-mi
12 ša f Am-mi-na-i-e-mi šu-ú-ma-mi
13 mÙkí-mi a-na pâtí-šu-mi
14 ša f Am-mi-na-i-e-mi
15 lu la –ir-ru-um-mi
16 ù fAm-mi-na-i-e-mi (Lo. E ).
17 a-na pâtí-šu- ša mÙkí
18 lu la e-ir-ru-um-mi (Rev ).
19 ù a-na pâtí-šu- ša fAm-mi-na-i-e

20 ma-am-ma la e-ir-ru-ub

21 âlaki –ka4 i-na pâtí-šu a-na fAm-mi-na-i-e

22 at-ta-din

23 ù lu-ú ti-i-de4

Seal: 1 Ša-uš-ša-at-tar 2 mâr Pâr-sa- ša-tar 3 šar Ma-I-te-ni

1To Itĥiia speak: 2 thus (said) the king: 3 (As regards) the town of Pa’ĥarrašše, 4 which I gave to Amminaie, [and] 5 now from her territory 6 I gave the town to Uki. 7 Herewith I dispatched Saušsatti, 8 the Ĥalsuĥlu of the city of Atilu, 9 for the definition of their territories. 10 Thus I spoke to Saušsatti: 11 “the (other) territory 12 of Amminaie (remains) the same (and) 13 Uki positively shall not encroach upon the territory 14 of Amminaie. 15And Amminaie 16positively shall not encroach 17upon the territory of Uki. 18And 19 nobody shall encroach 20upon the territory of Ammina”. 21A town of your in her territory 22I gave to Amminaie. 23And do take notice.

به ئیتخیا بڵێ: بەم شێوەیە (وەهای گوت) پاشا: (سەبارەت) شاری پەخاراش کە دابووم بە ئەمینای، (و) ئێستا لە ناوچەکەی ئەودا، من شارەکەم دا بە ئوکی. هاوکات، سەوشساتتی، (خالسوخلو)ی شاری ئەتیلوم نارد، بۆ دەستنیشانکردنی سنوورەکانیان (ناوچەکانیان)، بەمشێوەیە گوتم بە سەوشساتتی: "هەرێمەکانی (تری) ئەمینای وەکو خۆی دەمێنێتەوە (و) ئوکی، دەستدرێژی ناکاتە سەر ئەمینای. و ئەمینای دەستدرێژی ناکاتە سەر هەرێمی ئوکی. کەس دەستدرێژی ناکاتە سەر هەرێمی ئەمینای". ئەوشارەی تۆلە هەرێمی ئەودا، من دام بە ئەمینایی. بۆ ئاگاداریتان!.

مۆر: شەوشتەتار کوڕی پارساشەتار، پاشای میتاننی

**تێبینی:** بۆ یەکەم جارە لە توێژینەوەیەکدا بە زمانی کوردی بڵاوبکرێتەوە.



**پاشكۆی(2)**

لیستی پاشایانی میتانی

شوتتارنا-1 کوڕی کیرتا؟ (لەرووی خوێنەوە روون نییە)

↓

**پاراتارنا**-1

↓

شەوشتەتار (کوڕی پارساتەتار)

↓

ئەرتەتاما-1

↓

شوتتارنا-2 کوڕی ئەرتەتاما

↓ ↓ ↓

شوتتارنا-3 | توشراتا | ئەرتەشومرا

توشراتا

↓

شاتتیواززا

↓

شاتتیوارا

↓

وازاشاتتا

**پاشکۆی (3)**


## (کێش)ەکان بەرامبەر بە هی ئێستا

| ناوی کێش: بە سۆمەری | ناوی کێش: بە ئەکەدی | واتا | GU | Ma.Na | GIN | Gin-Tur | SE | بەرامبەر بە کێشی ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| GU | biltu | **تالنت** | 1 | 60 | - | - | - | 30.3**كغ** |
| Ma.Na | Mana | **مين** | - | 1 | 60 | - | - | 505غ |
| GIN | **شيكل** | - | - | - | 1 | 60 | 180 | 804غ |
| Gin-Tur | -- | شـــيكلى بچووك | - | - |  | 1 | 3 | 0.140غ |
| SE | - | - | - | - | - | - | 1 | 41.75غ |


بڕوانە: الأعظمي: حمورابي، ص193.



**پاشکۆی (4):**




**مۆری ئیتخی– تیشوب**




**مۆری ئیتخی– تیشوب– ئەرابخا.**

**پاشکۆی** (5): **مۆری شاوشتەتار – میتانی.**






**پاشکۆی** (6):




**Clay Tablet map from Ga-Sur, 2,500 B.C.**




**Redrawing with interpretation**

## پاشكۆی (7): شارەكانی سوبارتو لە هەزارەی سێیەمی پێش زاییندا





وانه:

Buccellati, Giorgio and Marilyn K. Buccellati: "The Royal Storehouse of Urkesh, in:AF

١٥٤



## پاشكۆی (8): سنورەكانی سوبارتوو




بروانه: به دەستكارییەوە

Steinkeller, P., "The Historical Background of Urkesh and the Hurrian Beginnings in Northern Mesopotamia,in: BM,

...

**پاشکۆی (9): شانشینی ئەرپخا لە سەدەکانی 15و 14ی پ. ز دا**





بڕوانە: بەدەستکارییەوە.

Müller, G. “The Geographical of Nuzi Area”, in: SCCNH




**پاشکۆی (10):**




بڕوانە: بە دەستکارییەوە

“Mitanni Kingdom in the Second Millennium B.C”, in: CANE, Vol.I-II

**پاشکۆی (11):**




بروانە : بەدەستکارییەوە.
in: CANE, Vol.I-II, (Ed. by J. M. Sasson), (New York: ٢٠٠٠).



## ملخص البحث

أتت الألفية الثانية قبل الميلاد بتغيرات كبيرة في خضم مجيئها, حيث انحلت السلطة المركزية في بلاد سومر و بابل و انقسمت البلاد بين دول وقوى متعددة، ومن جانبٍ أخر حاز سكان المناطق الشمالية لديالى-سيروان وشرق دجلة على استقلالهم, مثل, اللولو في شهرَزور الحالية، و الطوتيون في المناطق الجنوبية منهم, إضافة إلى قوى أُخرى متعددة، كان الخورّيون من أبرزهم في المناطق المنحصرة بين (ديالى-سيروان) جنوباً إلى أعالي دجلة و الفرات شمالاً وباتجاه الغرب إلى تخوم البحر المتوسط (البحر الأعلى في المصادر المسمارية)و إلى زاطروس شرقاً.

أسس الخورّيون منذ بداية الألفية الثانية قبل الميلاد العديد من الدول, مثل, مملكة تورّوكو أو تورّوكى بين سلاسل زاطروس شرقاً إلى سهل اربيل غرباً و مملكة أَرّابخا بين الزاب الصغير شمالاً و (ديالى-سيروان) و مرتفعات حَمرين جنوباً, وظهرت العديد من المراكز المهمة بين ظهرانيّ هذه الدول, كانت مدينة نوزى من أهمها، وأهم مركز سياسي و اقتصادي بالنسبة إلى مملكة أَرّابخا, كما كانت مركزاً إدارياً و اقتصاديا في منتصف الألفية الثالثة في المنطقة. و عندما برزت الدولة الميتانية الخورية القوية في منتصف الألفية الثانية، انضمت مناطق أرّابخا لتلك الدولة. وفي العصر الميتانى تحولت مدينتي أرّابخا ونوزي إلى اكبر مركزين إداريين و اقتصاديين خورّيين, والتى أطلق بعض العلماء عليها تسمية العاصمة الشرقية للدول الخورية المتحدة.

تستحوذ-ولحد الآن- نصوص نوزي على اهتمام بالغ ليس فقط لدراسة تاريخ كَركوك و كوردستان, وانما بغية الإلمام بالأحوال الاقتصادية و الاجتماعية لباقي أصقاع ميسوبوتاميا و الشرق الأدنى القديمين, كون تلك النصوص تلقى الضوء على عصرٍ, لم يلقها أيّ مصدرٍ آخر مثل ارشيفات نوزي، بتلك الدقائق والتفاصيل.

يتكون بحثنا هذا والذي هو بعنوان: نوزي في الألف الثاني قبل الميلاد/دراسة تاريخية، سياسية، اقتصادية. من مدخل و ثلاثة فصول, وتم تقسيم كل فصل إلى مباحث عديدة، كما يأتي:

ألقينا-كتوطئة لدخول الموضوع- الضوء على اكتشاف لوحات ونصوص نوزية مكتشفة وكذلك عن مراحل التنقيب فيها.

ففي **الفصل الأول**، قمنا بكتابته كمقدمة تاريخية عامة بغية إغناء الموضوع والإلمام بتاريخ اعمار و تطور مدينة نوزى، بالأضافة إلى تناول الخصائص الجغرافية والديموغرافية للمدينة وقسمناه إلى ثلاثة أقسام:-

تطرقنا في **المبحث الأول**، إلى تلك التسميات التى اطلقت على المدينة في العصور القديمة، مثل **(گاسوور)** في الألف الثالث و بداية الألف الثاني قبل الميلاد, ومن ثم تسمية **(نوزى)** في العصر الخورّى و أوضحنا أصول تلك التسميات.

وخصصنا **المبحث الثاني**، للتحدث عن سكان مدينة نوزي بشكل موجز، هؤلاء الذين استوطنوا في نوزي **(گاسوور)** وأطرافها منذ العصور القديمة، مثل **(السوباريون و الگوتيون)**, ومن ثم قمنا بإلقاء الضوء بشكل أدق على الخورّيين من النواحي اللغوية والعرقية و الدينية, والذين كانوا يُكَونون الأغلبية من سكان نوزي خلال الألفية الثانية قبل الميلاد.

أما **المبحث الثالث**، فقد تناولنا فيه تاريخ إعمار واستيطان مدينة نوزي منذ ما يقارب 5-4ألاف سنة قبل الميلاد وحتى الوصول إلى عصر السلالات, حين كانت المنطقة تسمى ب**(سوبير)** ومن ثم **العصر الاكدى**، وخلالها كانت المدينة تعرف ب**(گاسوور)**, ثم تطرقنا بعد ذلك إلى **العصر الگوتى** وعصر **سلالة ئوور الثالثة** (السومرية) في نهاية الألفية الثالثة قبل الميلاد.



ويتضمن **الفصل الثاني**، المدة الزمنية الكاملة لموضوع البحث، والتى تتحدث عن الأحوال السياسية في الألف الثاني قبل الميلاد، و قسمنا هذا الفصل إلى مبحثين:

تناولنا في **المبحث الأول**، ما يدانى الربع الأول من الألفية الثانية قبل الميلاد، و التى تعتبر حقبة شائكة وضبابية بالنسبة إلى نوزى وأرّابخا، كونها حقبة غير مستقرة، وفيها تناولنا الصراع بين قبائل **(تورّوكو)** الخورّية و أشور ومن ثم الصراع مع بابل، و أوضحنا مسألة الاستحواذ على أرّابخا من قبل التحالف الآشوري-الإشنوني، والتى كانت عبارة عن دويلة صغيرة حينذاك.

ويعتبر **المبحث الثاني**، كامتداد للمبحث الأول، كونه يلقي الضوء بشكل تقريبي على الحقبة الممتدة من (1750 إلى 1330ق.م)، ففيه أصبحت نوزي أهم مركز لمملكة أرّابخا وبعد توسع الدولة الميتانية الخورّية نحو الشرق، غدت مركزاً مهماً في تلك الدولة, ثم تحدثنا بعد ذلك عن العلاقة بين أرّابخا مع كل من الدولة الكاشية و الآشورية واحتلالها من قبلهما.

تناولنا في **الفصل الثالث**، الحياة الاقتصادية والتى تتركز على ثلاث ركائز (الزراعة, الحرف والصناعات اليدوية، و التجارة), وتحدثنا فيه عن كل ركيزة من تلك الركائز بشكل منفصل كل ركيزة عن الأخرى. وقسمنا هذا الفصل إلى ثلاث مباحث:

فقد خصصنا **المبحث الأول**، للتحدث عن أنواع وصيغ ملكية الأرض والأنشطة الزراعية وتربية المواشي والزراعة الديمية وتلك التى تعتمد على الأرواء, ثم تحدثنا عن أنواع المحاصيل الزراعية والثروة الحيوانية وأهميتهما في اقتصاديات المدينة.

وأشرنا في **المبحث الثاني**، إلى النشاط الصناعي حيثُ تطرقنا فيه إلى أهم الحرف والصناعات اليدوية في المدينة، مثل، الحياكة و النسيج، واولينا الاهتمام

بالصناعات المعدنية والأواني الفخارية، والصناعات الأخرى، مثل، صناعة الزجاج و النجارة وأهميتهما الاقتصادية للمدينة.

أما **المبحث الثالث، فقد** تناولنا فيه، المجال المهم والمكمل للأنشطة الاقتصادية الأخرى وهي التجارة، الداخلية والخارجية، وتحدثنا أيضاً عن تجارة السلع المختلفة، الصادرات والواردات منها، وأنواع السلع، وكذلك الدول التي كانت تربطها علاقات تجارية مع مدينة نوزي والمنطقة بشكل عام.




## Abstract

The second millennium BC had brought a big change with itself, the center of authorities in the states of Akad and Sumer had finished. The country had been divided between many powers and other countries, but people in Diyala-Serwan and eastern part of Tigris lived independently, such as Lulleans, Gutians in Shahrazur area as it is called now. Hurrians and other tribes who settled between Diyala-Serwan till reached the Northern parts of Tigris and Western part of Mediterranean Sea and from West lies by series of Zagross mountain.

At the beginning of first millennium Hurrians had established many states such as Turrukean kingdom between Zagross in eastern and Qabra in Western and Arrapkhe between Lesser Zab, from the North and Serwan-Diyala and Hamrin Mountains from the south. After that many powerful states were established, most important of them, was City of Nuzi, that could be considered the most important state of politic and economic for Arrapkhe kingdom, as it was the center of economic in the third millennium. In the middle of second millennium BC Mitanni Hurrian state had been established, so that area of Arrapkhe become a part of the country, so that era Mitanni Nuzi and Arrapkhe were a center of economic in the area, and become the Capital of Hurrian kingdom as it was nominated by the scientists. Currently the Nuzi texts has the most important factor for

historical research of Karkuk, Kurdistan and also has the importance factor to understanding the community level of Mesopotamia and the Ancient Near Eastern, which is very close to the oldest history, because its texts are high lighted the era, that no other references can presents information as the Nuzi archives presented.

This research has nominated under the tittle of: (Nuzi in the second millennium BC-is an historical, economical and political research). Which has consisted from the introduction and three parts, and each part have been divided in to many stories as the following: -

The views that highlight the exploration of Nuzi tablets and its stages.

The first part:

This part is a historical introduction in general for understanding the history of rehabilitation and extention of Nuzi City, except for some geographic specifications, which had relation to the settlers of the city.

The first story:

This story refers to the oldest names that named the City, such as Gasur in the third millennium BC, at the beginning of second millennium BC and then the name of Nuzi later, in addition to the



some geographic specification, such as place, water air and the topographic of the area, which has an affect on the demography, economy and the political level of the mentioning a brief idea about Arrapkhe and the way of destroying it.

The second story:

A brief idea has been presented about the inhabitant of Nuzi those who had been settled in the areas a round it, such as, Subarian, Gutian and then it talks in details about Hurians from the sides of language, gender and religion, during the preparation of the research and they were the original settlers of Nuzi.

The third story:

In this part looking afterward for the history of the City, which has been mentioned at the time about 405 thousand years BC. at that time the area was called Subir, then during the Akkadian Period was called Gasur, and then we looked Gutian and dynasty of Ur III.

The Second part:

This par covered the whole research during the second millennium BC. Which belongs political situation, which has nominated for different ages.

The first story:

This story talks about the second millennium BC. Eshnuna and Ashur occupied which belongs Nuzi and Arrapkhe era, so the circumstances were unstable and there was aveolence between Turrukean, Hurrian tribes with Ashur then with Babylon states, therefore the area, when the Arrapkhe was a small state.

The second story:

This recite is a completion of the previous part, which covered the time between (cica 1750? -1330 BC), in that time Nuzi became an important City of Arrapkhean kingdom, after the extention of Mitani-Hurrian state. Then explaining the relationship between Arrapkhe with Kassites, Ashur and the invaders with that state.

The third part:

This part mentioned the economical situation, which include three main stories, such as agriculture, Profession, handcraft and commercial. Each one has explained in details.

The first story:

This is includes and explains the land lord and agriculture and livestock activities. Regarding agriculture includes irrigation



crops and livestock activities. So livestock types and City has been mentioned.

The second story:

In this story presents the idea about profession and crafts, which includes weaving, embroidery and metallic profession, then they moving to another profession such as, glassmaker and carpentry.

The third story:

Trading is also another part of profession that explained in details and divided into tow types of trading, internationally and locally trading with Nuzi and other areas.